# پەیامەکانی بیروباوەڕ

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

بسم الله الرحمن الرحيم

پەیامەکانی بیروباوەڕ

بسم الله الرحمن الرحيم

## ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووک: پەیامەکانی بیروباوەڕ

نووسین: د. إحسان برهان الدين

نەخشەسازیی ناوەوە: عبدالله خاکی

نەخشەسازیی بەرگ:

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم، ١٤٤٦ کۆچی –٢٠٢٤ میلادی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە « »ی

ساڵی «٢٠٢٤»ی پێ دراوە.

# پێشەکی نووسەر

ربَّنا لك الحمدُ، مِلْءَ السَّمواتِ والأرضِ، ومِلْءَ ما شِئتَ مِن شيءٍ بعدُ، أهلَ الثَّناءِ والمجدِ، أحقُّ ما قال العبدُ، وكلُّنا لك عبدٌ، اللهمَّ لا مانعَ لِما أعطَيتَ، ولا مُعطيَ لِما منَعتَ، ولا ينفَعُ ذا الجَدِّ منك الجَدُّ. اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كما صلّيتَ عَلى إبراهيمَ، وعلى آلِ إبراهيمَ، إنّكَ حَميدٌ مَجيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كما باركتَ على إبراهيمَ وعلى آلِ إبراهيمَ، إنّكَ حَميدٌ مَجيدٌ. وارضَ اللهم عن الصّحابةِ أجْمَعينَ، وعَنْ سائرِ زَوجاتِ النّبيﷺ وآلِ بيتهِ الطّاهرينَ ومن تَبعهمْ بإحسانٍ إلى يومِ الدّين.

زانایان و بانگخوازان ئەرکی سەرشانیانە دینی حەق بەیان بکەن و خەڵکی بۆ بەرنامەی کیتاب و سوننەت بانگهێشت بکەن و هەمیشە لە کاتی بانگەوازدا بە قال الله و بە قال الرسول ﷺ قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکەن و هەرچی ڕاوبۆچوونی وتێگەیشتنی زانایان و نووسەران و بیرمەندان و وتاربێژان هەیە بە پێوەری بەڵگەی شەرعی بپێون، واتە بە دەقەکانی قورئان و سوننەت و شێوازی بەرجستە کردنی هاوەڵان الله لێیان ڕازی بێت بۆ ئەو دەقانە.

ئومەتی ئیسلامی لەم قۆناغەدا و میللەتی کوردیش وەکو بەشێك لەو ئوممەتە کێشەی سەرەکییان لە مامەڵەکردندایە لەگەڵ بابەتەکانی عەقیدە و بیروباوەڕ، چونکە نەیارانی ئیسلام ساڵانێکە هەموو هەوڵ و تواناکانیان بۆ تێکدانی ئەو لایەنە بە خەرج داوە و بەداخەوە ودەرنجام وکاریگەری خراپیشی لەسەر موسوڵمانان دەرکەوتووە، ئەوەشی کە کە وای کرد ئەو هەڵمەتە سەربگرێت کۆمەڵێك هۆکار بوون لە دیارترینان:

- دوور کەوتنەوەی موسوڵمانان لە فێربوونی زانستی شەرعی وبەتایبەتی زانستەکانی عەقیدە و تەوحید پرسەکانی ئیمان.

- سەرقاڵبوونی خەڵکی بە کاروباری دنیا وبەکاروباری تایبەت و کەسێتی خۆیان لەسەر حیسابی دینەکەیان ومەسەلەی دین بوو بە پرسێکی لاوەکی لەلایان.

- عەلمانییەکان توانییان کۆمەڵێکی زۆر مامۆستای ئایینی و بانگخواز و خەڵکی بەڕواڵەت موسوڵمان لە نووسەر وسیاسەتمەدار وئەکادیمی بهێننەوە ناو هاوکێشەکەوە کە ئەوانیش هاوشێوەی عەلمانییەکان قسە بکەن و بیربکەنەوە، لەگەڵ گۆڕانکاری و جیاوازییەکی کەم لە میکانیزمەکاندا.

- جیهانگیری (عەولەمە) کاریگەری زۆر خراپ وسەختی لەسەر ژیانی موسوڵمانان و شێوازی بیرکردنەوە وپێناسەیان بۆ شتەکان درووست کرد و دواجار توانی زۆرێك لە موسوڵمانان لە دینەکەیان دووریان بخاتەوە بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت.

ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵە باسێکی گرنگ و پێویست لە بواری عەقیدەدا، واتە لەو بوارەی کە هەموو هەوڵەکانی عەلمانییەت و موسوڵمانە لادەرەکان بۆ ئەوەیە خەڵکی لێ بێ ئاگا بکەن بۆ ئەوەی بۆ هەر بەرنامەیەك ناکۆك لەگەڵ دینەکەیاندا بەکاریان بهێنن و موسوڵمانێتیان ببێتە تەنها ناوێکی بێ ناوەڕۆك، زۆربەی ئەم باسانەی لێردا خراونەتەڕوو لەناو کۆمەڵگای کوردیدا باس ناکرێن، نە مامۆستایانی ئایینی نە لایەنە ئیسلامییەکان، نە بانگخواز و نووسەران بەلایدا ناچن، چونکە ئاراستەی هەموو جیهان بەرەو ئەوەیە ئیسلامێك ڕێگە بدرێت لە واقیعدا بوونی هەبێت کە عەقیدەی تیدا نەبێت، هەموو جەختکردنەوەیەکی تەنها وتەنها لەسەر عیبادەت بێت.

داواکارم لە هەموو مامۆستایەك دلسۆز بۆ دینەکەی، لە هەموو گەنجێکی خوین گەرم، لە هەموو بانگخوازێك کە دەیەویت خزمەت بەدینەکەی بکات، بەبەردەوامی جەخت لەسەر ڕاستکردنەوەی بابەتەکانی عەقیدەو لە دڵ و دەررونی خەڵکیدا بکەن.

چونکە بەبێ بیروباوەڕێکی ڕاست و تەوحیدێکی پاراو هیچ کردەوەیەك لە موسوڵمان وەرناگیرێت، ئەگەر بەردەوام سەری لە سەجدەدا بێت و هەموو شەوەکانی بەشەونوێژ بباتە سەر.

داواکارم لە الله تعالی ئەم کتێبە بکات بە مایەی سوود وبەرچاوڕوونی بۆ موسوڵمان. نیەتی دانەرەکەشی تەنها بۆ خۆی و بۆ خزمەتی دینەکەی پاك بکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە توێشوویەك بۆ قەبرو قیامەتی و پاداشتی خێری هەموو موسوڵمانێکیش بداتەوە کە خوینەرو بڵاوکاری بابەتەکانی ئەم کتێبەیە...إنه على ذلك قدير و بالإجابة جدير.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ, وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ, وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.

إحسان برهان الدين

سلێمانی/ گرین سیتی

٢٠٢٤/٧/١٠

1

# پێکەنین پەیوەندی بە خێر و شـەڕەوە نییە!

هەڵەیەکە دەچێتە بواری عەقیدە و بیروباوەڕەوە، کاتێك هەندێ خەڵکی لە پێکەنینی زۆر دەترسن و پێشبینی ڕووداوی ناخۆش و نەخوازراو بەدوایدا دەکەن! کارێکی نادرووست و ناشەرعییە کەسێك ئەگەر زۆر پێبکەنێت پێی بوترێت خوا بەخێری بگێڕێت! واتە دەترسن شتێك بەدوای ئەو پێکەنینەدا ڕووبدات.

سەرەتا ڕاستە پێکەنینی زۆر کارێکی جوان نییە و ناپەسەندە ئەگەر ببێتە خوو، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لاَ تُكثروا الضَّحِكَ، فإنَّ كثرةَ الضَّحِكِ تميتُ القلبَ)[1] واتە: زۆر پێمەکەنن چونکە پێکەنینی زۆر دڵ دەمرێنێ.

بەڵام هەرگیز نابێت پێکەنین وەکو مەسەلەیەکی شووم سەیر بکرێت و هەر جۆرە ترسێك لە پێکەنینی زۆر، یان لە بینینی جۆرە باڵدار و گیاندارێك،

[1] - صحيح ابن ماجة (٣٤٠٠).

یان لە سەیرکردنی ئاوێنە لە شەودا و شتی هاوشێوە، دەچێتە ژێر مەعنای ئەو فەرموودەی کە پێغەمبەر ﷺ نەهی لە (طيرة)[1] و ڕەشبیی کردووە.

کاتێك مرۆڤ خاوەن عەقیدەیەکی ڕاست و درووست بێت لە زۆر ئەفسانە و بیروباوەڕی نادرووست و هەڵە ڕزگاری دەبیت.

[1]- ئەم وشـەیە لە (الطيران) وەرگیراوە، چونکە ئەو کەسـە وەکو ئەوەیە هەڵفڕێت و بچێت بە ئاسـماندا! بنەمای ئەم مەسـەلەش لەوە سـەرچاوە دەگرێت کایك لە سـەردەمی جاهیلیدا کەسـێك دەیویسـت گەشـت بکات، لە کاتی دەرچوونیدا باڵندەیەکی ببینیبا بەلای ڕاسـتدا هەڵدەفرێت دڵی بەوە خۆش دەبوو و بە ئاسـودەیی سـەفەرەکەی ئەنجام دەدا، ئەگەر بەلای چەپدا هەڵفڕیبا دڵی تەنگ دەبوو وبەهۆی ڕەشبینی لە گەشتەکەی پاشگز دەبوویەوە.

2

# دڵتەنگی فرۆشیار بە سفتاح نەکردن کارێکی نادرووستە

عادەتێکی خراپ و ناشەرعی لە لای هەندێك یان زۆرێك لە خاوەن دوكان و فرۆشیارەکان تەنانەت شۆفێری تاکسی و پیشەوەرەکانی تر، ئەویش بریتییە لەوەی یەکەم فرۆشتنی سەر لەبەیانی بە فرۆشتنێکی خێردار و باش دەزانن و باوەڕیان وایە ئەو یەکەم شتەی کە دەیفرۆشن سەرەتایەکی تایبەتە و گرنگی زۆری هەیە و دەرگای خێری ئەو ڕۆژەیان بۆ دەکاتەوە، بۆیە ئامادەشن بە نرخێکی کەمتر لەوەی دەیفرۆشن بە کڕیارەکەی بدەن چونکە دەڵێن ئەوە سفتاحە! ئەو کەسەش کە سفتاح ناکات، ڕەنگە توشی جۆرێك لە شوومی و ڕەش بینی ببێت و جاری وا هەیە مات و بێ تاقەت دانیشتووە و غەمبارە هەر چاوەڕوانی ئەوەیە کڕیارێك بێت و ئەگەر بەمایەی خۆیشی بووە شتێکی پێ بفرۆشێت بۆ ئەوەی سفتاح بکات و گوایە دەرگاری ڕزق و ڕۆزی ئەو ڕۆژەی لێ بکرێتەوە!

لە ڕاستیدا ئەم عادەت و بیروباوەڕە ناکۆکە لەگەڵ شەرعدا و بیروباوەڕێکی پێچەوانەی باوەڕبوونە بە قسمەت و بە دابەش کردنی ڕزق و ڕۆزی لە لایەن پەروەردگارەوە، کارێکی نادرووستە و نابێت موسوڵمان بەو شێوە بیر بکاتەوە، چونکە نە لە کیتاب و نە لە سوننەتدا بەڵگە لەسەر کاری

لەو جۆرە نەهاتووە و بۆی هەیە ببێتە سەرپێچییەکی عەقیدەو بیروباوەڕ و نەك تەنها حەڵاڵی ڕزق و داهاتەکەی بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو لەوانەیە بچێتە ژێر هەندێ بابەتی بیروباوەڕیشەوە.

بە کورتی موسوڵمان دەبێت لەو جۆرە بیروباوەڕانە بەدوور بێت و لەوە دڵنیا بێت ڕزق و ڕۆزی لەلای الله یە و هەر خۆی دابەشی دەکات و ئەوەی بۆ بەندەی نووسیبێت هەر دەستی دەکەوێت و ئەوەشی لە قسمەت و نسیبیدا نەبێت دەستی ناکەوێت.

ئیتر ئایا یەکەمین کڕیار بەیانی زوو بێت و نەیەت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و ئەوە دەچێتە بابی ڕەشبینی و (طيرة) کە لە ئیسلامدا بە توندی نەهی لێ کراوە و قەدەغە کراوە.

هەندێ لە فرۆشیارانیش جاری وا هەیە بە هۆی دڵخۆشییان بە ئەو سفتاحە ئامادەن هەر بە مایەکاری یەکەم شتی ئەو ڕۆژەیان بفرۆشن دوای ئەوەش کە نرخەکەی وەردەگرن دەچن ئەو پارە ماچ دەکەن و ئینجا هەڵیدەگرن، هەموو ئەوانەش کارێکی نا پەسەندە و ناشەرعییە چونکە بەڵگەی لەشەرعدا لەسەر نەهاتووە، بەڵکو بەڵگەی پێچەوانەکەی هاتووە[١].

[١]- پرسیار: ئوستاز ئەگەر قسمەت نوسراو دابەشکراوە ئەی(ليس للانسان الا ما سعى...) چۆن جێگای دەکرێتەوە؟

3

# لە ئیسلامدا تەنها دوو جەژن هەیە

جگە لە جەژنی ڕەمەزان و قوربان، هەروەها ڕۆژی جومعەش لە هەندێك لە فەرموودەكاندا بە جەژن ناوبراوە، ئیتر موسوڵمان هیچ جەژنێکی تری نییە و نابێت هیچ بۆنە و موناسەبەیەکی تر بە جەژن بزانێت، ئەگەر وا بکات ئەوە دەبێتە هەڵە و کێشەیەك لە عەقیدەو بیروباوەڕدا، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إنَّ لِكلِّ قومٍ عيدًا وَهذا عيدُنا)[1] واتە: هەموو قەوم و میلەتێك جەژنی خۆیان هەیە و ئێمەی موسوڵمانیش ئەمانە جەژنمانن، واتە ئەوان جەژنی خۆیان و ئێمەش جەژنی خۆمان!

هەر لەبەر ئەو حوکمە شەرعییە ڕوونەی کە پێغەمبەر ﷺ مەسەلەکەی لەسەر یەکلا کردووەتەوە و فەرمانی پێکردووین لە هەموو جەژنێك جگە لەو دوو جەژنە دوور بکەوینەوە و گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەریش

وەڵام: وەڵامی ئەم پرسیارە قسە زۆر هەڵدەگرێت بەڵام بە کورتی: ئەو ئایەتە مەعنای ئەوەیە مرۆڤ لە کردەوەی غەیری خۆی سوودمەند نابێت و ئەبێت خۆی کردەوەی هەبێت جگە لەو چەند حاڵەتەی لە فەرموودەی صحیح دا جیاکراوەتەوە، بۆیە ئەمەیان پەیوەندی بەباسەکەوە نییە تقریبا، مەسەلەی قسمەت و قەدەر باوەڕمان وایە هەمووی نوسراوەو بڕاوەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا اختیار و هەڵبژاردنی بەندە هەر بواری هەیە و بەڵام بەعیلمی ڕەهای خۆی زانیوێتی تۆ چی ئەکەیت و چۆن ئەبیت و ئەوەی لەسەرت نووسیوەو لەگەڵ ئازادی هەڵبژاردنی تۆدا تێکناگیرێت وەکو وتم باسەکە شەرح و تفصیل ی تێدایە و ئێرە جێگای شیکردنەوەی نییە.

[1] - البخاري (٩٥٢)، ومسلم (٨٩٢).

ﷺ به چەندین دەقی قورئان فەرزە، بۆیە هەر ئاهەنگ گێڕان و جەژن کردنێکی تر بە هەر بۆنەیەکەوە بێت لادانە لە ڕێگای کیتاب و سوننەت و لاساییکردنەوەو شوێن پێ هەڵگرتنی خاوەن و شوێنکەوتووانی ئەو میللەت و دینانەیە کە ئێمە فەرمانمان پێکراوە موخالەفەیان بکەین.

هەرچی ئەوەی کە پێی دەوترێت جەژنی دایك و جەژنی باوك، یان جەژنی سەری ساڵ و عید میلاد، یان جەژنی کرێکاران و جەژنی نەورۆز و...هتد هیچیان جەژنی موسوڵمانان نین و دەبێت موسوڵمان خۆی لێیان بەدوور بگرێت، چونکە ئیسلام بە جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان ئەوانەی بۆ موسوڵمانان قەرەبوو کردوەتەوە و ئێمەش وەکو واجبێکی عەقیدەو بیروباوەڕەکەمان دەبێت بێ نیاز بین لەو جۆرە جەژنانە و تەنها پابەندی جەژنەکانی خۆمان بین.

4

# سوێند خواردن بە غەیری اللە سەرپێچییەکە لە بیروباوەڕدا

جگە لە اللە عزوجل وناوو سیفاتەکانی، بە هیچ کەسێك و بە هیچ شتێکی تر درووست نییە سوێند بخورێت، هەرکێیش ئەو کارە بکات بە دەقی فەرموودە شیرکی ئەنجام داوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (من كان حالفًا فليحلف بالله أو ليصمت) واتە: هەرکێ سوێند دەخوات، با بە اللە سوێند بخوات، هەروەها فەرموویەتی: (لا تحلفوا بآبائكم ولا بأمهاتكم، ولا بالأنداد، ولا تحلفوا بالله إلا و أنتم صادقون)[1] واتە سوێند بە باوك ودایك وئەنداد و هاوتاکان مەخۆن، سوێند بە اللە مەخۆن ئەگەر ڕاستگۆ نەبوون، هەروەها فەرموویەتی: (من حلفَ بغيرِ اللهِ فقد كفرَ أو أشركَ)[2] واتە: هەرکێ سوێند بە غەیری اللە بخوات ئەوە شیرکی ئەنجام داوە.

زۆر فەرموودەی تریش لەو بارەوە هەیە.

[1]- صحيح النسائي: (٣٧٧٨). أبو داود (٣٢٤٨)، والنسائي (٣٧٦٩) واللفظ له.

[2]- أبو داود (٣٢٥١)، والترمذي (١٥٣٥) واللفظ له، وأحمد (٦٠٧٢)

مەبەست ئەوەیە کە موسوڵمان بۆی نییە و ڕێگە نەدراوە بە غەیری اللە سوێند بخوات، نە بە پێغەمبەر ﷺ و نە بە هیچ پیاو چاك و ساڵح و کەسێکی تر، نە بە کەعبە و نە بە باوك و دایك و خاک و وڵات و زێد وشەرەف وناموس و ئەمانەت و نمەک و بەهیچ شتێکی تر.

مەسەلەی ئەوەش کە سوێند خواردن بە غەیری اللە کوفرە یان شیرکە زانایان فەرموویانە بە پێی بەڵگە و قرائن کوفر و شیرکێکی بچووکە، واتە تاوانێکی گەورەیە و کەسەکە لە بازنەی ئیسلام دەرناکا، مەگەر مەبەستی لە سوێند خواردن بەو کەسە و ئەو سوێند پێ خوراوە تەعزیم و بەرز کردنەوەی بێت بۆ ئاستی اللە عزوجل و وەکو مەعبودێک سوێندی پێ بخوات ئەو کات دەبێتە شیرکێکی گەورە.

ابن مسعود رضي الله عنه دەیفەرموو: (لأن أحلف بالله كاذباً خيرلي من أن أحلف بغير الله صادقاً)[١] واتە: گەر بەدرۆ سوێند بە اللە بخۆم بەلامەوە باشترە لەوەی سوێند بە غەیری ئەو بخۆم و ڕاستگۆبم لە سوێندەکەمدا.

چونکە سوێند خواردن بە غەیری اللە شیرکە، بەڵام سوێند خواردن بە اللە ئەگەر بە درۆیش بێت شیرك نییە و تاوانێکی گەورەیە.

---

[١]- رواه الطبراني في الكبير، وابن أبي شيبة.

بۆیە پێویستە هەموو موسوڵمانان و تەنانەت ئەوانەش کە تاوانی گەورە و سەرپێچی شەرعییان هەیە وریا بن لەوەی سوێند بە غەیری الله نەخۆن، چونکە سوێند خواردن بە غەیری الله سزاکەی و تاوانەکەی لە سزا و تاوانی دزی و زینا و تاوانە گەورەکانی تر گەورەترە، لەبەر ئەوەی شیرك با شیرکی گەورەش نەبێت هەر لە سەرووی تاوانە گەورەکانەوەیە وەکو زانایان دەفەرموون. الله هەموومان لە سەرپێچی عەقیدە و بیروباوەڕ پارێزراو بکات.

5

# لە سەرەخۆشی كردندا وریابە خۆت تاوانبار نەكەی

ئەگەر سەرەخۆشیت لە كەسێك كرد بە مردنی كەسوكارێكی، هەرگیز مەڵێ تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بەجێ هێشتبێت، چونكە ئەوەی كە مردووە چركە ساتێكی نەماوە بۆیە لە دونیا دەرچوو، ئیتر چۆن بەشێك لە تەمەنی بۆ خۆشەویستەكانی بەجی دەهێڵێت، ئەوە سەرپێچییەكی بیروباوەڕە دەبێت وریابین لە قسەی لەو جۆرە، اللە عزوجل فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾[1]

هەركێ ئەو قسە بكات ئیتر موجامەلە بێت یان باوەڕی وابێت كە مومكینە كەسێك بمرێت پێش ئەوەی كاتی مردنی هاتبێت ئەوە هەڵەیەكی عەقیدەی خراپی ئەنجام داوەو پێویستە بگەڕێتەوە لای پەروەردگاری و تەوبەی لەسەر بكات.

[1] - الأعراف:٣٤.

هەروەها هەندێ دەستەواژەی تر لە کاتی سەرەخۆشیدا بەکاردێت و لەناو کوردی خۆماندا ڕوو لە زیاد بوونە و لە ڕاستیشدا جۆرێکە لە لاساییکردنەوەو شوێن پێ هەڵگرتنی بێ باوەڕان، بۆ نموونە دەستەواژەی: (ڕوحی شاد بێت) ئەمە زیاتر سەرەخۆشی بێ باوەڕان و ئەوانەیە کە باوەڕیان بە شەریعەتی ئیسلام نییە و پێیان ناخۆشە بڵێن خوا لێی خۆش بێت یان الله بە بەهەشتی شاد بکات و لە گوناهەکانی خۆش بێت و ئەو جۆرە قسانە.

بۆیە دەچن نزا بۆ ڕوحی ئەکەن کە شاد بێت جا لە دونیا و لە دوای مردنیش کەسێك الله ڕوحی شاد نەکات و بە لوتف و میهرەبانی خۆی ڕەحمی پێ نەکات داماو و ئاخر شەڕ دەبێت، بۆیە ئەوە دەستەواژەیەکی نەشیاوە بۆ موسوڵمان لەکاتی سەرەخۆشیدا بەکاری بهێنێت.

شێوازی شەرعی بۆ سەرەخۆشی و دڵنەوایی خاوەن مردوو ئەوەیە کەسەکە پابەند بێت بەوەی کە لەشەرعدا هاتووە یان هاوشێوەی ئەوە، بۆ نموونە:

- لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کاتێك کچەزایەکی پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد سەرەخۆشی لە کچەکەی خۆی کرد و پێی فەرموو: **(إن لله ما**

أخذ وله ما أعطى وكل شيء عنده بأجل مسمى، فلتصبر ولتحتسب)[1] الله خۆی ئەو کەسەی بردەوە لای خۆی و هەر خۆیشی بەخشیبووی و هەموو شتێکیش لە لای الله بەقەدەری خۆیەتی، ئارام بگرە و لەسەر موسیبەتەکەت چاوەڕوانی پاداشت بکە.

- دەکرێت بوترێت (أعظم الله أجركم و أحسن عزاءكم وغفر لميتكم) الله جەزای خێرتان بداتەوە و سەبووریتان بدات و لە مردووەکەتان خۆش بێت.

یان بەهەر قسەو دەستەواژەیەکی گونجاو لە زمانی کوردیدا سەرەخۆشی بکات وەکو الله جەزای خێرتان بداتەوە.

پێشەوا الشافعي لە کتێبی الأم دا فەرموویەتی: (وليس في التعزية شيء مؤقت يقال لا يعدى إلى غيره) واتە: لەمەسەلەی سەرەخۆشی کردندا شتێکی دیاریکراو نییە بڵێیت هەر ئەوەیەو نابێت لەوە زیاتر شتی تر بوترێت.

بۆیە درووستە بەهەر دەستەواژەیەکی شەرعی سەرەخۆشی لە خاوەن مردووەکە بکرێت و گرنگ ئەوەیە دوعا بێت و دڵنەوایی بێت و دڵخۆش کردنی

---

[1]- البخاري (٧٣٧٧)، ومسلم (٩٢٣).

خاوەن مردووکە بێت بێ ئەوەی دڵدانەوەکە هیچ سەرپێچییەکی شەرعی تێدا بێت[1].

---

[1]- **پرسـیار:** جَزَاكَ اللّٰهُ خَيْرًا ، زائیدەن شـتێکی تریش هەیە بەهەمان شـێوە ، خێزانی مردووەکە ئەیڵێن دوای ڕازی بوونمان بە قەدەری خوا ئەمڕۆ فلان کەس مرد، کەئەمەش ناشەرعیە الله اعلم.

**وەڵام:** ڕاسـتی بۆ ئەوە هەرچەنـد بیرم لێ کردەوە نەمتوانی تێبگەم موخـالەفەکەی لە کوێیـدایە چونکە ئەگەر مەبەسـت ئەوە بێت بڵێت من یان ئێمە دوای ئەوەی کە ڕازین بەقەدەرەی الله و ناشـوکری ناکەین واتە ئەمە یەکەم مەسـەلەیە پێش ئەوەی هەواڵی مردنی مردوەکەیان ڕابگەیەنن بەقەدەری پەروەردگاریان ڕازین کە ئەو کەسـەی لێ سەندوونەتەوە.

**پرسیار:** جزاک الله خیرا مامۆستای بەڕێز

ئەی ئەگەر مردوەکە ئەهلی ئیمان و عیبادەت نەبو دروستە بڵێی خوا لێی خۆشبێ ؟

یان کەسـانێک هەن ئەوپەڕی شـیرک و خورافات ئەنجام ئەدەن بەناوی عیبادەت و خواپەرسـتیەوە کاتێک ئەمرێت دروستە بڵێی خوا لێی خۆشبێ ؟

**وەڵام:** ئەگەر بەیەقین ئەهلی ئیمـان نەبێـت واتە موسـوڵمـان نەبووبێـت بەحەقیقەت یـا بەنـاو و بەتەسـکەرە موسـوڵمان بووبێت ئەوە درووسـت نییە داوای لێ خۆش بوون و ڕەحمەتی بۆ بکرێت، چونکە ئەوە تایبتە تەنها بە موسـوڵمانەوە کە کوفر و نیفاق وشـیرکی گەورەی نەبووبێت..بەڵام ئەگەر حاڵی تێکەڵ بووبێت و بەیەقین لە ئیسـلام دەرنەچووبێت یان معصـیة و تاوانی گەورەی هەبوبێت بەڵام هاوکات ئیمانداریش بووبێت ئەوە درووسـتە و ئاسـاییە داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکرێت و الله علم.

**پرسیار:** ئەم ئەلفازانە دەچنە بابی مبالغه ومجامەلە.. مفهومی عقیدەیی وەرناگرن ..ڕەقیبی لوغەوی لەسەر جومەل وقسەی خەڵکی دابنرێ باش نیە و دەچێتە بابی لاتسألوا ... وەک یمینی لەغو( لايآخذكم الله باللغو في أيمانكم ..)بکە و سەری خۆت و خەڵکی مەبێ شێنە.

**وەڵام:** مامۆسـتا ومەلا و هەندێ جار حیزبە ئیسـلامیەکانیش بەو شـێوە بیر ئەکەنەوە وهەر خەریك پینە کردنی لادانەکانی خەڵکن و ئەمە وا نییە و ئەوە مەبەسـتی ئەوە نییە و کەس لە جیاتی خوا قسـە نەکات و زۆر پاسـاوی لاوازی تر، وەکو ئەوەی الله کتابێکی دانەزاندبێت کە هەر وەکو ئەوەیە خۆی لەگەڵماندا قسـە بکات و سـوننەتیش بە هەمان شـێوە، بۆیە بەداخەوە خەڵکی تابێت عیبادەتیان زیاد دەکات وسـوننەتی نوافل و ڕۆیشـتن بۆ عومرە و دەرسی تەجوید و دەورەی قورئان زیاد دەکات ولە ڕووی تەوحید وعەقیدەشەوە جەهلیان زیاتر دەکات و پاشکەشە ئەکەن، تەنانەت حاڵ بەوە دەگات نواقض ی شـایەتمانیش ئەنجام ئەدەن و یەک مامۆسـتا و لایەنی ئیسـلامی خۆیـان بەخـاوەنی ئەو کارەسـاتە نـاکەن وهەر دەڵێن هیچ نییە و خەریکی پینە کردن بۆیـان نەوەك لێیـان عـاجز ودڵگران بن، گومرا وایش هەیە دەڵێت شـهادتین نواقض ی هەر نییەو ئەوە قسـەی محمد بن عبـدالوهـاب ە دایهێناوە... هیچ دووری مەگرە ئەگەر (ابلیس) لە کوردسـتان ئۆفیسـێک بکاتەوە زۆرێک لە موسـوڵمانان بە پاسـاوی جۆراوجۆرەوە پەیوەندی پێوە ئەکەن و بەبەهانەی پێکەوە ژیان و پرەنسـیپەکانی دیموکراسـی و لا إکراه في الـدين

6

# نکۆڵی کردن لە سوننەت نکۆڵی کردنە لە قورئان

هەڵەیە هەر کەسێك وا تێبگات و باوەڕ بەو کەسانە بکات کە دەڵێن باوەڕمان بەقورئان هەیە و قورئانمان بەسە وسوننەت ڕەت دەکەنەوە یان گومانی لەسەر درووست دەکەن یان بەشێکی وەردەگرن و بەشێکی ڕەت دەکەنەوە! زۆر بەهەڵەدا چووە باوەڕ بەو جۆرە کەسانە بکات و وا بزانێت ڕاست دەکەن لەوەی گوایە باوەڕیان بە قورئان هەیە و کێشەکەیان تەنها لەگەڵ سوننەت و فەرمودەکانی ئازیزدایە ﷺ.

چونکە ئەوە تناقض و دژوارییەکی گەورەیە ئەوانە لەگەڵ خودی خۆیاندا تێی دەکەون، چونکە فەرمانی پەیڕەوی کردنی سوننەت و گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر ﷺ هەر لەو قورئانەدا هاتووە و هەموو ئوممەتی ئیسلامیش جگە لە ئەو تاقمە لادەرانە نەبێت، یەك دەنگ و یەك بۆچوون لەسەر ئەوەی ئیسلام بریتییە لە قورئان و لە سوننەت، هەرکێیش پێچەوانەی ئەوە بڵێت

---

و...هتد مامۆستا وبانگخوازە مۆدێرنەکانیش فەتوایان بۆ ئەدەن ئەویشیان وەکو دار الندوەکە بۆ حەڵاڵ دەکەن...الحدیث ذو شجون هەر وازی لێ بێنە باشترە.

پەیوەندی بە ئیسلامەوە نامێنێت. ناوەڕۆکی باسەکەم لە چەند خاڵێکی کەمدا کورت دەکەمەوە:

١- بنەمایەکی نەگۆڕەو پێوەرێکی ڕاستەقینەیە لە درێژایی سەردەمەکاندا سەلماوە: هەرکێ باوەڕی بەسوننەت نەبوو باوەڕی بە قورئانیش نییە، هەرگیز ئەو دوو مەسەلە لەیەکتر جیانابنەوە، حەقیقەتی مەسەلەکەش تەنها خۆڵ لەچاو کردنە و کوشتنی کاتە تا بە تەواوی ڕاستی حاڵ و نیەتیان دەردەکەوێت! چونکە بە ئینکار کردنی سوننەت ئەو کەسە نیوەی ڕێگەکەی زیاتری بەرەو بێ باوەڕی ڕەها واتە وەکو هەر مولحید و بێ ئیمانێك بڕیوە.

جیاوازی نێوان دژە سوننەتێك و مولحیدێك هەر ئەوەیە ئەو دەڵێت قورئان و سوننەت هەردوکیان درۆ و هەڵبەستراون، بەلام دژە سوننەتەکە دەڵێت سوننەت هەڵبەستراوە و قورئان ڕاستە بەڵام هەرخۆی بەشێکی زۆریش لەو قورئانە ڕەت دەکاتەوە و بەشەکەی تریشی بە ئارەزووی خۆی تەفسیر دەکات و مەعنای بۆ دادەنێت، بەم شێوەش ڕێگەی دژە سوننەتەکە بۆ لێدانی ئیسلام ئاسانتر و کورتبڕترە - ئەگەر سەربگرێت بۆیان- تاکو ڕێگەی مولحیدەکە کە بەبێ پەردەو درۆکردن و لەف و دەوەران دەڵێت من مولحیدم و بەئاشکرا باوەرم بە ئیسلام نییە.

٢- ئینكار كردنی سوننەت خۆی لە خۆیدا ئینكاركردنی قورئانە لەبەر ئەوەی دەیان ئایەت دەربارەی وەرگرتنی دین لە سوننەتەوە هاتووە و هەر لەو قورئانەدا بە ڕوون و ئاشكرا و بە زمانی عەرەبی موبین ئەو حەقیقەتە ڕادەگەیەنیت، تەنها بۆ نموونە:

- ﴿وَ أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾[١]

- ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾[٢] واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێكراوە قورئان بۆ خەڵكی ڕوون بكاتەوەو تەفسیر و شەرحی بكات، ئەوەش لە سوننەتدا دەست دەكەوێت.

- ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾[٣] وما آتاكم الرسول لە سوننەتەكەیدا هاتووە و ئەو بەشەی وەحی لە فەرموودەكاندا وەردەگیرێن، لەگەڵ دەیان ئایەتی تر.

٣- ئەبێت هەموو موسوڵمانێك عەقیدە و ئیمانی وا بێت كە وەحی دوو جۆرە یەكەمیان قورئانەوە و دووەمیان سوننەتە واتە هەردوكیان هەر وەحیین. ئیتر سوننەتی قەولی بێت یان سوننەتی فیعلی و تەقریر بێت، بۆیە قورئان وەحیە و سوننەتی سەحیحیش هەر وەحیە و فەرقی نییە، نكۆڵی كردن لە وەحی دووەم كە سوننەتە هەر وەكو ئەوە وایە نكۆڵی لە بەشی یەكەم بكرێت

---

[١] - النحل/٤٤.

[٢] - الأحزاب/٢١.

[٣] - الحشر:٧.

کە قورئانە بێ هیچ جیاوازییەك. اللە فەرموویەتی: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ﴾[1] واتە: هەرچی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی هیچی لە خۆیەوەیە نەوتووە، بەڵکو لەلای اللە تعالی بۆی دابەزیوە.

٤- ئەبێت ئەوە لە عەقیدەی موسوڵماندا بچەسپێت کە هیچ حوکمێك نییە لە سوننەتدا پێچەوانەی قورئانی پیرۆز بێت، بەڵام سوننەت لەبەرانبەر قورئاندا سێ ئاست و پێگەی هەیە:

یەکەم: سوننەتێکە هاوتای واتاکانی قورئان وهاوشێوەیەتی و وەکو جەخت کردنەوەو شایەتیدانە بۆ ئەوەی لە قورئاندا هاتووە.

دووەم: سوننەتێك کە وەکو ڕوونکردنەوە و شەرح و تەفسیرە بۆ قورئانی پیرۆز و مەبەست و ئامانجی ئایەتەکان زیاتر دەخاتەڕوو و ئایەتی مطلق و ڕەها سنووردار و تقیید دەکات.

سێیەم: سوننەتێکە حوکمێکی لەخۆگرتووە قورئانی پیرۆز ئەو مەسەلەی باس نەکردووە بۆ خەڵکی بەڵکو لە سوننەتدا باس کراوە.

[1] - النجم/٣-٤

٥- نموونەی کردەیی ڕەتکردنەوەی سوننەت یان بەشێك لە سوننەت لە تاقمە لادەر و گومڕاکاندا ئەتوانیت بە بەرجەستەکراوی ببینیت وەکو جەهمییەکان و خەواریج و موعتەزیلە و تاقمەکانی تر کاتێك بۆ مەسەلەکانی سیفات و زۆر لە مەسەلەکانی تری عەقیدە تەنها لەسەر ڕواڵەتی ئایەتەکان ڕۆیشتن و سوننەتیان ڕەت کردەوە بۆیە سەریان لە گومڕایی و کوفرەوە دەرکرد.

٦- ڕەتکردنەوەی سوننەتێك، تەنانەت یەك فەرموودەی صحیح لە سوننەتدا، تێکدانە بۆ شەریعەت و هاوکات ڕەتکردنەوەشە بۆ قورئان، لەبەر ئەوەی هەموو عیبادەتە فەرزکراوەکان وەکو نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج و عیبادەتی تر بەبێ ڕوونکردنەوەکانی سوننەت ناتوانرێت ئەنجام بدرێن، هەموو وردەکارییەکانی عیبادەتەکان لە سوننەتدا تەقریر کراوە و هاوەڵان بۆ ئێمەیان گواستووەتەوە.

نموونە: دیاری کردنی کاتەکانی نوێژ و شێوازی ئەنجامدانی و فەرز و سوننەتی بەبێ سوننەت ئەنجام نادرێت، هەموو سزا شەرعییەکانیش بەهەمان شێوە بۆ نموونە وەکو سزای دەست بڕینی دز و سزای زینا و تاوانەکانی تر بەبێ شیکردنەوەی سوننەت ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، تفاصیل و وردەکاری عەقیدەش بەهەمان شێوە زۆربەی لە سوننەتەوە پێمان گەیشتووە، بۆیە نکۆڵی کردن لە سوننەت یەکسانە بە نکۆڵی کردن لە قورئان

و ئەوە پیلانێکە بۆ دژایەتی هەموو ئیسلام نەك تەنها دژایەتی سوننەت، هەر ئەوەش ئامانجی کۆتاییە بۆ ئەو کارە.

٧- بە وردبوونەوە لە حاڵی نکۆڵیکەران لە سوننەت و ئەوانەی گومانی لەدەور درووست دەکەن دەردەکەوێت ئینکارکردنی سوننەت لە ڕابردوودا بۆ نموونە لەلایەن خەواریجەوە لادانێکی فیکری و گومڕابوونێکی مەنهەجی بوو لە ئەنجامی هەڵە تێگەیشتن و مۆفەق نەبوون بوو بۆ دۆزینەوەی حەق، چونکە عیبادەتی خەواریج تەنانەت لە فەرموودەکانیشدا ئاماژەی پێ کراوە و ئازاییان لە جەنگەکاندا پێویستی بە وەسف و باس نییە و لەگەڵ ئەوەشدا بە سەگی ناو دۆزەخ وەسف کراون، بەڵام ئەوانەی لەم سەردەمەدا ئینکاری سوننەت دەکەن فیکرو مەنهەجیان بە هەموو شێوەیەك لە عەلمانییەکانەوە نزیکترە تاکو قورئان، چونکە نە عەقیدەیان و نەڕواڵەتی حاڵیان و نەعیبادەیتان هیچی لەوە ناچێت کە لە قورئاندا باس کراوە، بەڵکو هەمیشە دەبینیت عەقیدەیان پشت گوێ خستووە و لە هەر تاقمێك لە تاقمە گومڕاکانیش پشکیان وەرگرتووە، لە موعتەزیلە و جەهمییەکان نکۆڵی کردن لە سیفات و گومراییەکانیان لەو بارەوە، لە خەواریج بێ ئەدەبییان بەرانبەر سوننەت و بەرانبەر هاوەڵان، لە تاقمەکانی تریش بەهەمان شیوە هەر یەکو پشکێکیان لێ وەرگرتوون، لە ڕواڵەت و ڕەفتاریشیاندا ناتوانیت خاڵی هاوبەش و لێکچوو لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا بە ئاسانی بدۆزێتەوە.

٨- لەم سەردەمەشدا پێشەنگ و سەرمەشقی ئەو دژە سوننەتانە کەسانێکی بێ دین و پیاوی داگیرکەر بوونە وەکو سید خان و غلام پروێز و أحمد قادیانی ئەمانە پێشەنگی نکۆڵی کردن بوون لە سوونەت کە بە گشتی لە ڕووی دینی و ڕەوشت و نەتەوایەتییەوە کەسانی ناپاك و پیاوی ئینگلیز بوون و ئەوانەش کە لە ئێستادا هەن و ئەو بانگەشەیە دەکەن زۆربەیان پیاوی عەلمانین و خەڵکی دین لاوازن وهەندێکان لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەمریکا گیرسانەوەو هاوکاری دەکران وەکو محمد رشاد و أحمد صبحي منصور، هەندێکیشان بە تەماشاکردنێکی سەرپێی و بە گوێگرتن لە هەندێ قسەکانیان بۆت دەردەکەوێت کە لە ناحەزێکی ئیسلام بەدەر نییە وەکو عدنان إبراهیم و هاوشێوەکانی تری.[١]

٩- لە ڕاستیدا ئەوەی کە نکۆڵیکەران لە سوننەت دەیانەوێت پێی بگەن تێکدانی دینی ئیسلامە و ئامادەکارییە بۆ کاڵکردنەوەو شێواندنی سنوورەکانی و گۆڕینی عەقیدەکەی، چونکە ئیسلام بەبێ سوننەت، کۆمەڵە ئەحکامێکی گشتییە هەرکێ بیەوێت ئەتوانێت بە ئارەزووی خۆی تەفسیری بکات و بەو شێوە خاڵەکانی بەهێزبوون و تۆکمەیی خۆی لە دەست دەدات و بێگومان ئەوەش دژە سوننەتەکان دەیانەوێت.

---

١ -(لە کتێبدا بیانناسە بە پوختی حاڵ و بەرنامەو ئەوانەم باس کردووە).

١٠- ئێمەی موسوڵمانان لە کاتی درووست بوونی هەر کێشە و نیزاع و مەسەلەیەکدا کە پێویستی بە چارەسەر ببێت فەرزە لەسەرمان بگەڕێینەوە بۆ قورئان و بۆ سوننەت، ئەوفەرمانەش بەدەقی قورئان ئاراستەمان کراوە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً﴾[١] ئەو کەسەی نکۆڵی لەسوننەت بکات سەبارەت بەم ئایەتەی سەرەوە دوو ڕێگای لەبەردەمدایە: یان ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ سوننەت بەو شێوەش بە دەستی خۆی بەرنامەکەی خۆی پووچەڵ دەکاتەوە سەبارەت ڕەتکردنەوەی سوننەت، یان ئەوەیە گوێڕایەڵی ئایەتەکە نەبێت و بۆ سوننەت نەگەڕێتەوە و ڕەتبکاتەوە بەوەش خۆی بەدرۆخستووەتەوە و قورئانی ڕەتکردووەتەوە کە ئیددیعای شوێنکەوتنی دەکات.

١١- هەرکێ هەر حوکمێکی پێغەمبەر ﷺ ڕەتبکاتەوە و ڕقی لێی بێت تەنانەت ئەگەر بەزاهیر کاریشی پێ بکات و تەنها لەدڵەوە لێی بێزار بێت و لە ناخەوە ڕەتیبکاتەوە، بەو کارەی لە بازنەی ئیسلام دەردەچێت و هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نامێنیت، ئەوەش بە دەقی قورئان بڕیاری لەسەر دراوە کە الله فەرموویەتی: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ

---

[١] - النساء/٥٩ .

﴿لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾[1] بەپێی ئەم ئایەتە گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر ﷺ لە مەرجەکانی ئیمانە و بە پێچەوانەشەوە واتە ئەگەر کەسەکە سوننەت یان بەشێك لە سوننەت ڕەت بکاتەوە لە زومرەی مونافیقەکان دەژمێردرێت.

١٢- هەر بە فەرمانی قورئان شوێنکەوتنی سوننەت واجبە، ئەگینا وەڵامی دژە سوننەت بەرانبەر ئەم ئایەتە چییە؟: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾[2] بەبێ گەڕانەوە بۆ سوننەت چۆن گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ دەکات. لە کاتێکدا الله تاعەتی خۆی و پێغەمبەرەکەی بەستووە بەیەکەوە کە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾[3].

١٣- هەرکەسێك لەیەك فەرمان و حوکمی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەربچێت کەوتووەتە نێو چەقی گومڕایی و فیتنەوە، ئەوە فەرمانی قورئانە کە ئەوان بەبێ بەڵگە ئیددیعای شوێنکەوتنی دەکەن: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[4]

---

[1] - النساء:٦٥.
[2] - النساء: ٨٠ .
[3] - النساء:٥٩
[4] - النور:٦٣ .

١٤- الله عزوجل چۆن داوای كردووە لێمان فەرمانەكانی جێبەجێ بكەین بەهەمان شێوە داوای كردووە فەرمانەكانی پێغەمبەرەكەی ﷺ جێبەجێ بكەین و فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾[١] ئەگەر كەسێك لە سوننەت بە گومان بێت و بێ ئەدەبی بەرانبەر بكات، یان ڕەتیبكاتەوە و باوەری پێی نەبێت بە چ شێوەیەك فەرمانەكانی جێبەجێ دەكات، لە ڕاستید بەو كارەی لە دژایەتی سوننەتەوە دەبێت دوژمنی قورئان.

١٥- مێژووی دژایەتی سوننەت مێژوویەكی پڕ لە خیانەت و زەندەقەیە، لەسەردەمی محمد علي پاشا كە دوژمنێكی سەرسەختی ئیسلام بوو لە میسر هەندێك گەشەی كرد بەڵام فیترەتی پاكی خەڵكی و غیرەتی زانایان ڕێگر بوو لەوەی پیلانەكانیان سەربگرێت، ئەوەش كەناوی خۆیان ناوە قورئانی لە ڕاستیدا ئەوان دوژمنی قورئانن بەڵام بۆ خۆڵ لەچاو كردن ئەو نازناوەیان هەڵبژارد، كتومت وەكو عەلمانییەكان كە مەعنای وشەی سیكولاریزم لە بنچینەدا دژایەتی دین و لادینی بوو، بەڵام بۆ خۆڵ لەچاوكردن ناوی خۆیان نا عیلمانی لە كاتێكدا وشەیەكە لە دوور و نزیكەوە پەیوەندی بە عیلم و زانستەوە نییە.

---

[١] - الأنفال:٢٤.

جارێکی تریش ئەم بیرۆکە گومڕاییە لە زانکۆی قاهیرە و ئینجا لە زانکۆی ئەمریکی پرۆتستانتی ئینجیلی لە قاهیرە سەریهەڵدا و دەرگایان بۆ هاتنی ڕۆژهەڵاتناسەکان واڵا کرد بۆ بڵاوکردنەوەی گومانەکانیان بۆ خەڵکی بەڵام بەهۆی فیترەتی پاکی خەڵك و هەبوونی کەسانیکی زۆر لە زانا و فێرخوازانی زانستی بەرپەرچ درانەوە و پلانەکانیان سەرینەگرت و لە کوردستانیش بێگومان هەرگیز سەرنارێت ئەگەرچی هاوکاری و کارئاسانییان زۆر بۆ دەکرێت و بوونیان هەیە لەناو حیزبە ئیسلامییەکاندا و هەروەها لەناو ڕیکخراوەکاندا و هەندیکیشیان (کە ئەمە تەنها لە کوردستانا شتی وام بینیوە) ڕاستی خۆیان دەرنابڕن و کاتێك لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن یان لە مینبەرێکەوە بۆ خەڵکی قسە دەکەن ئەڵێن ئێمە باوەڕمان بەسوننەت هەیە و بەڵگەشی بۆ دەهێننەوە، کاتێکیش دەگەڕێنەوە لای هاوبیرەکان خۆیان دەڵێن ئێمە لەگەڵ ئێوەین و تەنها گاڵتە بەعەقڵی ئەو سەلەفییە دواکەوتووانە دەکەین.

بێگومان لێرەدا من مەبەستم ئەوە نییە ڕەددێکی پڕ پێستی خاوەنی ئەو جۆرە تێگەیشتنانە بدەمەوە چونکە کتێب و سەرچاوەی باش لەو بارەوە هەیە، بەڵکو تەنها مەبەستم بوو بابەتێکی کورت لەسەر ئەو بیدعەیە لە عەقیدەدا بووسم.

ئینجا الحمدلله ئەوان نەك تەنها لەلای ئەهلی عیلم و فێرخوازانی زانستەوە حەقیقەتیان دەرکەوتووە، بەڵکو لەلای خەڵکی موسوڵمان بە گشتی وەکو خەڵکانێکی ڕسوا و دوژمنی دینی خۆیان وێنا دەکرێن و ئەگەر بشمرن کەس ئامادە نییە نوێژیان لەسەر بکات و خەڵکی عەوامیش کە لە ئەلف و بێی زانستی شەرعی تێنەگەیشتون بە فیترەتە پاکەکەیان دەتوانن بەو دەرەئەنجامە بگەن ئەوانە کەسانی بێزراون و بەناراستەوخۆ دژایەتی ئیسلام دەکەن.

بەڵام ئەوەی لێرە دەینووسم هەر وەکو بەیانی حەق و پاساوێکە بۆ خۆم لەلای پەروەردگارم دەیهێنمەوە کەمن لەو جۆرە کەسانە بەریم و لە لایەکی تریشەوە نەوەك خەڵکانێکی کەم هەبن گوێبیستی ئەو گومانانە بن کە دوژمنانی سوننەت ناوبەناو ئەیوروژێنن کە هەمان گومان و ڕێگاکانی دژایەتییە کە تاقمە گومڕاکان لە ڕابردوودا دەیانکرد و ئێستاش زیاتر نەساڕا و ئەقباتەکانی میسر و مولحیدەکان لە هەموو یگەیەك پەنا بۆ ئەو گومانە کۆنانە دەبەن و باسی دەکەنەوە، نموونەی گومڕاگەلێکی وەکو عدنان إبراهیم و علي کیالي و زۆرێکی تر لە هاوشێوەکانیان دوور نییە لێمانەوە.

7

# بۆچی بازاڕی بیدعە ڕەواجی هەیە؟

بیدعە لە دیندا - هەر بیدعەیەك بێت - کارێکی خراپە و بە دەقی فەرموودەی صحیح بە لادان و گومڕایی وەسف کراوە، چونکە شەریعەت هیچ نوقسانی و ناتەواوییەکی تێدا نیە تا کەسێکی موبتدیع پڕی بکاتەوە، هەر بۆیە هاوەڵان الله لێیان ڕازی بێت لەبەر ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە پەروەردە کران کە دین تەنها لە کیتاب و سوننەتەوە وەردەگیرێت و بیدعە هێڵێکی سوورە و قەدەغەیە لێی نزیك ببنەوە، دەبینین ئەوان زۆر جەختیان لەسەر دەستگرتن بە سوننەت دەکرد و هاوکات زۆریش ڕقیان لە هەموو بیدعەیەك بوو لە دینداریدا، عبدالله بن مسعود الله لێی ڕازی بێت لە وتەیەکیدا کە بەسەنەدێکی صحیح هاتووە دەیفەرموو: (اتبعوا ولا تبتدعوا فقد كفيتم) واتە: شوێن کەوتووی کیتاب و سوننەت بن و بیدعە و داهینان لە دیندا ئەنجام مەدەن چونکە ئەو دوو سەرچاوەتان بەسە.

سەرەتای بیدعەش لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ خۆی و هاوەڵە بەرێزەکانیدا درووست بووە و هەر ئەوانیش ڕووبەڕووی بوونەوە و بە توندی بەرپەرچیان داوەتەوە، بۆ نموونە ئەوانەی کە پرسیاری عیبادەتی پێغەمبەریان کرد ﷺ و بەکەمیان زانی و وتیان ئێمە لەوە زۆرترمان پێدەکرێت، هەروەها ئەو کەسەش کە ڕەخنەی لە دابەش کردنی پێیغەمبەر ﷺ گرت و بە ناحەقی

وەسفی کرد، دواتر ئەو بیدعانەی کە لە سەردەمی عثمان دا ڕوویاندا و بە کوژرانی خۆی تەواو بوو الله لێی ڕازی بێت و سەرهەڵدانی گومرایانی وەکو معبد الجهني و دوای ئەو جهم بن صفوان و سەرهەڵدانی تاقمە گومڕاکانی وەکو موعتەزیلەکان و باقی فیرقە و تاقمەکانی تر کە بەشێوەیەك لە شێوەکان تاکو ئەم ڕۆژگارەی خۆمان درێژە و بەردەوامییان هەیە.

ئەگەرچی لە ئیسلامدا بە هیچ شیوەیەك بیدعەیەك لە دیندا نییە باش بێت و هەر هەمووی ڕەتدەکرێتەوە بەسەر داهێنەر و ئیش پێکەرەکەیدا، بەڵام جیاوازییان لەوەدا هەیە کە هەندێکیان لە عەقیدەدایە و سەری خاوەنەکەی لە دۆزەخەوە دەردەکات.

بۆ نموونە عەقیدەی جەهمییەکان لە مەسەلەی سیفات و بابەتەکانی تری عەقیدەدا لە تاقمە دێرینەکان، یان عەقیدەی ئەوانەی لەم سەردەمەدا بە خۆیان دەڵێن قورئانی و قورئان لێیان بەرییە، لەبەرانبەریشدا هەندێ بیدعە هەیە بیدعەی عەمەلییە و بەڵێ کارێکی خراپ و ناپەسەند و مەردودە، بەڵام وەکو بیدعەکانی عەقیدە نییە لە خراپیدا، ئینجا بە هیچ شێوەیەك لە ئیسلامدا بیدعەیەك نییە پێی بوترێت بیدعەی حەسەنە و بیدعەی خراپ.

چونکە بیدعە هەمووی خراپ و خراپترە و ئەو فەرموودەش کە هەندێك لە ئەهلی بیدەع دەستی پێوە ئەگرن بەهیچ شێوەیەك واتای شەرعییەتی بیدعەی تێدا نییە و دادیان نادات و هەڵە لێی حاڵی بوونە.

بەڵام بۆچی بازاڕی بیدعە بەردەوام بازاڕێکی گەرمەو ڕەواجی هەیە، ئەی بۆچی سوننەت هەمیشە دژایەتی دەکرێت و غەریبە و شوێنکەوتوانی نامۆن و ئەهلی بیدعە زۆر جار لە پێشەوەن و بە بیدعەکەیان ئەنازن و خەڵکیش گوێیان لێ دەگرن وەکو ئەوەی ئێمە لە ئیسلامدا داومان لێ کرابێت تا پێمان دەکرێت بیدعە زۆرتر بکەین و بۆیە خەڵکی بەبێ بیدعە نەچێژ لە عیبادەت دەبینن و نە وا ئەزانن عیبادەتیان کردووە.

لە ڕاستیدا هۆکار زۆر هەیە لە دوای ئەو ئاوەژووبوونە لە بنەماو بنچینەکاندا و ئەوە ساڵانێك ئیشی بۆ کراوە و هەوڵی بۆ دراوە تاکو بەو شێوە توانراوە بیدعە بخرێتە جێگەی سوننەت و سوننەتیش بەو شێوە نامۆ بکرێت و شوێنکەوتوانیشی لە کۆمەڵگای کوردیدا نامۆتر دەربکەون، لەوانە وەکو زانایان ئاماژەیان پێ کردووە:

١- پێش هەموو هۆکارێك مەسەلەی دوور کەوتنەوە لە کیتاب و سوننەت و لە زانست و تێگەیشتنی پێشینانی چاکی ئەم ئومەتە و حاڵی نەبوون لە سەرچاوەکانی تەشریع لە ئیسلامدا، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ درووست بوونی بیدعە و دواتر لەم هۆکارەوە زۆر هۆکاری تر سەرچاوە دەگرێت.

٢- کاریگەر بوون بە شوبهە و گومانەکان کە لە دەوری مەسەلەی بیدعە دەوروژێنرێن و بەرگری لێ دەکەن کاریگەرییان هەیە لە بڵاوبوونەی بیدعە لە دیندا، هەروەها ئەو پڕوپاگەندەو تۆمەتانەی کە بەردەوام بۆ ئەهلی سوننەت درووست دەکرێن و ئەو خەرمانە ساختەیەی بەدەوری ئەهلی بیدەعدا درووست دەکرێت، کاریگەری خۆی هەیە لە تەشەنە پێکردنی بیدعە لەناو خەڵکیدا، بێگومان شەیتانیش ئەوەی پێی بکرێت لە جوان کردن و ڕازاندنەوەی بیدعە لەلای خەڵکی دەیکات وەسوەسەکانی بۆ ئەوان لەگەڵ هەوڵی ئەهلی بیدەع وکۆششیان بۆ نامۆکردنی سوننەت و سەروەری بیدعە یەکدەگرنەوە و دەرەنجامی چاوەڕوان کراوی دەبێت لەسەر ئەو بابەتە.

٣- لەبەر ئەوەی دەسەڵات و حکومەت وکاربەدەستان لە هەموو شوێنێك هەمیشە حەز بە دینداریەك دەکەن پڕ بێت لە بیدعە چونکە ئەوان گومانیان نییە بیدعەچییەکان کۆمەڵێك خاوەن بەرژەوەندین و وێڵن بەدوای مادە و مەنسەب و پلەو پایە و زۆر بە ئاسانی سازشیان لەگەڵدا دەکرێت و

دەگەنە دەرەنجام لەگەڵیاندا و چۆنیان بوێت ئاوها دینیان بۆ دەگونجێنن و ئەوەش دەبێتە هۆکاری درووست بوونی خەڵکانێکی هۆگر بە بیدعە و دژ بە سوننەت بەبێ ئەوەی ئاگایشیان لە خۆیان بێت، بۆیە دەسەڵاتەکان لە درێژایی مێژوودا و بەتایبەتی لەم سەردەمەدا بە هەموو شێوەیەك پشتگیری ئیسلامێك دەکەن بیدعە تێیدا تەشەنەی کردبێت، ئەمە نەك تەنها دەوڵەتە عەرەبی و بەناو ئیسلامییەکان بەڵکو کاتی خۆی ناپلیۆنی نەسرانیش کە میسری داگیر کرد بۆ نموونە زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئاهەنگ گێڕان بو بۆنەی لە دایکبوونی پێغەمبەر ﷺ سازبکرێت و خۆیشی هەموو خەرجی و ئاسانکارییەکی بۆ دابین دەکردن، چونکە ئەویش دەرکی بە گرنگی بیدعە کردبوو لە شێواندنی ئیسلامدا.

٤- بێدەنگ بوونی زانایان و فێرخوازانی زانست و بانگخوازان لەسەر ئەو هەموو بیدعەی ئەنجام ئەدرێت، کە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕاوبۆچوونی خەڵکی هەیە لەسەر بیدعە و ڕەنگە ئەم خاڵە کاریگەرترین هۆکاری بڵاوبوونەوەی داهێنراوەکان بێت لەناو میللەتی کوردا، کە زۆربەی مامۆستایانی ئایانی نەك هەر لە ڕووی بیدعە ناوەستنەوە، بەڵکو لەلای خەڵکی خۆشەویستیشی دەکەن و وا تێیاندەگەیەنن کە هیچ کێشەیەك نییە و کێ ئازایە بۆ خۆی لە دیندا داهێنانی باش بکات و گرنگ ئەوەیە بیدعەیەکی بەسوود بێت بۆ ئیسلام و کارێکی خراپ نەبێت، بۆیە بیدعە بەشێوەیەکی

بەرچاو زاڵ بووە سەر سونەتدا و هەموو بیدعەیەکیش ژیانی لەناو خەڵکیدا بۆ نانووسرێت وەکو مەعلومە بە مردنی سونەتێك نەبێت.

لە ڕاستیدا بێ مەوقیفی زانایان لە ئاستی تەشەنە کردنی بیدعە لە کۆمەڵگادا تاوانێکی گەورە بوو ئەنجامیاندا و هۆکارەکەشی یان بڕێکی کەم پارەو یان پلەو پایەو مەنسەبێکی لەناوچووە کە دینەکەیان بە قوربانی کرد و لە جیاتی ئەوەی ببنە پێشەنگێکی باش بوون بە خراپترین پێشەنگ و بەهەرزانترین نرخ دینەکەیان هەڕاج کرد، لەسەیرو سەمەرەترین ئەو نرخانەش کە لەبەرانبەر بڵاوکردنەوەی بیدعەدا بەجۆرەکانی وەریانگرت ئەوە بوو مزگەوتیان پێدرا یان مزگەوتەکانیان لێ وەرنەدەگیرایەوە کە دواجار ئەوێیش بوو بە ناوەندێکی کارا بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەسەندن و شەرعییەت پێدانی بیدعە.

٥- هۆکارێکی تری بڵاوبوونەوەی بیدعە ئەوەیە کەسانێکی جاهیل بەهۆی ئەو پۆشاك و مێزەرو مەندیلەی دەیپۆشن ئیتر خەڵکی وا دەزانن ئەوانە بەوە دەبنە زانا و پشت بە قسەکانیان دەبەستن و پرسیاریان لێ دەکەن و ئەوانیش بەبێ زانست وەڵامیان دەدەنەوە، چونکە ئەو جۆرە کەسانە هیچ کات (نازانم) لە فەرهەنگیاندا نییە و هەرچی پرسیارێکیان لێ بکرێت بیزانن و نەیزانن هەر

وەڵامیان ئامادەیە و ئەو خەڵکە بەسەر هەڵەدا دەبەن و بیدعەیان پێ ئەنجام ئەدەن و لەسوننەت دووریان دەخەنەوە.

ئیمامی مالیك بڵێ نازانم زۆرێك لە کۆڵکە مەلاکان ناڵێن نازانم و دەست بە گیرفانیاندا دەکەن و وەڵامیان بۆ دەردەهێنن. ئەو جۆرە بەناو زانایانەش کە زانست لێیان بەرییە و دوورە، هەمیشە لەناو کورددا بوونیان هەبووە و هەیە و ئێستاش لە هەموو کاتێك زۆرترن و لە ئێستادا بیدعەی عەقیدیشیان بۆ خۆیان و بۆ خەڵکی زیاد کردووە و هەموو بەهرەیەکیشیان بریتییە لە زمانێکی لووس کە قال الله و قال الرسول ﷺ زۆر بەکەمی لێ دەبیسترێت.

چونکە نەشارەزایی قورئان و نە شارەزایی سونەنتیان نییە! هەروەها پۆشاکێکی دیاری کراو دەپۆشن کە ئەگەر ئەوەیان لێ بکەیتەوە هیچیان پی نامێیت وکەس حیسابیان بۆ ناکات، ئەگەریش ئەو کەسە دامەزرابێت و بەفەرمی ئیمام و خەتیب بێت ئەوە خۆی بە ئیمامی شافیعی ناگۆڕێتەوە و بەئارەزووی خۆی مێشکی خەڵکی لە بیدعە پڕ دەکات و سوننەت و شوێنکەوتوانیشی لەلایان بە خاوەن دینی تازە و بە توندڕە و جۆرەها ناوو ناتۆرەی تر ناشیرین دەکات.

خەڵکیش بەهۆی ئەو جەهلەی باڵی بەسەریاندا کێشاوە لە کاروباری دینەکەیاندا هەر ئەڵێن ئم و بەڵێ و وایە و وەکو مردوون لەبەردەستی مردوو شۆردا، تەنانەت هەندێ جار هەر لە سەر سیقە و متمانەی کوێرانە زەکاتی سەروەت و سامانەکانیشیان لێ وەردەگرن و دەڵێن ئێمە خۆمان بۆتانی ئەدەینە فەقیر و نەداران و وەکو ئەوەی خۆیان ئیفلیج و کەوتووی سەرجێگا بن و هیچ فەقیر و هەژارێك لەم کۆمەڵگا پڕ لە فەقیر و هەژارەدا نەناسن و دواتریش لەو کتێبانەی کە وتمان پڕن لە قسەی بێ بەڵگە و فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراو، قیلی وقالی تێدا دەدۆزنەوەو ئەو پارانەش بۆ بەرژەوەندی خۆیان خەرج دەکەن و یان دەیخەنە بازرگانی و ئیشی پێ دەکەن و بەردەوام لەبەر جەهلی خەڵکی بەدینەکەیان دەخۆن و لەم دونیایەدا خەنی دەبن، بەو شێوەش هەم خۆیان لە رێگە لادەدەن و هەم ئەو خەڵکە داماوەش کە لە هەموو شتێکدا زیرەکن و کورد واتەنی دەست بەچاوی ماردا دەکەن و کەس لێیان ناباتەوە، جگە لە دینەکەیاندا نەبێت کڵوڵن و هیچ نازانن و وەکو نابینا دەبێت ئەو بەناو بانگخواز و زانایانە دەستیان بگرن و بەرەو زەلکاوی بیدعە و هەرکوێ بیانەوێت بیانبەن و لە مێرگ و سەوزایی دڵڕفێنی سوننەت دووریان بخەنەوە. (لێرەشدا مەبەستم لە زۆرینە خراپەکەیە لەو بەناو مامۆستایانە نەك کەمینە باش و سەر ڕاست و موەحیدەکانیان).

٦- هۆکارێکی تری بڵاو بوونەوەی بیدعە جەهل و نەشارەزاییە لە خودی سونەتدا، عەرەب دەڵێن: **(فاقد الشيء لا يعطيه)** ئەو کەسەی شتێکی نەبێت چۆن بیبەخشێت؟ زۆربەی مامۆستایانی ئایینی هەموو بضاعة یان لە زانستدا کۆمەڵە کتێبێکە لە مەزهەبێکدا خوێندوویانە و لە جیاتی ئەوەش کە فەرموودە و سوننەتی صحیح بەڵگەیان بێت خودی مەزهەبەکە و هەڵبژاردنەکەی بەڵگەیە لە لایان و یان ئەو هەموو ئەو حەواشی و کتێبانەی کە پشت بەستنیان لەسەر فەرموودەی لاواز و موضوع ـە ڕێگە بە توسل و دەست و قاچ ماچ کردن و بەبەرکەت دانانی دارو بەرد بەپەسەند دەزانن، ئەوەش هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ بڵاوبوونەوەی بیدعە و بە ئاسایی تەماشا کردنی.

کتێبەکانی فەرموودەی وەکو شەش کتێبەکە و دەواوینی تری سوننەت و کتێبەکانی تەخریجی فەرموودە و تەفسیری وەکو تەفسیرەکەی الطبري و کتێبەکانی عەقیدە و سوننەت کە سەلەف و زانایان و فەرموودەناسانی دوای ئەوان نووسیویانە لەلای زۆرێك لە مامۆستایانی ئایینی کورد و بانگخوازان کە ڕابەرایەتی خەڵکی دەکەن ئاشنا نین و زۆربەیان دەژین و دەمرن هەر نازانن ئەو کتێبانە چییان تێدایە!

مەگەر هەندێك لەو فەرموودانە نەبێت کە لە ناو کتێبەکانی فقە و کتێبەکانی تری مەزهەبەکاندا ئاماژەی بۆ کرابێت کە ئەمەش هۆکارێك بوو وەکو وتمان بۆ نامۆ بوونی سوننەت و تەشەنە کردنی بیدعە وەکو ئاگر لەناو پووش و پەڵاشدا و دواجاریش بوو بە ئەمری واقع، خەتیبەکان هەمیشە لە سەر مینبەرەکانیانەوە- بە ئێستاشەوە - بە فەرمودەی لاواز و هەڵبەستراو کاریگەرییان لەسەر خەڵکی درووست کردووە و ئەوانیان هێناوەتە گریان کە ئەوە ئامانجیانە و بە نیشانەی سەرکەوتنی خۆیانی دەزانن کاتێك خەڵکی دەست بە گریان بکەن!

بێگومان بۆ ئەو مەبەستەش زۆر بەکەمی قورئان و فەرموودەی صحیح یان بەکارهێناوە، بەڵکو بە زۆری سوودیان لە هەندێ کتێبی بەناوبانگی پڕ لە فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراو و و بیدعەو خورافات وەرگرتووە وکو کتێبەکانی: إحیاء علوم الدین و بغیة المسترشدین و إعانة الطالبین و درة الناصحین وکتێبی تر، بەڵکو چەندین کتێبی تریش لە زۆرێك لە کتێبخانەی ئەو جۆرە مامۆستایانە بوونی هەبووە کە بەپاساو و بەهانەی نوشتە و دوعا نووسین باسی سیحر و جادوو و ناوی جنۆکەکانیان بانگ کردووە بۆ بە یەکخستن و لەیەکتر کردنی ژن و مێرد و شتی لەو جۆرە.

هەروەها پشتیان بەستووە بە هەندێ کتێبی رقائق و ئەو جۆرە کتێبانە کە ئاخنراون لە قسەی بێ بنەما و فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراو، یان هەندێ لەو تەفسیرانەی کە عەقیدەی موبتەدیعەکانی تێدایە وەکو تەفسیری الخازن و هاوشێوەکانی، بەکورتی ئەو کتێبانەی ئەوان پشتیان پێی بەستووەو وەکو سەرچاوە بەکاریان هێناوە ئەڵێی بۆ ئەوە دانراون موسوڵمانان لە سوننەت دووربخەنەوە، لە ئەنجامی ئەم ئاشنا نەبوونەی مامۆستایانی ئایینی و زۆرێك لە بانگخوازان بە سوننەتی پێشەوامان ﷺ، شتێك نەما پێی بوترێت جیاکردنەوەی فەرموودەی صحیح لە ضعیف و موضوع، من خۆم مامۆستام بینیوە کە ئیمام و خەتیب بووە باوەڕی بەوە نەبووە کە فەرموودە هەبێت صحیح نەبێت پێی وابوو وەهابییەکان درووستیان کردووە و فەرموودە هەمووی هەر سەحیحە و لەسەر ئەو بیروباوەڕە خوتبەی دەدا و خەڵکی ئاراستە دەکرد.

بۆیە بەداخەوە زۆربەی ئەو کتێبانەی ئەوان پشتیان پێ دەبەست لە عەقیدە و لە فقە و تزکیة النفس و تەفسیردا پڕ بوون و ئێستەش پڕن لە فەرموودەی ضعیف و هەڵبەستراویش و خەڵکیش لەگەڵ ئەو مامۆستایانە و بە ئاراستە کردنی ئەوان دینداری دەکەن و ئیتر بۆچی بیدعەیان لەلا خۆشەویست نەبێت و سوننەت و شوێنکەوتوانیان لەلا نامۆ و ناشیرین نەبێت؟ هێرشی بیدعە بۆ سەر دینداری کردنی خەڵکی لە ڕێگەی ئەو

مامۆستایانەوە بوارێکی بەجێ نەهێشت باڵی ڕەشی بەسەردا دانەگرێت و داینەپۆشێت، لە بواری عەقیدەوە بیگرە کە ئەگەر وریایی لە هەر لادان و بیدعەیەکی عەقیدە و بیروباوەڕ بدەیت یەکسەر تۆمەتێکی ئامادەیان بۆت هەیە کە پێت دەڵێن وەهابی و هەرچی پێیان بڵێی ئەوە سەرپێچی بیروباوەڕە و یان تەنانەت هەڵوەشێنەرەوەی شایەتمانیشە، پێیان بڵێ ئەوە بەڵگەی ئایەت و ئەوە بەڵگەی فەرموودەی صحیح، بەگوێیاندا ناچێت و دەڵێن نەخێر تۆ وەهابیت و دینێکی تازەت هێناوە، قسەی ئەوانیش دەخوات و دەبیسترێت و قسەی تۆیش لە قەفەسی تۆمەتباریدایە و بە تاکێکی زیان بەخش و بێ سوود و دواکەوتوو لە کۆمەڵگادا حیسابت بۆ دەکرێت.

چونکە سوننەت لەم سەردەمەدا بە خراپترین دۆخەکانیدا تێدەپەڕێت و شوێنکەوتوانیشی بە تاڵترین قۆناغەکانیاندا تێپەڕ دەبن، تەنانەت بەناوی ئەهلی سوننەتەوە کەسانێکی زۆر درووست کراون بۆ ئەوەی ئەهلی سوننەت کە بەڕاستەقینە شوێنکەوتوی کیتاب و سوننەتن نامۆ دەرکەون و ئەوان کە بە ئەهلی سوننەتی ڕاستەقینە دەربکەون کە پیاوی نەیارانی دینەکەیانن و ئەجینددای ئەوان جێبەجێ دەکەن، لە بواری عیبادەتەکانیشدا کە بە گشتی ئەوانیش پڕن لە بیدعە کاتێك وریایی بەو خەڵکە دەدەیت و هەڵەکانیان بۆ ڕاست دەکەیتەوە، لێت قبوڵ ناکەن و دەڵێن یەعنی ئەو هەموو مەلا و مامۆستا بەڕێزانە نەیانزاینوە ئەوە بیدعەیە و فەرموودەکە هەڵبەستراوەو تۆ

زانیوتە؟ ئەوانەش کە لە حیزبە ئیسلامییەکاندان لە هەموو وڵاتەکان هەر بەم نەفەسەوە قسە دەکەن کە چۆن دەبێت مامۆستا فلان و دکتۆر فیسار و شێخی زانا و بەتوانا چۆن دەبێت دەرکیان بەو حەقیقەتانە نەکردبێت و تۆ بیزانیت؟ کە ئەوەش هەڵەیەکی مەنهەجییە هەلقولاوی جەهلێکی قووڵ و کۆنە، بەم شێوەش تاوانی ئەوان بەوە کورت هەڵنەهات کە بیدعەکەیان لەناو ژیانی خەڵکیدا بڵاوە پێ کرد و چەسپاندیان، بەڵکو هۆکاری حصانة و بەرگری کردنیشیان بۆ خەڵکی درووست کرد لەو بیدعانەی کە هەیانە و بەربەست و ڕێگریشیان لەبەردەمیاندا درووست کرد بۆ ئەوەی سوننەت وەرنەگرن و ڕەتیبکەنەوە.

8

# نەکەی جنێو بە ڕۆژگار و زەمانە بدەیت!

هەڵە کردن لە عەقیدە و بیروباوەڕدا لە هەموو جۆرە هەڵەکردنێکی تر خراپترە و پێویستە موسوڵمان ئەوەندە شارەزایی لە زانستی شەرعیدا هەبێت کە گرفتاری ئەو جۆرە هەڵانە نەبێت و لەگەڵیاندا ڕانەیەت و ببێتە بەشێك لە شێوازی قسەکردن و مامەڵە و ڕەفتار کردنی ڕۆژانەی، لێرەدا چەند نموونەیەکی جیاواز دەربارەی یەك مەسەلە دەخەمەڕوو:

هەندێ کەس لە کاتی ناخۆشی و ناڕەحەتیدا جنێو بەڕۆژگار و زەمانە دەدەن، بۆ نموونە کە ئازیزێکیان بە گەنجی دەمرێت، یان کەسێك دوای دەوڵەمەندی هەژار دەکەوێت و لێی دەقەومێت، دەڵێن: (ڕووی زەمانە ڕەش بێت!) یان قسەی لەو جۆرە.

هەروەها هەندێك جار کاتێك کەسێك نەخۆش دەکەوێت، یان پیر ئەبێت یان بەهەر بۆنەیەکی تری هاوشێوە توشی شتێك دەبێت دەڵێن: دونیایەکی بێ وەفایە...یان جاری وا هەیە بێ ئەوەی قسە و جنێویش بە زەمانە و ڕۆژگار بدەن دەڵێن: (ئاااى زەمانە)، ئەویش هەر جۆرێکە لە بۆڵەو گلەیی و توانج لە زەمانە.

یان کاتێك باسی ڕووداوێك دەکەن کە لە ڕۆژێکدا ڕوویداوە، یان کارەسات و ناخۆشییەکیان لە کاتێکی دیاریکراودا بەسەردا هاتووە دەڵێن: (ڕۆژێکی ڕەش بوو) ئەو ڕۆژە.

هەموو ئەوانە هەڵەیەکی عەقیدەیی گەورەن و ڕاستەوخۆ پێچەوانەی فەرمانی الله یە کە لە فەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی: (يؤذيني بن آدم يسب الدهر وأنا الدهر، بيدي الأمر، أقلب الليل والنهار)[1] واتە نەوەکانی ئادەم قسەی نەشایو دەدەنە پاڵم و جینو بە ڕۆگار و زەمانە دەدەن، من پەروەردگاری زەمانەم و ئەوەی دەیدەنە پاڵ زەمانە من درووستی دەکەم و هەموو خێرو چاکەیەك بەدەستی منە و بە زانست و بە حیکمەتی منە و ئەوەی بمەوێت دەبێت و ئەوەی نەمەوێت نابێت.

ابن القيم فەرموویەتی: ئەو کەسەی جنێو بە زەمانە دەدات لە دوو حاڵ بەدەر نییە: یان ئەوەیە جنێوی بە الله داوە ئەگەر بزانێت کە الله لەو فەرموودەیەدا بەو شێوە باسی زەمانەی کردووە و ئەوەش کوفرە، یان ئەوەیە باوەڕی وایە ڕۆژگار و زەمانەش بۆ خۆی لەگەل الله دەسەڵاتی هەیە و کاریگەری هەیە لەسەر حاڵی خەڵکی ئەوەش شیرکە بە الله عزوجل؟[2]

[1] - رواه البخاري (١٨٢٥/٤) برقم (٤٥٤٩).

[2] - زاد المعاد (٣٢٣/٢)

لە ڕاستیشدا لەوانەیە ابن القیم تصوری نەکردبێت و بیری نەچووبێت بۆ ئەم جەهلەی ئەمڕۆ موسوڵمانان تێیکەوتوون سەبارەت بە دینەکەیان، بۆیە لەوانەشە بکرێت حاڵەتی سێیەمیشی بۆ زیاد بکرێت کە بریتییە لە جەهل مەرجێك ڕێگای دەفع کردنی ئەو جەهلەی نەبێت! چونکە لەوانەیە هەندێك جاهیل هەبن ئەم مەسەلەیان هەر نەبیستبێت و هەر دەرکیان پێ نەکردبێت و هیچ مامۆستایەك ئاینی یان بانگخواز و فێرخوازێکی زانستیش بۆی ڕوون نەکردبێتەوە، بۆیە حوکمی کەسی وا دەکەوێتە دوای ئەوەی مەسەلەکەی لە ڕووی زانستییەوە بە جوانی بۆ ڕوون بکرێتەوە.

پوختەی باسەکە ئەوەیە زەمانە و ڕۆژگار الله هەڵیدەسوڕێنێت و هەر سوکایەتی کردن و جنێودانێك بە زەمانە - وەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە - دەچێتە چوار چێوەی قسە کردن و جنێودان بە الله عزوجل، یان دەبێتە جۆرێك لە جۆرەکانی شیرك، موسوڵمانیش دەبێت هەمیشە ئاگاداری زمانی خۆی بێت چونکە هەموو قسەیەکی لەسەر حیسابە، باش و خراپ پاداشتی لەسەرە و الله فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ ۚ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا﴾[1]

[1] - الإسراء:٣٦.

9

# داوای لێخۆش بوون بۆ کەسانی بێ باوەڕ مەکە

وریابە و هەرگیز نزاو پاڕانەوە و داوای لێ خۆشبوون مەکە بۆ کەسی بێ دین و بێ ئیمان و مونافیق و دوژمنی ئیسلام و ئەوەی بە کافری مردووە، چونکە الله ئەو کارەی لە پێغەمبەرەکەی ﷺ قەدەغە کرد و فەرمووی: ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُواْ أُوْلِي قُرْبَى مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ﴾[١]

أبو زكريا النووي بە ڕحمەت بێت لەم بارەوە فەرموویەتی: بە پێی ئەو ئایەتە حەرام و قەدەغەیە دوعای لێخۆش بوون بۆ کەسی بێ ئیمان و کافر بکرێت، فەرموودەکان و کۆدەنگی موسوڵمانانیش لەسەر ئەوە دامەزراون و جێگیرن[٢].

وە لە کتێبی المجموع دا دەڵێت: (وَأَمَّا الصَّلَاةُ عَلَى الْكَافِرِوَالدُّعَاءُ لَهُ بِالْمَغْفِرَةِ فَحَرَامٌ بِنَصِّ الْقُرْآنِ وَالإِجْمَاعِ). واتە: نوێژ کردن و داوای لێخۆش بوون بۆ کافر بە دەقی قورئان و بە ئیجماعی ئوممەت حەرامە.

---

[١] - التوبة:١١٣.

[٢] - (الأذكار المنتخبة من كلام سيد الأبرار) (٢٩٠).

بە هەمان شێوە القاضي عياض اليحصبي ئیجماع و کۆدەنگی زانایانی گواستووەتەوە لەوەی دوعا کردن و داوای لێخۆش بوون بۆ کەسانی کافر و بێ ئیمان حەرامە و ئەوان هیچ سوودێك لە کارە چاکەکانیان نابینن و پاداشتتیش نادرێنەوە و سزایشیان لەسەر سووك ناکرێتەوە، ئەگەرچی ئەوەشیان باس کردووە بە پێی بەڵگەکان بێ باوەڕان ئاستی سزایان لە دۆزەخدا جیاوازی تێدا هەیە.

بەڵکو هەندێ لە زانایان وەکو القرافي ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە لەوانەیە دوعا کردن و داوای لێخۆشبوون بۆ کەسی بێ باوەڕ سەر بکێشێت بۆ تەکفیر کردنی ئەو کەسەی کە دوعاکە دەکات، بەڵام ئەم مەسەلە هەندێ تفصيل و وردەکاری لەسەری باس کردووە پێم باش نەبوو نەقڵی بکەم چونکە زانایانی تر ئەمەیان باس نەکردووە، تەنها مەبەستم ئەوە بوو بزانرێت کە ئەو مەسەلە لەلای ئەهلی عیلم چەند بە گەورە تەماشا کراوە.

تەنانەت موسوڵمان ڕێگە نەدراوە بۆ دایك و باوك و باپیرانیشی داوای لێخۆش بوون بکات ئەگەر بە کافری و بەبێ باوەڕی مردبن.

إبراهیم علیه السلام پەیمانی بەباوکی دابوو لە الله داوای لێخۆش بوونی بۆ بکات ﴿سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا﴾ بەڵام دواتر کە بۆی ڕوون بوویەوە باوکی دوژمنی پەروەردگارە وازی هێنا و داوای لێخۆش بوونی بۆ نەکرد: ﴿فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَأَوَّاهٌ حَلِيمٌ﴾.

لە صحیح ی مسلم یشدا هاتووە: (عن أبي هريرة، قال: زار النبي ﷺ قبر أمه، فبكى وأبكى من حوله، فقال: استأذنت ربي في أن أستغفر لها فلم يؤذن لي، واستأذنته في أن أزور قبرها فأذن لي، فزوروا القبور فإنها تذكر الموت). واتە پێغەمبەر ﷺ سەردانی قەبری دایکی کرد و دەستی کرد بە گریان و ئەوانەشی کە لەگەڵیدا بوون دەستیان کرد بە گریان، ئینجا فەرمووی داوام لە پەروەردگارم کرد ڕێگەم بدات داوای لێخۆش بوون بۆ دایکم بکەم و ڕێگەی نەدام، بەڵام داوام کرد ڕێگەم بدات سەردانی قەبرەکەی بکەم و ڕێگەی دام...بەڵگەی تری لەم جۆرەش لە سوننەتدا زۆرە.

بەڵام لەم سەردەمەی خۆماندا چەمکەکانی بیروباوەڕ لە لای موسوڵمانان تێکدراوە و زانستی شەرعیش لەلایان کەم بووە و ئەوانەش کە پێشەنگ و زانان و دەبێت چاوساغیان بن بۆ دوورکەوتنەوە لە لادانی بیروباوەڕ و لە جیاتی چەسپادنی واتاکانی تەوحید و ئیمان لە دڵ و دەروونیاندا هەندێ جار خۆیان پێشیان دەکەون و سەپێچی بیروباوەڕ دەکەن

و ئەوەش لەسەر ئاستی بەرفراوان و ترسناك ڕۆڵی خراپ دەبینێت، ئێستا وای لێ هاتووە موسوڵمانان بێ ئاگا لە حوكمی ئەو كارەیان داوای لێخۆش بوون بۆ جولەكە و بۆ نەسارا و بۆ شوێنكەوتووی زۆرێك لە دینە دەستكرد و باتڵەكان دەكەن ودەڵێن مادام چاكەی بۆ مرۆڤایەتی بووە ئەویش دەچێتە بەهەشتەوە و داوای لێخۆش بوون و نزای چاكە و چوونە بەهەشتی بۆ دەكەن!

لە ساڵی ٢٠٠٥ پاپای ڤاتیكان یوحەننا پۆڵسی دووەم مرد و شێخ یوسف القرضاوي دوعایەكی بەكوڵی بۆ كرد ودڵی ژمارەیەكی زۆری لە موسوڵمانانی جیهانی خەمبار كرد و لە خۆیشیانی ڕەنجاند و لەبەرانبەریشدا نەشیتوانی سەرنجی ڕۆژئاوایش بۆ بانگەوازە میانرەوەكەی تا سەرئێسقان ڕابكێشێت و لە دوعاكەیدا وتی: (ندعو الله تعالى أن يرحمه ويثيبه؛ بقدر ما قدَّم من خير للإنسانية وما خلّف من عمل صالح أو أثر طيب) واتە: لە اللە دەپاڕێینەوە سۆزو میهرەبان خۆی بڕژێت بەسەریدا و پاداشتی بداتەوە بەو ئەندازەی كە خێر وچاكەی بۆ مرۆڤایەتی پێشكەش كردووە و كردەوەو شوێنەواری چاكی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە.

بەڵام دوعاکەی قەرزاوی سەرپێچییەکی ڕوونی شەرعی تێدا بوو و هەرگیز نەدەبوو هەڵەی لەو جۆرە بکات بۆیە ئەو هەڵوێستەی کە بەلای خۆیەوە هەڵوێستێکی پڕ لە حیکمەت بووە، ناڕەزایەتییەکی زۆری لێ کەوتەوەو لەسەر ئاستی زانایان و خەڵکی بە گشتی وەڵام درایەوەو سەرکۆنە کراو کارەکەی وەکو زۆر کاری تری لەو شێوە، بوو بە جێگای ڕەخنە و نیگەرانییەکی توند لە دژی.

10

# خۆزگە مەخوازە ودەرگای شەیتان داپخە

یەکێك لە هەڵە عەقیدی و بیروباوەڕەکان ئەوەیە کاتێ کەسێ ڕووداوێکی نەخوازراوی لێ دەقەومێت حەسرەت هەڵدەکێشێت و دەڵێ: گەر وام بکردایە ئەمە ڕووی نەدەدا! بۆ نموونە لە ڕێگای سەردانی کردنێکدا ڕووداوێکی هاتوچۆی تووش دەبێ، دەڵێ خۆزگە ئەم سەردانەم نەکردایە یان ئەم دەرچوونە نەبوایە تووشی ئەم ڕووداوە نەدەبووم! ئەوە ڕەخنە گرتن و ناڕازی بوونە بەقەدەر، ئەو قەدەرەش دەبوو روو بدات.

پێغەمبەر ﷺ وەکو لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە فەرموویەتی: (احرص على ما ينفعك ، واستعن بالله، ولا تعجز، فإن أصابك شيء فلا تقل: لو أني فعلت كذا لكان كذا وكذا، ولكن قل: قدّر الله وما شاء فعل, فإن لو تفتح عمل الشيطان)[1] واتە: ئەوەی بەسوودە بۆت ئەنجامی بدە و پەنا بە الله بگرە و بێ دەسەڵات مەبە وئەگەر تووشی ناخۆشییەك هاتی مەڵێ ئەگەر وام بکردایە ئاوها و ئاوها دەبوو، بەڵکو بڵێ ئەوە قەدەری الله بوو ویستی لەسەر چی بێت ئەنجامی ئەدات.

[1] - رواه مسلم – كتاب القدر – ( ٢٦٦٤).

هاوشێوەی ئەوە لە قورئانی پیرۆزیشدا هەیە، وەکو الله دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ قَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُوا لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا﴾[1] واتە: ئەگەر بە قسەی ئێمەیان بکردایە و دەرنەچوایەن بۆ جیهادکردن نەدەکوژران.

بێگومان وشەی (لو) واتە گەر یان خۆزگە! لە هەموو حاڵەتێکدا هەر حەرام و هەڵەی عەقیدەیی نییە، بۆ نموونە: کەسێك بڵێت ئەگەر بێیتە ماڵم ڕێزت لێ دەگرم ئەمە هەواڵێکە و هیچ ناشەرعییەکی تێدا نییە.

یان ئاوات خواستنێك بێت بۆ کارێکی شەرعی بۆ نموونە خۆزگە پارەو ماڵم زۆر دەبوو بۆ ئەوەی لێی ببەخشم. یان خۆزگە توانای حەج کردنم بوایە و قسەی هاوشێوەی ئەوە کێشەیەکی شەرعی تێدا نییە وەکو زانایان دەڵێن.

بەڵام ئەوەی نەهی لێ کراوە و نابێت توخنی بکەویت ئەوەیە قەدەرێك ڕوو بدات و دوای ئەوە بڵێیت خۆزگە فلانە شتم بکردایە یان فلانە ڕێوشوێنم بگرتایەتەبەر بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە ڕووی نەدایە ئەوە هەڵەیەکە لە بیروباوەڕدا و لە جیاتی ئەوە دەبێت بڵێیت: (قدر الله وما شاء فعل) واتە: ئەوە قەدەری الله بوو، الله ویستی لەسەر هەرچی بێت ئەنجامی ئەدات.

[1] - آل عمران:١٦٨.

وشەی (لو) بەو شێوەی کە باسمان کرد دەرگای شەیتان دەکاتەوەو گومان و وەسوەسە بۆ بەندە درووست دەکات و ئیماندار پێویستە ئەو دەرگا لە خۆی نەکاتەوە، بەڵکو ئەگەر ڕێوشوێنی پێویستەی گرتە بەر و لە نەخۆشی چارەسەری وەرگرت و لە کاتی سەفەر و دەرچوون ئەوەی پێویست بوو لەسەری بۆ سەلامەتی ئەنجامی دا و قەدەرێکی تووش بوو دەبێت هەر ئەوەندە بڵێت (قدر الله وماشاء فعل) و ئیتر نەڵێت خۆزگە ئاوها و ئاوهام بکردایە بۆ ئەوەی ئەمەی کە ڕوویدا ڕووی نەدایە.

الله عزوجل فەرموویەتی: ﴿وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ * الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ * أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ﴾[1] وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ما من عبد يصاب بمصيبة فيقول: إنا لله وإنا إليه راجعون، اللهم آجرني في مصيبتي، واخلف لي خيرًا منها، إلا آجره الله في مصيبته، وأخلف له خيرًا منها)[2] واتە: هەر بەندەیەك تووشی موسیبەتێك ببێت و بڵێت ئێمە بەندەی الله ین و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، یا الله لەسەر ئەوەی کە تووشم بووە پاداشتم بدەرەوە و بەچاکتر قەرەبووم بکەرەوە، الله پاداشتی دەداتەوە و چاکتری لەوە بۆ دەکات کە لەدەستی داوە.

[1] - البقرة:١٥٥-١٥٧.

[2] - صحيح مسلم:٩١٨.

11

# لە واتای (لا إله إلا الله) ڕاست و درووست تێبگـە

یەکێك لە دیاردەکانی هەڵە تێگەیشتن لە بیروباوەڕی ئیسلامی لەم سەردەمەدا ئەوەیە زۆربەی موسوڵمانان لە واتای (لا إله إلا الله) باش تێنەگەیشتوون و لە پێناسە و مەبەست و مەرج و هەڵوەشێنەرەکانی حاڵی نەبوونە، بۆ نموونە:

١- زۆربەی موسوڵمانان وا تێگەیشتوون و وا تێگەیەندراون کە (لا إله إلا الله) وشەیەکە یان دەستەواژەیەکە دەوترێت و تەواو، واتە تەنها بەو وتنە هەرچی مافەکانی هەیە دەستی ئەو کەسە دەکەوێت کە دەیلێت! لە کاتێکدا پێویستە پێش هەموو شتێك بزانرێت کە ئەو وشەیە دەبێت ڕەچاوی دوو مەسەلەی گرنگی تێدا بکرێت:

**یەکەم: (النفي)** واتە نکۆڵی کردن و ڕەتکردنەوەی هەموو عیبادەت و پەرستنێك بۆ غەیری الله و ڕەتکردنەوەی هەموو پەرستراو و بەرنامە و یاسا و ڕێسایەکی تر جگە لە الله ودینەکەی نەبێت.

**دووەم: (الإثبات):** واتە هەموو جۆرە پەرستنێك و ئەوەی كە لە ڕووی شەرعیەوە پێی دەوترێت عیبادەت تەنها بۆ الله ئەنجام بدرێت و هەروەها ئەوەش دەگەیەنێت كە كوفر بە عیبادەتی طاغوت و جگە لە الله عزوجل بكرێت، الله عزوجل فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾[1]

٢- یەكێكی تر لە هەڵە تێگەیشتنەكانی خەڵكی لە (لا إله إلا الله) ئەوەیە وا گومان دەبەن كە واتای ئەو وشەیە و ئەو ئەركەی كە دەیخاتە ئەستۆی خاوەنەكەی تەنها عیبادەتە، بەڵێ ڕاستە ئەوە یەكەم ڕوكن و كۆڵەكەی (لا إله إلا الله)یە، بەڵام ڕوكن و كۆڵكەیەكی تری هەیە كە بریتییە لە كوفر كردن بە طاغوت واتە ڕەتكردنەوەی هەموو پەرستراو وبەرنامەو یاساو ڕێسایەكی تر جگە لە ئیسلام، وەكو الله فەرموویەتی: ﴿فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا﴾[2].

هەروەها دەربارەی إبراهیم علیه السلام داوای لێمان كردووە بیكەینە پێشەنگ و پێشەوای خۆمان لە ڕەتكردنەوەی عیبادەتی طاغوت و فەرموویەتی: ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ

[1] - النحل:٣٦.
[2] - البقرة:٢٥٦

﴿إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَداً حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾[1].

بە پێی ئەم ئایەتە إبراهیم علیه السلام و ئەوانەی کە لەسەر ڕێبازی ئەون لە مەسەلەی تەوحیددا پێشەنگ و سەرمەشقی ئێمەن، ئەوان بە قەومە موشریکەکەی خۆیانیان وت ئێمە بەرین لە ئێوە و لەوەشی کە ئێوە دەیپەرستن و کردووتانە بە ڕکابەری الله و شەریعەتەکەی و حاشاتان لێ دەکەین، باوەڕمان پێتان نییە ولەبەر ئەوەی ئێوە دوژمنی دینی الله ن ئێمەش ڕقمان لێتانە وحەزتان لێ ناکەین تا ئەو کاتەی دەگەڕێنەوە سەر ڕێبازی ئیمان هێنان بە الله و پەرستنی بەتاك و تەنها.

٣- هەڵەیەکی تر دەربارەی (لا إله إلا الله) لە لای خەڵکی ئەوەیە وا گومان دەبەن مەعناکەی بریتی بێت لە (لا خالق إلا الله) واتە مەسەلەی تەوحید لە تەوحیدی الربوبیة و پەروەردگارێتیدا قەتیس دەکەن و ئەوەش هەڵەیە، چونکە ڕاستە تەوحیدی پەروەردگارێتی مەسەلەیەکی مەزن و گرنگە، بەڵام مەبەست لە تەفسیر و واتای (لا إله إلا الله) تەوحیدی عیبادەت و ئولوهییەتە و لەسەر بنەمای ئەو تەوحیدە ئەو وشەیەمان لێ وەردەگیرێت، نەك لەسەر بنەمای تەوحیدی پەروەردگارێتی کە مرۆڤەکان هەر بە پێکهاتە و

[1] - الممتحنة: ٤

فیترەتی خۆیان باوەڕیان بەوە هەیە کە الله خالیقە و ڕازیقە و دەمانژێنێت و دەمانمرێنێت و زەوی ئاسمانەکانی درووست کردووە.

هەرچی کەسێك بەدەم بڵێت لا إله إلاالله و بە کردەوە هەڵیوەشێنێتەوە، واتە شتێك بکات پێچەوانەی شایەتمانەکەی بێت، ئەگەر ڕۆژی هەزار جاریش بڵێت لا إله إلاالله سوودی لی نابینێت، بە حەسەنی بەسرییان وت خەڵکانێك دەڵێن هەرکێ بلێت لاإله إلاالله دەچێتە بەهەشتەوە، فەرمووی بەڵێ دەچێتە بەهەشت ئەگەر فەرزو مافەکانی جێبەجێ بکات، واتە نەك هەر وشەیەك بێت و نە پێناسە و نە مافەکان و نە مەرجەکان و نە هەڵوەشێنەرەوەکانی نەزانێت.

پێغەمبەر ﷺ سالانێك هەموو هەوڵێکی لەگەڵ قورەیشدا ئەوە بوو بڵێن: لا إله إلا الله و ئەوان بەهیچ شێوەیەك ڕازی نەدەبوون بیڵێن، کە ڕازیش بوایەن بڵێن: لا إله إلا الله ئیتر گۆڕانکارییەکی گەورەیان بەسەردا دەهات و دەبوون بە کەسێکی تر، بەڵکو خۆیان و دەوروبەریانیش دەگۆڕی و هەوڵی گۆڕینی جیهانیشیان دەدا، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە ئەوان جوان لە مەبەست و واتا و مەرج و هەڵوەشێنەرەوەکانی لا إله إلا الله تێگەیشتبوون، بۆیە یان ڕازی نەدەبوون بیڵێن، یان بیانوتبا پیاوانە دەیانوت و ئیتر هەموو

مافێکی ئەو وشەیەیان دەدا و خۆیان و ماڵ و منداڵ و دونیای خۆیانیان بە قوربانی دەکرد.

بە پێچەوانەی زۆرینەی خەڵکی ئەم سەردەمەی خۆمان کە بەداخەوە لا إله إلا الله وشەیەکی سارد وسڕە وهیچ کاریگەرییەکی لەسەریان نییە، چونکە هەر وشەیەکی بەرجەستەنەکراوە و وەکو لاشەیەکی ساردو سڕە کە گیانی تێدا نەمابێت.

12

# لە میانڕەوی ئیسلام هەڵە تێمەگە!

یەکێك لە چەمکە هەڵەکان سەبارەت بە مەسەلەیەکی بیروباوەڕ کە لەناو خەڵکیدا بەربڵاوە پێناسەی (الوسطية) و میانڕەوییە، خەڵکی وا دەزان، یان ڕاستتر بڵێم وا تێگەیەنراون لە ئیسلامدا هەندێ لایەن هەیە توند و تیژە و هەندێ لایەنیشی تێدایە ئاسان و شلە، جا میانڕەوی ئەوەیە لەو نێوەندەدا میانڕەو بیت و ناوەڕاست بگریت، نە زۆر توند بیت و نە زۆر شل! مەسەلەکەش وا نییە و ئەوە هەڵە تێگەیشتنە.

لە ڕاستیدا پێناسەی (الوسطية) کە لەم ئایەتدا باسکراوە: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ﴾[١] بریتییە لەوەی شوێنکەوتووانی محمد ﷺ میانڕەون لە نێوان ئوممەتەکانی جولەکە و نەسارا و میللەتەکانی تردا، لە لایەکی ترەوە شوێنکەوتووانی سەلەف واتە ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە نێو تاقمە لادەرەکاندا بە میانڕەو دادەنرێن، لەبەر ئەوەی دەستیان بە کیتاب و سوننەتەوە گرتووە و بۆ ئەملاو بۆ ئەولا لایان نەداوە، بۆ نموونە لە هەڵوێستیان لە هاوەڵانی پێغەمبەری ئازیزدا ﷺ میانڕەون لە

---

[١] - البقرة: ١٤٣

نێوان ڕافیزە و نواصب دا، واتە نە بێڕێزییان بەرانبەر دەکەن ونە لە ئاستی مرۆڤ بوونیش دەریان دەکەن، بە هەمان شێوە لە ئەحکامەکاندا میانڕەون لە نێوان موعتەزیلە و مورجیئەکاندا واتە نە ئەنجامدەری تاوانی گەورە تەکفیر دەکەن و نە وەکو مورجیئە دەڵێن هیچ تاوانێك زیان لە ئیمان ناگەیەنێت و...هتد.

سەبارەت بە ئەوەی دەڵێن میانڕەو بە لە دینەکەتدا، ئەگەر مەبەستیان دەست بەرداربوون و وازهێنان بێت لە سوننەتەکان بۆ ئەوەی پێت بوترێت میانڕەو ومۆدێرن و ئەو جۆرە قسانە، ئەوە قسەیەکی ناحەق و واتایەکی نامۆیە بە کیتاب و سونەت.

دەستگرتن بە سوننەتەوە وەکو هێشتنەوەی ڕیش و باڵاپۆشی و دوورکەوتنەوە لە تێکەڵ بوونی حەرام لە نێوان ژنان و پیاواندا و جێبەجێ کردنی هەر سوننەتێکی پێغەمبەر ﷺ با هەموو خەڵکی ئەم سەردەمە بە ئیسلامییەکانیشەوە بە توندڕەوی بزانن ئەوە چڵەپۆپەی میانڕەوییە.

بەڵام دەکرێت داوای میانڕەوی لە دوو کەس بکرێت بۆ نموونە یەکێکیان بەجارێك وازی لە نوافل و نوێژی سوننەت و ڕۆژووی سوننەت و سەدەقەی غەیری زەکات هێناوە، یەکێکیش هەموو ڕۆژێك بە ڕۆژووە و بەردەوام خەریکی

نوێژی نەوافیلە و زۆر خۆی ماندوو کردووە، دەکرێت پێیان بوترێت میانڕەو بن واتە وەکو پێغەمبەر بن ﷺ عیبادەت بکەن، کە هەندێ جار ڕۆژووی نەوافیلی زۆر ئەگرت و هەندێ جار کەمی ئەکردەوەو لە نەوافیلەکانی تریش بەهەمان شێوە وەکو لە فەرموودەکاندا هاتووە، بە کورتی هەموو ئەو حوکمانەی لە قورئان و لە سوننەتدا هاتوون بە سەریەکەوە پێیان دەوترێت میانڕەوی، نەك لە نێوان ئەوانەی خەڵکی بە توند و بەشلیان دەزانن لە دەقەکانی کیتاب و سوننەت ئەو نێوەندە بگریت و ببیت بە میانڕەو ئەوە پێناسەیەکی هەڵەیە و پێچەوانەی مەبەستەکانی ئیسلامە.

لەم سەردەمەشدا هەڵە تێگەیشتن و ڕۆچوونێکی خراپ هەیە لە بەلارێبردنی چەمکی میانڕەویدا، بە ڕادەیەك کە زۆر لە سەرپێچی و لادانی بیروباوەڕ و ئینحیرافاتی مەنهەجی هەمووی لە بازنەی میانڕەویدا خۆی دەبینێت و جێگای بۆ کراوەتەوە، وەکو ئەوەی میانڕەوی بریتی بێت لە هەڵبژاردنی کامە حوکم ئاسان و بێ ئەرکە و بەرپرسیارێتییە لە ئیسلامدا و وازهێنان لە هەموو حوکمێك کە ئەرك و ناڕەحەتی بخاتە سەر شانی موسوڵمان و سەرباری ئەوەش چەندین داهێنانی دوور لە جەوهەری شەریعەت و لاساییکردنەوەی نەیارانی ئیسلام و پەروەردەکردنی نەوەیەك لەسەرسام بوون بە ڕۆژئاوا و جێبەجێ نەکردنی سوننەتەکان و تێکەڵ کردنی چەمکەکانی وەکو (الولاء و البراء) و تێوەگلان بە چەندین بیدعەی عەقیدی

هاوچەرخ و کارەساتی تر و پۆلێن کردنی هەموو ئەوانە لە ژێر زاراوەی میانڕەوی وەکو ئەوەی میانرەوی جۆرێك بێت لە خۆداماڵین لە ئەرکە ئیمانییە گەورەکان و تێکەڵ و پێکەڵ کردنی واتا عەقیدی و مەنهەجییەکان بێت، لە کاتێکدا میانڕەوی بە دوو وشە ئەگەر بمانەوێت پێناسەی بکەین بریتییە لە جێبەجێ کردنی ئیسلام وەکو خۆی بەبێ زیاد کردن بەرەو توندی یان کەمکردنەوەی بەرەو شلی. چونکە شەریعەتی ئیسلام هەمووی بەسەر یەکەوە شەریعەتێکی میانڕەوە بە هەموو ئەو حوکم و سزایانەش کە زۆرێك لە خەڵکی ئەم سەردەمە بە مایەی توند وتیژی دەبینن.

وشەی (وسطا) لەو ئایەتەی لەسەرەتای ئەم باسەوە خستمانەڕوو، لەلای سەلەف و شوێنکەوتووانیان واتای دادگەری دەبەخشێت، بۆ نموونە لە أبو سعید الخدري و ابن عباس الله لێیان ڕازی بێت و لە مجاهد و لە قتادة و الربیع بە ڕەحمەت بن ئەوەیان لێ دەگێڕدرێتەوە کە وشەی (وسطا) لە ئایەتی: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾[1] واتە: (عدلا) کە بە مەعنای دادگەری هاتووە.[2]

---

[1] - البقرة: ١٤٣

[2] - (بڕوانە: ینظر: تفسیر الطبري: ٢/ ٧-٨،، و تفسیر القرطبي:٢/ ١٥٣-١٥٤، و تفسیر ابن كثیر:١/ ١٩٠)

بۆیە واتای میانڕەوی و وەسەتییەت لە بنەڕەتدا خۆی لە تێکڕای شەریعەتی ئیسلامدا دەبینێتەوە کە شەریعەتێکی دادگەرە و الله عزوجل خۆی سەرچاوەی هەموو حوکمەکانە تێیدا و مرۆڤەکان هیچ دەستێکیان لە هەڵبژاردنی حوکمەکاندا نییە تێیدا.

دواجاریش ئەوە تایبەتمەندییەکی دینی ئیسلامە کە دین و دیندارانیش بەرین لە هەموو لادانێك، هەم لەوانەی کە دین لە پێکهاتە و بنچینەی خۆی توندتر دەکەنەوە و میزاجی توندی خۆیانی تێکەڵ دەکەن، هەم لەوانەش کە بەهۆکاری جیاجیا، دین بەرەو شلیی و شێواندن و بەرەو لاساییکردنەوەی نەیارانی ئیسلام دەبەن، میانڕەوی و وەسەتییەتی ئیسلام جێگرەوەو لەناوبەری ئەو دوو تێگەیشتنە نامۆیەیە.

13

# دوعا کردن بە شێوەیی گاڵتە ئامێز بێ ئەدەبییە بەرانبەر الله

هەندێ کەس کە جاری وا هەیە بەناو مەلا و مامۆستای ئاینیشن، یان کەسانێکن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بانگەواز دەکەن بەڵام وێڵن بەدوای ناوبانگ دەرکردن و هەموو خەم و هیوا و ئاواتێکیان ئەوەیە بەهەر نرخێك بێت خەڵکی بە قسەکانیان پێبکەنن و پێیان بوترێت قسەخۆش و لایك و کۆمێنتی پێ کۆبکەنەوە، دەچن دوعا و نزاو پاڕانەوە کە لە بنچینەدا دەبێت بە زەلیلی و ملکەچی و بە گریانەوە بکرێت بۆ ئەوەی الله بەزەیی پێیاندا بێتەوە و دوعاکەیان گیرا ببێت، ئەوان دەچن بە شێوەیەکی نوکتە ئامێز وگاڵتەجاڕی و پێکەنیناوی دوعاکە دەکەن.

بەڵکو جاری وا هەیە لەسەر مینبەرەکانەوە بەو شێوە گاڵتەئامێز و ناشیرینە دوعا دەکەن و خەڵکی مزگەوتیش وەکو هاریکاری لەگەڵ ئەو کارە نابەجێیەدا بەدەنگی بەرز وەکو وەڵامدانەوە ئامین بۆ دوعاکانیان دەکەن، ئەوەش سەرپێچییەکە دەچێتە بواری عەقیدەو بیروباوەڕەوە، هەرگیز لە کەسی موسوڵمان ناوەشێتەوە ئەو کارە نابەجێیە ئەنجام بدات، چونکە ئەوە جۆرێکە لە بێ ئەدەبی بەرانبەر پەروەردگاری زەوی و ئاسمانەکان.

نزا و دوعا کردن چەکی ئیمانداره و عیبادەتێکه بۆ پەروەردگاری خۆی ئەنجامی دەدات، الله تعالى فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾[1].

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دوعای بەوە وەسف کردووە کە عیبادەتە و فەرموویەتی: (الدعاء هو العبادة)[2] کەوابێت بە هیچ شێوەیەك درووست نییە بۆ موسوڵمان دوعاکردن بە شێوازێکی سوعبەت و گاڵتەجاڕی ئەنجام بدات، ئەگەر وا بکات ئەوە دین و ئیمانی خۆی خستووەتە مەترسییەکی گەورەوە و پێویستە تەوبە بکات و چۆن بە ئاشکرا ئەو بێ ئەدەبییەی بەرانبەر الله و عیبادەتی نزا وپاڕانەوە کردووە، ئاوها بە ئاشکرا تەوبە و پەشیمانی خۆی لەو کارە ناپەسەندە ڕابگەیەنێت و فرمێسکی پەشیمانی و پاشگەزبوونە لەو کارە نابەجێیەی هەڵوەرێنێت.

هەندێکی تر لەو شێوازە دوعایانەی کە گاڵتەجاڕی و بێ ئەدەبی بەرانبەر الله پێوە دیارە، ئەوەیە کە لەسەر زاری مامۆستای بابەتە جیاجیاکانی قوتابخانە و بەتایبەتی لەسەر زاری مامۆستای زمانی عەرەبی دەکرێت و فاعل و مفعول و جار و مجرور و ئەو شتانەی تێدا بە شێوەیەکی گاڵتە جاڕی

---

[1] - غافر: ٦٠.

[2] - أخرجه أبو داود (١٤٧٩)، والترمذي (٢٩٦٩)، وابن ماجة (٣٨٢٨).

بەکاردێت بۆ پێکەناندنی خەڵکی یان بۆ داهێنانی سەیروسەمەرە و سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی بە شێوەیەکی وا نزم.

گومانی تێدا نییە ئەو شێوازە دوعایانەی کە بەو شێوە دەکرێت پێچەوانەی ئەو ئادابانەیە کە بەندە لە کاتی دوعاکردندا دەبێت پێوەی دیار بێت لە سەنگینی و نیشاندانی ملکەچی و زەلیلی، بەڵکو زۆر بێ منەت دەردەکەوێت و اللە و ئایەتەکانی دەکاتە ئامرازێک بۆ پێکەنین و پێکەناندنی خەڵکی.

هەر نزیک لەم باسەوە موسیبەتێکی تریش لەم بارەوە بوونی هەیە، کە خەڵکی دەرک بە ئاستی ترسناکی لەسەر دینەکەیان ناکەن ئەویش مەسەلەی گێڕانەوەی نوکتەیە کە لە پێناو پێکەناندنی خەڵکیدا اللە و دین و پێغەمبەر ﷺ و پیرۆزییەکانی ئیسلام دەکەنە ڕێگا و هۆکارێك بۆ ئەو مەبەستە نزمە، واتە نوکتەکە دەربارەی مەلائیکەت و بەهەشت و دۆزەخ و ئەو بابەتە عەقیدییانەیە دەگێڕنەوە، نوکتە خۆی لە بنچینەدا درۆیە وموسوڵمانی بەڕێز وسەنگین و وابەستە بە شەرع خۆی لێ بە دوور دەگرێت، چجای بابەتەکەشی ئەو پیرۆزییانە بێت.

بۆی هەیە کەسێك بە گێڕانەوەی نوکتەیەك کە گاڵتەی بە ئیسلام و بەهەشت و دۆزەخ تێدا بێت بەشێوەیەك لە شێوەکان دین و ئیمانی خۆی بخاتە مەترسییەوە.

بۆیە دەبێت موسوڵمان زۆر وریای ئەو وشانە بێت کە لە زاری دەردەچن، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لاَ يُلْقِي لَهَا بَالاً يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ)[1]. واتە: بەندە لەوانەیە قسەی ئەوتۆ بکات کە پەیوەندی بە خەشم و تورەیی پەروەردگارەوە هەبێت، خۆی هەر گوێیشی پێ نەدات و وابزانێت قسەیەکی ئاسایی کردووە، کەچی بە هۆیەوە حەفتا ساڵ ئەخرێتە دۆزەخەوە.

ئازیزمان ﷺ پێغەمبەر و پێشەوا و پێشەنگی ئێمەیە و دەبێت دینەکەمان لە ئەو فێر ببین و وەربگرین، کاتێك سوعبەت و قسەیەکی خۆشی بکردایە هیچ وشەیەکی پێچەوانەی ڕاستی بەکار نەدەهێنا و هەموو سوعبەتەکەی بەقسەی ڕاستی بوو، ئەو فێرمان دەکات و دەفەرمووێت: (أَنَا زَعِيمٌ بِبَيْتٍ فِي رَبَضِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ الْمِرَاءَ وَإِنْ كَانَ مُحِقًّا، وَبِبَيْتٍ فِي وَسَطِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ الْكَذِبَ وَإِنْ كَانَ مَازِحًا، وَبِبَيْتٍ فِي أَعْلَى الْجَنَّةِ لِمَنْ حَسَّنَ خُلُقَهُ)[2]

---

١ - رواه البخاري

٢ - رواه أبو داود.

کەواتە درۆ کردن با بە سوعبەت و بۆ پێکەنین و نوکتەش بێت هەر حەرامە و قەدەغەیە، موسوڵمان هەرگیز نابێت درۆ بکات، ئەو نوکتانەش هەمووی درۆیە جا ئەگەر سەرباری ئەوەی کە درۆیە سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئیسلامیش بکات ئەوە کارەساتێکە ئەو کەسە بەسەر دینی خۆیدا دەهێنێت، ئەگەر خۆی بە موسوڵمان بزانێت.

دیاردەیەکی ناشیرینی تریش کە تەنها لەناو کورددا بینیومە ئەوەیە، هەندێ مەلای ئاخر زەمان خەڵکی بەدەوری خۆیاندا کۆ دەکەنەوە و قسەی پێکەنین و نوکتە وبەسەرهاتی خۆشیان بۆ دەگێڕنەوە و ئەوانیش قسەکانی تەسویر دەکەن و پێی پێ دەکەنن و دەڵێن مامۆستا فڵانە بەسەرهات و فڵانە قسەی خۆشمان بۆ بگێڕەوە ئەویش بەقسەیان دەکات و خۆی و ئەو جلەش کە لەبەری کردووە بەناو دینەوە ناشیرین دەکات ئەوانیش لە قاقای پێکەنین دەدەن و ئەویش ئەوەندەی تر گەرم دەبێت و نوکتە و قسەی لەو جۆرە زیاتریان بۆ ئەگێڕێتەوە، ئەوەش لە ڕاستیدا سووککردنی پێشەی مامۆستای ئایینیە کە دەبێت پیشەیەکی سەنگین و پیرۆز بێت و حەقی خۆیەتی مامۆستا بەڕێزەکان کە گرنگی بە بانگەوازی ئیسلام و بەکەسایەتی مامۆستای ئایینی دەدەن ڕێگری لەو جۆرە مرۆڤانە بکەن و بەبەرپەرچیان بدەنەوە بۆ ئەوەی ناوی مامۆستای ئایینی لەوە زیاتر ناشیرین و وێران نەبێت.

بۆیە ئەگەر ئەو کەسانەی ئەو جۆرە کارانە دەکەن، دوعا بە زمانێکی بازاڕی و بە گاڵتە ئامێز دەکەن، یان نوکتە و قسە هەڵدەبەستن و دەیانگێڕنەوە لە پێناو پێکەنینی خەڵکی و بابەتی ئایینیشی تێدا بەکار دەهێنن، یان کەسانێك کە گوایە مامۆستایی ئایینیشن مناڵ و گەورە بەدەروی خۆیاندا خڕ دەکەنەوە و بەگێڕانەوەی نوکتەو قسەی پێکەنیناوی لە مەجلیسێکدا نزیك لە گەعدەی گۆرانیبێژەکان خەریکی خۆ سووککردنن، جا ئەگەر ئەوانە جاهیل و نەزان بن پێویستە ڕاستی مەسەلەکەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی دەست لەو کارە دژوارەیان لەگەڵ ئیمان و تەوحیددا هەڵبگرن، ئەگەریش حوکمی مەسەلەکە بزانن و زانستی شەرعییان هەبێت و هەر سوور بن لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارە، ئەوا ئەوان لەسەر خەتەر و حاڵێکی زۆر خراپن وئیمانیان لە لێواری لە نێوچووندایە.

14

# وریای پەند و شیعر و ئەدەبی کوردی بە لادانی بیروباوەڕی تێدایە

شیعر و ئەدەبی کوردی کلاسیك و بەتایبەتیش هاوچەرخ، زۆر هەڵە و لادان و قسەی پێچەوانەی لەگەڵ عەقیدەی ئیسلامی تێدایە، ئەگەر بێت و خوێنەر پاشخانێکی باشی لە زانستی شەرعی و بەتایبەتی لە بواری بیروباوەڕدا نەبێت، لە کاتی خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانەدا تووشی زۆر هەڵەو لادانی عەقیدەیی دەبێت.

بە تایبەتیتریش لەو کاتەی کە دوو سیفەت لە خوێنەری ئەدەبی کوردیدا کۆ ببێتەوە، ئیتر لە هیچ هەڵە و لادان و خراپەیەکی ئەو ئەدەبە سەلامەت نابێت، ئەویش سیفەتی عاتیفی بوون و سۆزدارییە، لەگەڵ سیفەتی نەشارەزایی لە زانستە شەرعییەکاندا، کە ئەو دوو سیفەتە پیکەوە وا دەکەن خوێنەر هەست بە هیچ شتێکی نائاسایی نەکات.

ئەمەش کە لێرەدا وریایی لەسەر ئەدەین کورت هەڵنەهاتووە لەسەر ئەدەبی هاوچەرخ ئەگەرچی لەو جۆرەیاندا زیاتر و زەقترە، بەڵکو ئەدەبی کلاسیکی کوردی کۆنیش بە شێوەیەکی بەرچاو دیاردەکانی لادانی بیروباوەڕ و شیعری دژوار لەگەڵ بنەماکانی تەوحید و بیروباوەڕی ئیسلامی تێیدا بوونی هەیە.

ئەو شاعیرە کلاسیکییانەی کە بۆ نموونە مەلا بوونە و وەکو پیاوی ئایینی ناسراون، زۆربەیان لەسەر عەقیدەی تاقمە گومڕاکان بوونە و ستایشی بیروباوەڕی (الحلول والاتحاد) و (وحدة الوجود) یان کردووە و هاواریان بە غەیری الله کردووە و وهۆنراوەی غەزەلیان بە زاتی الله دا وتووە، هەروەکو چۆن غەزەل بەئافرەتێکدا بوترێت هەندێ لە شیعرەکانی نالی وەك نموونە، هاوار کردن بە پێغەمبەر ﷺ و بە پیاو چاك و بە ئەولیا لەلای زۆر لە شاعیران وهەروەها بە مەزن وێنا کردنی کەسانی گومڕای وەکو مەنسوری حەلاج هەندێ لە شیعرەکانی مەحوی وەك نموونە: کە دەڵێت:

**هەتا حەق ناسیرە، هەرحەقمە مەنزوور**

**وەکو و مەنسورئەگەر بمکەن بەدارا**

هەروەها باسی جەلالی ڕۆمی کە بە مەولانا دەناسرێت و گومڕاو لادەرێکی گەورەیە لە بیروباوەڕی ئیسلامی لە شیعرو ئەدەبی کوردیدا، بەئەنقەست خەرمانەیەکی ناڕاست و ناحەقی بە دەوردا دراوەو لە جیاتی ئەوەی حەقیقەتی دەربخرێت وەکو زانا و داناو پێشەوایەکی موسوڵمان لە ئەدەبی کوردیدا وێنا دەکرێت و ئەوە تەنها بۆ نموونە ئەگینا ئەدەبی کوردی هاوشێوەی ئەدەبی عەرەبی لە کۆن وهاوچەرخدا لێوان لێوە لە لادانی جۆراوجۆر لە بیروباوەڕی ئیسلامیدا.

بۆ نموونە قانع کە شاعیرێکی میللی بەناوبانگی کوردە، شیعرەکانی جۆرەها لادان و قسەو هەڵوێستی پێچەوانەی لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامی تێدایە، لەوانە گاڵتە و سووکایەتی کردن بە مەلائیکەت و بە بەهەشت و دۆزەخ و حەشر و حیساب و زۆر واتاو چەمکی ئیسلامی تر لە شیعرەکانیدا، ئەمەش چەند نموونەیەکە لەوەی ئاماژەمان پێکرد:

ڕۆژێك میکائیل وتی بەخوا

چاکی چلۆنی ئاغام مەرجەبا.

ئەم قەسیدەشی تاکو کۆتاییەکەی لە سووکایەتی کردن بە اللە و بە مەلائیکەت و بە بەهای ئایینی تر بەدەر نییە. هەروەها بێ منەتی لە بەهەشتی اللە دەردەبڕێت و کوردستان بە جێگرەوەی گونجاوی ئەو بەهەشتە دەزانێت و دەڵێت:

ژنی کورد خوشك و پیاوی برامە

کوردستان بەهەشت هەردوو دونیامە.

هەروەها لە قەسیدەی (گەشتێك لە بەهەشتدا) کە لاساییکردنەوەی هەندێ هۆنراوەی هاوشێوەیە وەکو (الكوميديا الإلهية) ی دانتی و (رسالة الغفران)ی أبو العلاء المعري و (رحلة إلى الجحيم) ی شاعیرو فەیلەسوفی مولحیدی بەناوبانگ جميل صدقي الزهاوي، ئەو قەسیدەی قانع لە دیوانەکەیدا لەلاپەڕە (٥١٢)دا هاتووە زنجیرەیەکی دوورودرێژ لە سوکایەتی کردن و گاڵتەجاڕی بە مەلائیکەت و بە ڕۆژی قیامەت و بەقەبر و بە حیساب و بە بەهەشت تێدایە بۆ نموونە: دەڵێت:

وتم فریشتە قەزات لە گیانم

بێقەدری نەبێت ناوت نازانم

هەروەها وەکو گاڵتەپێکردن باس لەوە دەکات کە بەرتیلی بە مەلائیکەتەکان داوە و بەو شێوە چووەتە بەهەشتەوە، دەڵێت:

وتم باش چاوش ئەچم بۆ بەهەشت

بۆ دیدەن خزم و بۆ سەیران و گەشت

وتی جەوازی عبورت پێیە؟

بێنە بزانم کە ئیمزای کێیە؟

نیوەی کفنەکەم دا بە شورتەکان

ڕێم بۆ چۆڵ کرا بەسەهل و ئاسان.

هەروەها وەسفی عارەق خواردن و سوێند خواردن بە برۆی ساقی عارەقەکە لە شیعریدا هاتووەو دەڵێت:

دە ساقی بە حەقی پیاڵەی شەراب

بەجەرگی پروزاوی هەروەك کەباب

دە ساقی بە میحرابی هەردوو برۆت

بەنازو گرشمەی دوو چاوانی خۆت

ژمارەی پیاڵەم مەکە تاکو بەهار

نەچێ با بچێتە هەزاران هەزار

ئەمانەش تەنها وەکو نموونەی خێرا هێنامەوە، ئەگینا هەم لە شیعری قانع هاوشێوەی هەیە، هەم لە شیعری نالی و مەحوی و شاعیرانی تری کورد بە شێوازی تر نموونەیان هەیە.

نموونەیەکی تر لە شیعرێکی بەناوبانگی بێکەسی شاعیر هەڵدەبژێرین کە یەکێك لە عەقیدە گومڕاکانی دژوار لەگەڵ ئیسلامدا بە عەقیدەیەکی ڕاست داناوەو دەڵێت الله مەکانی نییە ودەڵێت:

(بەو خودایەی بێ شەریك و لامەکان وواحیدە)

ئەوەش قسەی فەیلەسوف و تاقمە گومڕاکانی وەکو جەهمییەکانە و هەڵەیە، چونکە بە ڕاشکاوی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە الله لەسەر عەرشی خۆیەتی بەو شێوەی کە لایق و شایستەیەتی.

شاعیرە کلاسیکییەکان بەو هەموو کارەساتەی کە لە شیعرەکانیاندا هاتووە، کورد واتەنی بە حەوت ئاو شۆراونەتەوە بەراورد بە شاعیرە هاوچەرخەکانی کورد کە زۆربەیان هەڵوێستیان زۆر خراپە لە دژی ئیسلام و بەڕاشکاوی دژایەتی دەکەن و سووکایەتی بە شەریعەت و بە بیروباوەڕەکەی دەکەن.

سەبارەت بە هاوچەرخەکانیش لەسەر ئاستی شیعر و ڕۆمان وەکو لاسایی کردنەوە بۆ ڕێڕەوی (الحداثة)ی ڕۆژئاوایی و عەرەبەکان، جەنگێکی ناڕاستەوخۆ و هەندێك جار ڕاستەوخۆیش لە دژی ئیسلامدا لە شیعر و ئەدەبی کوردی هاوچەرخدا بەرپا کراوە و ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی بووەتە گۆڕەپانێك بۆ لێدان و ناشیرین کردنی ئیسلام و وێنا کردنی وەکو هێمایەک بۆ دواکەوتن و جێمان لە کاروانی زانست وشارستانی هاوچەرخ.

هەروەها دەرخستنی ئیسلام وەکو ئایینێکی ستەمکار و دژ بە مافی مرۆڤ و بەتایبەت بەرانبەر ئافرەت و وێناکردنی پێغەمبەرەکەی و سەران و سەرکردەکانی وەکو کەسانی دڵڕەق و خوێنڕێژ و ناحاڵی، لە کاتێکدا ئەو قسانە هەمووی پێچەوانەی ڕاستین و دینی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی ﷺ و سەرکردە و پێشەواکانی نموونەی میهرەبانی و ئاکاری بەرزو ڕەوشتی جوان و بەرەو پێش بردنی شارستانی بوونە بەرەو خێرو چاکە و سەربەرزی مرۆڤایەتی.

حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە کە هەمیشە سوکایەتیکردن بە عەقیدەو بە شەریعەتی ئیسلام و ناشیرین کردنیان جێبەجێکردن بووە بۆ ئەجیندایەکی نەیارانی ئیسلام بەتایبەتی جولەکە و نەساڕاکان کە ئەمڕۆ لە ڕێگای دەسەڵات و ڕاگەیاندنەوە دەستیان بەسەر هەموو جومگەکانی ژیان لە جیهاندا گرتووە و زۆربەی قەڵەم و مێشکی شاعیر و ئەدیبانیان کڕیوە وهەر شاعیر و

ڕۆماننوسێک بۆ ئەوەی شوهرەت و پارە بە دەست بهێنێت پێویستە یان قسە و سووکایەتی بە ئیسلام بکات، یان ئەدەبێکی داماڵراو لەشەرم و حەیا، سێکس ئامێز لە بونیادەکەیدا بنووسێت، بۆ ئەوەی خەڵات بە دەست بهێنێت و لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ببێتە جێگای سەرنج و بایەخ.

بۆ نموونە نجیب محفوظ کە ڕۆماننوس و پێشەنگێکی دیاری ئەدیب و شاعیرە هاوچەرخەکانی کوردە، لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا هەم دژایەتی ئیسلام و ڕەوشتی کردووە، هەم ڕۆمان و چیرۆکەکانی گۆڕەپانێکی بەرین بوونە بۆ وێنا کردنی کۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامی وەکو کۆمەڵگایەکی ئالودە بە سێکس مەی خواردنەوەو و سەرقاڵ تا سەر ئێسقان بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، کۆمەڵگا لە ڕۆمانەکانی ئەو ئەدیبەدا کۆمەڵگایەکە ئارەزووە ئاژەڵییەکان تێیدا بەسەر هەموو بەهاو بنەما دینی و مرۆییەکاندا زاڵە کە بێگومان ڕاستییەکەی بەو جۆرە نییە و ئەوە تەنها یەک لایەنە کە بریتییە لە لایەنە تاریک و خراپ و نەشازەکەیە.

هەروەها لە بواری پەندکاندا کە خەڵکی لە نێو قسەو باسەکانی خۆیاندا دووبارەی دەکەنەوە کە لە ڕووی ئەمانەتەوە ئەمەیان لە بوارەکانی تر باشترە و کەمتر قسەو بابەتی دژواری لەگەڵ عەقیدەی ئیسلامدا تێکەوتوە، چونکە وا دیارە پێشینانی کورد زیاتر بە قورئان و فەرموودە و شەریعەتی ئیسلام کاریگەر بوونە، بەڵام دواجار ئەویش ڕەهەندی ئاینی هەڵە و ناکۆکی تیایەو کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامیدا ناجۆرن، بۆ نموونە: پەندێك هەیە دەڵێت:

(خوا تا کێو نەبینێ بەفری تێناکات)

ئەم دەستەواژەیە ئەگەرچی وەکو مەبەست تەماشا بکرێت لەوانەیە مەبەستێکی خراپی تێدا نەبێت، بەڵام لە ڕووی دەربڕین و ڕواڵەتەوە درووست نییە هەندێ وشەو دەستەواژە بۆ الله بەکار بێت لەبەر ئەوەی گومانی ئەوە درووست دەکات کە الله هەموو جارێك کێوەکانی لێوە دیار نییە و هەرکەی بیانبینێت ئینجا بەفری بۆ دەبارێنیت و ئەمەش قسەیەکی ناشایستە و هەڵەیەکی بیروباوەڕە، چونکە الله هیچ کاتێك هیچ شتێکی لێ شاراوە نییە، الله فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخۡفَىٰ عَلَيۡهِ شَيۡءٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ﴾[1]
هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَۚ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ

[1] - ال عمران:٥.

وَالْبَحْرِۚ وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾.

یان هەندێ جار دەڵێن: (ئاشی نەزان خوا ئەیگێڕێت) لە ڕووی مەبەستەوە بە هەمان شێوە دەکرێت واتای باشی لێ دەربکرێت، بەڵام بەدەر لەوەی مەبەستیان چییە و چی نییە، لە ڕووی دەربڕینی دەرەکی و دەستەواژەییەوە، ئەوە جۆرێکە لە بێ ئەدەبی لەگەڵ زاتی الله بەو شێوە باس بکرێت.

هەروەها پەندی: (بە ڕیش نییە بە ئیشە)

ئەسڵی مەبەست و واتاکەی بوار هەیە بڵێین لە ڕوویەکەوە ڕاستە، بەڵام لە لایەکەوە وەکو توانجێک لە دژی ڕیشدارەکان بەکاردێت جۆرێکە لە بێ بایەخ کردنی سوننەتی ڕیش، ئینجا پێچەوانەی حەقیقەتی ئیسلام و سوننەتیشە، چونکە ڕاسترە بڵێین بە ئیشە و بەڕیشیشە!

بەڵکو ڕیش خۆی بەشێکە لە ئیش و کردەوەی چاکە، لەبەر ئەوەی فیترەتە و سوننەتیشە و کردەوەیەکی چاکە، گەر نیەتی لەگەڵدا هەبێت.

لە کۆتاییدا مەبەستمە ئاماژە بۆ مەسەلەیەکی گرنگ بکەم ئەویش ئەوەیە هەندێ لە کەسایەتی و مامۆستایانی ئایینی بەڕێز، کە بە بەردەوامی بیریان لەلای ڕازی بوونی خەڵکە و دەیانەوێت لەلای خەڵکی وەکو کوردێکی دڵسۆز لە سەر حیسابی دین و عەقیدەکەیان دەربکەون، زۆر بەبێ قەید و شەرت و بەبێ ڕەچاوکردنی سنوورەکانی عەقیدە و بیروباوەڕ، لە چاوپێکەوتن و لە گرتە ڤیدیۆ و تەنانەت لە خوتبە و وانەکادا، شیعری ئەو شاعیرانە لە خشوع ولە جەوێکی ڕوحیدا دەخوێننەوە و لە کەشوهەوایەکی تایبەتدا باسی دەکەن و بەبێ گوێدان بە عەقیدەی خاوەنەکەی لەلای خەڵکی خۆشەوستیان دەکەن و ڕەواج بە شیعرەکانیان ئەدەن، بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیك بۆ لادان و هەڵەکانی ئەوانە بکەن.

بەڵکو جاری وا هەیە لە کاتی خوێندنەوەی هەندێ شیعری ئەو شاعیرانەدا کە زۆر لادان و ئینحیرافی عەقیدەییان هەیە، دەست بەگریان دەکەن، یان ڕوخساری خۆیان دەگۆڕن و کاریگەربوونێکی ڕادەبەدەر لەگەڵ ئەو شیعرانەدا نیشان دەدەن، وەکو ئەوەی شیعری زانایەکی وابەستەی کیتاب و سوننەت، یان موجاهید و عابیدێکی دەست بە کیتاب و سوننەتی پێشینان بخوێننەوە قوڕگیان پڕ دەبێت لە فرمێسك و خەڵکیش کاریگەر دەبن بەو جۆرە شیعرانە کە بەداخەوە لە تەرازووی کیتاب و سوننەتدا هەر جێگەیان نابێتەوە.

بەڵکو هەندێ لەو شاعیرانەی ئەوان بەو شێوە هۆنراوەکانیان دەخوێننەوە، کاتێک باسی اللە دەکەن باسی زوڵف و لێوو و خەندەی یار دەکەن و دەڵێن ئەوە عیشقی ئیلاهییە!

ئاخر لە بیروباوەڕی ئیسلامی دەربارەی اللە کوا شتێک هەیە بەو ناوە؟ بەڵکو ئەوە زیاتر نییە لە گومراییەکی گەورە بە ناحەق ڕەواجی پێ دەدرێت، باشترە ئەو مامۆستا بەڕێزانە بەخۆیاندا بچنەوە و تەنها ئەو کەسە بەباش بزانن و قسەو شیعرو هۆنراوەی بگێڕنەوە بۆ خەڵکی کە لەسەر ڕاستە ڕێگای کیتاب و سوننەت دەڕۆن.

15

# ڕوپامایی وەکو ئاگرە بۆ کردەوەی چاکە

پێویستە موسوڵمان لە هەموو چاکە و عیبادەتێکیدا تەنها بیری لەلای ڕەزامەندی پەروەردگاری بێت و نیەتی بۆ ئەو ساغ بکاتەوە، هاوکات ڕێگە لە هەموو هەوڵەکانی شەیتانیش بگرێت کە دەرەنجامی ئەو کردەوە باشانەی لێ تێك بدات و سوود وەرگرتنی لە پاداشتەکانی لێ بشێوێنێت، یەکێکیش لە ترسناکترین ئەو ڕێگایانەی شەیتان لێیەوە دزە دەکات و زیان بە موسوڵمان دەگەیەنێت ڕوپامایيە.

لە هاوەڵی بەڕێز محمود بن لبید (الله لێی ڕازی بێت) هاتووە کە فەرموویەتی: رسول الله ﷺ فەرموویەتی: (إن أخوف ما أخاف عليكم الشرك الأصغر)، قالوا: يا رسول الله ﷺ وما الشرك الأصغر؟ قال: (الرياء، إن الله تبارك وتعالى يقول يوم تجازى العباد بأعمالهم: اذهبوا إلى الذين كنتم تراءون بأعمالكم في الدنيا، فانظروا هل تجدون عندهم جزاء)[١] واتە: زۆرترین شت کە ترسم هەیە لەسەرتان تێبکەون شیرکی بچووکە، کە فەرموویەتی مەبەست پێی ڕوپامایيە.

---

[١] - أخرجه أحمد (٢٣٦٣٠) واللفظ له، والبيهقي في (شعب الإيمان) (٦٨٣١)، والبغوي في (شرح السنة) (٤١٣٥)

مەبەست لە ڕیایی ئەوەیە کەسەکە عیبادەتی الله بکات، بەلام ئارەزووی ئەوەشی هەبێت کەوا خەڵکی پێی بزانن و لە کاتی عیبادەتەکەدا ببینن و ستایشی بکەن و بە کەسێکی باش و چاکەکار و کورد واتەنی بە خواترسی بزانن، ئەمە لە کاتێکیشدایە کە عیبادەتەکەی بۆ خەڵکی ناکات و بۆ الله ئەنجامی ئەدات، چونکە ئەگەر بێت و بۆ خەڵکی ئەنجامی بدات، یان بەشێکی بۆ ئەوان ئەنجام بدات، ئەوە هاوبەشدانانی گەورەیە و لە بازنەی ئیسلام دەریدەکات.

ڕوپامایی یان ڕیایی کە وەرگێڕانی وشەی (رياء)ە لە زمانی عەرەبیدا ، واتە: حەزی بەوەیە خەڵکی ببینن، بەڵام ئەگەر عیبادەتەکەی دەنگ بێت و حەز بکات خەڵکی ببیسن و وەسف و سەنای بکەن و دڵ و بیری لەلای ئەو مەسەلە بێت ئەوەش هەر دەبێتە ڕیاء وڕوپامایی و جیاوازی نییە.

ڕیایی کێشەیەکی زۆر گەورەیە لە ناو سەرجەم موسوڵمانانی ئەم سەردەمەدا تەشەنەی کردووە و لەناو کوردی خۆشماندا بە تایبەتی ئەو دەردە زۆر بڵاو بووەتەوە، خەڵکی زۆر بەکەمی لە تاوانی ڕیایی دەترسن و وەکو ئەوەی دەرك بەوە نەکەن کە ئەو کارە شیرکی بچووکە و لە تاوانە گەورەکانیش گەورەترە.

ئەو خەڵکە زۆر بەهەڵەدا چوون و زیان بەخۆیان دەگەیەنن کاتێك دەچن عیبادەتەکانی خۆیان بۆ خەڵکی نمایش دەکەن، خێرو سەدەقە دەکەن، حەج و عومرە و تەواف دەکەن، قورئان دەخوێننەوە، زۆر عیبادەتی تر ئەنجام ئەدەن کە وەکو خەرمانێکە بۆ قەبر و قیامەتی خۆیان باش و بەسوودە، بەڵام مەخابن خێرا و جاری وا هەیە هاوکات لەگەڵ عیبادەتەکەدا تەسویری دەکەن و بە پۆستێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی دەکەنەوە!

ئەوەش بە ڕاستی کارەساتێکی گەورەیە ئەگەرچی هەستیشی پێ ناکەن، چونکە وەکو ئەوەیە خەرمانێك لە کردەوەی باش کۆبکەیتەوە، دوایی بە ئەعسابێکی ساردەوە و لە پێناو ئەوەی کەسانێك پێت بڵێن دەستخۆش، یان بارك اللە، یان تۆ پیاوێکی باش و خواناسی بچیت ئەو خەرمانە بخەیتە ژێر مەترسی ئاگری ڕوپامایی و ڕیاییەوە.

موسوڵمان کە لە عیبادەتەکانیدا مەبەستی اللە بێت و دەبێت هەر واش بێت، بۆچی دەبێت حەز بکات ئەو عالەمە لە کاتی ئەنجامدانی ئەو عیبادەتەدا ببینن و دەستخۆشی لێ بکەن و لایك و کۆمێنتی بۆ بکەن، بەڵکو خەڵکی وا هەیە دوو شەممەو پێنج شەممە بەڕۆژووە، باسی دەکات، شەو نوێژ دەکات باسی دەکات، سەدەقەو خێرێك، یان یارمەتی داماوێك دەدات تەسویری دەکات و عالەمی لێ تێدەگەیەنێت، ئەوەش بەڕاستی سەر

گەردانییەکی خراپە ئەو خەڵکە تێیکەوتوون و ڕێك وەکو ئەوەیە بچیت گڕ بە ماڵی خۆتەوە بنەیت.

پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە کە پێشەنگ و پێشەوای ئێمە بوون، عیبادەتی خۆیان دەشاردەوە و باسیان نەدەکرد: الحسن البصري (رحمه الله) دەیفەرموو: (لقد أدركنا أقواما لا يستطيعون أن يسروا من العمل شيئا إلا أسروه) واتە: ئێمە چاومان بەکەسانێك کەوت هەرچی کردەوەیەکی چاکە بواری شاردنەوەی هەبوایە دەیانشاردەوە.

بۆ نموونە ڕۆیشتن بۆ نوێژی جەماعەت لە مزگەوت ناشردرێتەوە، بەڵام شەونوێژ ئەشاردرێتەوەو هیچ پێویستییەکیش نییە لەوەی بڵاو بکرێتەوە.

هەروەها دەیفەرموو: (كانوا إذااجتمعوا فتذاكروا تحضرأحدهم الدمعة فيحبسها، فإذاخاف أن تغلبه قام وتركهم ؟: نعم) واتە: کە سەلەف دادەنیشتن و خەریکی دەرس ودەور ویادی الله بوون، کەسێکیان گریانی زۆری بۆ بهێنایە هەوڵی دەدا گریانەکە بگێرێتەوە، ئەگەر بیزانیبا هەر بۆی ناگێڕدرێتەوە هەڵدەسا و کۆڕەکەی بەجێ دەهێشت بۆ ئەوەی هاوەڵەکانی نەیبینن بەگریانەوە، واتە ئەوەندە لە ڕوپامایی دەترسان.

نازانم ئەم جورئەتەی ئێمە لە بڵاوکردنەوەی نوێژ و ڕۆژوو و قورئان خوێندن و پێشنوێژی کردەوە چاکەکانی تر لە کوێوە سەرچاوە دەگریت؟! ئێستا قورئان خوێنەکان پێش وەخت هەندێ لەو ئایەتانەی کە بۆ گریان دەشێت ئامادە دەکەن و بەرانبەر لە کامێرە دەگرن و دەیخوێننەوە و گەر بە زۆریش بووە دەست دەکەن بە گریان و ئەو بڕگە بەتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پۆست دەکەن و دەڵێن مامۆستا فلان یۆچی گریا؟!

بەداخەوە لەناو کوردی سەردەمی سۆشیال میدیادا، ئێستا هەموو بنەماکان شێواون و ئاوەژوو بوونەتەوە، خەڵکی وردەکاری عیبادەت و چاکەکانیان لە گچکە تاکو گەورە (إلا ما رحم ربي) بە دەنگ و ڕەنگ و بە دۆکێومێنتاری تۆمار دەکەن و بۆ خەڵکی پەخشی دەکەن، باشە بۆچی؟ ئایا پاداشتی تۆ لەلای خەڵکییە یان لەلای پەروەردگاری خەڵکییە؟ ئەی لەوە ناترسی الله عزوجل تورە بکەیت و کردەوەکانت بەهۆی ئەو ڕیاییەوە بەسەردا بداتەوەو لێت وەرنەگرێت؟ من لێرەوە وەکو هەست کردن بەو مەترسییەی کە بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تەشەنەی کردووە، لەم چەند دێڕە بە هەلێك دەزانم بۆ ئەوە وریایی بە هەموو خوشك وبراکانم بدەم کە ئاگایان لە خۆیان بێت و لە عەرز کردنی چاکەکانیاندا ڕۆنەچن و لەوە دڵنیابن کە ڕوپامایی وەکو ئاگرە دەبێت نەهێڵن خەرمانی چاکەکانیان بسوتێنێت، بە تایبەتیش ڕووی دەمم لە دوو توێژی ئەم کۆمەڵگایە دەکەم:

١- قورئانخوێنان کە بە هەموو پێوەرە شەرعیەکان و بەدەقەکانی قورئان و سوننەت ئەوان لە مەترسیەکی گەورەدان و لە مەسەلەی ڕوپامابیدا - زۆرێك لەوان - تەواو تێکەوتوون و با ئەوەندە تەسویری خۆیان نەکەن و بە خشوع و بەگریان و بەشەو بە ڕۆژ و بەهەموو بارەکانیان خەریکی خۆ نمایش کردنن، مامۆستایانی ئایینیش بەهەمان شێوە هەندێکیان وایان لێ هاتووە هەموو جوڵە و بۆنە و عیبادەت و کارو کردەوەکیان تۆمار دەکەن و دواتر دەیخەنە تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی بزانێت چەند خواناس و خاوەن تەقوان. (بێگومان باسم لەسەر عیبادەت و چاکەی کەسێتی ئەو مامۆستایانەیە کە تووشی نەخۆشی خۆ عەرز کردن بوونە.

ئەگینا بڵاوکردنەوەی وتار و وانە و موحازەرەی بەسوود کارێکی باشە و ڕێپیشاندانی خەڵکییە و بەشێکە لە بانگەواز بۆ ئیسلام).

٢- پەیامیکی تریش بە تایبەت ئاراستەی خوشکانی ئازیزمی دەکەم کە بەهۆی کەمی زانستی شەرعی بێت یان سادەیی و دڵسافی خۆیان بێت، زۆر جار بەکار دەبرێن و دەکرێنە ئامرازی هەندێ چالاکی بۆ لایەن و تەوژمە جۆراوجۆرەکان، با وریابن و ڕازی نەبن بەو شێوە دەربکەون چونکە ئەوە کارێکی ناشەرعییە، هەم دەرکەوتنتان حەرامە و هەم ئەو خۆ دەرخستنە بە عیبادەتەوە دەبێتە ڕوپامایی، بۆیە چیتر با واز لەو بێ باکییە بهێنن و

لەسنوورەکانی حەرام و قەدەغەکراوەکاندا ڕابوەستن، من لە کتێبی(چل پەیام بۆ ئافرەتان)دا زۆر پەیامم لەبەر الله ئاراستەیان کردووە کە زۆربەی زۆری مامۆستایانی ئایینی و بانگخواز و لایەنە ئیسلامیەکان، نەك هەر پێیان ناڵێن و لێیان دەشارنەوە، بەڵکو بەداخەوە ئەو حەرام و هەڵانەشیان بۆ حەڵاڵ دەکەن و لەلا ئاسایی دەکەنەوە.

کورتەی باسەکە ئەوەیە هەر کردەوەیەك مەگەر خۆی عیبادەتێکی ئاشکرا بێت وەکو نوێژی جەماعەت و حەج کردن و ڕۆژووی ڕەمەزان و ونوێژە بارانە و ئەو جۆرە عیبادەتانە کە ناشاردرێنەوە و خۆی لە بنچینەدا عیبادەتێکی ئاشکرایە.

یان کردەوەیەکی چاکە کە حیکمەتێکی ڕوون و ئاشکرای تێدا بێت بە ئاشکرا ئەنجام بدرێت بۆ هاندانی خەڵکی بۆ کاری چاکە و یان فێرکردنیان و ئاراستە کردنیان بەرەو کاری خێر.

یان کەسێك کردەوەیەکی چاکە بکات بە مەبەستی ئەوەی خەڵکی چاوی لێبکەن و شوێن پێی هەڵگرن، بۆ نموونە خەڵکی لە شوێنێکدا ڕەزیل بن و دەستیان نەچێتە پارە بۆ سەدەقە کردن، ئەو کەسە بە بەرچاوی خەڵکی

خێرێك دەكات بۆ ئەوەی ئەوانی تر چاوی لێبکەن و شتی لەو جۆرە ئەوە نابێتە ڕیایی و الله زانایە بەنیتەکان.

یان کەسێك بانگەواز بۆ دینی الله دەكات، بە موحازەرە و نووسین و کتێب و نامیلکە و بە دەنگ و بەڕەنگ بەپێی توانای خۆی بانگەواز بۆ دینەکەی دەكات، ئەمە کارێکی باشە و هەر ئەوەندەی دەویت زوو موراجەعەی نیەتی خۆی بكات. جگە لەوانە تاکو بکرێت هەموو کردەوەیەکی چاکەو هەموو عیبادەتێکی شەخسی شاراوە بێت باشترە، چونکە مەبەست و ئامانج لە عیبادەت و لە کردەوەی چاکە ڕەزامەندی الله یە نەك ڕەزامەندی و ڕازیبوونی خەڵکی.

بۆ هەندێ حاڵەتی لەو جۆرەش کە باسمان کرد، پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە هەندێك جار لەبەر حیکمەتێك و وەکو (استثناء) عیبادەت و چاکەیان بە ئاشکرا ئەنجام داوە لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی ئیسلامیان لەوەدا بینیوە، بۆ نموونە لەبەر یەکێك لەو حیکمەتانەی سەرەوە، ئەگینا ئەسڵ لە لایان شاردنەوەی عیبادەت بووە والله أعلم.

16

# پێناسەی (مادة) لە فیزیادا

سەرپێچییەکی گەورەی بیروباوەڕی تێدایە لە مەنهەجی خوێندنگە و زانکۆکاندا و لە بابەتی فیزیا و کیمیا, پێناسەی مادە و وزە بەوە کراوە کە بریتییە لە: (المادة لا تفنى ولا تستحدث من العدم) یان دەڵێن: (الطاقة لا تفنى ولا تستحدث من العدم) واتە: مادە یان وزە لە نێو ناچێت و لە نەبوونیشەوە نایەتە بوون.

ئەم پێناسەش ڕاستەوخۆ لە گەڵ مەسەلەی ئیمانی ڕەها بە الله عزوجل تێك دەگیرێت و پێناسەیەکی ئیلحادی پەتییە, چونکە هیچ حیسابێکی بۆ دەسەڵات و پەروەردگارێتی الله عزوجل نەکردووە، هەروەها ڕەتکردنەوەو بە درۆدانانە بۆ ئایەتی: ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ * وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ﴾[١].

هەروەها فەرموویەتی: ﴿كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ﴾[٢] بەلای خاوەنی ئەو پێناسەو ئەوانەشی پێی ڕازین مادە واتە هەموو تەنێك لە ناوچوونی بەسەردا نایەت و تەنها لە شێوەیەکەوە دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی تر، بەڵام الله لەو

[١] - الرحمن: ٢٦، ٢٧.

[٢] - القصص: ٨٨.

ئایەتەدا فەرموویەتی هەموو شتێك جگە لە الله عزوجل لە دونیادا لەنێو دەچێت.

ئەوەش کە دەڵێن: (لا تستحدث من العدم) ئەوەش کوفرێکی ترە چونکە نکۆڵی کردنە لەوەی الله خالیقی هەموو شتێکە و و توانای خەلق کردنی لە نەبوونەوە هەیە وەکو فەرموویەتی: ﴿اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ﴾[١].

بەم قسەو پێناسەی ئەو فیزیا ناسانەش بێت گەردوون هیچ پێویستییەکی بە الله نییە و بۆ خۆی کاروباری خۆی بەڕێوە دەبات، ئەم بۆچوونەش ئەگەرچی هەیە و باوە بەڵام دەبێت بزانرێت کە بۆچوون و عەقیدەی مولحیدەکانە زاڵ بووەتە سەر مەنهەجەکانی خوێندندا و پێویستە موسوڵمان لێی بەری بێت و بەرپەرچی بداتەوە.

بێگومان هەبونی ئەو پێناسەش لە کتێبەکانی فیزیادا، نیشانەی ئەوەیە وڵاتانی عەرەب و بەناو جیهانی ئیسلامی زۆربەی بە سیستمی عەلمانی لەهەموو بوارێکدا زاڵ بووە بە سەریدا و ئەوە کارێکی پلان بۆ دارێژراوە و بەمەبەست نەوەی موسوڵمانان ناچار بە خویندنی ئەو پێناسە دژوارانە دەکەن لەگەڵ بنەماکانی دینەکەیاندا.

---

[١] - الزمر: ٦٢

لە ڕاستیدا گەردوون و ئەوەشی کە لە ناو گەردووندایە هەمووی مادەیە و مادەش خالقێکی هەیە ئەویش الله یە، زانایان تەمەنی گەردونیان دیاری کردووە واتە سەرەتایەکی هەیە و گەردوون ئەزەلی نییە، کە سەرەتایشی هەبێت قسەیەکی دژوارە بوترێت لە نەبوون نایەتە بوون و لەنێویش ناچێت، دژوارە لەگەڵ عەقل و مەنتیقدا.

ئینجا بە ئەزموون و بە تاقیکردنەوەی ئاسایی - وەکو شارەزایان دەڵێن: دەردەکەوێت کە وزە بەشێکی دەفەوتێت و لە نیو دەچێت، نموونەش بە سوتان دەهێننەوە کە ئەگەر یەك کیلۆ خەڵوز بسوتینرێت ٤٠٠ گرامی لێ دەمێنێتەوە، کە ئەمە هەموو کەسێك دەتوانێت بەچاوی خۆی ببینێت.

سەبارەت بە درووست بوونی گەردوون مولحیدەکان ڕای جیاوازیان تێدایە، هەندێکیان دەڵێن گەردوون ئەزەلییە و سەرەتای نییە، هەندێکی تریان دەڵێن پێکهاتەو مادەی گەردوون ئەزەلییە، هەندێکی تریشیان لەگەڵ ئەوەدان کە گەردوون لە نەبوون و عەدەمەوە درووست بووە و بیردۆزەیەکی تریشیان هەیە کە گەردوون خۆی خۆی درووست کردووە کە ئەوەش لە قورئاندا ئاماژەی پێدراوە الله فەرموویەتی: ﴿أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ * أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بَلْ لَا يُوقِنُونَ﴾[1] زانایان یەك بەیەکی ئەو

[1] - الطور:٣٥.

بیردۆز و بۆچوونانەیان بە بەڵگەی زانستی وەڵام داوەتەوە، بەڵام ئێرە جێگای باس کردنیان نییە، چونکە مەبەست لێرەدا تەنها ئەوەیە بزانرێت ئەو پێناسەیە بۆ مادە پێناسەی مولحیدەکانە و بەهۆی زاڵبوونی سیستمی عەلمانی لە وڵاتی موسوڵمانانندا ئەو چەمکە سەپێنراوە و تاکو ئێستاش هەر دەخوێنرێت.

لە ڕووی ئەمانەتیشەوە باشترە ئاماژە بۆ بۆچوونێکی تر بکەین کە بەلای هەندێکەوە ئەو پێناسە نکۆڵی تێدا نییە لە هەبوونی پەروەردگار، واتە الله خۆی کاتێك کە مادەی درووست کردووە تایبەتمەندی لەنێو نەچوون و داهێنانی لێ وەرگرتووەتەوە و مەسەلەکە دواجار لە ژێر دەسەڵاتی الله بەدەر نییە و هەر خۆیشی جارێکی تر دەتوانێت ئەو تایبەتمەندییەی لێ بکاتەوە و لەنێو بچێت، بەڵام ئەم چەمك و تەفسیرە لەلای خاوەنە ڕەسەنەکانی ئەو پێناسەیە بوونی نییە، چونکە لە بنچینەدا داهێنەرانی ئەو پێناسەیە بێ ئیمان و مولحیدن و لەسەر بنچینەو بنەمایەکی ئیلحادی ئەو پێناسەیان داناوە و چەندین مەبەست و ئامانجی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییان لە پشت بڵاوکردنەوەی ئەو چەمکانەوە هەیە.

یەکێکی تریش لە تەفسیری لاینگرانی ڕاستێتی ئەو پێناسەیە ئەوەیە کە ئەو پیناسەیە کە مادە نە درووست دەکرێت و نە لەناو دەچێت دەڵێن ئەوە بۆ مەخلوق و بۆ مرۆڤەکان ڕاستە چونکە مرۆڤ نە توانای هەیە مادە لە عەدەمەوە درووست بکات و نە دەتوانێت عەدەمی بەسەردا بهێنێت، بەڵام بۆ دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنووری الله، نەخێر ئەو قسە ڕاست نییە، چونکە الله خۆی یاسا گەردوونییەکانی خەلق کردووە و خۆیشی گۆڕانکارییان بەسەردا دەهێنێت، خاوەنی ئەم بۆچوونانە بەڵگەی قورئانیش بۆ قسەکەیان دەهێننەوەو دەڵێن الله فەرموویەتی: ﴿أَفَمَن يَخلُقُ كَمَن لَا يَخلُقُ﴾[١].

بەڵام ئەم بۆچوونانە جۆرێکن لە گونجاندن و لە پاساو هێنانەوە لە دەرەوەی مەبەست و ئامانجی داهێنەرانی یەکەمی ئەو پێناسەیە کە لە سەرەتا باسمان کرد.[٢]

---

[١] - النحل:١٧

[٢] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: - مناقشة عقلانية إسلامية لبعض الفيزيائيين والفلاسفة الغربيين/ أ.د. جعفر شيخ إدريس. - كواشف زيوف في المذاهب الفكرية المعاصرة / الشيخ عبد الرحمن حسن الحنبكة الميداني. - جامع الكتب والابحاث فى الرد على الالحاد والمذاهب الفكرية المعاصرة/ کۆکراوەی چەند کتێبێکە لە وەلامدانەوەی گومانی مولحیدەکان سەبارەت بە درووست بوونی گەردوون کە باسی پێناسەی مادەشی تێدایە.

17

# باوەڕ کردن بە بورجەکان پێچەوانەی عەقیدەی تەوحیدە

ڕۆیشتن بۆ لای فاڵچی و کتێبگرەوەو ئەوانەی بانگەشەی زانینی زانستی غەیب دەکەن، یەکێکە لە گەورەترین تاوانەکان و لە هەندێ حاڵەتیشدا سەر لە شیرك و دەرچوون لە بازنەی ئیسلامیشەوە دەردکات.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (من أتى عرافاً فسأله عن شيء لم تقبل له صلاة أربعين ليلة)[1] هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (من أتى كاهناً فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد)[2].

ئەوانەی کە تەماشای بورجەکان دەکەن و باوەڕ بەو قسانە دەکەن کە تێیاندا نووسراوە سەبارەت بەو خێر و شەڕو چاکەو خراپانەی لە داهاتوودا ڕوو دەدەن، لە ڕاستیدا ئەوەش دەچێتە ژێر هەمان بابەتی ئەو جادووگەری و کتێب گرتنەوەو ڕۆیشتن بۆ لای ئەو کەسانە کە لە سوننەتدا جۆرەها هەڕەشەی توندی لەسەر هاتووە.

---

١ - رواه مسلم.

٢ - رواه أبو داود

زانایانی هاوچەرخ ئەوەندە لەم مەسەلەدا توند بوونە بۆ پاراستنی تەوحیدی موسوڵمانان فەرموویانە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانەی کە بورجەکانی تێدایە درووست نییە داخلی ماڵی موسوڵمان بکرێت، هەروەها فەرموویانە سەیرکردنی بورجەکان، هەمووی یەك حوکمی نییە و جیاوازی تێدایە و کردوویانە بە سێ حاڵەت:

١- ئەگەر ئەو کەسە تەنها بورجەکان بخوێنێتەوەو سەیری هەواڵەکانی بکات کە چی دەڵێن دەربارەی داهاتوو بەبێ ئەوەی خۆی بورجی دیاریکراوی هەبێت وبێ ئەوەی باوەڕیش بکات بەوەی کە دەیخوێنێتەوە، ئەوەش زانایان دەڵێن کارێکی حەرامە و نادرووستە ئەو بورجانە بخوێنرێنەوە.

٢- ئەگەر ئەو کەسە بورجەکان بخوێنێتەوەو ئینجا بچێتە سەر بورجەکەی خۆیشی بیخوێنێتەوەو با باوەڕیشی پێ نەکات، بەڵام مادام گرینگی پێداوە و بووەتە مەسەلەیەك بەلایەوە، ئەوا وەکو ئەو کەسەیە کە دەچێتە لای کاهین و فاڵچی و ئەو جۆرە دەجالانە و باوەڕیشیان پێ نەکات یان بە گومان بێت لە قسەکانیان، بەلام مادام چووەتە لایان حیسابی ئەوانەی بۆ دەکرێت کە ئەم فەرموودە دەیانگرێتەوە: (من أتى عرافاً فسأله عن شيء

فصدقه لم تقبل له صلاة أربعين يوماً)[1]. واتە بە هۆی ئەو کارەیەوە چل ڕۆژ نوێژی لێ قبوڵ ناکرێت.

٣- ئەگەر کەسەکە بورجی خۆی یان بورجی خێزان و خەڵکانی تر بزانێت و بچێتە سەر بورجەکان و بیانخوێنێتەوەو باوەڕیشی پێی هەبێت لەو قسانەی کە دەڵێت تووشی خێرێك دەبێت یان تووشی ناخۆشییەك دەبیت، ئەگەر باوەڕی بەو قسانە هەبوو، بەوە لە دین دەردەچێت و بە دەقی فەرموودە لە بازنە ی ئیسلامدا نامێنێتەوە: (من أتى كاهناً فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد ﷺ)[2] هەرچی کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات کە عیلمی غەیب دەزانێت و هەواڵی داهاتوو بەخەڵکی بدات و پێیان بڵێ هەفتەی داهاتوو یان مانگی داهاتوو تووشی خۆشییەك یان ناخۆشییەك دەبن و قسەی لەو جۆرە، ئەو کەسە تایبەتمەندییەکی الله عزوجل ی داوەتە پاڵ خۆی کە زانینی غەیبە ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ﴾[3]. واتە: هیچ کەسێك نە لە ئاسمانەکان و نەلەزەوی غەیب نازانێت.

---

[1] - رواه مسلم

[2] - بڕوانە: (إتحاف الخيرة المهرة) للبوصيري (١١٤/٦). هەروەها: أبو يعلى:(٥٤٠٨). الطبراني: (١٠/٩٣) (١٠٠٠٥).

[3] - النمل:٦٥

بۆیە باوەر كردن بەو جۆرە كەسانە واتە ئەو كەسە عەقیدەو ئیمانی خۆی خستووەتە مەترسی و جەهلیش دادی نادێت.

چونكە كەس نییە نەزانێت كە تەنها الله زانستی داهاتوو دەزانێت، الله تعالی فەرموویەتی: ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾[1]

بۆیە پێویستە موسوڵمان زۆر وریای دین و ئیمانی خۆی بێت هیچ كاتێك توخنی ئەو بورجانە نەكەوێت لەبەر ئەوەی لەگەڵ عەقیدەو تەوحیدی موسوڵماندا تێكدەگیرێت.

تاكە شێوازێك كە زانایان وتوویانە ڕێگە پێدراوە ئەو بورجانە بخوێنرێتەوە ئەوەیە كەسەكە بە مەبەستی ڕەددانەوەو دەرخستنی ناكۆكی لەگەڵ عەقیدەی تەوحیددا بیخوێنێتەوە.

[1] - یونس:١٠٧.

18

# هەڵەیەکی بیروباوەڕە وابزانی (الخضر) نەمردووە

بۆچوونی ڕاست و پەسەند و بەڵگەدار لەلای ئەهلی عیلم ئەوەیە (الخضر) عليه السلام یەکێکە لە پێغەمبەران عليهم السلام، وەفاتی کردووەو لە ژیاندا نەماوە، هەرچی ئەو بۆچونانەش کە باس لەوە دەکەن لە ژیاندا ماوە بەڵگەی ڕاستیان لەسەر نییە و زانایان ڕەدیان داوەتەوە، ئەمە ڕێڕەوی جومهوری زانایانە وەکو (البخاري و إبراهيم الحربي و أبي الخطاب ابن دحية و أبي الحسين بن المنادي وابن الجوزي والقاضي أبي يعلى والقاضي أبي بكر بن العربي و أبي حيان و شيخ الإسلام ابن تيمية- لە بۆچوونی پەسەند کراویدا- وابن القيم وابن حجر)[1]. بێگومان ئەمەش بۆچوونی ڕاستە والله أعلم.

بەڵگەش زۆر هەیە بۆ پشتگیری کردنی ئەم بۆچوونە، وەکو ئایەتی: ﴿وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِنْ قَبْلِكَ الْخُلْدَۖ أَفَإِنْ مِتَّ فَهُمُ الْخَالِدُونَ﴾[2].

---

[1] - بڕوانە: المنار المنيف ص٦٣ ، الموضوعات ٢٠٠/١ ، الزهر النضر ص١٢١ ، روح المعاني ٣٢١/١٥ ، منهاج السنة٩٧/١ الفتاوى ٣٣٦/٤ ، ١٠٠/٢٧.

[2] - الانبياء٣٤

ئەم ئایەتە هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە و الخضر یش سەلامی الله ی لێبێت مرۆڤ بووە ولە چەشتنی مردن بەدەر نەبووە.

هەروەها ئەو فەرموودەی کە بوخاری رحمه الله دەیگێڕێتەوە: **(أرأيتم ليلتكم هذه فإن على رأس مائة سنة منها لا يبقى ممن هو على ظهر الأرض أحد)** واتە: دوای سەد ساڵی تر هیچ کەسێک لەوانەی لەو کاتە لە ژیاندا بوونە لە ژیاندا نامێنن و دەمرن.

هەروەها ئەو فەرموودەش کە لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە بەهەمان واتای فەرموودەی پێشوو: **(ما من نفس منفوسة يأتي عليها مائة سنة وهي يومئذ حيه)**. بەڵگەن لەسەر ئەم بۆچوونە.

ئینجا گەر الخضر عليه السلام زیندوو بوایە، دەبوو باوەڕی بە پێغەمبەر ﷺ بهێنایەو و جیهادی لەگەڵدا بکردایەو ئامادەی جومعەو جەماعەت بووایەو چەندین ئەرکی تریشی دەکەوتە سەر وەکو ابن القيم فەرموویەتی.

زانای بەناوبانگ أبو الفرج ابن الجوزي لە کتێبی "عجالة المنتظر في شرح حالة الخضر" لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کردووە و بەوە گەیشتووە ئەو فەرموودانەی لەو بارەوە هاتون کە الخضر زیندوە ناڕاست و هەڵبەستراون.

لەنـاو میللەتی کورددا بەتـایبەتی لە چەنـد دەیەی ڕابردوو ولە پێش ئەوەشـدا، بیروباوەڕی زیندوو بوونی (الخضـر) کە بە خدری زینده ناسـراوە لە ناو خەڵکیدا عەقیدەیەکی بەربڵاو بووە، مامۆســتایانی ئایینیش هۆکارێکی یارمەتیدەر بوونە بۆ تەشەنە کردنی ئەو بیروباوەڕە کە زۆربەیان باوەڕیان بەوە بووە و جەختیـان لەســەر ڕاســت و درووســتی ئەو بـابەتە کردووەتەوە، دواجـاریش چەندین ســەرپێچی و بیدعە و هەنـدێ جار شــیرکیشــی پێوە بەستراوەتەوە.

زۆر جــاریــش لەلایەن زۆرزان و تەڵەکەبــازەکـان و خــاوەن بەرژەوەنـدییەکانەوە بە عەقڵی خەڵکیـان ڕابواردووە و بەســەرهـاتی زۆریـان هەڵبەسـتووە لەسـەر کەسـایەتی (الخضـر) علیە السـلام کە گوایە لە کاتە سـەختەکان و لە سـاتی ناڕەحەتییەکاندا دەرکەوتووەو فریای خەڵکی کەوتووە و ڕزگـاری کردوون، بەڕاددەیەك ئەو بیرۆکە و بیروبـاوەڕە لەنـاو خەڵکیـدا تەشــەنەی کردبوو کە وێنەیەکی دیاری کراوی لە مێشــك و لە زەینی زۆربەی میللەتی کورددا بۆ کێشــرابوو، وەکو ئەوەی حەقیقەت بێـت و وەکو هەر مرۆڤێکی تری زیندوو لە ژیاندا بێت.

بە شـێویەك وێنا کراوە  کەوا ئەو هەمیشـە ئامادەیە و بۆی هەیە لەهەر هەڵ و مەرج و بارودۆخێکدا و لە کاتی ڕوودانی تەنگ و چەڵەمەدا دەربکەوێت و وەکو فریـاد ڕەس ڕۆڵی خۆی ببینێـت لە یـارمەتیـدان و بەهـانـاوەچوونی مرۆڤەکان، بەوەش توانرا ڕێگایەکی تر لە ڕێگاکانی سەر لێشێواندن و  بیدعەو شیرك بۆ خەڵکانێکی زۆر زیاد بکرێت.

بەڵام مـایەی دڵخۆشـــییە لە ئێســـتـادا بەهۆی بڵابوونەوەی زانســـتی شـــەرعی بەراورد بە جـاران و زۆربوونی بـانگخوازان کە خەڵکی بۆ کیتـاب و ســوننەت بانگ دەکەن، پێم وایە ئەو عەقیدەیە زۆر پاشــەکشــەی کردووە و لەناو خەڵکیدا کاڵ بووەتەوە.

19

# چەند کردارێکی شیرکی پەیوەست بە گۆڕی پیاوچاکان

نادرووستە قەبر بکرێتە جێگای نوێژ کردن و بینای لەسەر درووست بکرێت درووستکردنی مزگەوت و جێگای عیبادەت لەسەر قەبری پیاوچاکان یان هەرکەسێکی تر، کارێکە لەگەڵ تەوحیدی الله و عەقیدەی ڕاست و درووستی کیتاب و سوننەتدا تێکدەگیرێت و پێچەوانەیە، چونکە ئیسلام دینی الله پەرستی و تەوحیدە و هەموو ڕێگایەکیش لە شیرك و بیدعە لە دیندا دەگرێت و سزای توندیشی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە دەکەونە هەڵە لە بازنەی عەقیدەدا.

پێغەمبەر ﷺ لەعنەتی لە جولەکە و نەساراکان کردووە لەبەر ئەوەی گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکردە جێگای عیبادەت پەرستن و فەرموویەتی: (قَاتَلَ اللَّهُ اليَهُودَ، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ)[1] هەروەها لە فەرموودەی تردا زەمی ئەوانی کردووە بەهۆی ئەوەی کاتێك پیاوچاکێك لەناویاندا دەمرێت گۆڕەکەی دەکەنە جێگای عیبادەت: (أُولَئِكَ قَوْمٌ إِذَا مَاتَ فِيهِمُ العَبْدُ الصَّالِحُ، أَوِ الرَّجُلُ الصَّالِحُ، بَنَوْا عَلَى قَبْرِهِ مَسْجِدًا، وَصَوَّرُوا فِيهِ تِلْكَ الصُّوَرَ، أُولَئِكَ شِرَارُ

[1] - رواه البخاري (٤٣٧) ومسلم (٥٣٠).

الخَلْقِ عِنْدَ اللَّهِ)[1] بەڵکو لە ئیسلامدا نەهی کراوە لەبەرز کردنەوەی گۆڕ و دانیشتن لەسەری و درووست کردنی بینا لەسەری و لە فەرموودەی صحیح دا لە ڕێگەی جابر بن عبدالله الأنصاري رضي الله عنهما هاتووە کە فەرموویەتی: (نهى رسول الله أن يجصص القبروأن يقعد عليه وأن يبنى عليه)[2] الله عزوجل لە قورئانی پیرۆزدا ئاگادارمان دەکاتەوە کە کرداری شیرك بە هیچ شێوەیەك قابیلی لێخۆش بوون نییە: ﴿إنّ الله لا يغفر أن يشرك به ويغفر ما دون ذلك لمن يشاء﴾[3] هەروەها فەرموویەتی: ﴿ولقد أوحي إليك وإلى الذين من قبلك لئن أشركت ليحبطنّ عملك ولتكوننّ من الخاسرين﴾[4] هەروەها فەرموویەتی: ﴿ولو أشركوا لحبط عنهم ما كانوا يعملون﴾[5].

بۆیە لە گرنگترین مەسەلەکانی عەقیدە ئەوەیە بزانین کە هاوار کردن بە مرووەکان و بە مرۆڤە دیارنەبووەکان و جنۆکە و دار وبەرد و ئەستێرە وهەر پەرستراوێکی تر جگە لە الله و داواکردنی سەرخستن و پێدانی مناڵ و ڕۆزی و چاکبوونەوەی نەخۆش و ئەو شتانەی کە تەنها الله عزوجل توانای ئەنجامدانی هەیە لەوان داوا بکرێت هەموو ئەوانە هاوبەش بڕیاردانە بۆ الله

[1] - رواه البخاري (٤٣٤)، ومسلم (٥٢٨).
[2] - صحيح مسلم : (٩٧٠).
[3] - النساء: ٤٨
[4] - الزمر : ٦٥
[5] - الأنعام: ٨٨

و مرۆڤ لە بازنەی ئیســلام دەردکات. الله عزوجل فرموویەتی: ﴿ويعبدون من دون الله ما لا يضرّهم ولا ينفعهم ويقولون هؤلاء شفعاؤنا عند الله﴾[١].

هەروەها کردارێکی شــیرکییە کەســێك تەواف بکات بەدەروی قەبری پێغەمبەران و سـەحابە و پیاوچاکان وداوای لێخۆش بوون لێیان و سـەربڕینی قوربـانی و نەزر کردن بۆیـان، ئەگەر ئەو کەســەی کە بەدەوری گۆڕێکـدا دەســوڕێتەوەو تەواف دەکات، پێغەمبەریش بێت ﷺ یان هەر کەســێکی تر بێـت، درووســـت نییە و پێچەوانەی بیروبـاوەڕی ئیســلامە، چونکە تەواف عیبـادەتێکی تـایبەتە بە کەعبەی بەرێز و شــەریف و درووســـت نییە ئەو عیبادەتە بۆ هیچ کەسی تر سەرف بکرێت.

بەڵام زانایان دەڵێن ئەگەر بە تەواف کردنەکەی مەبەسـتی عیبادەتی قەبرەکە و خـاوەنەکەی نەبوو و بەڵکو مەبەســتی الله بوو، لەو حـاڵەتەدا شیرکی گەورە نییە و لە ئیسلام دەرناچێت، بەڵام بیدعەیەکی گەورە و ناشیرینی لە عەقیـدەدا ئەنجـام داوە کە ســزای ئەو تـاوانە لە هەموو کەبـائیرەکان گەورەترە، ئەوەش گەلێك گەورەیە.

---

[١] - يونس : ١٨

تاکو ئێســـتاش لەناو میللەتی کورد و لە کوردســـتاندا چەندین گۆڕی پیاوچاکان و ئەولیا و خەڵکانی تر بوونیان هەیە و تەوافیان بەدەوردا دەکرێت و داوای پێویســـتی و چارەســـەری کێشـــەکانیان لێ دەکەن و ئەوەش شـــیرکی گەورەیە و پێویســـتە مامۆســـتایانی ئایینی و بانگخوازان و ئەوانەی ئەتوانن دەنگیـان بگات بە خەڵکانێکی زۆر وریـایی لەو کارە دژوارە لەگەڵ عەقیـدەو بیروباوەڕی ئیسلامدا بدەن.

یەکێکیش لەو گۆڕانەی کە بوونەتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی زۆر بیدعەی عەقیدەو هەندێ جار هاوبەش بۆ الله دانانیش قەبری یەکێکە لەو پیاوچاك و زانایانەی کە بە گرینگیدان بە تەوحید و زانستی شەرعی ناسراوە کە ئەویش شـــێخ عبدالقـادر الکیلاني یە بەڕەحمەت بێت، بەڵام بەداخەوە زۆر شـــت بەنـاحەق دەدرێتە پـاڵی کە ئەو لێی بەرییە و هەرگیز بەو شـــیوە نەبووە، سـاڵانێکی زۆرە و لە ئێستاشـدا خەڵکانێکی زۆر بەبەردەوامی (شـد الرحال) بۆ سـەر قەبرکەی دەکەن و ئەوەی الله پێی ناخۆشـە و پێغەمبەرەکانی خەڵکیان لێ وریـاکردووەتەوە کە ئەنجـامی نەدەن  لەو جێگەیە ئەنجـام ئەدرێـت و تەنانەت ناویشی لەناو کوردی خۆماندا بە حەزرەتی غەوس (الغوث) ناسراوە، کە هەر ئەو وشەیە بۆ خۆی شیرکە.

چونکە عەبدولقادری گەیلانی لەدوای مردنی لەهیچ جێگەیەك حازر نییە و وەفاتی کردووە تاکو پێی بوترێت حەزرەت، غەوسیش نییە چونکە تەنها الله عزوجل توانای بەهاناوە چوون و یارمەتیدانی بەندەکانی هەیە لەوەی کە لە توانا و دەسەڵاتی خۆیدایە نەك هیچ پێغەمبەر و پیاو چاك و وەلی و عابیدێك.

بێگومان ئەوەش کەوا دەکات لەم مەسەلە پڕ بایەخەی عەقیدەدا زۆربەی زۆری ئەو مامۆستا و بانگخوازانە بە ئەرکی خۆیان هەڵنەسن ئەگەریش قسەیەك لەو بارەوە بکەن بەشەرم و بە ترس و بە ناڕاشکاوانە، یان بەبێ هیچ وردەکاری و بەڵگەیەکی کیتاب و سوننەت خێرا باز بەسەر مەسەلەکاندا دەدەن و ڕوونی ناکەنەوە.

باس کردنی ئەم مەسەلە لەسەر مینبەرەکان و لە بازنەی وانەکان و کۆڕو کۆبوونەوە زانستییەکان، دەبێتە مایەی ترس بۆیان و لە کاردانەوەی باس کردنی ئەو جۆرە مەسەلانە زۆر ترس و وریایی نیشان دەدەن.

هۆکارێکیی تریش ئەوەیە زۆر جار ئەو جۆرە کەسانەی کە هاوار بە مردووان دەکەن و تەواف بەدەوری گۆڕەکاندا دەکەن و سەرقاڵی شیرك و بیدعەن، کەسانی دەست ڕۆیشتوون و خاوەن پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و

سـیاسـی دیارن، مامۆسـتای ئایینیش لەبەرانبەردا دەیەوێت هاوسـەنگی ڕابگرێت و ڕێزی گشـت لایەن و توێژو چینەکانی کۆمەڵگا بەدەسـت بهێنێت و هەموان لە خۆی ڕازی بکات و کەس لە خۆی عاجز نەکات.

بۆیە ئامادە نییە سـەرکێشـی بە مزگەوتەکەی و پێگە ئایینییەکەی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیەوە بکات و دواجاریش زۆربەی ڕەهایای ئەو مامۆستایانە بێ دەنگی لەسەر ئەو پرسە گرنگانە هەڵدەبژێرێت و سەدان خوتبە دەدەن بێ ئەوەی یەکیکی باس لەو جۆرە شـیرکانە بکات - إلا مارحم ربي- و - قليل ماهم - .

20

# ترس لە چاوفڕین و گوێ زرنگانەوە و هەندێ بیروباوەڕی تر

لە دێر زەمانەوە یەکێك لەو بیروباوەڕە پووچ و بەتاڵانەی لەناو خەڵکیدا بڵاوە ئەوەیە لە کاتی چاوفڕیندا ئەو کەسە دەترسێت و بەو هۆیەوە چاوەڕوانی ڕوودانی کارەساتێك دەبێت، بۆ نموونە ئافرەتی وا هەیە تووشی ئەو چاوفڕینە ببێت دڵی دادەخورپێت و دەترسێت مناڵێکی یان مێردەکەی و هەر ئازیزێکی تری تووشی ڕووداوێك ببن!

لە لای هەندێ لەو کەسانەش باوەڕیان بەم جۆرە خورافاتانە هەیە دەڵێن فڕینی چاوی ڕاست مژدەیەکی خۆشە و فڕینی چاوی چەپ وریاکردنەوەیە لە هەواڵێکی ناخۆش، لە ڕاستیشدا هەر دوو ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە و پێچەاونەی عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلامی و زانستی پزیکیشە.

بێگومان هەموو ئەو بیروباوەڕانە جۆرێکن لە شیرك، چونکە چاو هیچ لە غەیب و زانستێکی نادیار نازانێت تاکو بەو شێوە خاوەنەکەی ئاگادار بکاتەوە، و لە هەندێ وڵاتیشدا کە ئەو حاڵەتە درووست دەبێت ئەو کەسە شتێك دەخاتە سەرچاوی بۆ ئەوەی چاوی لەو جوڵە بخات و کارەساتەکە ڕوونەدات! کە ئەوەش بۆ خۆی شیرکێکی ترە.

لەوانەیە لە هەندێ جێگەی تر واتای تری هەبێت بەڵام بەگشتی جگە لەوەی حاڵەتێکی ئاساییە یان نەخۆشییەکە و پێویستی بە چارەسەرە نابێت ببرێتە قاڵبێکی ترەوە.

هەروەها خەڵکانێکی تر هەن ئەگەر گوێیان بزرنگێتەوە وا دەزانن کەسێك باسی ئەوانی کردووە، وەکو ئەوەی گوێ توانای لەو جۆرە ئاگادار کردنەوانەی هەبێت و خاوەنەکەشی لێ ئاگادار بکاتەوە، بێگومان ئەوەش هەڵەیەکە لە بیروباوەڕی ئەو کەسەدا، چونکە گوێ دروووست کراوێکی پەروەردگارە و هیچی پێ ناکرێت و بۆ بیستن دروووست کراوە و ڕۆڵی لەو جۆرە نابینێت کە ئەو خەڵکە گومان دەبەن.

هەرچی فەرموودەیەکیش لەو بارەوە هاتبێت وەکو فەرموودە ناسان دەڵێن ئەسڵی نییە و هەڵبەستراوە. هەروەها مەسەلەیەکی تریش هەیە شایانی هەڵوەستە لەسەر کردن و وریا کردنەوەی موسوڵمانانە لەم بارەوە، ئەویش ئەوەیە کەسانێك ئەگەر ببینن پێڵاوێك هەڵگەڕاوەتەوە و سەروژێر بووەتەوە دەترسن و زوو ڕاستی دەکەنەوە و هەندێك دەڵێن ئەوە دەبێتە مایەی ڕوودانی ناخۆشی و لە هەندێ لە وڵاتان - لەوانەیە لای خۆمان ئەوە نەبێت - دەڵێن ژێری پێڵاو نابێت ڕووی لەسەرەوە بێت لەبەر ئەوەی الله لە ئاسمانە و نابێت پێڵاو ڕووی لە ئاسمان بێت باسێکی تریش نزیك لەم بابەتە مەسەلەی خورانی

ناو لەپی دەستی مرۆڤە، کە تاکو ئێستاش بەلای هەندێکەوە مایەی دڵخۆشییە و باوەڕیان وایە ئەو کەسە کە ناولەپی دەخورێت پارەیەکی دەست دەکەوێت و ئەوەش خورافەیەکە و هیچ بنەمایەکی نە شەرعی و نەعەقڵی نییە و هەرکێیش باوەڕی وابێت کە بەخورانی ناو لەپی پارەی دەست بکەوێت یان خێرێکی تووش ببێت ئەوە کێشەی لە بیرکردنەوەو لە عەقیدەدا هەیە و پێویستە تەوبە بکات چونکە ئەو جۆرە بیروباوەڕانە زیان بەدینی دەگەیەنێت و دەبێت لە خۆی دووریان بخاتەوە.

پێغەمبەر ﷺ لە ڕێگەی وەحی ئیلاهییەوە عەقڵی مرۆڤەکانی لە هەموو ئەفسانە و خورافاتێك ڕزگار کرد و فێری ئەوەی کردین کە هەمیشە و لە هەموو شتێکدا پشت بە الله ببەستین و باوەڕمان بە چاکەو خراپەی قەدەر هەبێت و لە هیچی تر نەترسن، بەڵام ئەو کەسەی کە تەوحیدی لە خۆیدا بەتەواوی جێبەجێ نەکردبێت و هەڵەو ناتەواوی لە بیروباوەڕیدا هەبێت، بەردەوام دەبێت بەدیلی هەندێ بیروباوەڕی هەڵە و دژوار لەگەڵ دین و لە عەقڵدا.

21

## چەمینەوە بۆ مامۆستا و ڕاهێنەر و بۆ هەرکەسێك نادرووستە

چەمینەوە و کڕنوش بردن وەکو سـڵاو ڕێز بۆ مامۆسـتا بێت یان بۆ بەرپرس و ڕاهینەر و زانا و سـەرۆک بێت، هەمووی ناجائیز و نادرووسـتە، چونکە سـەجدە و کڕنوش عیبادەتە و عیبادەتیش بۆ غەیری الله نابێت ئاڕاستە بکرێت.

لە أنس بن مالك هاتووە کە فەرموویەتی: (قال رجلٌ یا رسـولَ اللَّهِ الرَّجلُ منَّا یلقى أخاهُ أو صـدیقَه أینحني لَه قالَ لا قالَ أفیلتزِمُه ویقبِّلُه قالَ لا قالَ أفیأخذُ بیدِه ویصافحُه قالَ نعَمْ)[١]. واتە: پیاوێك لە ئازیزمانی پرسی ﷺ کاتێك کەسێك بە برایەکی یان بە هاورێیەکی دەگات، ئایا بچەمێتەوە بۆی وسـەری بۆ دانەوێنێت؟ فەرمووی نەخێر. وتی ئایا باوەشـی پیا بکات و ماچی بکات؟ فەرمووی نەخێر، وتی ئەی دەسـتی بگرێت و پێکەوە تەوقە بکەن؟ فەرمووی بەڵێ.

[١] - أخرجه الترمذي (٢٧٢٨)، وابن ماجه (٣٧٠٢)، وأحمد (١٣٠٤٤)

ابن القیم بەڕەحمەت بێت ســەر دانەواندن و چەمینەوەی بۆ هەر کەســێك بە جۆرێك لە جۆرەکانی شــیرکی بچووک زانیوە و فەرموویەتی: (ومن أنواعه: ركوع المتعممين بعضهم لبعض عِنْدَ الملاقاة. وهذا سجود في اللغة وبه فسر قوله تعالى: {ادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا}[1] سـي أي: منحنين، وإلا فلا يمكن الدخول بالجبهة على الأرض. ومنه قول العرب: سجدت الأشجار، إذا أمالتها الريح)[2] واته: ســەردانەواندنی هەندێ لەوانەی ســەردەمی ابن القیم کە بە عەمامە لەسەرەکان ناویان دەبات بۆ یەکتری جۆرێکە لە شیرکی بچووك و ئەفەرموێت وشەی (سجدا) لە ئایەتەکەدا ئەو سەردانەواندن و چەمینەوە دەگرێتەوە....

ئینجا ئەگەر کڕنوش بردنەکە مەبەســت پێی عیبادەت نەبێت و تەنها ئەوە بێت ئەو کەسە بەمەزن بزانێت ومەبەستی ڕێز لێ گرتنێکی ئاسایی بێت، زانایان فەرموویانە ئەو کەسە حەرامێکی گەورەی ئەنجام داوە با لەو سەجدە و کڕنوش بردنەشــی مەبەســتی الله بێت و عیبادەت بۆ کردنی ئەو کەســە نەبێت.

---

[1] - النساء:١٥٤

[2] - مدارج السالكين ١/ ٣٧٤).

هەر بۆیە زانایان فەرموویانە سەجدە بردن بۆ الله لەبەردەم کەسێکدا قەدەغەیە و حەرامە، ئیتر با سەجدەکەش بۆ الله بێت و مەبەست لەو کەسە نەبێت کە لەبەردەمیدا سەجدەکە دەبرێت، چونکە لە ئیسلامدا شیرك و هەموو ڕێگایەك بەرەو شیرك بچێت قەدەغەیە.

هەروەها مەسەلەی سڵاو کردنی یاریزان لە ڕاهێنەرەکەی لە یاری کاراتی و تایکواندۆدا بەو شێوە کارێکی ناپەسەند و حەرامە، تەنانەت زۆر لە زانایان دەڵێن ئەگەر کەسەکە تەنها سەریشی دابگرێت بەبێ ئەوەی پشتی بچەمێنێتەوە ئەوەش هەر حەرامە، چونکە هەموو ئەو کردارانە دەچنە بابی عیبادەتەوەو عیبادەتیش هەر عیبادەتێك بێت بۆ غەیری الله عزجل درووست نییە، بۆیە با ئەو یاریزانە بەڕێزانە وریا بن و بەهۆی یارییەکەوە خۆیان تووشی تاوانی گەورە نەکەن.

هەندێ کەسیش ئەو کارە بەرانبەر باوك و دایك و پیاوە بەڕێز و بەتەمەنەکان دەکەن یان بەرانبەر بەرپرس و سەرۆك و هەر کەسێکی تر ئەنجام ئەدەن، لە ڕاستیدا هەر هەموو ئەو حاڵەتانە یەك حوکمیان هەیە و عیللە و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو کردارە دەچێتە چوارچێوەی عیبادەتەوە و نابیت بۆ جگە لە الله ئاراستە بکرێت.

بەڵام وەكو زانایانی (الموسوعة الفقهیة) پاڵپشت بە قسـەی كۆمەڵێك زانای تر دەڵێن، ئەگەر سـەردانەواندنەكە پشـتی لەگەڵدا نەچامەیەو تەنها بەچاوو بەسەری بوو و نیەتی ڕێز لێنان بوو ئەوە كارێكی حەرامە و ناپەسەندە بەڵام ناگاتە مەسـەلەی كوفر، هەندێكیشـیان دەڵێن ئەو كارە تەنها مكروە و ناپەسەندە و بێگومان نەكرێت باشترە.

سـەبارەت بەوەی لەدوای تەوقە كردن كەسـێك دەسـتی بخاتە سـەر سـنگی، خیلافێك لەسـەر حوكمەكەی لە نێو زانایاندا هەیە، هەندێكیان دەڵێن ئەوە مەسـەلەیەكە دەگەڕێتەوە بۆ عورف و عادەتی خەڵكی و ئەگەر وا ڕاهاتبن ڕێز لەیەكتر بگرن درووستە و نەكردنی باشترە، لەبەر ئەوەی نەكردنی لە سـوننەتەوە نزیكترە بەو پێیەی لە فەرموودەكەدا تەنها باسی تەوقە كردنی كردووە وباسی ئەوە نەكراوە دەست بخرێتە سەر سنگ. كورتەی حوكمی ئەم مەسەلەیە بە پێی شیكردنەوەی وتەی زانایان دەبێتە سێ بەشەوە:

- ئەگەر سـەر داگرتن تەنها بۆ ڕێزو دەربڕینی تەقدیر بێت بۆ بەرانبەر ئەوە كارێكی مەكروهو نـاپەسـەنـدە چونكە لاسـاییكردنەوەیە بۆ بێبـاوەڕان نەكرێت باشترە.

- ئەگەریش ســەردانەوانـدنەکە بۆ مەزن ڕاگرتن و بە عظیم دانـانی ئەو کەســە بێت ئەوە کارێکە  بە اتفاق و کۆدەنگی زانایان حەرامە و ســزای لەسەرە.

- ئەگەریش مەبەستی پێی عیبادەتی ئەو کەسە بێت ئەوە شیرکی گەورەیە و ئەنجامدەری ئەو کردارە بەوە لە ئیسلام دەردەچێت.

22

## ڕەشبینی لە بینینی کوندەپەپوو و قەلەڕەش و چەند مەسەلەی تر

هەنـدێ بیروبـاوەڕی پێچەوانە لەگەڵ عەقیـدەی تەوحیـد هەیە لەســەردەمی جاهلی هەبووەو تاکو ئێســتاش لەناو خەڵکیدا هەر ماوەتەوە، لەوانە: بینینی هەر بـاڵنـدەیەکی وەکو کونـدەپەپوو (بوم) و قەلەڕەشــکە، ئەوەش مەسەلەیەکی هەستیارە و موسوڵمان دەبێت وریای بێت چونکە ترس لەو جۆرە گیانلەبەرانە لەگەڵ باوەڕبوون بە قەدەری الله تعالی تێکدەگیرێت.

خەڵکانێك وا دەزانن ئەگەر کوندە پەپوو لەسەر ماڵەکەیان بنیشێتەوە وەکو ئەوەیە هەواڵی مردنی خاوەن ماڵەکە یان مردنی یەکێکیانی هێنابێت و ئەوەش بیروباوەڕێکە لەســەردەمی جاهیلییەوە ماوەتەوە و بێگومان ڕاســت نییە.

هەروەها قەلە ڕەشیش بەهۆی ڕەنگە ڕەشـەکەیەوە هەندێك لە خەڵکی لێی دەترسن و بەبینینی تووشی تشاؤم و ڕەشبینی دەبن و دەترسن ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوو بـدات و هەموو ئەو بیروبـاوەڕانەش پێچەوانەی عەقیـدەی ڕاستە بە الله عزوجل و بە قەدەر.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(لا عَدْوَى ولا طِيَرَةَ ولا هَامَةَ ولا صَــفَرَ)**[1] لەم فەرموودەشــدا و لە زۆر فەرموودەی تردا وەکو دەبینین پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە ڕەشــبینی و (الهـامـة)ش لە فەرموودەکەدا وەکو زانـایـان دەڵێن مەعنـای بـاڵـندنەیەکە وەکو کونـدەپەپوو کە عەرەب دەیـانبینی و ڕەشــبین دەبوون بە بینینی.

لە فەرموودەی تر هـاتووە: **(الطِّيرةُ شــركٌ وما مِنَّا إلَّا ولكنَّ اللهَ يـذهبُهُ بالتوكلِ)**[2]. واتە: ڕەشـبینی شـیرکە و هەموو کەسێك بۆ سـاتێکیش بێت ترس و ڕەشبینی هەیە، بەڵام چارەسـەری ئەو هەستە بە توکل و پشـت بەسـتن بە الله دەبێ.

لە فەرموودەی تردا هەڕەشـەی توند لەوانە کراوە کە ڕەشـبینن: **(ليس منا من تطيَّرَ أو تُطيِّرله أو تَكَهَّنَ أو تُكهِّنَ له أو سَـحَرَ أو سُـحِرله ومَن عقد عقدةً أو قال عقدَ عقدةً ومَن أتَى كاهنًا فصدَّقه بما قال فقد كفر بما أُنزِلَ على محمدٍ ﷺ)**[3] تشـاؤم و ڕەشـبینی لە بینین و بیستنی دەنگی هەر باڵندە و ئاژەڵ و شـتێکی تر، یان دڵخۆشــی بە بینینیان و وابزانیت بە هۆیانەوە خێر دێتەڕێت، پێچەوانەی پشـت بەسـتنە بە الله و هەمووی پاشـماوەی جاهیلییەتی کۆنە، چونکە جگە لە الله تعالی خۆی نەبێت هیچ کەســێك غەیب و زانســتی داهاتوو نازانێت و موسوڵمانیش دەبێت ئەوە بەشێکی تۆکمە بێت لە عەقیدەو بیروباوەڕی.

---

[1] - البخاري: (٥٧٥٧) ومسلم: (٢٢٢٣).

[2] - أخرجه أبو داود (٣٩١٠)، والترمذي (١٦١٤) باختلاف يسير، وابن ماجه (٣٥٣٨)، وأحمد (٣٦٨٧)

[3] - أخرجه البزار (٣٥٧٨) واللفظ له، والدولابي في ((الكنى والأسماء))

بەهەمان شێوە ڕەشبینی لە ڕۆژێکی دیاری کراو لە ڕۆژەکانی هەفتە و دڵەڕاوکێ لە ئەنجامدانی سەفەر و هەر ئیش و کارێك تێیدا کارێکی نادرووستە و لەگەڵ باوەڕبوون بەقەدەر یەك ناگرێتەوە، بۆ نموونە سەرنەتاشین لە ڕۆژێکی دیاریکراودا، یان ترس و ڕەشبینی بەرانبەر ڕۆژ و مانگێکی دیاریکراو و وابزانرێت لەو کاتانەدا ڕووداوی ناخۆش ڕوو دەدەن، یان تشاؤم و ڕەشبینی لە ڕەنگێك لە ڕەنگەکان، هەموو ئەوانە مەترسی هەیە سەر لە شیرکەوە دەربکات، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَنْ رَدَّتْهُ الطِّيَرَةُ مِنْ حَاجَةٍ، فَقَدْ أَشْرَكَ)[١]. واتە: هەرکەسێك ڕەشبینی لە کارێك بیگێڕێتەوە ئەوە شیرکی ئەنجام داوە. هەرچی ڕووداوێك لە گەردووندا ڕوو دەدات بەقەزا و قەدەری الله عزوجل ڕوو دەدات وەکو فەرموویەتی: (إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ)[٢] هەروەها فەرموویەتی: (مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ)[٣]، لە فەرمودەشدا هاتووە: (وتؤمن بالقدر خيره وشره)[٤]. لە فەرموودەی تریشدا هاتووە: (كل شيء بقدر حتى العجز والكيس)[٥]. واتە: هەموو شتێك بە قەدەرە تەنانەت بێ دەسەڵاتی و زیرەکیش.

[١] - صححه الشيخ الألباني في "السلسلة الصحيحة" (١٠٦٥).
[٢] - القمر:٤٩.
[٣] - التغابن:١١
[٤] - رواه مسلم
[٥] - رواه مسلم.

23

# پەیوەست بوونی دڵی نەخۆش بە دەرمان و بێ ئاگابوون لە الله پێچەوانەی عەقیدەیە

لە شـەریعەتی ئیسـلامدا چارەسـەر وەرگرتنی نەخۆش هیچ ڕێگرییەکی لێ نەکراوە و درووســتە، پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ فەرموویەتی: (إن الله أنزل الداء والدواء، وجعل لكل داء دواء، فتداووا، ولا تتداووا بالحرام)[1]. واتە: الله دەردو دەرمـانیشــی دابەزانـدووە و بۆ هەموو دەردێکیش دەرمـانێکی دانـاوە، بۆیە چارەسەر وەربگرن و بە شتی قەدەغەو حەرام کراو خۆتان چارەسەر مەکەن.

زانایانیش بەشێوەیەکی گشتی چارەسەر وەرگرتنی نەخۆشیان بە کارێکی موباح و ڕێگە پێدراو زانیوە، وەکو لە بەدواداچوونێکی شــێخ محمد صــالح المنجددا هاتووە - الله ڕزگاری بکات و پلەی بەرز بکاتەوە - لەو بارەوە بڕوانە.[2]
بەڵام لە مەســەلەی تداوی و چارەســەر وەرگرتندا پێویســتە موســوڵمان وریابێت و بە هیچ شێوەیەك لەوە بێ ئاگا نەبێت و ئەو پرسە فەرامۆش نەکات کە نەخۆش دەبێت ســەرەڕای دەوا وەرگرتن و پێش ئەوە لە الله بپاڕێتەوە ئەو

---

[1] - رواه أبو داود ٣٣٧٦

[2] - حاشــية ابن عابدين ٢١٥/٥ ، ٢٤٩ . والهداية تكملة فتح القدير ١٣٤/٨ ، والفواكه الدواني ٤٤٠/٢ ، وروضــة الطالبين ٩٦/٢ ، وكشــاف القناع ٧٦/٢ ، والإنصــاف ٤٦٣/٢ ، والآداب الشــرعية ٣٥٩/٢ وما بعدها ، وحاشــية الجمل ١٣٤/٢

پزیشکە یان ئەو دەرمانە بکاتە هۆکاری شیفا بۆی، چونکە شیفا تەنها لەلای الله تعالی خۆیەتی و دەرمان خۆی بۆ خۆی لە دەرەوەی ئیرادەی پەروەردگار چارەسەری نەخۆش ناکات، هەرکێیش باوەڕی وابێت دەرمان بەبێ ویستی الله جل جلاله نەخۆشی چارەسەر ئەکات ئەوە شیرکی ئەنجامداوە.

زۆر کەس کاتێك نەخۆش دەکەون و سەردانی نۆرینگەی پزیشك و نەخۆشخانەکان دەکەن لەوانەیە ئەم حەقیقەتەیان لە بیر بچێت و تەنها بیریان لەلای دکتۆری زیرەك و دەرمانی باش و تیشك و سۆنار و شیکاری بێت و لەو سەروبەندەدا دەسەڵاتی الله تعالی و ویستی ئەو لەسەر شیفا لەبیر بکەن، بەو شێوەش دەبێتە شیرکی بچووك.

بەڵام ئەگەر نەخۆشەکە وایزانی پزیشك و دەرمان وەکو هۆکارێکی سەربەخۆ توانای شیفادانیان هەیە ئەوە دەبێتە شیرکی گەورە چونکە ئەو هۆکارانەی کردووەتە هاوبەش لەگەڵ الله تعالی.

وەکو فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِيْنِ﴾[1] الله عزوجل خۆی شیفابەخشی ڕاستەقینەیە و سەرچاوەی چاکبوونەوەو شیفایە، وەکو فەرموویەتی: ﴿وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِنْ يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ

[1] - الشعراء:٨٠،

**لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)**[1]. واتە: ئەو نەخۆشی و ناخۆشـــییەی کە تووشــی کەســێك دەبێت جگە لە الله عزوجل کەســی تر ناتوانێت لەســەری لایبدات، پزیشــك و دەرمان و ئامێر و هەموو ئەو شــتانە تەنها هۆکارن.

ناوی (الشــافي) لە فەرموودەی صـحیح دا جێگیر بووە کە ناوی الله یە و لە بوخـاری و مســـلم دا هـاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(اللَّهُمَّ رَبَّ النَّاس، مُذهِبَ الباسِ، اشْـفِ أنت الشــافي، لا شـافي إلا أنت، اشـفِه شـفاءً لا يغادِرُ سَقَمًا)**[2].

شـیخ الإسـلام ابن تیمیة رحمه الله فەرموویەتی: **(فالالتفات إلى الأسباب - كاســتعمال الدواء دون توكل على الله -شــرك في التوحيد- أي لعدم اعتماد القلب على الله)** واتە: بایەخدان و ئاوڕدانەوە لە دەرمان بەبێ پشــت بەســتن بە الله عزوجل، ئەوە ئەنجامدانی شــیرکە لە تەوحیددا، چونکە دڵی متمانەی بە الله نەبووە.

---

[1] - يونس:١٠٧

[2] - أخرجه البخاري (٥٧٤٢)، وأبو داود (٣٨٩٠)، والترمذي (٩٧٣)، وأحمد (١٢٥٥٤) واللفظ له، والنســائي في ((السنن الكبرى)) (١٠٨٦١)

هەندێ کەس لە کاتی کارو کاسبی و بازرگانی کردندا هەموو بایەخدان و بیرێکیان لەلای زیرەکی خۆیان و گرتنەبەری ڕێوشـــوێنی پێویســـت و هۆکار مـادی و ئـابووری و ئەوە لەبیر ئەکەن کە ڕزق و ڕۆزی و دەوڵەمەنـدی و هەژاری، هەمووی لەلای الله یە و بڕیـاری لەســـەر داوە، کاتێ بێ ئـاگا ئەبێ لەوەی ڕزق و ڕۆزی و دابەشــکردنی لە نێوان بەندەکاندا هەمووی بەدەســتی اللهیە پشــت بەســتنیشـی بە الله تعالی لاواز دەبێت دەکەوێتە لادان و هەڵەی بیروبـاوەڕەوە کە لەگەڵ بـاوەڕ بوون بەقەدەر و بەوەی الله خـاوەنی هەموو شتێکە دژوار دەبێ.

24

# دۆستایەتی موسوڵمان بۆ مونافیق و بێباوەڕان ڕێگە پێنەدراوە لە ئیسلامدا

ئاشکرایە لەم سەردەمەی خۆماندا سەرەڕای زۆربوونی کتێبی شەرعی و زۆربوونی بانگخواز و سایت و بەرنامە و ئاسانکاری تەکنەلۆجیا بە شێوەیەکی گشتی بۆ بڵاوبوونەوەی زانستە شەرعییەکان، سەرەڕای هەموو ئەو هۆکارانە، جەهل و نەفامییەکی بەرفراوان بە ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی و بە لایەنی عەقیدە بەتایبەت لەناو موسوڵماناندا تەشەنەی کردووە، هاوکات غیرەتیش لەسەر ئیسلام لە هەموو سەردەمانی تر لاوازترە و زۆربەی موسوڵمانان گەر ئیسلام لەناوبچێت باکیان نییە و خۆیان بەخاوەنی نازانن، ئەمەش وای کردووە کە بوترێت ئەم سەردەمەی خۆمان جیاواز لەو ڕواڵەتەی کە گومان دەبرێت باش بێت، یەکێکە لە خراپترین ئەو سەردەمانەی موسوڵمانان کە پێیدا تێدەپەڕن.

یەکێ لەو دیاردانەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی باسی دەکەین، کزبوونی عەقیدەی الولاء و البراء ـــە لەناو موسوڵماناندا تاکو ئاستێکی خراپ، موسوڵمانی ئەم سەردەمە زۆر ئاساییە بەلایانەوە پەیوەندی هاوڕێیەتی و پێکەوە دانیشتن و تەنانەت دۆستایەتی و برایەتی لە نێوانیاندا هەبێت و هیچ جیگای سەرسوڕمان نییە موسوڵمانێك ببینیت لەگەڵ

دوژمنێکی دینەکەیدا جۆرەها پەیوەندی کۆی بکاتەوە و هەست بەهیچ کێشەیەك نەکات کە ئەو دوژمنی دینەکەیەتی و دەڵێ ئەوە ئازادی ڕادەربڕینە؟ ئەوەش لە کاتێکدایە گەر دوژمنی باوکی بوایە هەر قسەی لەگەڵدا نەدەکرد و بەدوژمنی خۆی دەزانی بەڵام لەبەر ئەوەی دین لەلای زۆربەی خەڵکی بووەتە پرسێکی لاوەکی وماڵ و مناڵ و هاوسەر و کەس و کار و بازرگانی و دوکانەکەی لە دینەکەی زیاتر خۆش ئەوێت.

هەروەها یەکێکی تر لە دیاردەکانی لادانی عەقیدەو بیروباوەڕ لەم سەردەمەدا ئەوەیە موسوڵمانان بە جۆرەها بیانووەوە جولەکە و نەسارا و شوێنکەوتوانی دینە دەستکردەکانیان خۆش ئەوێت و هەندێ جار دەمارگیریشیان بۆیان هەیە و خۆیان بە قوربانیان دەکەن، سەیریش ئەوەیە لە هەمان کاتدا حەزیان بە هیچ موسوڵمانێك نییە کە دەستی بە سوننەتەوە گرتبێت و بیەوێت ئیسلام وەکو خۆی لە کیتاب و سوننەتەوە وەربگرێ. زۆر جار بە هێمای دواکەوتنی دەزانن و جۆرەها ناو و ناوتۆرەی لێ دەنێن.

یەکێکیش لە دیاردەکانی خۆشویستنی موسوڵمانان بۆ بێباوەڕان کە زیان بەعەقیدەکەیان دەگەیەنێ ئەوەیە لە هەموو شتێکی خراپدا لاساییان دەکەنەوە و شوێن پێیان هەڵدەگرن، لە جل و بەرگی فەزاحەت و لە بۆنەی شیرکی وەکو سەری ساڵ و چەندین بۆنەی تر و لەسەرسام بوون پێیان و

هاوکات بەکەمی تەماشـا کردنی موسـولْمانان، یەکێکیش لە نموونە باوەکان لەم بـارەوە خۆشـەویسـتی موسـوڵمـانـانە بۆ یـاریزان و بۆ ئەکتەر و بۆ سیاسەتمەدار و گۆرانیبێژ و سوکەکانی ناو کۆمەڵگا.

الله جل جلالـه فەرمانی پێ کردووین لە بێ بـاوەڕان بەری بین و داوای لێکردووین کە إبراهیم علیه السلام بکەینە پێشـەنگ و پێشـەوای خۆمان کە ئەو بەری بوو لە قەومەکەی و حـاشـــای لێکردن لەبەر ئەو کوفرەی کە لەسەری بوون و فەرموویەتی: (قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ)[1] وە فەرموویەتی: (لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)[2] وە فەرموویەتی: (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ)[3] ئینجا چۆن فەرمانی کردووە بە بەریبوون و حاشـاکردن لە بێ باوەڕان و نەیارانی ئیسـلام فەرمانیشـی کردووە بە پشـت

---

[1] - الممتحنة:٤.

[2] - المجادلة (٢٢).

[3] - المائدة (٥١)

گرتن وخۆشـویستنی ئیماندار و فەرموویەتی: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَاناً وَكُنْتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ فَأَنْقَذَكُمْ مِنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ)[١] بەڵام خۆشەویستی فیتری و ئەوەی کە مرۆڤ لە ناخیدا هەستی پێ دەکات بەرانبەر کەس و کار و باوک و دایک و کەسە نزیکەکانی گەر بێ باوەڕ بن و بەدەستی خۆی نەبێت، ئەوە خۆشەویستییەکی فیترییە و لەسەری گوناهبار نابێت.

چونکە بەدەستی خۆی نییە و بەمەرجێك لە کوفر و بێباوەڕیی و ڕێبازەکەیان بێ بەری بێت و ڕەتیبکاتەوە و حەزی لێنەکات، واتە لە هەمان کاتدا خۆشەویستی ئەوەی کە کەسی خۆیەتی و وەکو فیترەت هەست بە خۆشەویستی دەکات بەرانبەری لەگەڵ بێ بەری بوون و ڕق لێبوونی و ڕازی نەبوون بە کوفرو لادانەکانی پێکەوە کۆ دەبنەوە. (إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ)[٢] پێغەمبەر ﷺ مامی خۆش ئەویست وەکو فیترەت و خۆشەویستییەکەشی لەوەدا خۆی دەبینییەوە کە هەوڵی هیدایەتی دەدا بۆ ئەوەی لە دۆزەخ ڕزگاری بکات، (أيْ عَمِّ، قُلْ: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، كَلِمَةً أُحَاجُّ لكَ بها عِنْدَ اللَّهِ)[٣]

---

[١] - آل عمران:١٠٣.

[٢] - القصص:٥٦.

[٣] - البخاري: (٣٨٨٤)

بۆیە ئێمەش لەو سنوورەدا ڕێگەپێدراوین ئەو جۆرە کەسانەمان خۆش بوێت و کاتێك بەری بین لە مەنهەج و لادان و کوفرەکەیان و ڕقمان لێی بێت و هاوکات ببینە هۆکاری هیدایەتیان و لە لادان و بێ باوەڕییەکەشیان حاشا بکەین و پێی ڕازی نەبین.

لە راستیدا بابەتی خۆشەویستی لە عەقیدەی ئیسلامیدا بابەتێکی هەستیار و پڕ بایەخە و پەیوەندی بەکرۆکی تەوحیدەوە هەیە، موسوڵمان پێویستە بزانێت کێی خۆش ئەوێت و کێی خۆش ناوێت، چونکە هەندێ جار خۆشەویستی گەر بۆ موسوڵمان و بۆ دایك و باوکیش بێت ئەگەر لە دەرەوەی ڕەزامەندی و شەرعی الله بێت وسنوور ببەزێنێت، بۆی هەیە بچێتە چوارچێوەی شیرکی خۆشەویستی(شرك المحبة) کاتێك ئەوپەڕی خۆشەویستی لەگەڵ ئەوپەڕی گوێڕایەڵی بێ سنوور بۆ کەسێك نیشان بدات.

هەر بۆیە مەسەلەی (الولاء والبراء) بەشێکی سەرەکییە لە عەقیدەی موسڵمان و چڵەپۆپەی تەوحید و بەڵگەی بەرزی و سەقامگیر بونی ئیمانە، هەرکەسێك هەموو خۆشەویستنێکی و ڕق لێبوونێکی لەبەر الله بێت ئەوە ئیمانی خۆی بەهێز و تۆکمە کردووە، هەرکێیش سنوورەکانی عەقیدەو ئیمان بشکێنێت و جولەکە و نەسارا و شوێنکەوتووی دینە دەستکردەکانی خۆش بوێ، ئیتر بەبەهانەی ئەوە کە یاریزانە یان ئەکتەر و زانا و فەیلەسوف بێت و

بەهەر سیفەتێکی تر ئەوە نیشانەی بێ غیرەتی ئەو کەسەیە لەسەر دینەکەی و گوێنەدانێتی بە سنوورەکانی بیروباوەڕ، بە پێی جۆری خۆشەویستییەکەیشی لە نێوان مەعســـییەتێکی گەورە تاکو شـــیرك و دەرچوون لە بازنەی ئیســـلام دەڕوات ئەوەش لە کاتێکدا دەبێت کە خۆشویستنی بۆ ئەو بێ باوەڕە لەبەر بێ باوەڕییەکەی بێت و لەبەر موسوڵمان نەبوونەکەی ئەو بەڕاست بزانێت.

25

# ئەوەی لە قورئان و سوننەتدا بەبێ باوەڕ ناسێندرا دەبێت تۆیش بەبێ باوەڕی بزانیت!

هەرکێ الله عزوجل لە قورئانی پیرۆزدا و پێغەمبەر ﷺ لە سوننەتەکەیدا بە بێ بەری لە ئیسلام و بێ ئیمان وەسفیان کرد، ئیتر موسوڵمان لە جێگیر کردنی ئەو حوکمەدا بۆی نییە منجە منج بکات و دوودڵ بێت تێیدا، یان پاساو بۆ جێبەجێ نەکردن و دانپێدانی ئەو حوکمە بهێنێتەوە، ئەگەرنا کارەکەی بە واتای ڕەتکردنەوەی حوکمی الله و پێغەمبەرەکەی ﷺ دێتەوە.

یەکێك لە سەیروسەمەرەترین سەردەمەکانی ئیسلام ئەم سەردەمەیە کە خۆمانی تێدا دژین، چونکە نەك تەنها خەڵکی بەڵکو زۆرێك لە بەناو زانا و بانگخوازانیش گۆڕانکارییان لە چەمك و واتای بنەماکانی ئیسلامدا کردووە و پێناسەی نوێیان بۆ زۆرێك لە واتاکانی قورئان و سوننەت داهێناوە، وەکو خوێندنەوە قورئانەکە دەخوێنێتەوە و بەسەر مەعناکەیدا دەڕوات لەسەری ناوەستێت!

وەکو ئەوەی خویندنەوەی قورئان ئامانجی کۆتایی موســـوڵمان بێت، نموونەیەك لەوانە بە ناڕاستەوخۆ ڕەتکردنەوەی حوکمی جولەکە و نەسارا و شــوێنکەوتوانی ئایینە دەســتکردەکانە بە ڕاشـکاوی پێچەوانەی قورئان قسـە دەکەن و دەڵێن جولەکەو نەســــارا کافر نین و بەڵکو ئەوانە برامـانن، الله ئەفەرمووێـت ئەوانە دوژمنتـانن ئەوان ئەڵێن نەخێر ئەوانە برا و هـاووڵاتی و دۆستی ئێمەن.

الله جـل جلالـه فەرموویەتی: {إِنَّ الـدِّينَ عِنْـدَ اللَّهِ الْإِسْــلَامُ}[1] واتە: دینی وەرگیراو وپەســەند لە لای الله تەنها دینی ئیســلامە و جگە لە ئیســلام هەموو دینێکی تر و شـــوێنکەوتوانی لە قورئـانـدا بە بێ ئیمـان و دەرچوو لە بـازنەی ئیسلام و ئیمان دەژمێردرێت.

هەروەها فەرموویەتی: {وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ}[2] واتە: هەرکەسـێك لەسـەر دینێك بێت جگە لە ئیسـلام لێی وەرناگیرێت و لە دوا ڕۆژدا خەسارۆمەند و ڕەنج بە خەسارە.

[1] - آل عمران: ١٩.

[2] - آل عمران: ٨٥.

زانایانی ئیسلامیش لە هەموو سەدەکاندا یەك دەنگن لەسەر ئەوەی الله عزوجل و پێغەمبەرەکەی ﷺ هەر حوکمێکیان لەسەر کەسێك دا موسوڵمانان دەبێت ئەو حوکمە قبوڵ بکەن و وەریبگرن، ئەگەر وا نەکەن واتە حوکمی قورئان و سوننەتیان ڕەت کردووەتەوە.

بۆ نموونە الله تعالى فەرموویەتی: (لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)[١]. ئەم ئایەتە باس لە نەساڕاکانی ئەم سەردەمە و سەردەمانی تر دەکات کە باوەڕیان بە سێ پەروەردگار هەیە و موشریکن و وەسفی کوفری بەسەریاندا داوە، هەرکێ ئەو سیفەت و حوکمە جێگیر نەکات و نکۆڵی لە کافر بوونی جولەکە و نەساڕا بکات و مشت ومڕیان لەسەر بکات و بەبرایشیان بزانێت بێگومان ئەوە حوکمی قورئان و سوننەتی ڕەتکردووەتەوە و فەرموودەی الله و پێغەمبەرەکەی ﷺی تکذیب کردووە.

تەنانەت گومان کردن لەو حوکمانەی الله تعالى بۆ نموونە کە داوێتی بەسەر یەهود و نەساڕاکاندا، کەسێك بڵێت لێم ڕوون نییە و نازانم ئەمانە کافرن یان ئیماندارن، ئەچنە بەهەشتەوە یان ناچن؟ یان بڵێت ئەوە تەنها الله خۆی ئەزانێت حوکمیان چییە لەوانەیە دینەکەیان ڕەتبکرێتەوە یان قبوڵ

[١] - المائدة: ٧٣

بکرێت، لە کاتێکدا الله عزوجل حوکمی خۆی لەسەریان ئاشکرا کردووە لە قورئاندا، یان ڕێڕەو دینەکەیان بەڕاست بزانێت وبڵێت ئێمە ڕاستین ئەوانیش هەر ڕاستن! یان بلێت مافی خۆیانە ئەوانیش دینی خۆیان هەیە و ئێمەش دینی خۆمان هەیە و و ڕازی نەبێت وەکو چۆن لە قورئاندا بە موشریك و کافر وەسفکران بەو شێوە وەسفیان بکات، هەموو ئەوانە حوکمی کیتاب و سوننەتیان ڕەت کردووەتەوە و بە درۆیان زانیوە.

سەبارەت بە بانگەشەی یەکبوونی دینەکان کە لەم سەردەمەی خۆماندا سەری هەڵداوە بەناوی (وحدة الأديان) کە مەبەستیان پێی یەکگرتنی دینەکانی ئیسلام و جولەکە و نەسارایە و دەڵێن ئەو دینانە هەمووی لە ئاسمانەوە دابەزیون و هەموویان ڕاست و حەقن و مرۆڤ بۆی هەیە سەر بە هەر کامیان بێت، هەرکێ ئەو باوەڕەی هەبێت لە بازنەی ئیسلام دەردەچێت وەکو زانایان دەفەرموون و وەکو ئەوەیە قورئان و سوننەتی ڕەتکردبێتەوەو بە درۆی دانابێت چونکە پێچەوانەی ئەو باوەڕەی ئەوی تێدایە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای قورئان و سونەتی لەسەرە.

ئینجا ئەم بانگەشـــەیە واتای ئەوە دەگەیەنێت كە دینی محمد ﷺ دینێكی گشـتگیر نەبووە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بەڵكو وەكو نەسـاڕاكان دەڵێن دینێكە تـایبەت بۆ عەرەبەكان هـاتووە، ئەوەش قسـەیەكی پوچ و نـاحەقە و دژوارە لەگەڵ عەقیدەی ئیسـلامدا، چونكە ئیسـلام بۆ هەموو عالەم هاتووە و تاكو ڕۆژی قیامەت ئەو حەقیقەتە هەر بەردەوام دەبێت.

یان بۆ نموونە هەندێ جەماعەت و كۆمەڵ هەن لەم سـەردەمەدا وەكو قادیانی و بابی و بەهائیەكان و كۆمەڵی تریش بە هەموو پێوەرەكانی عەقیدە و قورئان و سـونەت لە ئیسـلام دەرچوونە و بێ باوەڕن، ئەگەر كەسێك بەرگری لە موسـولْمان بوونیان بكات یان ڕێبازەكەیان بەڕاسـت بزانێت وەكو ئەوەیە قسـەی قورئان و سـوننەتی بەدرۆ و ناڕاسـت دانابێت بەوەش حوكمی خۆیشی وەكو حوكمی ئەوانی لێ دێت.

ئەمڕۆ لە زۆر لە وڵاتـانی جیهـانی ئیسـلامیـدا، لە جیـاتی بەری بوون و حاشـا كردن، پەیوەندی تۆكمە و برایەتی لە نێوان موسـوڵمانان و جولەكە و نەساڕاكاندا درووسـت بووە و زۆر چالاكی جۆراو جۆرو سـاڵانە لەسـەر ئاسـتی ئیقلیمی و جیهانی كۆیان دەكاتەوە، بەبێ هیچ هەسـتكردنێك بە تاوان و شـەرم كردنێك لە الله عزوجل دەڵێن برا یەهودەكانمان و برا نەسڕانییەكانمان كە بە مەسـیحی ناویان دەبەن و لەهەموو بۆنەیەكیاندا بەشـداری دەكەن و

پیرۆزباییان لێ دەکەن تەنانەت خودی شـــوێنکەوتوانی ئەو دینە باتڵانەیان تووشی شـۆك کردووە کە بەو شێوە پیچەوانەی دین و عەقیدەکەیان ڕەفتار دەکەن!

ئەڵبەتە ئەمە مەعنای ئەوە نییە ڕەوشـــتی جوان و ئاکاری پەســـەند لەگەڵ شـــوێنکەوتوانی ئەو دینە ناحەقانەدا نیشـــان نەدرێت چونکە کەسـی موسوڵمان لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەبێت ڕەوشت بەرز و ئاکار جوان بێت، بەڵکو مەبەســـت ئەوەیە موســـوڵمان خاوەن عەقیدەی تەوحیدە و ئەو عەقیدەش بەهیچ شێوەیەك لەگەل ئەو دینە وەسەنی و شەخس پەرستانەدا ناگونجێت بۆیە واجبە لەســەری لە بیروباوەڕ و دینەکەیان بەری بێت نەك بە برایان بزانێت و بەشداری ئاهەنگەکانیان بکات.

بەداخەوە قورئان کە لەم سەردەمەی خۆماندا زۆرترین خوێنەری هەیە و زۆرترین خەڵـك ســـەرقاڵن بەلەبەر کردن و جوانخوێنـدنەوەی، بەلام مەخـابن لە هەموو ســـەدەکانی تر لە ڕابردوودا دوورترن لە نـاوەڕۆك و لە جەوهەر و عەقیدەکەی، بێ ئاگان لەو تەوحیدەی کە لە هەموو ئایەتێك لە ئایەتەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و تەنها خەریکی خویندنەوەی بێ تدبرن و بەو حاڵەشـــەوە بەتەمان لە خویندنەوەی هەر لاپەڕەیەکدا ســـەدان و هەزاران ئەجریان دەســت بکەوێت، وەکو ئەوەی مەســـەلەکە تەنها خویندنەوە بێت و تدبر هیچ مەسەلەیەکی داواکراو نەبێت لیمان.

26

# بە نەشیاو تەماشا کردنی هەر حوکمێکی قورئان و سوننەت لادانە لە عەقیدە

ئیسـلام واتە خۆبەدەسـتەوەدانی موسـوڵمان بۆ دینەکەی و ڕازی بوونی بە هەموو حوکمەکانی کیتاب و سـوننەت، بەبێ ئەوەی مافی تێبینی و ڕەخنەگرتن و مشـت و مڕی لەسـەر هیچ حوکمێك هەبێت، چونکە هەموو ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و ئەوەشی لە سوننەتی صحیح و ڕاست و دروستـدا وارد بووە، وەحیە و لەلای الله عزوجل هاتووە وموسـوڵمانان دەبێت بە ڕازیبوونی ڕواڵەتی و لەناخیشەوە موسوڵمانێتی خۆیان بسەلمێنن.

ئیسـلام ئەو دینەیە کە الله پێی ڕازی بووە و پێغەمبەرەکانی بۆ ڕاگەیاندنی تەوحید و بەتاك و تەنها الله پەرسـتن ڕەوانە کردووە و بەوەش لە بەندەکانی ڕازی دەبێت ئەو دینە جێبەجێ بکەن وملکەچی و گوێڕایەڵی ڕەها بۆ شەریعەتەکەی نیشان بدەن: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ)[١] واتە جگە لە ئیسلام الله هیچ دین و بەرنامە و دەسـتور و یاسـا و ڕێسـایەکی قبوڵ نییە ببێتە بەرنامەی ژیان بۆ موسـوڵمانان، شـەریعەتی رب العالمین بە تێکڕا هەر هەمووی بۆ ئەوە دابەزیوە کاری پێ بکرێت و لە واقیعی ژیاندا ڕەنگ بداتەوە.

---

[١] - آل عمرا:١٩.

ئەم ســـەردەمەش لە ڕووی بیروبـاوەڕ و مەنهەجییەوە ســـەردەمی سەرگەردانی و ئاوەژووبوونەوەی چەمك و بنەماكانی بیروباوەڕە و بەشێوازێك كۆدەنگی لەســـەر كارنەكردن بە بنەماكانی ئیســـلام لە عەقیدەدا درووســـت بووە، تەنـانەت حـاڵ بەوە گەیشـــتووە كە پەراوێزخســـتن و كـارنەكردن بە حوكمەكانی شەریعەت لە واقیعی ژیانی خەڵكیدا بوەتە حاڵەتێكی زۆر ئاسایی و هەموو حوكم و شـەرع و سـزاكانی الله بۆ تاوانەكان هەیە لابراون و حوكم و یاسا و ڕێسا و سزای جیاوازی ڕۆژ ئاوا و ڕۆژهەڵات و پاشماوە و زادەی مێشكی مرۆڤەكان كراوەتە ڕكابەری شەریعەتەكەی و جێگرەوەی.

ئەمڕۆ نەوەیەك پەیدا بوونە خۆیان بە موسوڵمان دەزانن بێ ئەوەی پێناسەی ئیسلام و ئیمان بزانن چییە، بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان ڕوكنەكانی ئیمان و ئیســـلامدا بكەن، لەگەڵ ئەوەشـــدا ســـزای دەســـت بڕین بۆ دز بە هەمەجییەت و دڵڕەقی ئەزانێت، ســـزای بەردباران كردن بۆ زیناكاری خاوەن هـاوســـەر بە زوڵم دەزانێـت، كوشـــتنەوەی بكوژ بە دیمەنێكی بێ ڕەحمـانە ئەزانێت و لەبەرانبەریشـدا زۆرێك لە ڕەوشـتە ناشـیرینەكانی ئەم سـەردەمەی بەلاوە ئاساییە و بە ئازادی كەسێتی دەزانێت، ئەوەش بە ڕەخنە گرتن لە كاری الله و و پێغەمبەرەكەی دێتە ئەژمار.

لە ڕاستیدا موسوڵمان دەبێت هەموو حوکم و سزا و شەریعەتێکی ئیسلام بە چڵەپۆپەی ڕەوایی و حەق و دادگەری وشیاو بزانێت، دەست بڕینی دز تەنانەت لە ناخیشیەوە ڕەخنەی لێ هەبێت و بەدواکەوتن و بە زوڵمی بزانێت واتە ڕەخنەی لە کار و لە حوکمی رب العالمین گرتووە، هەر سوننەتێکی پێغەمبەریش ﷺ بۆ نموونە سوننەتی ڕیش دانان بە شتێکی پێویست نەزانێت یان بە حاڵەتێکی نەشیاو و بە پیسی بزانێت، یان گاڵتە بە سوننەتی کورت کردنەوەی جل و بەرگ بکات، یان حیجاب و نیقاب بە دیاردەیەکی کۆنەپەرستی و نەگونجاو بزانێت لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانی و تەکنەلۆجیای ئەم سەردەمە، یان هەر حوکمێك لە حوکمەکانی شەریعەت لە قورئان و لە سوننەتدا ڕەفز بکات و گاڵتەی پێ بکات و ئەوەی لە یاسا دەستکردەکاندا هەیە لەوە بە باشتر وپەسەندتری بزانێت، هەموو ئەوانە پەیوەندی موسوڵمان لەگەل پەروەردگاری و لە گەڵ دینەکەیدا دەبڕێتەوە.

ئەگەر لە بنچینەوە ئەو گومانە بۆ کەسێك دروووست بێت کە ئایا شەریعەتی ئیسلام بۆ ئەم سەردەمە بەکەڵکە یان کاتی بەسەر چووە و بۆ ئەم سەردەمە ناشێت، ئەگەر کەسێك خۆی بە موسوڵمان بزانێت و ئەم پرسیارەی لەلا درووست بێت، ئەوە هەموو پەیوەندییەکی خۆی لەگەڵ ئیسلامدا بچڕیوە چونکە لە دینەکەی و لە پەروەردگاری و لە پێغەمبەرەکەی

ﷺ بەگومانە، الله تعالی فەرمویەتی: (مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ)[1] واتە: ئەوەی بۆ مرۆڤ و بۆ مرۆڤایەتی تاکو ڕۆژی قیامەت پێویست بێت لە قورئانی پیرۆزدا باس کراوە.

هەروەها فەرمویەتی: (وَنَزَّلْنا عَلَيْكَ الْكِتابَ تِبْياناً لِكُلِّ شَيْءٍ). ئەم قورئانە ڕوناکی ژیانە و ڕوونکردنەوەی بۆ هەموو پرسـێك تێدایە. هەر ڕەخنە و بە گومان تەماشـاکردنێکی سـوننەتیش ئەگەر صـحیح بێت هەروەکو ئەوەیە گومانەکە لە قورئان بێت و جیاوازی نییە، چونکە سـوننەتیش هەر وەحیە و الله دەربارەی فەرموویەتی: (وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى)[2] بۆ نموونە کەسـێك لە دڵیشـیەوە ڕەخنە بگرێت لە هەر حوکمێکی پێغەمبەر ﷺ یان هەر تەشریع و ڕێنماییەکی، ئەو کەسە بەدەق ئایەتی قورئان ئیمانی نییە، الله فەرموویەتی: (فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا)[3].

[1] - الأنعام:٣٨.
[2] - النجم:٣-٤.
[3] - النساء:٦٥

بە كورتی ئیسـلام هەرچی بەباش زانیوە دەبێت موسـولْمانیش بەباشی بزانێـت، هەرچی بەخراپ داناوە دەبێت موســولْمانیش بە خراپی دابنێت، هەركێ بە كافر پێناسە كردووە دەبێت موسولْمانیش هەمان پێناسەی بكات، هەر سزایەكیشی بۆ هەر تاوانێك داناوە وەكو دەست بڕین بۆ دز و جەڵد یان ڕەجم بۆ زیناكار وسـزاكانی تر دەبێت بە ئەوپەڕی دادگەری بزانێت، هەرچیش لە ســوننەتی ڕاســت و درووســتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە هەمووی حەقە و دەبێت موســولْمان بە زاهیر و لە ناخیشــەوە پێی ڕازی بێت ئەگەر ســوننەتی ڕیش هێشـتنەوە بێت بۆ پیاوان، یان نیقاب و باڵاپۆشی و تێكەڵ نەبوون بێت لەگەڵ پیـاوان بۆ ئـافرەت، یـان هەر ســوننەتێكی تر بێـت ئەگەر توانـای جێبەجێكردنیشی نەبێت بەڵام دەبێت بەڕاست و بەحەقی بزانێت.

موســولْمـان كە فەرمـان و حـوكمی الله و پێغەمبەرەكەی ﷺ پێ گەیشـــت، هـیـچ ڕێـگەچـارەیەكی تـری نـیـیە جـگە لە ڕازی بـوون و خـۆ بەدەســتەوەدان بۆ ئەو حوكم و فەرمانە، الله عزوجل دەفەرموێت: (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَـى اللَّهُ وَرَسُــولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا)[١]

---

[١] - الأحزاب: ٣٦.

## 27

# دژوارە لەگەڵ عەقیدەدا بوترێت نە ئیسلامم خۆش دەوێت و نەڕقیشم لێیەتی

ئەگەر کەسێك ڕوو لە ئیسلام وەربگێڕێت و بە مەسەلە و کێشەی خۆی نەزانێت، نە فێری زانستەکانی ببێت، نە مەبەستی بێت بە ئەرك و فەرز و واجبەکانی هەڵبسێت، لە هەمان کاتیشدا بڵێت من دژایەتیشی ناکەم و حەقم بەسەریەوە نییە، ئامادەش نییە گوێ بۆ ڕێنماییەکانی بگرێت، ئەگەر بانگ بکرێت بۆ جێبەجێکردنی بەشێك لە بیروباوەڕ و شەرعی ئیسلام ئەڵێت ئەوە پەیوەندی بە منەوە نییە، من نە ئەبم بە شوێنکەوتووی و نە دژایەتیشی دەکەم، زانایان دەفەرموون هەر کەسێك بەو شێوە بێت لە بازنەی ئیسلام دەردەچێت، چونکە ئەوەی پێی دەوترێت ڕوو وەرگێڕان و إعراض کردن لە ئیسلام، وەکو الله تعالى فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَا ۚ إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ﴾[1]

ئەم حاڵەتەش تایبەت نییە بەکەسێك کە باوەڕی بە ئیسلام نەبێت و بێ باوەڕ و مولحید بێت، بەڵکو ئەوانەش دەگرێتەوە کە شایەتمان دەهێنن و لە تەسکەرەو پێناسەکەیاندا بە موسوڵمان نووسراون و خۆیشیان ناڕازی نین بەو ناوە.

[1] - السجدة: ٢٢.

بەڵام ئامادەش نین کار  بە عەقیدە و شـــەریعەتەکەی بکەن و دەڵێن ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە و ســـنوورەکانی حەڵاڵ و حەرام ناپارێزن و بەهیچ فەرزو ئەرکێکی ئیسلام هەڵناسن و نوێژ ناکەن ڕۆژوو ناگرن و حەج ناکەن و سەدەقە و خێر ناکەن و قورئان ناخوێنن وخراپەشیان بۆ هەڵکەوێت لێی ناگەڕێنەوە، کە تاوان و خراپەکانیش واز لێ بهێنن لە ترسی الله نییە.

بەڵکو بۆیان ڕێك ناکەوێت یان لەبەر هۆکاری تر ئەنجامی نادەن، زانایان دەفەرموون ئەم ڕوو وەرگێڕانە کە کەسەکە بەجارێ پشت لە ئیسلام بکات و بە هیچی کار نەکات ئەوە پێی دەوترێت کوفری ڕوو وەرگێڕان و إعراض کە الله لە ئایەتەکاندا باسی کردووە.

بەڵام ئەمەی کە باســکرا ئەوە نییە کە زانایان باســیان کردووە ئەگەر بەندەیەك کردەوە و عیبادەتێك واز لێ بهێنێت، یان هەندێ گوناه و تاوان ئەنجام بدات.

چونکە ئەوەیان مەســـەلەیەکی ترە و ئەهلی ســـوننەت و جەماعەت جیاواز لە خەواریج و موعتەزیلە ئەنجامدەری تاوانە گەورەکان نە بە کافر و نە بەوەی لە نێوان کوفر و ئیماندایە وەسفی ناکەن مەسەلەی نوێژنەکردنیش ئەو خیلافەی لەسەرە لە نێوان ئەهلی عیلمدا ئەگەرچی ڕای پەسەند ئەوەیە

ئەو کەسەی نوێژ نەکات بەبەڵگەی بەهێزی ئایەت و فەرموودەکان لە ئیسلام دەردەچێت با هۆکاری نوێژنەکردنەش تەمەڵی بێت و باوەڕی بە فەرزبوونی نوێژیش هەبێت.

ابن قيم الجوزية بە ڕەحمەت بێت دەربارەی ئەمەی کە باسمان کرد فەرموویەتی: (أمَّا كُفرُ الإعراضِ: فأن يُعرِضَ بسَمْعِه وقَلْبِه عن الرَّسولِ، لا يُصَدِّقُه ولا يُكَذِّبُه، ولا يواليه ولا يعاديه، ولا يُصغي إلى ما جاء به البتَّةَ)[1] واتە: کوفری ڕوو وەرگێڕان بریتییە لەوەی دڵ و گوێی لە پێغەمبەر ﷺ وەرگێڕێت، نە باوەڕی پێ بکات و نە بەدرۆیشی بخاتەوە، نە بەرگری لێ بکات و نە دژایەتیشی بکات و نە مەبەستە بەلایەوە گوێ بۆ هیچ فەرمان و ڕێنماییەکی بگرێت.

یەکێکی تریش لە شێوازەکانی پشت هەڵکردن لە ئیسلام و گوێ پێنەدانی ئەوەیە حوکم بە شەریعەتەکەی نەکرێت، الله عزوجل فەرموویەتی: (وَيَقُولُونَ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ مِن بَعْدِ ذَلِكَ وَمَا أُوْلَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِنْهُم مُّعْرِضُونَ وَإِن يَكُن لَّهُمُ الْحَقُّ يَأْتُوا إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ أَفِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ أَمِ ارْتَابُوا أَمْ يَخَافُونَ أَن يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُ بَلْ أُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)[2]

---

[1] - بڕوانە: کتێبی مدارج السالكين (١/ ٣٤٧)، هەروەها: مفتاح دار السعادة، (١/٢٦١).

[2] - النور: ٤٧-٥١.

لەم ئایەتەی ســـەرەوەدا دەردەکەوێت - وەکو ابن تیمیة فەرموویەتی - هەرکەســـێك گوێڕایەڵی پێغەمبەر نەکات ﷺ و بە حوکمەکانی ڕازی نەبێت ئەو کەســـە مونافیقە و ئیماندار نییە، بەڵکو ئیماندار ئەو کەســـەیە بڵێت: بیستمان و گوێڕایەڵ بووین.[1]

الله عزوجل فەرموویەتی: (وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُــولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُــدُّونَ عَنكَ صُــدُودًا)[2] ابن القیم بەڕەحمەت بێت دەربارەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی: الله عزوجل ڕوو وەرگێڕانی لە شـــەریعەتی پێغەمبەر ﷺو بایەخدان بە غەیری ئەو شـەریعەتەی بە حەقیقەتی نیفاق ناسـاندووە و حەقیقەتی ئیمانیشی بەوە ناساندووە حوکم بە شەریعەتەکەی بکرێت بەبێ هەست کردن بە سەخڵەتی و ناڕەحەتی و بەڵکو بە خۆبەدەستەوەدان و ڕازی بوون بە حوکمی الله و ﷺ.

لەم بـارەوە بڕوانە: (تحـكيـم القـوانين)ی شـــێخ محمـد بن إبراهيم بەڕەحمەت بێت.

---

[1] - بڕوانە: کتێبی (الصارم المسلول ٢/ ٨١.

[2] - النساء: ٦١.

28

# دەبێ باوەڕت وابێ ئیسلام ڕاسترین و باشترین بەرنامەیە بۆ ژیان

هەڵەیەکی ترسناکە لە بیروباوەڕدا کەسێك پێی وابێت بەرنامەیەك هەبێت لە هیچ ڕوویەکەوە لە ئیسلام باشتر بێت یان بۆ ئەم سەردەمە گونجاوتر بێت، ئەوە ڕێك لادانە لە ڕاستە ڕێگای ئیسلام بۆ ڕێچکە و ڕێبازە دژوارەکان لەگەڵ ئیسلامدا، بۆیە دەبێت موسوڵمان عەقیدەو بیروباوەڕی وابێت کە ئیسلام لە هەموو ڕوویەکەوە گونجاوترین شەریعەت و بەرنامەی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری مرۆڤەکان و چاکترینە بۆ دونیا و دوارۆژیان.

لەم سەردەمەدا چەندین بەرنامە و سیستم وەکو جێگرەوەی ئیسلام لەسەر گۆڕەپانی جیهاندا خۆیان نمایش کردووە و بەمەبەستی کێبڕکێ لەگەڵ ئیسلامدا دیدو بۆچوون و پێناسەی خۆیان بۆ گەردوون و بۆ مرۆڤ و بۆ ئایین و ژیان دەخەنەڕوو لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیایەکی زۆر جیاوازیشە لەگەڵ ئیسلامدا شتەکان پێناسە دەکەن، نموونەی ئەوانە بیری مارکسی و نەتەوایەتی و عەلمانی و لیبراڵی و هەروەها دیموکراسیش وەکو ئامرازێك بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامە و ئایدیانە کە میکانیزمێکی تەواو دژوارە لەگەڵ ئیسلامدا و لەهیچ شتێکدا یەکتر ناگرنەوە.

ئەمڕۆ عەولەمە و جیهانگیری لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی دونیاوە توانیویێتی دەستی گۆڕانکاری و شێواندن بەسەر زۆرێك لە چەمکەکانی ئیسلام لە زەینی موسوڵماناندا بگەیەنێت و هێرشێکی بەرفراوانی بەرانبەر ئیسلام بە گشتی و دژ بە بیروباوەڕەکەی بە تایبەتی ڕاگەیاندووە و گەورەترین هۆکاری ئاسانکاری و یارمەتیدەریش بۆ ئەو کارەیان جەهلی موسوڵمانانە بە دینەکەیان و هەست نەکردنیانە بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر دینەکەیان و دابەزینی ئاستی دڵسۆزی و غیرەتیان لەو بارەوە.

لە ڕاستیدا ئیسلام باشترین ڕێباز و بەرنامەیە بۆ ژیانی مرۆڤەکان چونکە سەرچاوەکەی پەروەردگاری مرۆڤەکان و خالیقی زەوی ئاسمان و گەردوون خۆیەتی و هەر خۆی باشتر دەزانێت چی شەریعەت و بەرنامەیەک باشترە بۆیان و چ شتێکیش خراپە بۆیان، الله فەرموویەتی: **(قُلْ أَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّه)**[1] ئایا ئێوە زاناترن یان الله؟! بەڵام ڕێبازەکانی تر دەستکردی مرۆڤەکانە و زادەی مێشك و بیرکردنەوەی تەسک و کورت مەودای کەسانێکە توانای بەرنامەدانانێکی تۆکمە و خاوێن و گشتگیریان بۆ دین و دنیا نییە، ئەوان خۆیان کۆمەڵێکن لە کەموکورتی و لاوازی وکورت بینی، سەرباری ئەوەش لە دەرەوەی بازنەی فیترەت و هیدایەتدان.

[1] - البقرة:١٤٠.

بۆیە هەرچی ئەوەی بۆ مرۆڤەکانی دادەنێن لە بەرنامە و لە تەشریعات و یاسا و ڕێسا پڕن لە کەلێن و هەڵە وپەڵە و ئامانجی یەکەمیشیان دوورخستنەوەی خەڵکییە لە ڕۆشنایی ئیسلام و گومڕاکردنیانە، ئینجا ئەو ڕێبازانەی ئاماژەمان پێکرد، مارکسی بێت یان لیبراڵی و قەومی و عەلمانی بە شێوەیەکی گشتی، لەگەڵ فیترەتی مرۆڤەکاندا ناکۆکن و زۆر جار لە ڕوانگەیەکی بەرژەوەندی مادی پەتی تەماشای مرۆڤەکان دەکەن بەو پێیەش بەرنامەی ژیانیان بۆ دادەڕێژن کە ببنە کاڵایەک جەستەیەکی بێ گیان و بێ ڕێز و کەرامەت.

بۆ نموونە لە سیستمي سەرمایەداریدا مرۆڤ کاڵایەکە وەکو هەر کاڵایەکی تر، وەکو مەکینەیەك یان دەزگایەك بۆ بەرهەمهێنان و کارکردن تەماشا دەکرێت و بەهایشی وەکو مرۆڤ بریتییە لە ئەندازەی موڵك و سامانەکەی، زۆری هەبێت بەڕێزە و کەمیشی هەبێت پشتگوی دەخرێت و وەکو کاڵایەکی بێ بەها لێی دەڕوانرێت، لە سیستمی عەلمانیەتدا مرۆڤ وا ئاراستە دەکرێت کە خۆی لە هەموو وابەستەبوونێکی ئایینی و ڕەوشتی دەرباز بکات و هەلی ئەو چەند ڕۆژەی ژیان بقۆزێتەوە و بە خۆشی و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی مادی بۆ خۆی بژی، هەر بۆیە دەبینین ئافرەت لە عەلمانیەت و بەرنامەکانی تری ناکۆک لەگەڵ فیترەتدا بریتییە لە جەستەی، کە جوانی و گەنجیشی لە دەستدا، فڕێ دەدرێت وهیچ بایەخ و مافێکی نامێنێت.

حەقیقەتێکە و هەموو خـاوەن عەقڵێـک دەرکی پێ دەکـات، هیچ بەرنامەیەك نییە جگە لە ئیسـلام مامەڵە لەگەڵ جەسـتە و لەگەڵ ڕوحیدا پێکەوە بکات، بەختەوەری ژیان و دواڕۆژی کەسەکان ڕەچاو بکات، بۆ ئەوەی خێر و چاکە و بەرژەوەندی دونیا و دواڕۆژێتی ئاراستەی بکات.

بەڵام مەخابن ئەمڕۆ موسـوڵمانان لەبەر ئەوەی زانسـتی شـەرعییان لاوازە و بەتایبەتی لە بواری عەقیدەدا بێ ئاگان و ڕاستتر بڵێین بێ ئاگا کراون، هەسـت بە مەزنی دینەکەیان ناکەن و ئیسـلام بووەتە مەسـەلەیەکی ڕۆتینی و لاوەکی لە ژیـانیـاندا و بە کێشـــەو بە قەزیەی خۆیـانی نـازانن، بەلای زۆرەوە ئەوەی دەیانبەسـتێتەوە بەو دینە کۆمەڵێك عیبادەتی تەقلیدی بێ گیانە کە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەیاندا نییە.

چونکە لە پلانێکی کـاربۆ کراو و بەرنـامە بۆ داڕێژراودا عیبـادەت و عەقیدە لەیەکتر جیاکراونەتەوە و بۆیە هیچ سـەیر نییە کەسـەکە نوێژ بکات و ڕۆژوو بگرێت حەجیش بکات، بەڵکو خێرو چاکە و هەندێ ئاکار ودیاردەی ئیسـلامیشـی هەبێت، بەلام لەولاشـەوە مەرجەکانی شـایەتمانی تێدا نەبێت، ولاء و براء هەر نەزانێت مەعنای چییە چجای جێبەجێی بکات.

بەڵکو سـەیر نییە کەسـێک لەگەڵ هەبوونی عیبادەت و دەرکەوتنی بەردەوامی لە ڕیزەکانی یەکەمی نوێژی جەماعەتدا، هەڵوەشێنەرەوەی شـایەتمانیشـی تێدا هەبێت، لەم سـەروبەندەشـدا دەبینی زۆرێك لە موسـوڵمانانی ئەم سـەردەمە هاوکات لەگەڵ بێ ئاگابوونیان لە عەقیدەو شەریعەتی ئیسلام، سەرسامیشن بە بەرنامە و سیستمی دانراوی مرۆڤەکان و بە ڕێگایەکی پەسەند و بەسوودیان دەزانن بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی مرۆڤەکان، ئەوەش لە ڕاستیدا تێکگیرانێکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامیدا کە قورئان و سوننەت ئەو ئاڕاستەیە بە توندی ڕەتدەکەنەوە.

پێویستە موسوڵمانی ڕاستەقینە باوەڕی وابێت شەریعەتی ئیسلام و عەقیدەکەی ڕاسـترین و چاکترین و گونجاوترینە بۆ مرۆڤەکان لە هەموو ئەوەی لەم سەردەمەدا دەربڕینی لێ دەکرێت بە عەلمانییەت و دیموکراسییەت و سـەرمایەداری و ناسـیۆنالیزم و هەموو ئەوانە بە بەرنامەی گومڕایی و گومڕاکردن بزانێت، چونکە ڕازی بوون بە بەشـێك لەو پەیڕەو و پرۆگرامانە هەرگیز درووست نابێت تاکو بەشێك لە ئیسلام ڕەتنەکاتەوە و ئەوانە نەکات بە جێگرەی.

سـەرسـام بوونی موسـوڵمان به خراپییەکانی شـارسـتانی ڕۆژئاوا و به بەرنامە و یاسا دەسکردەکانیان و بێ ئاگابوونی لە مەزنی و گەورەیی دینەکەی خۆی و نەشارەزابوونی لە عەقیدە و لەشەریعەتەکەیدا، گەورەترین کارەساتە تووشی بووە و باجەکەی لە دونیا و دواڕۆژی خۆیدا دەدات.

ئیسـلام دینی حەقە چونکە خاوەن شـەریعەتێکی تێرو تەسـەل و بەکەڵکە، مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکات بە پێی پێکهاتە و سـروشـت و حەقیقەتی خۆی، ڕێگەی بەزەواج داوەو زینـا وداوێن پیسـیشـی قەدەغە کردووە، ڕێگە بە مامەڵە و بازرگانی دەدات و هاوکات ڕێبا و سـووخواردن و قۆرخ کردنی بازاڕ حەڕام دەکات و زەکاتیش بۆ هەژاران فەرز دەکات، هەموو خواردنێکی پاك وپاراو حەڵاڵ دەکات و هەموو شـتێکی زیان بەخش و پیس قەدەغە دەکات وەکو گۆشـتی مردارەوە بوو و عارەق پێویسـتییەکانی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێت.

ئیسلام بە پێچەوانەی هەموو یاسا دەستکرد و بەرنامە مرۆییەکانەوە هـاوسـەنگی نێوان ڕوح و جەسـتە دەپـارێزێـت و هەرگیز بیروبـاوەڕ و شەریعەتەکانی لەگەڵ فیترەت و سروشتی مرۆڤەکاندا تێك ناگیرێت، هەموو خێرێك کە عەقڵ پەی پێ دەبات و بۆ مرۆڤەکان باش بێت ئیسـلام پێی ڕازی

دەبێت و پشـــتگیری دەکات، هەموو خراپەیەکیش کە زیانی بۆ ژیانی مرۆڤ هەبێت ئیسلام قەدەغەی دەکات و ڕێگری لێ دەکات.

ئیسلام دینی حەقە لەبەر ئەوەی دەستورە هەرە گەورەکەی کە بریتییە لە قورئانی پیرۆز زیاتر لە شەش هەزار ئایەتە و سەرەڕای باسکردنی سەدان حوکم و شـــەریعەت و ڕێنمایی و فەرمان و قەدەغەکردن، هیچ دژواری و جیاوازی و ناکۆکییەك لە نێوان ئەو هەموو ئایەتانەیدا نییە، هیچ مەعنایەکی لەگەڵ مەعنایەکی تریدا ناکۆك نییە و هیچ حوکمێکی حوکمێکی تری خۆی هەڵناوەشێنێتەوە، سوننەتیش لەبەر ئەوەی وەحیی دووەمە بەهەمان شێواز و تەریبی تەواوکەری قورئانە و جیاوازی لە نێوانیاندا نییە: ﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾[1] لەبەڵگەکانی تری ئەوەی کە ئیســـلام دینی حەقە و بەرنامەکانی تر جگە لە ئیســـلام پوچەڵ و باتڵن ئەوەیە کە قورئان لەگەڵ هیچ زانستێکی هاوچەرخی ڕاستەقینە و بەڵگەداردا ناکۆك نییە بەڵکو هاوتەریبە و شـــایەتی بۆ دەدات، اللە فەرموویەتی: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾[2] بەڵگەی تریش لەسەر ئەوەی ئیسلام دینی حەقە ئەوەیە کە هەواڵی داهاتوی داوە و زانســـتی غەیب و نادیاری باس کردووە کە ئەوە جگە لە اللە کەســی تر

[1] - النساء:٨٢.

[2] - فصلت:٥٣.

نایزانێت، الله فەرموویەتی: (ألم* غُلِبَتِ الرُّومُ*فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ* فِي بِضْعِ سِنِينَ)[١].

هەروەها فەرموویەتی: (لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِن شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ)[٢] هەروەها قورئانی پیرۆز باسی ئوممەتەکانی تری لە ڕابردوودا کردووە کە لەنێوچوون و نەماون، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئان لە لای الله تعالى دابەزیوە کە هیچی لێ شاراوە نییە نە لەڕابردوو و نە لەداهاتوودا: (تِلْكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَا أَنتَ وَلاَ قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَذَا)[٣]. ئەمە جگە لەو ڕەوانبێژی و شێوازە مەزنەی لە دەربڕین کە لە قورئاندا هاتووە و ئەو کاریگەرییە سەرسوڕهێنەرەی کە ئایەتەکانی هەیانە و دوژمنانی ئیسلام و قورئانیش شایەتیان بۆ داوە نموونەی ئەوەش وتەی (الوليد بن المغيرة) کە یەکێك بوو لە سەرسەختترین دوژمنەکانی ئیسلام و دەربارەی قورئان دەیوت: (إن له لحلاوة، وإن عليه لطلاوة، وإن أسفله لمغدق وإن أعلاه لمثمر، ما يقول هذا بشر) وەکو دەردەکەوێت وەلید سەرەڕای ئەوەی دوژمنی ئیسلام بووە بەڵام باس لە شیرینی و جوانی ئایەتەکانی قورئان دەکات و دەڵێت ئەوە قسەی مرۆڤەکان نییە و دیارترین حەق و ڕاستیش وەکو وتراوە ئەوەیە دوژمنان شایەتی بۆ بدەن.

---

[١] - الروم

[٢] - الفتح:٢٧.

[٣] - هود:٤٩

ئەوەش بزانە کە شـەیتان پەیمانی داوە و لەسـەر خۆی واجبی کردووە بەردەوام بێـت لە گومڕاکردنی مرۆڤەکان و دوورخســـتنەوەیـان لە حەق و ڕازاندنەوەی باتڵ بۆیان: (لأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِــرَاطَكَ الْمُسْــتَقِيمَ* ثُمَّ لآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَــمَآئِلِهِمْ وَلاَ تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَــاكِرِينَ)[١] لە خراپییەکانی ئەم ڕۆژگارەش ئەوەیە شەیتانەکانی جنۆکە و شەیتانی مرۆڤەکان یەکیان گرتووە لەســەر گومڕاکردن و ســەر لێ شــێواندنی موســوڵمانان و دوورخســتنەوەیان لە ڕێگای حەق، ڕاگەیاندنەکانیش لەسـەرتاسـەری دونیادا ڕۆڵی شــەیتان دەبینن و شــەو ڕۆژ ماندوو نەناســانە خەڵکی لە ڕێگای ڕاســت لادەدەن و لە ڕێگەی گومان وشوبهە، هەروەها سێکس و شەهوەتەوە، دین و ئاکاریان تێک دەدەن، بۆیە ئەرك و لێپرسـراوێتی موسـوڵمان لەم سـەردەمەدا لە هەموو ســەردەمێکی تر قورســترە و ئەگەر لەســەر ڕێگای حەق کە ڕێگای حەقیش تەنها و تەنها ئیسـلامە جێگیر ببێت پاداشـت و پلەو پایەشی گەلێك گەورەو مەزنە.

ڕێبـاز و ڕێچکەکانی تریش، بەرنـامە و دینە دەســتکردەکانی تریش، عەلمانییەت و دیموکراســی ومارکســیەت و ســەرمایەداری و ناســیونالیزم و بەرنـامە بچووك و پوچەڵەکانی تری ســەرزەوی هەمووی بـانگەشــەی ئەوە دەکەن کە حەق بەخۆیـانە و بەختەوەری مرۆڤەکـان لەلای ئەوانە، بەڵام

[١] - الأعراف:١٦-١٧.

هەرکەسێك نوری عەقیدەی ئیسلام وشەریعەتەکەی دڵ و دەروونی ڕوناك کردبێتەوە دەزانێت کە ئەوانە هەموو هەوڵی شەیتانە بۆ جێبەجێکردنی پەیمانەکەی لەسەر گومڕاکردنی مرۆڤەکان و بەلاڕێبردنیاندا، دڵنیاش دەبێت لەوەی دینی ئیسلام و بەرنامە و بیروباوەڕ و شەریعەتەکەی چاکترین و پەسەندترینە و دەستەبەری سەربەرزی دونیا و بەختەوەری دوارۆژە،

الله تعالى فەرموویەتی: (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا)[1] هەروەها فەرموویەتی: (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ)[2]

[1] - المائدة:٣.

[2] - آل عمران:٨٥.

29

# دینی ئیبراهیمی نوێ هەوڵێك بۆ ڕوخاندنی عەقیدەی تەوحید

دینێکی نوێ بە ناوی دینی ئیبراهیمی بەڕێوەیە، ئیمارات بەڕابەرایەتی کردن و پارە بۆ خەرج کردن و، بە پشتگیری و پیرۆزبایی ئەزهەر و زۆرێك لە بەناو زانای خۆفرۆش و دینفرۆش، کار بۆ بەرپاکردنی و بڵاوکردنەوەی دەکرێت.

ئەم دینە هەوڵێکی زۆر دەدرێت بۆ ئەوەی پۆشاکێکی شەرعی لەبەر بکرێت و پاساوی لەشێوەی خۆڵ لەچاوکردن بۆ بهێنرێتەوە.

لەبەر زۆر هۆکار لەوانە جەهلی خەڵکی بە عەقیدەو بیروباوەڕ و بە زانستی شەرعی بەگشتی و زۆریی خەڵکی گومڕا لەژێر ناوی جۆراوجۆردا، کوردستان مەترسی ئەوەی لەسەرە ببێتە گۆڕەپانێکی بەرین و ئاسان بۆ تاقیکردنەوەی ئەو دینە تازەیە، هاوشێوەی دەججال سەرانی ئەم دینە تازەیەش پاساوی عەقڵی و بەهانەی ڕوکەشی و بەرواڵەت پەسەند و وەرگیراوی بۆ دەهێننەوە.

بۆیە پێویستە و ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر ئەوانەی پەرۆشی تەوحید و بیروباوەڕەکەیانن، پەردە لەسەر ئەو گومڕایی و لادانە لە ڕاستە ڕێگای ئیسلام هەڵماڵن و حەقیقەتی ئەو پلانە بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەن، نەوەك لە کاتی گەیشتنی ئەو بیرۆکە دژوارە لەگەڵ ئیسلامدا بە کوردستان و بەمیللەتی کورد، خەڵکی پێی هەڵدەخەڵەتێن و دینەکەیان لەدەست بدەن.

بەداخەوە - لە ئێستادا - میللەتی کورد لەبەردەم ئەو جۆرە بانگەشە و بانگەوازانەدا پارووبەکی ئاسانە بۆ سەرانی ئەو دینە نوێیە و جێگای تەماعی ئەوانە، چونکە کورد بە عاتیفە ئیسلام دەناسێت و شارەزایی لە دینەکەیدا و بەتایبەتی لە بواری عەقیدە و تەوحید و بنەماکانی ئیسلامدا زۆر زۆر کەمە و ئەوانیش جۆرەها ڕێگەی کاریگەر و پلان بۆ داڕێژراو دەگرنەبەر بۆ لە خشتەبردنی خەڵکی.

لەلایەکی تریشەوە میللەتی کورد لێوان لێوە لە خەڵکی هەژار و نەدار و چەوساوە بەدەستی نەبوونی کە وێڵە بەدوای هەر ڕێگەیەکدا قوتی ماڵ و مندالەکانی پێ مسۆگەر بکات، ئەوانیش پارەی زۆریان بۆ هەڵڕێژراوە لە پێناو بڵاوکردنەوەی دینەکەیاندا و لەو پێناوەدا خەرجی دەکەن.

جگە لەوەش زۆر بەناو بانگخواز و کەسایەتی ئیسلامی سیاسی خاوەن دیدی ناکۆك لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا هەر خۆیان بیرکردنەوەیان وەکو بیرکردنەوەی سەرانی ئەو دینە تازەیە و کورد واتەنی لە خوایان ئەوێت ئەو دینە بێتە کوردستانەوە بۆ ئەوەی ببنە عەرڕاب و چاوساغی گەیاندنی بە کوردی داماو.

بێگومان عەلمانییەکانیش پێشوازییەکی گەرم لەو دینە دەکەن و هەموو کارئاسانییەك بۆ بڵاوبوونەوەی دەکەن، چونکە دەزانن مەبەست لێی تێکدان و شێواندنی دینی ئیسلامە هەر بەناو ئیسلامیشەوە موسوڵمانان لە ڕێگای ڕاست دووردەخاتەوە.

(الأديان الإبراهيمية) يان (وحدة الأديان) يان (الديانة العالمية) هەموو ئەمانە زاراوگەلێکن مەبەست لێیان تێکەڵ کردنی حەق و باتڵە بەبەهانەی پێکەوە ژیان و برایەتی مرۆڤایەتی و درووست کردنی دینێکی یەکگرتوو لە نێوان هەرسێ ئایینەکەدا و هەوڵێکە بۆ یەکگرتنەوەی ئایینەکانی ئیسلام و نەسرانی و جولەکە و دواجار کۆشش و بەرنامەیەکە بۆ کاڵکردنەوەو نەهێشتنی سنوورەکانی عەقیدەو تەوحید و ولاء و براء لە ئیسلامدا کە بەو شێوە شیرازەی موسوڵمانان تێکدەچێت و دەشێوێت.

ئەم بانگەشـە و دینە نوێیەش، لە ڕاسـتیدا ڕەگ و ڕیشـەی کۆنە و هەر زوو جولەکە و نەساڕاکان داوایان لە پێغەمبەر ﷺ کرد سازشیان لەگەڵدا بکات و هیچ نەبێت بڵێت ئێوەش وەکو ئێمە لەسەر حەقن و بیروباوەڕەکەتان تەواوە، بەڵام قورئـان قســەی یەکلاکەرەوەی لەو بـارەوە کرد و الله تعـالی فەرمووی: (وَقَالُوا كُونُوا هُودًا أَوْ نَصَارَى تَهْتَدُوا قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ)[١].

لەم میانەشـدا ئەزهەر و زانایانی دین فرۆش و سـەر بە دەسـەڵاتە عەلمانی و لیبڕالییەکان لە وڵاتانی تر، پشـتگیری خۆیان بۆ ئەو دینە تازە دەردەبڕن و کار بۆ سـەرخسـتنی دەکەن، ئەو بەناو زانا دین فرۆشـانە بەبێ هیچ شـەرمێك نە لە الله و نە لە موسـوڵمانان پشـتگیری خۆیان بۆ ئەو دینە دروستکراوە دەردەبڕن و دەستخۆشی لە دەوڵەتی ئیمارات دەکەن.

ئامانج لەم دینە ئەوەیە موسـوڵمانان و نەسـاڕا و جولەکەکان بڵێن هەموومان لەسـەر حەق و ڕێگای ڕاسـتین و هەموو ئەم دینانە بەو شـێوەی کە ئێسـتە هەیە ڕاسـتەو و لەلای الله وە دابەزیون، وەکو ئەوەی الله تعالی لە قورئاندا نەیفەرموبێت: (وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ

[١] - البقرة/١٣٥

مِنَ الْخَاسِـرِينَ)[1] هەروەها ســورەتی الکافرون یش بەڵگەیە لەســەر ئەوەی پێغەمبەری پێشــەوا ﷺ هیچ سـازشـێکی هەرگیز لەگەڵ کوفردا نەکردووە و لە عەقیدەی تەوحید بۆ چرکە ساتێکیش دانەبەزیوە.

ســەرانی ئەم دینە تازە دەڵێن پەرســتراو یەکێکە و ڕێگاکان جیاوازن و ئەوەش هیچ کێشــەی تێدا نییە! واتە ئەوان دەڵێن ئەو شــەریعەتە گۆڕاو و تێکدراوەی جولەکەو نەساڕاکانیش هەر وەکو شەریعەتی پاك و پاراوی ڕاستی ئیســلام کەســەکان دەگەیەنێتە الله، بەو پێیەش دەبێت موســوڵمان هەموو لادان و گومڕاییەکانی ئەوان بەباش و بێ کێشــە بزانێت، کە ئەوەش کوفرێکی ڕاشکاوانە و دیارە موسوڵمان لە بازنەی دینەکەی دەردەکات.

لە ڕاستیدا ئەم بانگەشەیە - وەکو شێخ بکر أبو زید دەڵێت - کۆمەڵە ئامانجێکی فەلســەفی و ســیاســی و ئیلحادی لە پشــتەوەیە، جۆرێکیشــە لە تۆڵەکردنەوەی ئەوان لە ئیســلام و موســوڵمانان، چونکە کۆمەڵە ئامانجێکی زۆر ترسناکیان هەیە کاری بۆ دەکەن، لەوانە:

[1] - آل عمران/٨٥.

١- درووستکردنی قۆناغێك لەسەر لێشێواندنی موسوڵمانان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی گومان و حەزو ئارەزوو، کە دواجار ئەوشە دەبێتە مایەی درووستبوونی موسوڵمانی ڕاڕا و بێ یەقین.

٢- سنووردارکردنی بەرفراوان بوونی کاری ئیسلامی و بچووك کردنەوەی و درووست کردنی بەربەست لەبەردەم بانگەوازی ئیسلامدا.

٣- هەوڵێکە بۆ لاوازکردنی ئیمان و بیروباوەڕ لە لای موسوڵمانان و بنەبڕکردنی بانگەوازی تەوحید کە بنچینەی مانەوەی ئیسلام و موسوڵمانانە.

٤- ڕێگە گرتن لەوەی کەس بوێرێت جولەکە و نەسارا تەکفیر بکات، بەڵکو وەکو برای ئایینی تەماشا بکرێن و بەو شێوەش موسوڵمانان بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن بەشێکی زۆر لە ئایەتەکانی قورئان لەو بارەوە ڕەتدەکەنەوە و نکۆڵی لێ دەکەن.

٥- لە ڕێگەی بانگەشەی یەکگرتنی ئایینەکان، کار دەکرێ گۆڕانکاری گەورە لە شێوازی بیرکردنەوەی موسوڵماناندا دروست بکرێ بە شێوازێك بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن ببنە دوژمنی دینەکەی خۆیان، لەڕێگەی کارنەکردن بەشەریعەت و گوێنەدان بە سنوورەکانی عەقیدە.

٦- هەوڵێکە بۆ لاوازکردن و بێ هەیبەت کردنی ئیسـلام بە شـێوەیەك کە ببێتە دینێـك هـاوشـێوەی هەر دینێکی تری دەسـتکردی مرۆڤەکان و وەسەنی و جیاوازی نەبێت لەگەڵیاندا.

٧- ڕێخۆشکەری بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینی نەساڕاو جولەکە دەکات لەناو موسـوڵمـانـانـدا و کار دەکات بۆ کپ کردنەوەی هەر کاردانەوەو غیرەتێکی موسوڵمانان لەسەر عەقیدەو دینەکەیان.

٨- بەدیهێنـانی ئـامـانجی هەرە گەورەش کە بریتییە لە زاڵبوونی یەهود و نەساڕا و مارکسییەکان بەسەر هەموو جیهاندا و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی و بەتایبەتریش دەسـتگرتن بەسـەر دوورگەی عەرەبدا کە کەعبەو شـوێنە پیرۆزەکان و قەبری پێغەمبەر ﷺ لەخۆ دەگرێت و سـەرەتاکانی ئەوەش بەداخەوە درووسـت بووە، ئەویش لە ڕێگەی داگیرکارییەکی فیکری و ڕۆشنبیری و ئابووری و سیاسی و بەرپاکردنی بازاڕێکی هاوبەش کە شەریعەتی ئیسلام بەهیچ شێوەیەك دەسەڵاتی بەسەریدا نەبێت، بەو شێوەش هەموو خراپەکانی وەکو سوو و داوێن پیسی و بێ ڕەوشتی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە تەشەنە دەکات.

بەبێ هیچ گومانێك شــەریعەتی ئیســلام كۆتا ڕێبازو شــەریعەتە بۆ مرۆڤایەتی و الله تعالی بەهیچ ڕێگاو ڕێبازێکی تر جگە لە ئیســلام ڕازی نابێت، بۆیە پێویستە هەموو ئەوانەش خۆیان بە یەهودی و بە نەسرانی دەزانن ببنە موسوڵمان وبێنە سەر دینی حەق.

هەروەها پێویســتە و واجبە لەســەر هەموو موســوڵمانێك لە دڵەوە و بە زمانی و بەهەموو توانایەکی لەدژی ئەو دینە نوێیە بوەســتێتەوە و ماڵ و منـاڵ و کەس وکار و دەوروبەری لەو شــەڕو خراپەیە بپـارێزێـت و نەڵێـت پەیوەندی بە منەوە نییە، چونکە نکۆڵی کردن و ڕووبەڕووبوونەوە بەبەڵگە و بەیان و بانگەواز و ڕوونکردنەوە لەگەڵ ئەو ئایینە تازەیەدا، فەرزێکی عەینییە لەســەر هەموو موســوڵمـانێك، لەبەر ئەوەی ئەو بـانگەشــەیە کە ئـایینی ئیسلامی وەکو عەقیدەت و شەریعەت کردووەتە ئامانج.

30

# ئەوەی بە دڵ و خەیاڵتدا دێت لەسەرت حیساب نیە تاکو نەبێتە گوفتار و کردار

ئەو وەسوەسە و خەیاڵات و قسەی خراپ و کوفرانەی دێن بە دڵ و دەروونی موسوڵماندا و هێرش دەکەنە سەری بەبێ ویست و حەزی خۆی، کاریگەریان نییە و لەسەری بەتاوان ناژمێردرێت مادام ئیمان لە ناخی دڵیدا جێگیر بووە.

ئەمەیان جیاوازە لە کەسێك کە دڵی گومانی تێدایە و ئیمانی لاوازە و هێشتا بەتەواوەتی و بەیەقین باوەڕی بە کۆڵەکەکانی ئیسلام و ئیمان نەهێناوە، ئەمەیان لەسەری حیسابە و بە ئیماندار ناژمێردرێت.

ئەوەی کە بە ویست و هەڵبژاردنی بەندە نییە و هێرش دەکاتە سەر دڵ و دەروون و ناخی ئەوە وەسوەسەی شەیتانە، بەسە بۆ بەندە کە گوێی پێ نەدات و ئیهمالی بکات و گرنگیشە کە باسی نەکات و وەکو ئەوەی کە هەر هیچ نەبووبێت مامەڵە بکات، چونکە فەزڵ و چاکەی الله یە بەسەرمانەوە کە ئەو جۆرە وەسوەسانەمان لەسەر حیساب ناکات.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(إن الله تجاوز لأمتي عما وسوست أو حدثت به أنفسها ما لم تعمل به أو تكلم)**[1] واتە: الله عزوجل لە وەسوەسە وقسەی ناودەروونیان خۆش بووە بەمەرجێك كاری پێ نەكەن و باسی نەكەن.

هەروەها ئەم فەرموودە لەلایەكی ترەوە فەزڵ و چاكەی الله یە لەگەڵماندا بەوەی لێمان خۆشبووە لە هەر قسەو باس و نیەتێكی خراپە كە لەناو دڵماندا تاوتوێی دەكەین تاكو نەگاتە ئەوەی باسی بكەین یان نەیخەینە بواری جێبەجێكردنەوە الله لێمان ناگرێت و تاوانبار نابین لەسەری.

زانایان یەكدەنگن و تێگەیشتنی هەموویان بەو جۆرەیە - وەكو النووي فەرموویەتی: كە ئەو خەیاڵ و قسەو باس و نیازی خراپە و شتی نابەجێ كە بەدڵ و دەروونی خەڵكیدا دێت گوناهبار نابن لەسەری چونكە بەدەستی خۆیان نییە و ناشتوانن ڕێگری لێ بكەن و خۆیانی لێ ڕزگار بكەن، ئیتر ئەو شتە غەیبەت بێت یان نیازی خراپە بێت و جێبەجێی نەكەن یان كوفر و جۆرە قسەیەك بێت كە خودی بەندەكە موچركە دێت بەلەشیدا بەو ختورە و خەیاڵە لەترسی گەورەیی و خراپی ئەو جۆرە قسە و كوفرانەی كە بەدڵیدا دێت، ئەمەش وەكو بەشێك لەشەرح و شیكردنەوەی ئەو فەرموودەی سەرەوەی بوخاری موسلیم باسیان كردووە.

---

[1] - البخاري: (٢٥٢٨)، مسلم:(١٢٧).

هاوەڵان لە پێغەمبەر ﷺ پرسیاریان دەکرد و دەیانفەرموو: (إنا نجد في أنفسنا ما يتعاظم أحدنا أن يتكلم به؟ قال: وقد وجدتموه؟ قالوا: نعم، قال: ذاك صريح الإيمان)[1]. واتە: ئێمە هەست بەقسەی وا دەکەین لە دڵ و دەروونماندا ئەوەندە سەخت و گەورەیە ناتوانین باسی بکەین. پێغەمبەر ﷺ پێ فەرموون: جا هەستتان بەشتی وا کردووە؟ وتیان بەڵێ، فەرمووی ئەوە ئیمانی ڕاشکاوە.

بەڵام دەبێت موسوڵمان وریا بێت لە ڕۆچوون و بایەخدان بەو جۆرە وەسوەسانە چونکە بۆی هەیە سەر لە شتی خراپەوە دەربکات، لە فەرموودەدا هاتووە: (يأتي الشيطان أحدكم فيقول: من خلق كذا؟ من خلق كذا؟ حتى يقول: من خلق ربك؟ فإذا بلغه فليستعذ بالله ولينته)[2] واتە: شەیتان دێت بۆ لای کەسێك لە ئێوە و دەڵێت: کێ فڵانە شتی دروست کردووە وکێ فیسارە شتی دروستکردوە؟ تاکو دەگاتە ئەوەی دەڵێت کێ پەروەردگاری تۆی دروست کردووە؟ جا ئەگەر شتێکی وا بە دەروونی کەسێکدا هات با پەنا بە اللە بگرێت و بڵێت (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) و ئیتر ڕۆنەچێت لەگەڵ ئەو مەسەلەدا، لە ڕیوایەتێکی تری موسلیمیشدا هاتووە با بڵێت باوەڕم بە اللە هەیە و گوێ بە وەسوەسەی شەیتان نەدات.

[1] - مسلم (١٣٢)، وأبو داود (٥١١١)، والنسائي في (السنن الكبرى) (١٠٥٠٠)، وأحمد (٩٦٩٤) واللفظ له.
[2] - البخاري (٣٢٧٦)، ومسلم (١٣٤).

ئەڵبەتە ئەمەی باسمان کرد  ئەو کەسە ناگرێتەوە کە کوفر بە دڵیدا دێت و پێی ناخۆش نییە و پێی ڕازییە و لەدڵیشـــیدا جێگای خۆی دەکاتەوە و دواتریش دەبێتە گوفتار و کردار ئەوە کوفری تەواوە و ڕەگەکەی لەدڵدایە و شوێنەواری لە ئەندامەکانی بەندە دردەکەوێت.

پوختەی باســـەکە ئەوەیە ئەوەی بەدڵ و دەروونی بەندەدا دێت لە کوفر و ویســـتی تاوان و غەیبەت و جنێودان و قســـەکردن بەخەڵکی مادام خۆی هاندەرو درووستکەری ئەو خەیاڵاتە نییە و باوەڕی پێی نییە و حەزی لێ ناکات و نایکاتە قســەکردن و باسی بکات یان کردەوەی پێ بکات، لەســەری گوناهبار نابێت و ئەوەندە بەسە پەنا بە الله بگرێت لەشەڕو خراپەی شەیتان و بڵێت آمنت بالله، یان بڵێت: **أعوذ بالله من الشیطان الرجیم.**

31

# حوکم نەکردن بە قورئان هەڵە و لادانێکی گەورەیە لە بیروباوەڕدا

چەمکی (الحكم بما أنزل الله) یەکێکە لە مەزنترین و گرنگترین چەمکەکانی عەقیدە لە ئیسلامدا و ئەوانەی پشت لە قورئان هەڵدەکەن و حوکم بە شەریعەتەکەی ناکەن الله عزوجل بە ڕاستەوخۆ لە سێ ئایەتدا بە فاسق و بە کافر و بە زاڵم وەسفی کردوون، هەروەها لە دەیان ئایەتی تردا لە قورئان و زۆر لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ جەخت لەسەر گرنگی ئەو مەسەلە کراوەتەوە لە ئیسلامدا.

(الحكم بما أنزل الله) واتە جێبەجێکردنی شەرعی الله لە واقیعی ژیانی دونیادا، واتە موسوڵمان لە ژیانی کەسێتی خۆی و لە پەیوەندی بە غەیری خۆیەوە و لە کاتێکدا بەرپرسیارێتی کەسانێکی تر لە ئەستۆ دەگرێت و لە هەموو کاروبارەکانی ژیانیدا شەرعی الله عزوجل جێبەجێ بکات، واتە حوکم کردن بە شەرع گشتگیرە بۆ تاك و خێزان و بۆ کۆمەڵگا، هەمووان دەبێت ملکەچی حوکمەکانی قورئان و سوننەت بن، مادام خۆیان بە موسوڵمان دەزان، ئەوە ماف و واتا و مەرجێکی سەرەکی موسوڵمان بوونیانە کە حوکم

بە شـــەرعی الله بکەن و ڕازی بن بەرپای بکەن بەو شـــێوەی کە الله تعالی پێی ڕازییە.

الله عزوجـل هەموو پێغەمبەرانی بۆ ئەوە نـاردووە خەڵکی حوکم بە شـــەریعەتەکەی بکەن و کاروبـاری ژیـان و دوارۆژیـانی پێ بەرێوە ببەن: (لَقَدْ أَرْسَـــلْنَا رُسُـــلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَ أَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْـــطِ)[1] فەرمانی بە پێغەمبەریش کردوە ﷺ کە حوکم بە قورئان بکات و فەرموویەتی: (وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُوكَ عَنْ بَعْضِ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ)[2] گەڕانەوەشی بۆ شەرعی الله و حوکمی پێغەمبەر ﷺ بە مەرجی ئیمان داناوە و ڕازی بوونی دڵ و ناخی کەســـەکەش بە قورئان و ســـوننەت بە مەرج گیراوە بۆ ئیمانی هەر کەســـێك، وەکو فەرموویەتی: (فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا)[3]

هەروەهـا الله عزوجـل ڕوونی کردووەتەوە کە بـاوەڕ هێنـان بە الله و پـێـغەمـبەرەکەی کـۆنـابـنەوە لەگەڵ حـوکـم نەکـردن بەشـــەرعەکەی و فەرموویەتی: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ

[1] - الحديد: ٢٥.

[2] - المائدة: ٤٩.

[3] - النساء: ٦٥.

يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا)[١] بەڵكو ئیمانی هیچ کەسێك ئیمانێكی تەواو وەرگیراو نییە ئەگەر بە تەواوی خۆی بەدەست حوکمەکانی الله عزوجل نەدات: (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا)[٢]

ناحەزانی ئیسلام لە هەموو سەردەمێكدا هەموو توانا و وزەی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی شەرعی الله کاری پێ نەکرێت و بەرپا نەکرێت، بەداخەوە لەم سەردەمەی خۆماندا لە هەموو سەردەمێکی تر زیاتر توانیویانە ئەو ئامانج و ئاواتەیان بەدی بهێنن و ئەمڕۆ شەرعی الله لە بازنەیەکی تەسك و ناگشتگیردا جێبەجێ دەکرێت و کارەساتیش ئەوەیە کە موسوڵمانان بە زۆری دەسەڵات و بە ڕێگای جۆراوجۆرەوە ناچار کراون و هەندێ جار هەر خۆیان قەناعەتیان بۆ درووست دەبێت کە حوکم بە قورئان و سوننەت نەکەن و لەبەرانبەردا حوکم بە یاسا دەسکردە پڕ لە کەموکورتییەکانی مرۆڤەکان بکەن.

---

١ - النساء: ٦٠.

٢ - الأحزاب: ٣٦.

یەهود و نەسارا بەردەوام هەوڵ و کۆششیان بۆ ئەوەیە موسوڵمانان حوکم بە قورئان نەکەن و پشــنی لێ هەڵبکەن، بەداخەوە موســـوڵمانانیش بەهۆی لاوازی لایەنی شـــەرعی و نـاجێگیری عەقیـدەیـان، هەروەهـا لەبەر سـەرسـام بوونیان بە پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیای ڕۆژئاوا گوێڕایەڵییان دەکەن و متمانەی زۆریان پێیانە و بگرە بەدەر لە بنەمای ولاء و براء ئەوانیان خۆش دەوێت و پێان سەرسامن و لاساییان دەکەنەوە.

الله عزوجل ئێمەی ئاگادار کردووە کە جولەکە و نەسـارا بە کەمتر لە شـــوێنکەوتنی دینەکەیـان لە موســـوڵمـانـان ڕازی نـابن و فەرموویەتی: (وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ)[1] بەڵام زۆربەی موســوڵمانان بە هۆیْ نەشـــارەزاییـان لە مەنهەجی بیروبـاوەڕ و تەوحیـد لە قورئـانـدا بوونەتە نێچیرێکی ئاسـان بۆ نەیارەکانی دینەکەیان و بە شـێوازێکی سـەرسـوڕهێنەر پلانەکانی ئەوان چۆن بیانەوێت بەوشێوە بۆیان جێبەجێ دەکەن.

لە ڕاســتیدا موســـوڵمـان نە بەختەوەر دەبێـت و نە ڕزق و ڕۆزی فراوان دەبێت و نە سـەرکەوتن بەچاو دەبینێت و نە هەسـت بە ئاسـوودەیی دڵ و دەروونی دەکات و نە دەتوانێت بەندایەتی بەو شـــێوەی الله داوای لێ دەکات جێبەجێی بکات، بەبێ ئەوەی لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا و هەروەها

[1] - البقرة: ١٢٠.

لە هەموو کاروبارێکی عیبادەت و بانگەواز و پەروەردەیدا نەگەڕێتەوە بۆ شەرعی الله و کیتاب و سوننەت نەکات بە سەرچاوەی حوکم و بە مەشخەڵی ژیانی خۆی و تاکو هەموو یاسا و ڕێسایەکی ناکوک لەگەڵ قورئان وسوننەتدا ڕەت نەکاتەوە ئیمان و تەوحیدی تەواو نییە.

حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە کە تەوحیدی موسوڵمان تەواو نییە و ئیمانی نوقسان و ناپەسەندە تاکو لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا خۆی ڕادەستی شەرع و حوکمی قورئان و سوننەت نەکات و بە حوکمی شەرع ڕازی نەبێت، چونکە مەسەلەی **(الحكم بما أنزل الله)** بەشێکی جەوهەری و مەزنە لە تەوحیدی (الربوبية) پەروەردگارێتی، الله فەرموویەتی: **(اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ)**[١] الله عزوجل توڕەیی و قینی خۆی دابەزاندووەتە سەر ئەو کەسانەی کە حوکم بەشەریعەتەکەی ناکەن، لەبەر ئەو هۆیەش بە کافر و زاڵم و فاسق وەسفی کردوون و فەرموویەتی: **(وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْكَافِرُونَ)**[٢] **(وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الظَّالِمُونَ)**[٣]، **(وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْفَاسِقُونَ)**[٤]

---

[١] - التوبة/٣١.

[٢] - المائدة/٤٤

[٣]- المائدة/٤٥

[٤] - المائدة/٤٧.

سـەبارەت بەو وتەی عبدالله بن عباس الله لێی ڕازی بێت کە دەربارەی ئەم مەسـەلە فەرموویەتی (کفر دون کفر) هەر لەم زنجیرەیەدا باسـێکی بۆ تەرخان دەکەین إن شـاء الله چونکە ئەو مەسـەلە پێویسـتی بە وەسـتانێک هەیە لەسەری..

32

## وتەیەك دەربارەی (كفر دون كفر)

یەکێك لەو وتە بەناوبانگانەی لە عبدالله بن عباس الله لێی ڕازی بێت دەگێڕدرێتەوە و گەورەترین مشت و مڕی لەسەر درووست بووە و زۆرترین قسەی لەسەر کراوە و ناکۆکیشی لەسەر درووست بووە ئایا وتەیەکی ڕاست و درووستە و سەنەدەکەی صحیح ە، یان نەخێر زنجیرەی سەنەدەکەی لاوازی تێدایە و ناشێت لەمەسەلەیەکی گەورەی وەکو (الحكم بما أنزل الله) بکرێتە بەڵگە، ئەو وتەیە کە ئەو هاوەڵە بەرێزە لە تەفسیری ئایەتی (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ) لێی دەگێڕدرێتەوە، کە فەرموویەتی ئەو کوفرە نییە کە کەسەکە لە بازنەی ئیسلام دەربکات بەڵکو ئەوە کوفری بچووکە و بە (كفر دون كفر) دەربڕینی لێ کردووە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە الله جل وعلا بە ڕاشکاوی و بە وشە و دەربڕینێکی عەرەبی ڕوون و ڕاشکاو سیفەتی کوفر و زوڵم و فیسقی داوەتە پاڵ ئەو کەسەی کە بە قورئان حوکم نەکات.

پێش ئەوەی لە ڕۆشنایی قسەی فەرموودەناساندا باس لە سەنەدی ئەو وتەیەی ابن عباس بکەین، پێویستە بزانین ئەم هاوەڵە بەڕێزە تەمەنی سیانزە ساڵ بووە کاتێك پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کردووە، حوکمڕانەکانی سەردەمی ئەویش بریتی بوونە لە خەلیفە أبو بكر الصديق وعمر بن الخطاب و عثمان بن عفان و علي بن أبي طالب الله لە هەموویان ڕازی بێت و تاکو

دەگاتە سەردەمی عبد الملك بن مروان کە ابن عباس لەو سەردەمەدا و لە ساڵی ٦٨ ی کۆچی وەفاتی کردووە، واتە ئەو سەردەمانەی ئەوی تێدا ژیاوە لە هەموویدا حوکم کردنی خەڵکی و وڵات بەڕێوە بردن هەمووی لەسەر بنەمای کیتاب و سوننەت بووە و شتێك نەبووە هاوشێوەی ئەم سەردەمە کە حوکمی الله بە جارێك لابرێت و لە جیاتی ئەوەش حوکم بە یاسا و ڕێسای دەستکردی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پێچەوانەی کیتاب و سوننەت بکرێت ونەکەسیش ئەوەی بە خەیاڵدا هاتووە.

سەرەتا با لە ڕۆشنایی قسەی زانایاندا و بە کورتی ئاماژە بۆ سەنەد و ڕێگای جێگیربوونی وتەکەی ابن عباس (کفر دون کفر) بکەین و بڵێین: لە ڕاستیدا ئەم (أثر)ەی ابن عباس (الله لێی ڕازی بێت) زانایان لە دێر زەمانەوە ناکۆکی لە نێوانیاندا لەسەر سەنەدو جێگیر بوونی درووست بووە و زۆرێك لە زانایان و لەفەرموودەناسان ئەو قەولەیان ڕەت کردووەتەوە و و بە ضعیف یان زانیوە لەبەر ئەم هۆکارانە:

- ئەم فەرموودەیە سەرەتا پێویستە بزانین مەوقوفە و مەرفوع نییە، لەلایەن ابن أبي حاتم والحاکم لە کتێبی المستدرك والبیهقي لە کتێبی السنن و هەروەها المروزي لە کتێبی تعظیم قدر الصلاة وابن عبدالبر لە التمهید لە

ڕێگەی هشام بن حجیر بە گێڕانەوە لە طاووس ئەویش بە گێڕانەوە لە ابن عباس ڕیوایەت کراوە وەکو زانایان دەفەرموون.

ئەمەش نموونەی ڕیوایەت و وتەی الصنعاني یە لەسەر مەسەلەکە:
قال الأمام عبد الرزاق الصنعاني في (تفسيره) كما في تفسير ابن كثير(٢/٩٧): أخبرنا معمر عن ابن طاووس عن أبيه قال سئل ابن عباس عن قوله: (ومن لم يحكم... ) قال هي (به كفر) قلت: هذا إسناد صحيح ورواه ابن جرير الطبري في تفسيره(٦/٢٥٦) و ابن نصر في (تعظيم قدر الصلاة) رقم(٥٧٠)كلاهما من طريق عبد الرزاق به وزادا: قال ابن طاووس: (وليس كمن كفر بالله وملائكته وكتبه ورسله)

ئەم وتەیەی ابن عباس لە تەفسیرەی ئایەتەکانی سورەتی المائدة دا باس دەکرێت کە الله عزوجل سیفەتی کوفر و زوڵم و فیسقی داوەتە پاڵ هەرکەسێك حوکم بە قورئان و شەریعەتی رب العالمین نەکات، قەولەکەشی ئەوەیە کە فەرموویەتی (کفر دون کفر) واتە ئەو کوفرە نییە کە ئێوە بۆی دەچن بەڵکو کوفری بچووکە و کەسەکە لە بازنەی ئیسلام پێی دەرناچێت، بە دەستەواژەیەکی تر بۆ ئەم سەردەمەی خۆمان واتە ئەوانەی حوکم بە قورئان و بەشەریعەت ناکەن و لەبریدا حوکم بە قانونی فەرەنسی و ئەمریکی و هەر یاسا و ڕێسایەکی تری مرۆڤەکان دەکەن، ئەگەر لە ناخیاندا باوەڕیان وا نەبێت کە ئەو حوکم و یاسایە لە حوکمی قورئان و لەشەریعەتی ئیسلام باشترە با حوکمیشی پێ بکەن پێی کافر نابن و تەنها تاوانێکە و ئەنجامیان داوە.

لە ڕاستیدا ابن عباس لەوە گەورەتر و تێگەیشتوترە لە عەقیدەی ئیسلام بەرگری لە موسوڵمان بوونی کەسێك بکات کە حوکم بە کتێبی اللہ نەکات وحوکم بە غەیری شەریعەتی ئیسلام بکات، بۆیە ئەگەر سەنەدی ئەو قەولە صحیح یش بێت وەکو هەندێ لە زانایان دەڵێن بێگومان مەبەستی ئەم واقیعە تاڵەی ئەم سەردەمەی خۆمان نییە کە شەریعەتی ئیسلام تێیدا لابراوەو گۆڕدراوە بە یاسا و ڕێسا دەستکردەکانی مرۆڤ، بەلکو ابن عباس لەسەردەمی خەواریج بوو و خەوارجیش موسوڵمانیان بە تاوان تەکفیر دەکرد، بۆیە لە حاڵی جێگیر بوونیدا مەبەستی ئەوانە بووە.

ئەهلی سوننەت و جەماعەتیش ڕاستە و حەقە کە ئەنجامدەری تاوانی گەورە بە کافر نازانن مەگەر ئەو تاوانە بەحەڵاڵ بزانێت واتە (استحلال) ی بکات.

ئەم قەولەی ابن عباس هەموو ڕێگەکانی دەچنەوە سەر (هشام بن حجیر) و فەرموودەناسان قسەیان لەسەر ئەو هیشامە کردووە و پێشەوایان أحمد بن حنبل و یحیی بن معین بە ضعیف یان زانیوە و سفیان بن عیینةش دەیوت ئێمە هیچمان لە هیشام وەرنەدەگرت ئەگەر لە لای غەیری ئەو دەستنەکەوتایە و تەنها ئەو ڕیوایەتی بکردایە، لەبەرانبەردا بۆچوونی تریش دەربارەی ئەو هیشامە هەیە.

ئینجا ئەوانەی کە لەم مەسەلەدا قسەیان کردووە و توویانە ئەو قەولە بەو شێوەیە (کفر دون کفر) جێگیر نەبووە و ڕاست نییە، بەڵکو ئەوەی جێگیر بووە و سەحیحە ئەوەیە کە المروزی لە تعظیم قدر الصلاة و عبدالرزاق لە المصنف دا ڕیوایەتیان کردووە لە فەرموودەی معمر لە طاوس لە باوکیەوە کە ابن عباس دەربارەی ئایەتی (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ) پرسیاری لێ کراوە فەرموویەتی: (هي به كفر) واتە: کەسێك بە قورئان حوکم نەکات بەوە کافر دەبێت و وەکو لەو تەحقیقەی عبدالعزیز الطریفي کردوویەتی و بەوە گەیشتووە کە ئەوەیان صحیح ە نەك ئەوەی کە وتبێتی (کفر دون کفر) چونکە لە ڕاستیدا کەسێك بڵێت حوکم نەکردن بە قورئانی پیرۆز کوفر نییە و تەنها تاوانە لە کاتێکدا الله عزوجل لە سێ ئایەت بە دوای یەکدا بە ڕاشکای و بە صریح ی فەرموویەتی ئەوەی حوکم بە قورئان نەکات کافرە و زاڵمە و فاسقە، ئەوە دژایەتییە بۆ پەیامی پێغەمبەران (علیهم السلام) و هەڵوەشانەوەیە بۆ حوکمەکانی قورئان کە الله تەشریعی کردووەو دایبەزاندووە، بەڵکو ڕاست ئەوەیە - وەکو الشنقیطي دەڵێت - ئەو کەسەی حوکم بە قورئان نەکات و حوکم بە بەرنامەی تر بکات ئەوە کوفر و زوڵم و فیسقێکی گەورەیە نەك بچووك، لە ڕاستیدا من لێرەدا مەبەستم نییە ئەو مەسەلە لەڕووی سەنەدەوە شیبکەمەوە چونکە ئەوە بۆ خۆی کتێبێکی دەوێت.

بەڵام مەبەستمە بە کورتی بڵێم زانایان فەرموویانە ئەو قەولە بەو شێوەی کە مەشهورە ڕاست نییە و (شاذ)ە، لەبەر ئەوەی هاوەڵی لە ابن عباس شارەزاتر و نزیکتر لە پێغەمبەر ﷺ وەکو ابن مسعود و عمر بن الخطاب پێچەوانەکەیان ڕیوایەت کردووە، بەڵکو خودی ابن عباس ڕیوایەتی تری لەمە سەحیحتری لێ جێگیر بووە کە بە پێچەوانەوە وتوویەتی کەسێك حوکم بە قورئان نەکات لە ئیسلام دەردەچێت، ئینجا لە پیش هەموو ئەوانەشەوە ئایەتەکانی قورئان نەك تەنها ئەوەی کە لە سوڕەتی مائدة بەڵکو دەیان ئایەت و فەرمووەی صحیح ئەو حەقیقەتە بەیان دەکەن، هەروەها:

- ئیجماعی هاوەڵان الله لێیان ڕازی بێت لەسەر ئەوەیە کە کەسێك حوکم بە قورئان و شەریعەت نەکات لە ئیسلام دەردەچێت بۆ ئەوەی کەسێك لەوەدا ناکۆك بێت.

- ئایەتەکانیش بەچەندەها شێوە جەختیان لەسەر بێ باوەڕی ئەو کەسە کردووەتەوە کە پشت لە قورئان هەڵ بکات و حوکمی پێ نەکات.

ابن عباس الله لێی ڕازی بێت لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ کەسانێکدا گفتۆگۆی دەکرد وتیان أبو بكر و عومەر وایان فەرمووە، ئەویش فەرمووی پێم وایە ئێوە تیابچن! من دەڵێم پێغەمبەر ﷺ وای فەرمووە ئێوە دەلێن أبو بكر و عمر؟! کەسێك بەو شێوە قسەی ئەو دوو هاوەڵە ڕەت بکاتەوە کە بە جیاوازی بینیوە لەگەڵ فەرموودەی پێغەمبەر دا ﷺ، چۆن دەگونجێت قەولێکی لێ بگێڕدرێتەوە بۆ شەرعییەتدان بە حوکم نەکردن بە یاساو ڕێسای غەیری قورئان و بچووك کردنەوەی ئەو کارەساتە بە وەسفکردنی وەکو تاوانێکی ئاسایی: پیشەوا أحمد (٣١٢١) لە ابْنِ عَبَّاسٍ دەگێڕێتەوە، فەرموویەتی: (تَمَتَّعَ النَّبِيُّ ﷺ فَقَالَ عُرْوَةُ بْنُ الزُّبَيْرِ: نَهَى أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ عَنِ الْمُتْعَةِ ، فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: مَا يَقُولُ عُرَيَّةُ؟ قَالَ: يَقُولُ: نَهَى أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ عَنِ الْمُتْعَةِ ، فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: أُرَاهُمْ سَيَهْلِكُونَ أَقُولُ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ وَيَقُولُ: نَهَى أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ؟) کورتەی ئەو پەیامەش کە ئەم ڕیوایەتە هەڵیدەگرێت ئەوەیە ابن عباس ئیمانی وا بووە دەبێت موسوڵمان ملکەچی تەواوی هەبێت بۆ قورئان و بۆ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ هەموو قەولێکی پێچەوانەی ئەو دوو سەرچاوە ڕەتبکرێتەوە و کاری پێ نەکرێت ئەگەر قەولی أبو بكر و عمر یش بووە الله لێیان ڕازی بێت.

- ئینجا ئەگەر ڕیوایەتەکە بەو شێوەش کە باس کراوە و جیگیریش بوایە پرسیارێکی گرنگ دەمێنیت پێویستە لە خۆمانی بکەین: کەی قەولی هاوەڵ دەبێتە بەڵگە و واجبە کاری پێ بکرێت؟ زانایان دەفەرموون کاتێك قەولی صحابی دەبێتە حوججە و کاری پێ دەکرێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

- ئەگەر حوکمی ڕەفع وەربگرێت واتە ئەسڵی وتەکە بگەڕێتەوە بۆ حوکم و ڕێگەپێدانی پێغەمبەر ﷺ بۆ نموونە هاوەڵەکە بفەرمووێت: (أمرنا بكذا أو نهينا عن كذا أو من السنة كذا أو كنا نقول كذا...) واتە فەرمانمان پێدەکرا فلانە شت بکەین یان نەیکەین یان سوننەت وایە وابکرێت یان وامان دەوت و دەکرد ...هتد چونکە سەرچاوەی ئەو فەرمان و قەدەغە کردن و ئەنجامدان و نەدانە پێغەمبەر ﷺ خۆی بووە بۆیە قەولی هاوەڵ لەو حاڵەتانەدا حوکمی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ وەردەگرێت.

- ئەگەر قەولی هاوەڵەکە پێچەوانەی زاهیری قورئان نەبێت، ئەم قەولەی ابن عباس یش لە ڕاستیدا زۆر بە ڕاشکاوی پێچەوانەی زاهیری قورئانە، چونکە الله فەرموویەتی: (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ) (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ)[1]

[1] - المائدة: ٤٤-٤٧.

چۆن ابن عباس بەو مەزنی و زانایی و گەورەیی خۆیەوە دێت ئەو ئایەتانە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت نەخێر الله مەبەستی ئەوە نەبووە ئێوە خراپ لە ئایەتەکە تێگەیشتوون!

حوکم نەکردن بە قورئان سەرەڕای ئەو هەموو ئایەتانەی کە بە ڕاشکاوی سیفەتی کوفر بەسەر ئەو کەسەدا دەدات و حوکم بە قورئان ناکات، پووچەڵ کردنەوەیە بۆ عەقیدەی ئیسلامی و پێچەوانەی پەیامی پێغەمبەرانە کە الله بۆ ئەو مەبەستە ڕەوانەی کردوون.

- هەروەها مەرجێکی تر بۆ وەرگرتنی قەولی هاوەڵ ئەوەیە ئەگەر موعارەزەی نەبێت لە قەولی هاوەڵی تر کە لە خۆی زیاتر هاوەڵێتی پێغەمبەری کردبێت ﷺ، لە ڕاستیشدا ئەم قەولەی ابن عباس الله لێی ڕازی بێت موعارەزەی ڕوون و ئاشکرای هەیە لە چەند هاوەڵێك لە خۆی زیاتر هاوەڵێتی پێغەمبەریان کردووە ﷺ وەکو عمر بن الخطاب و عبدالله بن مسعود الله لێیان ڕازی بێت، بەڵکو موعارەزەی لە قەولی ابن عباس خۆیشی هەیە لە جێگەی تردا، بەڵکو نەزانراوە هیچ هاوەڵێك قسەی لەو جۆرە کردبێت.

لە ڕاستیدا:

- تحاكم كردن بۆ غەیری شەرعی الله هەموو موسوڵمانێكی سەرەتایی فیترەت پاك دەیزانێت و گومانی لێ نییە، ئیتر چۆن قسەیەكی وا گەورە و ناكۆك لە گەڵ زاهیری قورئان دەدرێتە پاڵ زانای هەرەگەورەی ناو هاوەڵان و (حبر الأمة).

- گومانی تێدا نییە لە حاڵی جێگیر بوونی سەنەدی ئەم قەولەش، مەبەستی پێی هەندێ لە كاربەدەستانی بەنی ئومەییە بووە، یان مەبەستی خەواریجەكان بووە كە موسوڵمانیان بە ئەنجامدانی تاوانی گەورە تەكفیر دەكرد، چونكە ئەوان بە بەڵگەی ئایەتەكانی سورەتی المائدة ئەنجامدەری كەبیرەیان بە كافر دەزانی و ابن عباس یش ئەوەی بۆ ڕوون كردنەوە كە وا نییە موسوڵمان بە ئەنجامدانی تاوانی گەورە كافر نابێت مەگەر ئەنجامدانەكەی بە حەڵاڵ و درووست بزانێت.

- ئەمەی كە ئەمڕۆ زانایانی سوڵتانەكان بەرگری لێ دەكەن و بەناحەق ئەو قەولەی ابن عباس ی بۆ دەهێننەوە كە گوایە گۆڕینی حوكمی قورئان بە یاساكانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی پێچەوانەی قورئان كوفر نییە و تاوانێكە، ئەو حاڵەتە هەرگیز لەسەردەمی ابن عباس لە دونیادا بوونی نەبووە، بەڵكو یەكەم جار لەسەردەمی ابن تیمیةدا درووست بوو دوای سەدان

ساڵ لە سەردەمی هاوەڵان کاتێك جەنگیزخان ئاوێتەیەکی لە ئیسلام و لە یەهودییەت و نەسڕانیەت کۆکردەوەو حوکمی پێ دەکرد.

- ئەوانەی کە قەولەکەی ابن عباس دەکەن بە بەهانە و شەرعاندنی حوکم نەکردن بە قورئان لە ڕاستیدا ئەوان تۆمەتی تەبدیل کردنی شەرعی ئیسلام بە شەرع و یاسا و ڕێسای تر دەدەنە پاڵ ئەو هاوەڵە مەزنە، وەکو ئەوەی (حبر الأمة) نەیزانیبێت الله تعالى فەرموویەتی: (وإن أطعتموهم إنكم لمشركون) و(فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ) و(فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا) و دەیان و سەدان ئایەتی تری نەزانیبێت، یان وەکو ئەوان مەعناکانی تێکدابێت و بە ئارەزووی خۆی و بۆ ڕازی کردنی زاڵمان خۆی لە مەعناکانیان کەڕ کردبێت حاشا لەئەو.

- ئەو قەولەی دەدرێتە پاڵ ابن عباس (كفر دون كفر) ئەوە ئەگەر بەو شێوە وەکو خۆی وەربگیرێت دەبێت بەهۆیەوە زاهیری ئایەتەکان ڕەتبکرێتەوە و بڵێین الله مەبەستی ئەوە نەبووە و بە قەولێکی زەعیف بەشێکی زۆر لە قورئان و سوننەت و عەقیدەی ئیسلامی لەبەر ئەو قەولە ڕەت بکرێتەوە.

- مەسەلەی عەقیدە لە ئیسلامدا منجە منج و سازش و ناڕوونی تێدا نییە، بەڵکو لە ئەوپەڕی ڕوونی و جیددیەت و حەددیەتدایە، ئەوانەی باوەڕیان بە قورئان و سوننەتە و حوکمی پێ دەکەن و هەموو بەرنامە و یاسا و ڕێسایەك جگە لە قورئان ڕەتدەکەنەوە موسوڵمانن و ئیماندارن و عەقیدەو تەوحیدیان تەواوە، ئەوانەش کە حوکم بە قورئان و بەشەریعەتی ئیسلام ناکەن و بە حوکم و ئایەتی قورئانی پیرۆز کافر و زاڵم و فاسقن.

- ئایەتەکانی قورئان لە هەموو باسێکدا لە بواری عەقیدە بێت یان شەریعەت، گەلێك ڕوونن و هەموو کەسێك بە ئاسانی لێی تێدەگات و دەتوانێت حوکمەکەی لێ وەربگرێت، تۆی خوێنەر بەدەر لەوەی فڵان زانا و فیسار شەرعزان چی وتووە، وەرە قەولەکەی ابن عباس و دەیان ئایەتی قورئان بخوینەوە وبەراوردیان بکە، بۆ نموونە: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا) بزانە هەست بە جیاوازی و دژواری ناکەیت لە نێوانیاندا؟!

❁ حوکم کردن بە شەریعەتی الله عزوجل مەنهەج و ڕێبازی هەموو پێغەمبەرانە علیهم السلام، الله بەوە فەرمانی پێ کردوون و فەرموویەتی: ﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ﴾[1] حوکم نەکردنیش بە شەریعەتەکەی پوچەڵکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی کرۆك و جەوهەری تەوحید و یەك الله پەرستییە، الله لە ئایەتەکاندا فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ کردووە حوکم بە قورئان بکات و پشت هەڵبکات لە هەموو حوکم و ئارەزوو و یاسای مرۆڤەکان، چونکە ئەو حەقەی کە پێیەتی بێ نیازی کردووە لە هەموو بەرنامە و یاسا و ڕێسایەکی تری دەستکردی مرۆڤەکان.

❁ مورجیئەکان لە هەموو سەردەمێکدا پیاوی سوڵتانن و دەقەکانیان بۆ دەگونجێنن بەو شێوەی ئەوان حەزی پێ دەکەن و دەیانەوێت، بۆیە لەم سەردەمەشدا بەدەست و بەدان ئەو قەولە زەعیفەی ابن عباس یان گرتووە و دەستبەرداری نابن! دەیان ئایەتی صریح و ڕوون و ئاشکرایان لەبەر ئەو قەولە تەئویل کردووە و ڕوویان لێ وەرگێڕاوە کە پێچەوانەی ئەو قەولەی ابن عباس ە، هەمیشە پاساو بۆ ئەوانە دەهێننەوە کە حوکم بە قورئان ناکەن بەوەی کە ئەوە تاوانێکە و بەوە لە ئیسلام دەرناچن، هەرکێیش حەقیقەتی ئەو

---

[1] - المائدة:٤٨.

مەسەلە دەربخات و یان حەقیقەتی ڕۆڵی ئەوان لەم بارەوە ئاشکرا بکات یەکسەر بەخەواریج تۆمەت باری دەکەن.

- بەڵکو ئەوانەی کە بەرگری لەو کەسانە دەکەن کە شەرعی اللّٰە یان گۆڕیوەو کار بەشەرع و بەرنامەی تر دەکەن و دەڵێن کوفرەکەیان بچووکە و ئەوانە موسوڵمانن، لە ڕاستیدا ئەوان ئایەتەکانی قورئانیان ڕەتکردووەتەوەو تێبینیان لەسەر واتاکانی تۆمار کردووە و لە پێناو قەولێکی زەعیفدا کە ئەگەر سەحیحیش بوایە هەر وەرنەدەگیرا، دەیان و سەدان ئایەتیان تەئویل کردووە و خۆیانیان لێ نابینا کردووە، ئەوەش پێچەوانەی شەرع و عەقڵ و بنەما سەرەتاییەکانی عەقیدەی ئیسلامە.

- هەندێ لەو زانا بەڕێزانەش کە ئەو قەولەی ابن عباس بە صحیح دەزانن وەکو مورجیئەکان نەیان کردووە بە بەهانەی تێکدانی عەقیدە و خزمەتی ستەمکاران و کارنەکردن بە شەریعەتی ئیسلام، پرسیار لە شێخ ابن باز کرا دەربارەی قەولەکەی ابن عباس فەرمووی ئەوە بۆ حاڵەتێکە بۆ نموونە حاکمەکە باوەڕی تەواوی بەشەریعەتی ئیسلام هەبێت بۆ نموونە بەرتیلێك وەربگرێت وبیشەرعێنێت بۆ خۆی و حوکم بە حەرامی بەرتیل نەکات و شتێکی لەو جۆرە ئەوە پێی دەوترێت کفر دون کفر نەك بچێت شەرعی ئیسلام لابدات و بە شەریعەتی بێ باوەڕان کار بکات.

- ابن كثیر رحمه الله فەرموویەتی: **فمن ترك الشرع المحكم المنزل على محمد بن عبد الله خاتم الأنبياء، وتحاكم إلى غيره من الشرائع المنسوخة كفر، فكيف بمن تحاكم إلى الياسا وقدمها عليه ؟! من فعل ذلك كفر بإجماع المسلمين)**[1] واتە: هەرکەسێك شەرعی الله بەجێ بهێڵێت و حوکم بە شەریعەتە مەنسوخەکان بکات کافر دەبێت ، چجای کەسێك حوکم بە (یاسق) بکات و لەسەر شەرع پێشی بخات و ئەوە بە ئیجماعی موسوڵمانان لە ئیسلام دەدرەچێت.

- أحمد شاكر بەڕەحمەت بێت دەڵێت گومڕاکان و هەندێ لەوانەی خۆیان بەزانستدا هەڵواسیوە جورئەت بەرانبەر دین دەکەن و ئەو قەولەی ابن عباس یان کردووەتە بەهانەی کارکردن بە یاسا و ڕێسا دژوارەکان لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا[2].

- قەولەکەی ابن عباس تەنانەت ئەگەر صحيح یش بوایە هەر دەبێت لە چوار چێوەی ئەو سەردەمەی کە تێیدا وتراوە و لە ژێر بنەما گشتییەکانی بیروباوەڕی ئیسلامدا لێی تێبگەین، نەك بکرێتە بەهانە بۆ لابردنی بەشێکی مەزن لە عەقیدەی ئیسلامی، کە ئەویش **(الحكم بما أنزا الله)** یە. ابن عبا س یش یان مەبەستی بەو قەولە خەواریجەکان بووە یان هەندێ لە حوکمڕانەکانی بەنی ئومەییە بووە کە هەندێ سەرپێچی و لادانیان لەشەرع بووە و مەبەستی ئەوە

---

[1] - البداية والنهاية" (١٣/١٣٩).

[2] - عمدة التفسير(٤/ ١٥٦-١٥٨)

بووە ئەوان بەو سەرپێچی و کارنەکردنەیان بەو ئایەت و فەرموودانە لە هەندێ مەسەلەدا کافر نابن.

- مەسەلەی حەڵاڵ کردن و حەرام کردن و تەشریع دانان لە تایبەتمەندییەکانی پەروەردگارە، هەرکەسێکیش ئەو تایبەتمەندییە بۆ خۆی بەکاربهێنێت و تەشریع بکات ئەوە بە ئایەت و فەرموودە و اتفاق ی زانایان موشریکە. (أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ)[١] ئیتر چۆن پێی دەوترێت (کفر دون کفر)؟

- ئینجا تۆ بڵێ ئەوە ابن عباس لەبەر ئەوەی دواجار مرۆڤێکە و معصوم نییە و هەڵەی لەسەر تێدەپەڕێ، بڵێ ئەو هەڵەیەی کرد و وتی ئەو کەسەی حوکم بە قورئان نەکا و حوکم بە شەریعەتێکی تر بکا لە ئیسلام دەرناچێت تەنها تاوانبار دەبێ، کە حاشا هەڵەی لەو شێوە بکات، بەڵام گەر هەڵەیەکی وای کرد ئایا دەگونجێ نیوەی دینەکەمان لەبەر قسەی ابن عباس بڕوخێنین و ئەو هەموو ئایەت و فەرموودە و ئیجماعی هاوەڵان و قسەی زانایان بۆ قەولێکی ابن عباس وەلا بنەین و ئیشی پێ نەکەین؟ (مالکم کیف تحکمون؟) ئەم باسە وەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد شیکردنەوەی زۆر زیاتر هەڵدەگرێ، ئەمەنەم بە پێویست زانی باسی بکەم، بۆ خستنەڕووی ئەم بەشە بۆ چەندین سەرچاوەی متمانە پێکراو گەڕاومەتەوە و سوودم لە قسەی زانایان وەرگرتووە.

---

[١] - الأعراف:٥٤.

33

## خوێندن لەو قوتابخانەو زانکۆیانەی کە مەنهەجەکانیان پێچەوانەی بیروباوەڕی ئیسلامە

لەسەردەمانی دواییدا و بەتایبەتی لەسەرەتاو ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم و تاکو ئێستا لە مەنهەجی هەموو خوێندنگا و زانکۆکاندا بە شێوەیەکی گشتی بیروباوەڕی پێچەوانەی بیروباوەڕی ئیسلامی تێدا دەوترێتەوە و ئیسلام نەوەکو بیروباوەڕ و نە وەکو شەریعەت بنەمایەکی نەك سەرەکی نییە، بەڵکو زۆر جار ڕێز لێگیراویش نییە و بەناڕاستەوخۆ دژایەتیش دەکرێت، ئەوەش لە ئەنجامی دەسەڵاتی عەلمانییەکانەوە درووست بوو لەتەواوی ئەو وڵاتانەی کە پێیان دەوترێت جیهانی ئیسلامی و دواجار لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەدواوە حوکم کردن بە قورئان و بەشەریعەت بە شێوەیەکی گشتی پەك خراو هەڵوەشێندرایەوە و یاساکانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات و یاسا ناکۆکەکانی تر لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام لە کۆن و لە نوێدا بوون بە جێگرەوەی شەریعەتی ئیسلام و ئەمەش واقیعێکی نامۆ و نوێی هێنایە کایە و دەرەنجام زانست بوو زانستێکی مادی پەتی و هەموو واتایەکی ئایینی لێ لابرا و هەموو چەمکەکان پێناسەی مادی بەسەریاندا زاڵ بوو، تەنانەت وشەی الله و تواناو دەسەڵاتی لە گەردووندا بە هیچ شێوەیەك لە زانستەکاندا باس ناکرێت و ئاماژەی بۆ

ناکرێت و لە جیاتی ئەوە هێز و توانا دەدرێتە پاڵ سروشت و تەبیعەت و هەندێ دەستەواژەی تر، دواتریش:

زۆر بیردۆز و تیۆر لە بوارە زانستییە جیاوازەکانی گەردوونناسی و زیندەوەر زانی و فیزیا و دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و وێژە و بوارەکانی تردا کە وەکو مەنهەج دەوترێتەوە لەگەڵ عەقیدەی قورئان و سوننەتدا تەواو پێچەوانەیە، یان بەلایەنی کەم تەبا نییە و تێکدەگیرێت، بۆ نموونە:

- بیروبۆچوونەکانی کارل مارکس و هاوبیرەکانی لە بواری ئابوری و ئایین و کۆمەڵایەتیدا کە لەسەر بنەمای **(لا إله والحياة مادة)** دامەزراوە و بە دروشمی **(الدين أفيون الشعوب)** مامەڵە لەگەڵ ئایینەکان بە گشتی دەکەن و بەتایبەتیش لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا، ئەو بیروبۆچوونانە هەمووی وەکو کۆمەڵێك زانست و ڕاستی لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکاندا دەخویندرێت.

- کتێب و دەروونشیکاری و ڕاوبۆچوونەکانی فرۆید لە زانستی دەروونناسیدا کە دین بە جۆرێك لە خەیاڵ و ئەفسانە دەزانێت و بڵاوبوونەوەی ڕاوبۆچوونەکانی ئەم پزیشکە لەناو مەنهەجی زانکۆکان و گەورەکردنی و پەرەپێدانی بیردۆز و تیورە دژوارەکانی لەگەل ئیسلام و بنەماکانی ڕەوشتدا بە گشتی.

- بیردۆزی پەرەسەندن لەلای چارڵس داروین، کە درووست کردنی اللّٰه بۆ مرۆڤ ڕەتدەکاتەوەو مرۆڤ بەوە پێناسە دەکات کە لە مەیمونەوە پەرەی سەندووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ئەمەش لە مەنهەجەکانی خوێندندا بیردۆزێکی ڕێز لێگیراوە و باسی ئەوە ناکرێت کە لەگەل بیروباوەری ئیسلامدا ناکۆکە.

- لە بواری فەلەك و گەردونناسیدا بەهەمان شێوە بیردۆزی پێچەوانەی بیروباوەڕی قورئان هەیە و هیچ نەبێت ئەو مەزنی و شوێنەوارانەی دەسەڵاتی اللّٰه بەسەر گەردوونەوە نکۆڵی لێ دەکرێت و هەرگیز بەڕاشکاوی لە زانستی هاوچەرخدا باسی ئەوە ناکرێت اللّٰه خالیقی ئەم گەردوونەیە بەڵکو زۆر جار هەست دەکەیت خالیقێك هەیە ناوی طبیعة یە.

- لە بواری شیعر و ئەدەبدا هەم لە ڕۆژئاوا و هەم لە ڕۆژهەڵاتدا، جەنگێکی بەرفراوان لە دژی ئیسلام وەکو عەقیدەو وەکو شەریعەت ڕاگەیەنراوە و لە هۆنراوەو لە ڕۆمان و لە شانۆ و لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا زۆر بابەتی ناکۆك لەگەڵ قورئان و سوننەت و دژیان لە مەنهەجەکاندا دەوترێتەوە، بەرهەمی هەموو ئەوانەی کە دژایەتی دینیان کردووە بە گشتی و دژایەتی ئیسلامیان کردووە بە تایبەتی لەسەر ئاستی ڕۆژئاوایی و عەرەبەکان و ڕۆژهەڵاتییەکان بە گشتی هەمووی جێگای بایەخ پێدان و ڕێزە لە زانکۆ و شوێنە ئەکادیمییەکاندا.

- لە بواری کۆمەڵناسیدا ڕاوبۆچوونەکانی ماکس فایبەر و خوێندنەوە هەڵەکانی بۆ ئیسلام لە زانکۆکاندا دەخوێنرێت و وەکو ڕاستی و ڕاوبۆچوونی ڕێزلێگیراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەوە تەنها بۆ نموونە ئەگینا زۆرێك لە زانا و کەسە ناسراوەکان لەو بوارەدا هەمان خوێندنەوەی هەڵە و هەڵوێستی خراپیان بەرانبەر ئیسلام هەیە.

- لە فەلسەفەشدا بەهەمان شێوە ئەوەی دەخوێنرێت لە زانكۆكاندا كۆمەڵێك هەڵە و تێكگیرانی سەرەكی لە چەمكەكانیدا هەیە لەگەڵ عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلامیدا، چی فەلسەفەی یۆنانی و غنوصي و فەلسەفەی ڕۆژئاوایی مەسیحی و وەسەنییە دێرینەكان و چی ئەوانەی بەناو فەیلەسوفە ئیسلامییەكان كە شوێنكەوتووی زۆرێك لە ڕاوبۆچوون و تێگەیشتنی ئەوان بوون هەموویان لە ڕووی بیركردنەوەو بیروباوەڕەوە لە دۆڵێكدان و ئیسلام و موسوڵمانان لە دۆڵێكیتردان.

- لە مەسەلەی یاسا و تەشریعدا خوێندكار فێری یاسا و ڕێسا پێچەوانە و دژوارەكان دەكرێت لەگەڵ عەقیدەی ئیسلام و شەریعەتدا و دواتریش لەپاش دەرچوونی خوێندكار كاری پێ دەكات و دەشبێت بە جێگرەوەی حوكمەكانی قورئان و سونەت، چونكە یاسا دەستكردەكان جگە لە هەندێ بابەتی باری كەسێتی نەبێت، لە زۆربەی مادەكانیدا لە بواری سزاكان و لە زۆر بواری تردا پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە و دەرچووانی ئەو زانكۆیانە لە پارێزەر و دادوەر و فەرمانبەر ئەگەر خۆیشیان باوەڕیان بەشەریعەتی ئیسلام هەبێت بەپێی پسپۆڕییەكەیان ناچارن بە یاسا دەستكردەكانی پێچەوانەی ئیسلام كار بكەن.

ئەمانەش کە ئاماژەم پێکرد تەنها بۆ نموونە بوو، ئەگینا جیاوازی مەنهەجەکانی دیراسەت لەگەڵ مەنهەجی ئیسلامدا گەلێك زۆرە و لە ئەژمار نایەت، هۆکاری ئەوەیە ئەمڕۆ لە جیهاندا بە گشتی بە جیهانی بەناو ئیسلامیشەوە عەلمانیەت باڵا دەستە و لیبرالییەت و دیموکراسی سیستمی سەپێندراوە و ڕاگەیاندنیش شەو ڕۆژ ڕەواجی پێ دەدات لەناو خەڵکیدا و هاوکات ڕەنگدانەوەی زۆریشی لەناو ناوەندی خوێندن و زانکۆکاندا هەیە.

پرسیارەکەش ئەمەیە: ئایا تا چەند درووستە خوێندکار ئەو تیۆر و بیردۆز و پسپۆڕی و زانستانە بخوێنێت لەو قوتابخانە و زانکۆیانەدا لە کاتێکدا زۆر شتی پێچەوانەی بیروباوەڕی ئیسلامە؟

زانایانی ئەم سەردەمە لەم مەسەلەدا قسەیان کردووە و هەندێ شیکردنەوە و جیاوازییان کردووە لە نێوان مەسەلەکاندا و سەرەتا وتوویانە خوێندنی زانستێك با پێچەوانەی ئیسلامیش بێت ئەگەر تەنها بۆ شارەزابوون لەو سەرپێچیانە بیت و بزانێت کە ئەوانە باتڵ و پووچن، یان بۆ ڕەددانەوەیان بێت یان بۆ شارەزابوون بێت لە لادانی سەرانی زانست و ڕەهەندەکانی ئەو لادانانە لەم سەردەمەدا بۆ ئەوەی مەزنیی ئیسلامت زیاتر بۆ دەرکەوێت، یان ئەگەر وەکو ناچاری بێت لەبەر وەرگرتنی بڕوانامە بە مەبەستی بەکارهێنانی لە ڕێگاکانی خێرو چاکەدا بەبێ ئەوەی ئەو باتڵەی کە لە مەنهەجی دیراسەتەکادا

خوێندوویەتی لە واقیعی ژیاندا لە پاش دەرچوون جێبەجێی بکات، لەو حاڵەتانەدا درووستە و ڕێگرێکی شەرعییان لەو دیراسەت و خوێندنەدا نەبینیوە.

هەروەها فەرموویانە خوێندن لەو شوێنانەی کە کوفری تێدا دەوترێتەوە نابێتە هۆکاری کافر بوونی ئەو خوێندکارە، بەو پێیەش ڕێگەیان داوە لە تاقیکردنەوەدا وەڵامی ئەو پرسیارانەی ناکۆکە لەگەڵ مەنهەجی ئیسلامدا بدرێتەوە، بەمەرجێك ئەو لادان و کوفرەی کە لە مەنهەجەکەدا هەیە خوێندکارەکە بەدڵی ڕەتیبکاتەوەو ڕقی لێی بێت، هەروەها لەوەندەی کە لەوتوانایدا هەیە بانگەواز بۆ ئیسلام بکات و حەقیقەتی ئەو لادانانە دەربخات.

ئەمەی کە باسمان کرد سەبارەت بەو تیۆر و بیردۆزانەی کە لەگەڵ عەقیدەو شەریعەتی ئیسلامدا تێکدەگیرێن و دژایەتی ڕاشکاوانەی ئیسلامی تیدا نییە، بەڵام ئەگەر کۆڕو وانەکە تایبەت بوو بو کوفر و بە دژایەتی پەروەردگار و سووکایەتی و گاڵتەکردن بە دینەکەی و بە پێغەمبەرەکەی ﷺ وسوننەتەکەی، کە بەم شێوە لەلای خۆمان دەگمەنە ڕوودات، لەو حاڵەتەدا پاساویك بۆ مانەوە لەو جۆرە خوێندنە نامێنێت، بەڵام ئەگەر ڕوویدا خوێندکاری موسوڵمان نابێت بەردەوامی بدات بە دانیشتن لەو جۆرە

وانە و کۆڕ کۆمەڵانەدا بەڵکو پێویستە شوێنەکە یان خوێندنەکە بەجێ بهێڵێت و خۆی لێیان بەری بکات، وەکو الله فەرموویەتی: ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ﴾[1]

ئەمەش کە باسمان کرد تایبەت نییە تەنها بە کاتی خوێندنەوە، بەڵکو لە هەر شوێنێکی تریش هەمان حوکمی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر هەر کوفر و سووکایەتیکردنێك بە الله و بەدینەکەی و بە پێغەمبەرەکەی ﷺ لە بەرنامە و لە دراما و لە هەر ڤیدیۆ و چاوپێکەوتنێکدا هەبێت بەردەوام بوون لە تەماشاکردن و گوێ لێ گرتنی حەرامە و پێویستە ئەو کەسە خۆی یان خاوەن ماڵ و سەرپەرشتیار ڕێگری بکات لە بیستن و بینینی ئەوەی ئاماژەمان پێکرد: الله تعالی فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ﴾[2] هەروەها پێغەمبەر ﷺ وەکو لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە فەرموویەتی: ( كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ.).

[1] - النساء: ١٤٠.

[2] - التحريم: ٦

هەروەها تەماشاكردنی فیلمی كارتۆنی كە شیرك و كوفری تێدایە وەكو ئەوەی لە كارتۆنە یابانیی وهاوشێوەكانیدا هەیە وەكو (ناروتو) و (دراجون بول) درووست نییە و موسوڵمان نابێت نە بۆ خۆی و نە بۆ منداڵی ڕازی بێت تەماشای بابەتێك بكات كوفری تێدا بێت بە الله یان بە دینەكەی یان بە ئیسلام و كەمترین ئاستی فەرمان بەچاكە و نەهی لە خراپە ئەوەیە بەدڵ ڕقی لێی بێت و تەماشای نەكات.

لێرەشدا گرنگە بزانرێت كە موسوڵمان بە ئینكار كردن و نكۆڵی كردن لە كوفر و ڕازی نەبوونی پێی بەلای كەمەوە بەدڵی ئەو كوفر و گومڕایی و سووكایەتی كردنە بە ئیسلام ڕەتبكاتەوە و بەجێی بهێڵێت ئەوە لێی بەری بووە و ئەركی خۆی لەسەر ئەو بابەتە بەجێ هێناوە، چونكە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان)[١]. لەم فەرموودەشدا - وەكو شێخ عبد الله بن محمد القرني دەڵێت: ڕەتكردنەوەی مونكەر و خراپە بە پێی توانا واجب كراوە، نكۆڵی كردنی دڵیش ئەگەر نەمێنیت واتە نەمانی ئیمان.

[١] - رواه مسلم: (٤٩).

دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵی باسەکە و دەڵێم زانایان لەم بارەوە فەرموویانە تەنها بە خوێندن لەو شوێنانەی کە مەنهەجەکانی کوفری تێدایە ئەوە نابێتە هۆکاری دابەزینی سیفەتی کوفر بەسەر ئەو کەسەدا مادام بەدڵی نکۆڵی لێ دەکات و ڕقی لێیەتی، خوێندنی خویندکارەکەش لە ڕووی ناچارییەوە لەو شوێنە مەعنای ڕازی بوونی نییە بەو مەنهەجانە، مەگەر ڕازی بێت پێیان و نکۆڵی لێ نەکات، نموونەی ئەوانەش ئەو مەنهەجانەیە کە دیموکراسی و عەلمانییەت و قەومییەت و زۆر بەرنامەی تری دژوار لەگەڵ ئیسلامدا بەباش و بەمەزن و بەڕێز دەردەخات و خوێندکاریش بەوە ڕازی نابێت و بەدڵی ڕەتی دەکاتەوە، ئەوەش دەبێتە نکۆڵی دڵ کە لەفەرموودەکاندا هاتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە باس کرا ئەوەندەی کە مەبەست پێی دەرنەچوونی کەسەکەیە لە بازنەی ئیسلام ئەگەر بەدڵی ئەو سەرپێچییانەی ڕەت کردەوە، مەعنای ئەوە نییە خوێندن لەو شوێنانەی کە بەڕەهایی موخالەفەی ئیسلامی تێدایە درووستە و هیچ کێشەیەکی شەرعی تێدا نییە، چونکە ئەوەیان لەسەر ئەندازەی ئەو موخالەفەکردنە دەوەستێت بۆ عەقیدەو شەریعەتی ئیسلام و ئەندازەی درووست کردنی کاریگەری لەسەر مێشك و بیرکردنەوەی ئەو خوێندکارە و هەروەها لەسەر ئەوە ڕادەوەستێت ئایا ڕێگەی تر و جێگەی تری خوێندن هەیە لەوە باشتر کە سەرپێچی ئیسلامی تێدایە پەنای بۆ بەرێت یان نا، لە هەموو حاڵەتێکیشدا باسەکە لێرەدا لەسەر

ئەوەیە مەنهەجەکانی خوێندن بە شێوەیەکی گشتی مەنهەج زانستی و ئاسایی بن، بەڵام ئەگەر زۆربەی فێرکردنی کوفری پەتی بێت یان بەشێوەیەکی گشتی پێچەوانەی شەرعی ئیسلام بێت و لە ڕووی ڕەوەشتییەوە خراپ بێت و کاریگەری خراپ لەسەر خوێندکار درووست بکات، یان پسپۆڕییەك بە خوێندکارەکە ببەخشێت کە دوای دەرچوونیشی هەر دەبێت خەریکی جێبەجێکردنی ئەو سەرپێچییانە بێت وەکو خوێندنی یاسا یان مۆسیقا و نواندن، یان خوێندن لە زانکۆیەك موسوڵمان فێری دینێکی تر بکات وەکو نەسرانییەت و و ناچار بێت ڕێنمایی دینێکی تر بخوێنێتەوە جگە لە ئیسلام و شتی لەو جۆرە ئەو حوکمی حەرام بوونی دیارە و درووست نییە موسوڵمان سەرکێشی بەدینەکەیەوە بکات و لەو شوێنانە بخوینێت.

سەبارەت بە خوێندن لە کولێژی یاسا و ماف، زانایانی ئەم سەردەمە فەرموویانە ئەوە خۆی لە خۆیدا ئەگەر دوای دەرچوون لە بوارەکەدا دامەزران و کار کردنی بە یاسا دەستکردەکانی پێچەوانەی ئیسلام بەدوادا نەیەت ئەوە کێشەیەکی نییە، بەڵام ئەگەر دوای دەرچوونی خوێندکارەکە بۆ نموونە ببێت بە پارێزەر و بە یاسا ناکۆکەکان لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا کار بکات، یان بەهەر ئەرکێکی تر هەڵبسێت لەسەر بنەمای جیاواز لە بنەما و بنچینەی شەریعەتی ئیسلام، ئەوە لادانێکە لە عەقیدەدا ئەنجامی داوەو حوکمی بە غەیری حوکمی قورئان کردووە.

بەڵام ئەگەر ببێتە پارێزەر و پارێزگاری لە حەق و لە ستەم لێکراوان و ماف خوراوان بکات و بە هیچ یاسایەکی دژوار لەگەڵ قورئان و سوننەتدا کار نەکات ئەوە هیچ نادرووستیەك لە کارەکەیدا نییە، بەڵام ئایا پارێزەر هەیە بتوانێت تەنها بە حوکمی قورئان و سوننەت کار بکات و بڵێت من بە قانونی وەزعی کار ناکەم لە کاتێکدا دەیان ساڵە و زیاتر لە سەدەیەکە شەریعەتی ئیسلام لابراوە و یاسا دەستکردەکانی مرۆڤەکان جێگای گرتووەتەوە؟ بیگومان حاڵەتی وا زۆر دەگمەنە چونکە دەبێت تەنها لەیەك بواردا کار بکات وەکو باری کەسێتی.

بەڵام سەبارەت بە خوێندن لە هونەرە جوانەکان لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی بەشەکانی سەرپێچی شەریعەتی تێدایە وەکو وێنەکێشان و پەیکەرسازی و مۆسیقا و شانۆ و نواندن ودەرهێنان بۆیە زانایانی ئەم سەردەمە بەشێوەیەکی گشتی خوێندنیان لەو کۆلێژ و پەیمانگانە بە حەرام زانیوە و بۆ موسوڵمانی وابەستە بەدین گونجاو نییە، چونکە هەم لە کاتی خوێندن و هەم دوای دەرچوونی خوێندکار دەبێت خەریکی سەرپێچی و کاری دوور لە ڕەزامەندی الله بێت و ئەوەش حەرامیی و نەشیاوی بۆ کەسی موسوڵمان پیویستی بەبەڵگە نییە.

پێویەرێکیش لەم بوارەدا لە قسەی زانایانەوە وەردەگیردرێت ئەوەیە ئەگەر خویندنەکە بەشێکی زۆر یان بەشێکی بەرچاوی لەگەڵ شەرعدا ناکۆك بوو ئەوە درووست نییە تێیدا بخوێنێت، بەڵام ئەگەر بەگشتی خویندنەکە زانستی ئاسایی بوون و ناشەرعی و پێچەوانەی عەقیدەو شەریعەتی تێکەوت، خوێندکار دەتوانێت بەدڵ لێی بێ بەری بێت و لە دلەوە ڕقی لێبێت و خۆیشی بەشداری ئەو بەشانە نەکات و لەبەشەکانی تری خوێندنەکەدا بەردەام بێت.

نموونەی ئەو دوو جۆرە خوێندنەش خوێندنی هونەرە جوانەکانە کە زۆربەی بەشەکانی ناکۆکە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا و چاکە و خێرێکی تێدا نییە موسوڵمان ئەو جۆرە خوێندنە تەواو بکات بەڵکو خراپەکەی دیارتر و ئاشکرایە، لەگەل خوێندنی زمانی عەرەبی لە زانکۆکاندا، کە هیچ خراپەیەکی نییە و بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت چاکەشی زۆرە.

سەبارەت بە تێکەڵی نێوان کچان وکوڕان لە زانکۆکان و لە قۆناغەکانی پێش زانکۆشدا، بەبێ هیچ گومانێك ئەوە دیاردەیەکی ناشەرعی حەرام و قەدەغە کراوە لە ئیسلامدا، باوەڕیشم وایە وەکو هەندێ لە زانایان فەرموویانە تەنها لە ڕووی هەبوونی پێویستی و ناچاری (اضطرار) نەبێت ئەو جۆرە خوێندنەی کە بەو شێوە تێکەڵاوی نێوان هەردوو ڕەگەزی تێدا بێت حەرامە و درووست نییە، بەڵام ئەگەر کەسەکە پێویستییەکی هەبوو و

جێگرەوەی شەرعی تری نەبوو بۆ ئەو خویندنە، واتە ناچار بوو ئیتر ئەو کەسە کوڕ بێت یان کچ، ئەو کات دەبێت پەیوەست بێت بە ڕێنماییەکانی ئیسلام وەکو سەیر نەکردن و پاراستنی چاو لە سەیرکردنی ڕەگەزی بەرانبەر و نەبەستنی هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵیاندا وەکو درووست بوونی هاوڕێتی و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو پێکەوە دانیشتن و قسە کردن، تاکو پێیشی بکرێت لە هەموو جۆرە خراپەیەکی ئەو جۆرە خوێندنە خۆی بەدوور بگرێت و هەوڵ بدات هاوڕێی باش و وابەستەبوو بە شەرع بۆ خۆی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی یارمەتیدەری یەکتر بن بۆ دەست گرتن بە شەرع و بۆ فەرمان بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە.

پوختەی باسەکەش ئەوەیە ئەگەر ئەو خوێندنە بە شێوەیەکی گشتی مەنهەجی پەیڕەوکراو تێیدا پێچەاونەی عەقیدەو شەریعەتی ئیسلام بێت یان زۆربەی وا بێت هاوشێوەی هەندێك لەو نموونانەی خستمانەڕوو، لەو حاڵەتەدا درووست نییە موسوڵمان تێیدا بخوێنیت چونکە ئەوە سەرکێشی کردنە بە دینی خۆی، بەڵام ئەگەر مەنهەجەکان هەندێك لادان و بیردۆز و تیۆری ناشەرعی و ناکۆك لە گەڵ قورئان و سوننەتی تێدا بوو بەڵام باقی مەنهەجەکە بابەتی زانستی ئاسایی بوو، ئەوە الله اعلم لەو حاڵەتەدا درووستە و لە ڕووی شەرعەوە ئەرکی ئەو خوێندکارەیە کە ڕێگەی خۆ پاراستن لە کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو هەڵە و لادانانە بگرێتەبەر.

34

## بەرپەرچدانەوەی گومانەکان با نەبێتە تەشەنە پێکردنیان!

زیادەڕەوی لە بەرپەرچدانەوەی گومانی گومڕاکان و مولحیدەکاندا کارێکی باش نییە و پێچەوانەی بەرژەوەندی ئیسلام و موسوڵمانانە، ئیلحاد لە کۆمەڵگای خۆماندا هێشتا نامۆیە و بەو شێوە تەشەنەی نەکردووە و تەنانەت لە نێو گەنجانیشدا نەبووەتە دیاردە و ڕێژەکەی نزم و کەمە، ڕاستە خەڵکی زانستی شەرعییان نییە بەڵام فیترتیان یان ڕاستتر بڵێین بەشێکی باش لە فیترەتیان هێشتا سەلامەتە و نەشێواوە، بەڵام ئەگەر ڕێژەی ئیلحاد زۆریش بێت هەر پێویستی بە میکانیزمێکی سەلامەت و گونجاوە بۆ کارکردن ئەویش بچووکردنەوەی گومانەکان و بە خێرا بەسەریاندا تێپەڕبوون و شیکردنەوەی وەڵامدانەوەکە بە شێوەیەکی زانستی و لێزانانە و هەستکردن بە گیانی بەرپرسیارێتی.

کارێکی باش نییە دیاردەیەکی دزێو و نامۆ و ناجۆر لەگەڵ فیترەتی مرۆڤەکاندا زەق بکرێتەوە و حاڵەتێك لە ڕۆچوون و زیادەڕەوی لەو بارەوە درووست بکرێت، چونکە بۆی هەیە دەرەنجامی پیچەوانەی لێ بکەوێتەوە.

قسەکردنی زۆر لەسەر گومانەکان دەربارەی الله و ئیسلام و شەریعەت و تاقمە گومڕاکان و بیروباوەڕەکانیان وەکو بەکارهێنانی دەرمانە بۆ بیمارییەك، پێویستە بەوریایی و بەڕێژەی زانستی خۆی بەکار بهێنرێت، هەر هەڵەیەك لەو بارەوە دەگونجێت ببێتە فیتنەیەك و لەجیاتی ئەوەی ڕێگایەك بێت بۆ بەرپەرچدانەوەی خاوەن گومانەکان، لەوانەیە ببێتە هۆکارێك بۆ لە خشتەچوونی خەڵکانێکی تر کە لە بنچینەوە ئاگاداری ئەو گومانانە نین و تۆ بەو کارەت بۆیان شی دەکەیتەوە و تۆی گومانەکان لە دڵ ودەروون وهزریاندا دەچێنیت.

هەڵەیەکی گەورەیە بەبەهانەی بەرپەرچدانەوە، خول لە دوای خول بکرێتەوەو کتێب و بڵاوکراوەی زۆر بنوسرێت لەسەر گومانی مولحیدەکان و تاقمە گومڕاکان و بازاڕی لێ پڕ بکرێت چونکە:

١- ئەو گومانانە هێشتا بەو شێوە تەشەنەیان نەکردووە لە کۆمەڵگای خۆماندا، بۆیە تەنها دەبێت لە ئاستێکی تایبەت و سنووردا بە پێی کاریگەری و بڵاوبوونەوەیان بەرپەرچ بدرێنەوە، نەك بەناو کۆمەڵگادا فووی پێدا بکرێت و ڕۆژ لە ڕۆژ خەلکی بۆ بانگ بکرێت لەو بوارە ئیش بکەن و پسپۆڕی وەربگرن، کە دوور نییە سبەی هەندێك لەوانە خۆیان لە خشتە بچن و ببنە دیلی ئەو گومانانە، یان ببن بە بانگخوازی ئیلحاد.

٢- زۆر کەس هەن بەڵکو زۆرینەی ڕەها لە بنچینەوە ئەو گومانانەی تۆ وەڵام دەدەیتەوە ئەوان هەر نەیانبیستووە، تۆ دەچیت بۆیان شەرح دەکەیت وبە وردی مەبەست و گومانی مولحیدەکان شی دەکەیتەوە و کەسانێکی داماو و بێ ئاگای لێ حاڵی دەکەیت، بە دووری مەزانە لە گومانەکان جوان تێبگەن و لەلایان بچەسپێت، (کورد واتەنی شەیتان نەخەوتووە) بەڵام لە وەڵامەکەی تۆ تێنەگەن یان تێنەگەن، یان تێبگەن و قەناعەتی پێ نەکەن!

٣- وەڵامدانەوەی شوبهەو گومان ئەبێت لەسەر بنەمای کورتکردنەوەی گومانەکە و شیکردنەوەی وەڵامەکە بێت لە ڕوناکی کیتاب و سوننەت و زانستی هاوچەرخدا، بەڵام کەسی وا هەیە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت گومانەکە شیتەڵ دەکاتەوەو بە شەرح و ڕاڤەکردنیکی زۆر لە زەینی بەرانبەردا دەیچەسپێنیت، دوایش وەڵامێکی لاواز و کورتی گومانەکە دەداتەوە ، ئەوە تاوانە و کەسێکی نەزان دەیکات کە خۆی لێ بووەتە کەسێکی زۆر زانا و بەتوانا.

٤- ڕاستییەکی تاڵە کە کورد لە زۆربەی بوارە زانستی و مەعریفییەکاندا - بەداخەوە ئەیڵێم - لە دواوەیە، دوور نەڕۆین بە بەراوردی خۆمان بە عەرەبەکان ئەوان لە هەموو شتیکدا و لە هەموو بوراێکدا لە پێش ئێمەوەن، لە دینداری و تەنانەت لە بێ دینیشدا، کورد مەگەر لە حیزبایەتی و لە

دەمارگیری و قەومچێتی و خۆ بەزلزانین و خۆ لە میللەتانی تر بەباشتر وێناکردن زیاتر زیرەك بن، تەنانەت لەم بوارەشدا بەهەمان شێوە کەسانی وایان تێدا نییە لە ئاستیکی زانستی بەرزدا بن.

بۆ نموونە لە ڕەددانەوەی گومان و شارەزایی لە هزری بێ باوەڕی و بێ باوەڕاندا، کەسێکیان تێدا نییە توانای نووسەرێکی وەکو د.سامي عامري یان هەبێت لەو بوارەدا، ئەسڵەن کورد عەرەبیزانی هەر زۆر کەمە و زیاتر بە زانینی زامانی ئینگلیزییەوە خۆیان هەڵدەکێشن کە ئەوەش یەك لەسەدی زمانی عەرەبی بۆ تێگەیشتن لە دین و بەرگری کردن لە دین سوودی نییە، بۆیە نابێت بە جوڵەیەکی عاتیفی و بە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك گەنجی پاکی بێ ئەزموون کە هێشتا شارەزای عەقیدەکەی خۆیشیان نین دەست بە کاری لەو جۆرە بکرێت و خۆیانیان لێ بگۆڕێت و وابزانن زاڵ بوونەتە سەر وەڵامدانەوەی ئەو گومانانەدا و دوای ماوەیەك لە جیاتی بڵاوکردنەوەی دڵنیایی کۆمەڵێك گومانی زۆر هەڵرێژنە ناو گۆڕەپانی فیکری و زیانیان لە سوودیان زۆرتر بیت و کورد واتەنی وەکو کابرایان لی نەیەت کە بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی خستەسەڕی.

٥- ڕەددانەوەی شوبهە و گومان تەنها لەو کەش و هەواو جێگەیەدا دەبێت ئەنجام بدرێت کە تێیدا بڵاوبووتەوە بە دیاری کراوی، نەك بەزۆرترین کەسی بگەیەنین و ڕاگەیاندن و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ تەرخان بکەین،

ڕەنگە تۆ نەبویتایە تاکو ماون گومانی وایان هەر نەدەبیست! نابێت وەکو پەتاو نەخۆشی جەستەیی ڤاکسینی بۆ بەکاربهێنین وبڵێین پێش ئەوەی گومانەکەیان پێ بگات با کەسەکە بەهێز بکەین، ئەمە ئینفلەوەنزا نییە، گومانە و لە خاکی دڵدا کە چاندرا ڕەنگە ئیتر دەرنەچێت و بنەبڕ نەکرێت و تۆوەکەی هەر بمێنێتەوە.

٦- ڕووی داوە و چاوەڕوان کراویشە، بیسەر و خوێنەری ئەو وەڵامانە لە گومانەکە تێبگەن و وەریبگرن، بەڵکو قەناعەتیشی پێ بکەن، بەڵام ڕەددانەوەکەی بەلایانەوە لاواز و نازانستی بێت، بەڵکو لەوانەیە هەڵ ومەرجێکیان بۆ درووست بێت تەنها بواری گویگرتنیان بۆ گومانەکە هەبێت و تا بگەنە وەڵامەکە مێشکیان بکاتە جێگای نیشتەجیبوونی گومانەکە.

٧- مەنهەجی پێشینیانی ئوممەت ئەوە نەبووە بچن قسەی گومڕاو بێ باوەڕان بهینن و نمایشی بکەن و شیبکەنەوە بۆ خەڵکی و بەوردی وشە بە وشە بەرپەرچی بدەنەوە، بەڵکو تاکو بکرێت لەو جۆە کەسانە دابڕاون و تەشهیریان پێ کردوون و ئەوانیان بۆ خەڵکی وەکو کەسانیکی گومڕاو لادەر ناساندووە، بۆ ئەوەی کەس ئیتر گوێ لە قسەکانیان نەگرێت.

٨- شوهرەت و ناودەرکردن مەرج نیە بەواتای هەبوونی زانست بێت و مەرج نییە بەوە یەکسان بێت، بەڵام لە کوردستانە سەیرەکەی خۆماندا وایە، میزەر و جوبە و دەرکەوتن لە تەلەفیزیۆن و بڕوانامەی بەرز و زۆری لایك و کۆمێنت و دروشمی بێ ناوەڕۆکیش هەمووی بەمەعنای زانست و بگرە بلیمەتی و پڕ بایەخی خاوەنەکەی ئەژمار دەکرێت، بەڵکو زانست و لێهاتوویی لە بوارێکی دیاری کراویشدا یەکسان نییە بەوەی لە بواری بەرپەرچدانەوەی گومانەکاندا ئەو کەسە لێهاتوو و زیرەك بێت، چونکە ئەوە بوارێکی هەستیارە چەند کێشەی لە لێهاتوویی و کارامەیی هەبێت ئەوەندە دەرەنجامەکانی ئیشەکەی بە پێچەوانەوە دەبێت، بەتایبەتی بۆ کەسایەتییە کوردەکانی خۆمان کە هۆکاری شوهرەتیان هەرچی بێت بە دەگمەن بریتییە لە زانست و شارەزابوونی ئەو کەسە لە کیتاب و سوننەتدا، بە داخەوە زۆر جار نە جێگیربوونیشە لەسەر مەنهەج و ڕێبازی پێشینان، بەڵکو شتێکی ترە پەیوەندی بەوانەوە نییە یان لەگەڵیاندا پێچەوانەیە.

بۆیە نابێت هەرکێ لەبەر هۆکاری جیاواز ناسرا و مەشهور بوو ئیتر لە بواری بەرپەرچدانەوەی ئیلحاد و گومانیشدا حیسابی کەسێکی بەتوانا و بلیمەتی بۆ بکرێت و ئەو کەیسە ترسناکەی ڕادەست بکرێت، ئەوە وەکو ئەوە وایە پزیشکێکی پسپۆڕی پێست بچێت نەشتەرگەری دڵ و مێشك بۆ نەخۆشێك ئەنجام بدات و بڵێ چی تیایە خۆ منیش دواجار پزیشکم با خۆم تاقی بکەمەوە بەڵکو سوودێکی باشم گەیاند!

٩- هەندێ لەوانەی بەرپەرچی گومانی مولحیدەکان دەدەنەوە خۆیان بەچەندین گومان و هەڵەی مەنهەجی و عەقیدەیی ترەوە تێوەگلاون و جارێ پێویستە خۆیان چاك بکەن دوایی بچن بە بیانووی بەرپەرچدانەوە گومانی مولحیدەکان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا تەشەنە بەو گومانانە بکەن، گومڕایی و لەڕێگەلادان خۆ تەنها یەك جۆری نییە بەڵکو جۆری زۆرە و هەموویشی هەر لادانە لە حەق و یەك دەرنجام چاوەڕییان دەکات خۆ کۆمەڵگای کوردی لە هەموو جۆرە خراپەیەکی تێدا پەیدا بووە لەمەشی کەم نییە دوای ماوەیەك بیکەین بە بارێکی تری مەینەتی بەسەرییەوە.

١٠- مولحیدەکانی کورد لە ئیلحادەکەیاندا بەتوانا نین و زۆریش ساکارو سەرەتان و مولحیدی شوێنانی تر بەزەییان بە حاڵیاندا دێتەوە، هەموو مولحیدەکانی کورد چاویان لە دەستی مولحید و مەسیحییەکانی میسر و شوێنانی ترە و خۆیان هیچ نازانن و هیچ ناخوێننەوە، تووشی ڕووداوێك یان نەخۆشییەك ببن ڕەنگە بگەرێینەوە بۆ ئیسلام و لەبیریان بچێت کە مولحیدن! لەبەر ئەوەی ئەوان تووتی ئاسا شتەکان دووبارە دەکەنەوە.

بەهەمان شێوە موسوڵمانان لە بەرپەرچدانەوەی ئیلحاددا ئەو توانایانەیان نییە و زۆربوونی ژمارەی ئەو کەسانە دەرەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە و بەدڵنیاییەوە ئەگەر کەسانێك لە ئیلحاد پاشگەزبکەنەوە کەسانێکی تر کە ڕەنگە زۆرتر بن تووشی گومان دەکەن و ناشتوانن

قەناعەتیان پێ بکەن، چونکە تۆ ڕێگەی ڕۆچوونی لە ناسین و خوێندنەوەی گومانەکاندا بۆ خۆش دەکەیت و دواییش بەتەنها بەجێی دەهێڵیت و خۆی لەو ڕێگە بەردەوام دەبێت.

١١- ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن قورئانی کە من پێم وایە بەلای کەمەوە لەسەدا پەنجا لەگەڵ مولحیدەکاندا تەبا وهاوبیرن و خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، چونکە مولحیدەکان دەڵێن هەرچی لە قورئان و سوننەتدا هاتوە هەمووی درۆیە، بەڵام دژە سونەتەکان ئەڵێن نەخێر ئەوەی لە قورئاندا هاتووە ڕاستە بەڵام ئەوەی لە سوننەتدا هاتووە هەمووی یان زۆربەی درۆیە! لە کاتێکدا زۆربەی وردەکاری دین لە سونەتدا هاتووە نەك لە قورئاندا، بۆیە لەناو قورئانییەکاندا زۆرترین ژمارە هەیە وەکو شانەی خەوتوو بە کەمترین هاندان و پەرەپێدان ئامادەن خەبات لە ناو دژە سوننەتەکانەوە بۆ ناو مولحیدەکان بگوێزنەوە، چونکە پەرژینی نێوانیان لاواز و هێماییە، چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ درخستنی حەقیقەتی ئەوان زۆر بەسوودترە لە مولحیدەکان، چونکە بڵاوبوونەوەی گومانی دژە سوننەتەکان لەلای خەڵکی قێزەونیان دەکات و کەسێك خۆی دڵی نەخۆش نەبێت و دڵی بەو گومانانە ئاو نەدرابێت پێیان کاریگەر نابێت، بە پێچەوانەی گومانی مولحیدەکان کەسی وا هەیە تەنها پێی بڵێی کێ الله ی درووست کردووە دوای ئەوە هەزار قسەی بۆ بکە گومانەکەی هەر لەدڵدا دەمێنیتەوە.

١٢- داواکاریم لەو بەڕێزانە ئەوەیە جەخت لەسەر ئەو بابەتانە نەکەنەوەو دڵنیایان دەکەمەوە دەگونجێت هەر ئەو کەسانەش کە ئامادەی ئەو جۆرە خولانە دەبن لە گەنجان و بگرە لەوانەش کە گوایە بەرپەرچی ئیلحاد دەدەنەوە، خۆیان گومانیان بۆ درووست ببێت، دواجار نەخۆیان پەی بە وەڵامی گومانەکەیان ببەن و نە بە وەڵامدانەوەکەی ئیوەش قایل ببن.

١٣- هەروەها داواکاریشم لە فێرخوازانی زانست ئەوەیە بەشداری لەو جۆرە خولانەدا نەکەن کە تایبەتە بە ڕەددانەوەی ئیلحاد و وروژاندنی گومانەکانیان، چونکە بێ سوودە و زیان بەخشیشە و پێچەوانەی مەنهەجی پێشینانە لە فێربوونی ئیسلام و بەرگریکردن لە عەقیدەکەی، لەجیاتی ئەوە با بچن بنەماکانی بیروباوەڕ و زانستە شەرعییەکان فێر بن کە زۆرینەی کورد هێشتا ئەرکانی ئیمان و ئیسلام لەیەکتر جیاناکەنەوە، ئەڵبەتە وردەکاری و بەشەکانی تەوحید و شیرك و بیدعە باسەکانی تری عەقیدەو بیروباوەڕیش هەر نازانن و بەدەگمەن کەسانێك ببینیت واتای شایەتمان و مەرجەکان و هەڵوەشێنەرەوەکانی بزانن کە ئەوە بۆ خۆی گەورەترین کاریگەری خراپی لەسەر دنیا و دوارۆژیان بە جێدەهێڵێت.

ئەگەر بچنە خولێکەوە تەفسیرێکی پوخت و ڕاستی قورئان فێر بن، یان صحيح البخاری و کتێبەکانی تری فەرموودە و عەقیدە و زانستە شەرعییەکان فێر بن و لەبەرهەم و کتێبی زانایانی پێشین خۆیان شارەزا بکەن، زۆر بە سوودێکی لەوە گەورەتر دەردەچن، فێربوونی زانستە شەرعییەکان بە تایبەتی زانستی بیروباوەڕ و حدیث و فقه وسیرة بە شێوەیەکی گشتی دڵ و دەروونیان پاراو دەکاتەوە و بەرگرییان بەرانبەر گومانەکان بۆ درووست دەکات و دیوارێکی تۆکمە لەبەرگری بۆ مێشك و دڵ و دەروونیان بەرانبەر گومانەکان بۆ درووست دەکات، نەك دیراسەکردنی خودی گومانەکان وپیس کردنی میشکیان بەو گومانانە.

ئەمە بۆچوون و تیگەیشتنی منە و الله أعلم.

35

# دینداری بە بەراوردکاری ناکرێت!

موسوڵمان بۆ ئەوەی بزانێت تا چەند کردەوەکانی ڕاست و درووستن، عیبادەتەکانی وەرگیراون، کارە چاکەکانی کە چاوەڕوانی پاداشتە لەسەریان بەو شێوەن کە الله تعالی پێی ڕازییە و لەگەڵ شەریعەتدا ناکۆك نین، پێویستە لەگەڵ سەرچاوەکانی دینەکەیدا بەراوردیان بکات و، نمایشیان بکاتە سەر کیتاب و سوننەتدا، ئەگەر لەو دوو پێوەرە دەرچوون، واتە ڕاست و باش و وەرگیراون، ئەگەر دەرنەچوون، واتە ناپەسەند وخراپ و وەرنەگیراون، لەم پێشەکییە مەبەستێکم هەیە و دەمەوێت بڵێم:

لەناو کوردی خۆماندا زۆر جار بەراوردکارییەکی نابەجێ و هەڵە هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی لە جیاتی ئەوەی کردەوە و کردار لەگەڵ قورئان و سوننەتدا بەراورد بکرێت، لەگەڵ کردار و کردەوەی کەسانی خراپ و دوور لە دیندا بەراورد دەکرێت و دواجار حوکمی باش بوونی لەو بەراوردە هەڵەیە وەردەگیرێت.

بۆ نموونە حیزب و کۆمەڵێك، یان ڕێخراو و کەسایەتییەکی ئیسلامی، دەچێت کارو کردەوەکانی خۆی لەگەڵ حیزب و کۆمەڵ و ڕێکخراوو کەسایەتییەکی نا ئیسلامی نەیاری ئیسلامدا بەراورد دەکات و دەڵێت: ئەها ئەوان خەریکی چین و ئێمە خەریکی چین؟ ئەم دوو کارە کامیان باشترە؟ ئینجا بەو دەرەنجامە دەگات کە کارەکەی خۆی باشترە، ئەوەش بەراوردێکی هەڵەیە، چونکە موسوڵمان دەبێت کردەوەکانی خۆی لەگەڵ بنەماکانی عەقیدە و شەریعەتدا بەراورد بکات نەك لەگەڵ پێچەوانەکانیدا.

بە هەمان شێوە کەناڵێکی ڕاگەیاندن، یان ئیزگەو سایت و کەناڵێکی یوتیوب، یان ئەگەر نموونە بە تیڤییەکی تایبەت بە مناڵان بهێنینەوە، لەجیاتی ئەوەی بەرنامەکان و بڕگەکانی، ئاراستە کردن و فێرکاری و سروود و قسەکانی، لەگەڵ قورئان و سونەتدا و لەڕۆشنایی ڕەوشت و دەستگرتنی سەلەف بەو دوو سەرچاوەوە هەڵبسەنگێنێت و بەراورد بکات، دەچێت لەگەڵ تیڤی و ڕاگەیاندنی عەلمانییەکاندا بەراوردی دەکات و دەڵێت ئەمەی ئێمە یان ئەوەی ئەوان کامیان باشترە؟ لە وەڵامیشدا خۆی و خەڵکانێکی سادەو نەشارەزا لەدین وەڵامی دەدەنەوەو دەڵێن بێگومان ئەوەی ئێوە زۆر باشترە، ئەم بەراورکارییە هەڵەیەش دەرگای ئەنجامدانی زۆر هەڵەی شەرعی و بگرە تاوانیش لەسەر پشت بۆ ئەو کەسانە دەکاتەوە.

ئەگەر کەسێکیش ڕەخنە بگرێت و بڵێت بۆ نموونە مۆسیقا حەرامە چۆن ئەبێت مناڵ لەسەر ئەو حەرامە ڕابهێنرێت بە بیانووی ئەوەی ئەو کەناڵە ئیسلامییە لە کەناڵێکی عەلمانی باشترە، یان لە هەندێ کەناڵی تری بەناو ئیسلامی باشترە؟، چۆن و لەسەر چ بنەمایەکی شەرعی ڕەوایە ئایەت و فەرموودە بە مۆسیقاوە بۆ مناڵ پیشکەش بکرێت؟! مۆسیقایش وەکو نموونە باسم کردووە ئەگینا بە بەهانەی ئەو بەراوردکارییە هەڵەیە چەندین چەمکی دژوار لەگەڵ عەقیدە و شەریعەتی ئیسلامدا لەو کەناڵانەوە دەگاتە موسوڵمانان و لە دینی حەق دوور دەخرێنەوە.

لە ڕاستیدا باش ئەوەیە کە لە قورئان و سوننەت و لە ڕۆشنایی عەقیدەی ئیسلامیدا باشە و خراپیش ئەوەیە کە لەڕۆشنایی ئەو دوو سەرچاوەدا خراپە، ئەو بەراوردکارییەی ئەمڕۆ لەم ڤێرژنە دیندارییەی کوردیدا هەیە، ڕەنگدانەوەیە بۆ بەشێك لەو لادان و بەزین و تێکشکانی ناخ و تیکچوونی فیترەتە کە تاکی کورد تووشی بووە و بێگومان ئیسلامییەکانیش بەهۆی دەست نەگرتنیان بە بنەماکانی کیتاب و سوننەتەوە ئەوانیش پشکی خۆیان لەو حاڵەتە خراپە بەرکەوتووە.

زۆر جار ئەم بەراوردکارییە ناشەرعییە و هەڵەیە کارەسات بەسەر موسوڵماندا دەهێنێت و بیروباوەڕی دەشێوێنێت، بۆ نموونە هەندێ کەس دەڵێن: چی بکەین ئەوە هەڵبژاردنە و دەبێت بەشداری بکەین؟! باشە دەنگ بە عەلمانی بدەین یان ئیسلامی کامیان باشترە؟! ئەڵبەتە ئەم بەراوردکردنە یان لە جەهلەوە سەرچاوە دەگرێت یان کڵاوێکە و کراوەتە سەریان و بەخۆیان نازانن، ئەگینا بۆ ئەبێت ئیلا هەر بەشداری بکەیت؟ وەکو ئەوەیە بەیەکێك بوترێت ئەوە ئاگر و ئەوە زێراب خۆت فڕێبدە ناو یەکێکیانەوە وەڵامی ڕاست ئەوەیە خۆت لە هەردوکیان ڕزگار بکەیت نەك زێرابەکە هەڵبژێرێت!

چونکە ئەگەر لە نێوان دوو خراپەدا سەپشك کرایت کام خراپەیان ئەنجام بدەیت حەق و راست ئەوەیە کە هیچیان هەڵنەبژێرێت نەك سووکەکەیان هەلبژێرێت، بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و لە هەر پرۆسەیەك پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەبێت ڕەتکردنەوەیە بۆ حاکمیەتی پەروەردگار و سەرکێشی کردنە بە دینەکەتەوە، بەشداری کردن لەو پرۆسەیە یەکسانە بەوەی ئەو کەسە ماڵی خۆی وێران بکات و دینی خۆی لەکەدار بکات، ئیتر ئەو کەس و لایەنە عەلمانی بێت یان ئیسلامی بێت مەگەر خۆت بخەڵەتێنیت، ئەگینا هیچ جیاوازیەکی نییە.

ئینجا ئیسلامی ئەگەر بەڕاستەقینە ئیسلامی بێت چۆن ئەبێتە ئەندام لە (دار الندوة)دا مەحاڵە ئەگەر لە ئەلف و بێی عەقیدە تێگەیشتبێت ئەو کارە بکات، خۆیان و ئەوانەش کە فەتوایان بۆ ئەدەن عاقیبەتی ئەو کارەیان بەچاوی سەریان دەبیننەوە: (لِيَحْمِلُوا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۙ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ)[١]

ئەی ئەگەر ئەوە بەراوردێکی سەقەت نییە و درووستە بۆ یەك هاوەڵ بەشداری (دار الندوة) ی موشریکەکانی قورەیشیان نەکرد، هیچ نەبێت نەهی لە مونکەر بکەن و دەستێك بەرز بکەنەوە و دەنگ لە دژی بڕیاری موشریکەکان بدەن؟ بێگومان لەبەر ئەوە بوو ئەوان کاتێك سورەتی الکافرون و الإخلاص و ئایەتەکانی عەقیدەیان لە قورئاندا دەخوێندنەوە هەر خوێندنەوەیەکی بێ گیان و بەرجەستەنەکراو نەبوو، کە ئایەتی (إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ)[٢] دەخوێندنەوە لەولاوە بە (إن الحکم إلا للشعب) هەڵیان نەدەوەشاندەوە! بەڵکو بەرجەستەیان دەکرد و عەمەلیان پێچەوانەی قسەکانیان نەبوو، ئەوان هەر لەیەکەم ڕۆژەوە وتیان لا إله إلا الله تەوحیدیان کرد بە درووشمی ژیانیان و لە هەموو بوارێکی ژیاندا بەرجەستەیان کرد.

---

[١] - النحل:٢٥.

[٢] - یوسف:٤٠

خۆ خەڵەتاندن بەو بەراوردکارییەی سەرەوە لە کارەساتێکی وەکو هەڵبژاردندا بە بەهانەی ئەوەی دەنگ بۆ ئیسلامییەکان دەدات، ئەوە ئەو پەڕی لە خشتەچوونی بیروباوەرە و هاوکات جۆرێکیشە لە خۆ خەڵەتاندن، وەکو ئەوەیە دوو کەس هەردووکیان عارەق بخۆنەوە یەکێکیان بڵێت ئەوە عارەقە و بەئاشکرا بیخواتەوە، ئەوی تریان خۆی بخەڵەتێنێت و ناوی تری لێ بنێت و بیخواتەوە و هەندی داماو و خراپ تێگەیشتوو و خاوەن بەرژەوەندی فەتوایان بۆ دابێت بڵێت من فەتوایشم بۆ دراوە! لە ڕاستیدا ئەو دوو کەسە هەردوکیان هەر کەوتوونەتە ناو تاوانەکەوە و گۆڕینی ناوی حەرامەکە هیچ لە حەرامیتییەکەی ناگۆڕێت.

بە کورتی ئەو کەسە داماوە وا دەزانێت و وا تێگەیەنراوە کە لە نێوان دوو لادان و هەڵەدا با هەڵەی بیروباوەڕیش بێت هەر دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێت! لە کاتێکدا وەڵامی ڕاست ئەوەیە نابێت هیچیان هەڵبژێرێت و دەبێت لە هەردوکیان بەری بیت.

لە ڕاستیشدا ئەم دینە ماڵی باوکی کەس نییە بە ئارەزووی خۆی لێی کەم کاتەوە و بۆی زیاد بکات و لەگەڵ واقیعی ڕۆژگاردا و لەسەر حیسابی حوکمەکانی قورئان و سونەتدا بیگونجێنێت و بەم بەراوردکارییە بنەماکانی عەقیدە تێکبدات!.

لەم بارەوەشەوە زۆر بە گرنگی دەزانم وریای هەندێ ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراو بن بۆ مناڵان، کە بە بەهانەی ئەوەی لە ڕاگەیاندنی عەلمانی و خراپەوە دووری بخاتەوە، پەروەردەیەکی هەڵەی مناڵەکانمان دەکات و هەندێ حەرامی - بۆ نموونە وەکو مۆسیقا وچەسپاندنی هەندێ چمك و واتای دژوار لەگەڵ بیروباوەڕ و شەریعەتدا - لەلایان ئاسایی دەکەنەوە و لەپاڵ زۆر بابەتی باش و ئاکاری جواندا بەناڕاستەوخۆ فێری هەندێ شتی هەڵەی دەکەن و حەرامی لەلا ئاسایی دەکەنەوە و بەزاندنی سنورەکانی شەرعی هەر لەم تەمەنە ناسك و هەستیارەوە لەلا ئاسایی دەکەنەوە و بێ ئاگا لەوەی ئەم دینە بۆ هەڵبژاردن نییە کێ چی پێ گونجاو بێت ئەنجامی بدات و چی پێ نەگونجاو نەبوو وازی لێ بهێنێت!

یان کە هەر حوکمێکی لەگەڵ ئەم قۆناغەی کوردستاندا بە نەگونجاو زانی هەمواری بکات و لێی بقرتێنیت و دواجاریش ئیسلامێکی جیاواز و هەڵە پێشکەش بە گرنگترین توێژی کۆمەڵگا و نەوەی پڕ بایەخی دوارۆژ بکەن کە بریتین لە مناڵان.

هەروەکو نموونەیەکی واقیعی کاتی خۆی کەناڵی (طيور الجنة) و هاوشێوەکانیشی لەسەر بنەمای ئەو بەراوردە هەڵەیە درووست بوون، کە لەلایەکەوە لە کەناڵە خراپەکانی عەلمانییەکان دووری دەخاتەوە کە بە

شێوەیەکی خراپ منداڵ پەروەردە دەکات، لەولاشەوە بۆ ئەوەی بینەری زۆر بێت و ستایشی خەڵکی بەدەست بهێنێت و تۆمەتی توندڕەوی و نامۆدێرنەیی نەدرێتە پاڵ، دەچێت تێکەڵەیەك لە ڕاست و لە هەڵە، لە حەق و ناحەق، لە حەڵاڵ و لە حەرام لەبەرنامەکانیدا پێشکەش دەکات، ئینجا ئەوان و هەندێ لە کەناڵە کوردییەکانیش دێن و دەڵێن ئێمە توانیمان منداڵ لەو کەناڵە عەلمانییانە دوور بخەینەوە، ڕاست ئەکەن، لەوانە دوورتان خستنەوە، بەڵام ئەوانتان خستە جۆریکی تر لە هەڵە و سەرپێچی شەرعی کە لەگەڵیاندا گەورە دەبێت و دەبێت بە بەشێك لە پێکهاتەی کەسایەتییان.

ئەم حاڵەتەش بەداخەوە لەسەر کەناڵ و بەرنامەی منداڵان کورت هەڵنەهاتووە، بەڵکو هەموو ڕاگەیاندنە ئیسلامییەکانی گرتووەتەوە و دەچن خۆیان بە کەناڵی عەلمانی بەراورد ئەکەن، ئاخر ئەوان عەلمانین و شوێنکەوتووی هەواو ئارەزوو یاسا و ڕێنمایی مرۆڤەکانن ڕاستتر بڵێین مرۆڤە فیترەت شێواوەکان، کەی ڕاستە لەگەڵ کەسانێکدا بەراورد بکرێن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شوێنکەوتووی شەرعی رب العالمین؟ لە ئەنجامی ئەو بەراوردەدا دەبنین بێژەری ئافرەت لە کەناڵی عەلمانیدا درێغی لە هیچ خۆ جوان کردنەوە و دەرخستنێکی جوانی خۆی ناکات و لە ڕووی جلیشەوە ئازادە چی بپۆشێت و نەپۆشێت، لەکەناڵی ئیسلامیشدا بە جیاوازییەکی کەم کە داپۆشینی قژو هەندێ لە ئەندامەکانی تێدایە، بەڵام بەهەمان میکانیزمی

بەكارهێنانی ئافرەت مەرجی بێژەری ئافرەت ئەوەیە جوان بێت و ڕووی خۆش بێت و ئامادەش بێت بەرانبەر پیاو و بەڵكو بەرانبەر هەزاران و ملیۆنان كەسی جۆراوجۆر لەو كۆمەڵگایە بە ئەوپەڕی جوانی خۆی و بە زەردەخەنە و ڕووی گەشەوە دابنیشێت و بیرنامە پێشكەش بكات، بەڵكو وەكو هەر پیاوێك لەگەڵ پیاواندا تێكەڵ بێت و مامەڵە بكات و بەریەككەوتنیان هەبێت، لەگەڵ دەیان هاودیدی و هاوبۆچوونی تر لە نێوان ڕاگەیاندنی عەلمانی و ئیسلامیدا كە جاری وا هەیە مەگەر بەلۆگۆی كەناڵەكان لەیەكتریان جیا بكەیتەوە، واتە پێوەر فشاری واقیع و ڕازی كرنی خەڵكە نەك ڕەچاو كردنی شەریعەت و ڕاوەستان لە سنوورەكانی و پارێزگاری كردن لەو عەقیدەی كە هەموو پێغەمبەران بۆ چەسپاندنی ڕەوانە كراون.

بۆیە بە كورتی دینداری بەو شێوازە لە بەراوردكاری هەڵەیە و، زەنگێكی مەترسیدارە كورد بەردەوام سنووری دینەكەی بەو بەهانەوە دەبەزێنێت، باوەڕیش ناكەم سنوور بەزاندنە شەرعییەكان لەو ئاستەدا ڕاوەستێت و ڕەوڕەوەی شلكردنەوەی دین و دەستكاری كردنی حوكمەكانی لە سنوورێكی دیاریكراودا سەقامگیر بێت، چونكە بنچینەی فەلسەفە و تێڕوانینەكە ناشەرعی و هەڵەیە و بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار و خەڵك و شەقام و دەسەڵات و ئەمانە پێكەوە مەحاڵە و دواجاریش شتێكی خراپی لێ دەردەچێت!

بۆیە پەیامم بەڵكو تكام لەو لایەنە ئیسلامی و ڕاگەیاندنكار و ڕێكخراوانە بەتایبەتی ڕێكخرواى ئافرەتان ئەوەیە:

ئەگەر دەتانەوێت بەراوردی كارەكانتان بكەن و ڕاست و هەڵەیی كارەكانی خۆتانتان بۆ دربكەوێت، لە ڕوانگەی عەقیدەو شەرعەوە ئەو بەراوردە بكەن، ئەو كات بەراورد و بڕیارەكەتان ڕاست دەردەچێت، لەگەڵ دوو سەرچاوەكەی دینەكەتاندا بەراوردی بكەن، نەك لەگەڵ واقیعی دوور لە بنەماكانی بیروباوەڕ و شەریعەت لەم ڕۆژگارەدا، نابێت كەسایەتی عەلمانی و كەناڵی خراپ و حیزب و كۆمەڵی دوور لە ڕەوشت و دین بكەن بە لایەنێكی بەراوردەكە و دواجار لەسەر ئەو بنەما بڕیار بدەن!

خۆ بەو شێوە بێت هەرچی بكەیت هەر هەڵەی لەوەی ئەوان كەمتر ئەبێت و شەڕو خراپەی لەوەی ئەوان ئەهوەنتر ئەبێت، بەڵام ئایا دینداری بەو شیوە دەبێت؟ بێگومان ئەوە دینداریيەكی هەڵەیە و ڕێگایەكی ناپەسەند و عاقیبەت خراپە، كە مەخابن زۆرێك لە كورد لەسەرین و پەیڕەوی دەكەن.

باوەڕم وایە ئەم چەند دێڕە دەبێتە بەڵگە و حوجە لەسەرتان و ئەگەر دەتانەوێت خزمەت بە دینەکەتان بکەن، بەو شێوە بیکەن کە الله تعالی و پێغەمبەر ﷺ پێی ڕازین، نەك خولیاتان لەگەڵ ڕازی کردنی دینەکەتاندا بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ڕای گشتی و شەقام و دەسەڵات و خەڵکی عەوامیش بێت، ئێوە چاك دەزانن ئەگەر ئیسلام وەکو خۆی بخەنەڕوو لێتان قبوڵ ناکەن و ڕێگەتان نادەن، بۆیە ئێوەش ئەو سازشە ناشەرعییە دەکەن و جارێکی تر دەڵێم ئیسلام خاوەنی خۆی هەیە و خاوەنەکەی بەرنامەیەکی ڕوونی بۆ بەڕێوەچوونی داناوە، یان بەباشی پەیڕەوی بکەن و سەربەرزی دونیاو دوارۆژی پێ بەدەست بهێن، یان ئەو تێکەڵ و پێکەڵ کردنەی ئەنجامی ئەدەن با چاك بزانن درێژەدانە بەو هەوڵە زۆرانەی کە لەناو کورددا هەمیشە دراوە لە پێناو ناشیرین کردنی ئیسلام و بەناوی ئیسلامیشەوە.

پەروەردگار شایەتە کە جگە لە گەیاندنی دینەکەی و بانگەواز بۆ عەقیدەو شەریعەتەکەی وریاکردنەوەی قەومەکەم لەو هەڵانەی کە لەسەرین و لەوانەی کە خۆڵیان لەچاو دەکەن، هیچ مەبەست و ئامانجێکی ترم نییە.

## 36
## با کردەوەت پێچەوانەی ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ نەبێت!

پیرۆزباییکردن لە گاورەکان بە بۆنەی سەری ساڵەوە، کارێکی نادرووستە و لە گەڵ بنەماکانی بیروباوەڕی موسوڵماندا تێکدەگیرێت، چونکە ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیەو پێویستە موسوڵمان لە ڕۆشنایی دەقەکاندا لێی بڕوانێت و سنوورەکانی نەبەزێنێت، ئەوان لەو ڕۆژەدا ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی لەدایکبوونی خواکەیانەوە!

(سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوًّا كَبِيرًا ) تۆیش بێ ئەوەی هیچ بایەخیك بەو هاوەڵدانانەیان بۆ الله بدەیت دەچی پیرۆزباییان لێ دەکەی! ڕیك وەکو ئەوەیە بڵێیت ئێوە لەسەر ڕێبازێکی حەق و ڕاستن و دەستخۆشییان لێ بکەیت و بلێیت لەدایکبوونی خواکەتان لێ پیرۆز بێ!

لە ڕاستیدا کەسێکی زۆر سادە و ئاسایی کە تەنها فیترەتی سەلامەت بێت و تێکنەچووبێت، ئەم ڕاستییە دەزانێت کە ئەو پیرۆزباییە نادرووست و نابەجێیە، چونکە ناکرێت لە جەژن و بۆنەیەکی لەو شێوەدا پیرۆزبایی لە کەسانێك بکەیت و بە خۆیشت باوەڕت بەو جەژن و بۆنەیە نەبێت و بە پێی عەقیدە و دینەکەت هەڵە و شیرك و لادانی گەورەی بیروباوەڕ بێت، ئەوە

پێچەوانەی شەرع و عەقڵیشە، ئەوان بۆ خۆیان ئازادن چی دەپەرستن و کێ بەخوا دەزانن و چەند خوایان هەیە! لە قیامەتدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و سزای خۆیان وەردەگرن!

بەڵام چۆن دەبێت ئێمە کە خۆمان بە موسوڵمان و شوێنکەوتووی قورئان و سوننەت دەزانین کە هەموو دەقەکانی جەخت لەسەر تەوحید و دوورکەوتنەوە لە شیرك دەکەنەوە، ئەوانە پشتگوێ بخەین و بچین شوێنیان بکەوین و پیرۆزبایی لادان و بێ باوەڕییان لێ بکەین، ئەو کەسەی کە لە دایکبووە و تۆ پیرۆزبایی لە دایکبوونەکەی دەکەیت بەلای ئەوانەوە کوڕی خوایە! ئیتر نازانم چ جەهل و سەرلێشێوانێك لە پشت ڕێگەپێدانی ئەو پیرۆزباییەوە وەستابێت و موسوڵمانی داماویش بە قسەی فلان و فیساری گومڕا دەکەوێتە ئەو داوەوە. (مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ).

بەڵکو ئەگەر ئەوانیش لەو جەژن و بۆنانەی خۆیاندا پیرۆزباییان لێ کردین، درووست نییە وەڵامیان بدەینەوە، ئاخر ئەوان باوەڕیان بەسێ خوا هەیە و لە دەریای شیرکدا نگرۆن! ئێمەش باوەڕمان بەتەنها یەك پەروەردگار هەیە کە الله یە و تەوحیدی بۆ دەکەین و بەردەوام دەڵێین: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ * اللَّهُ الصَّمَدُ * لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ * وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أَحَدٌ). چۆن دەگونجێت بچین بە

کردار ئەو شایەتییەی خۆمان بشێوێنین و هەڵیوەشێنینەوە، خاوەنی ئەم دوو بیروباوەڕە ناکۆکە چۆن یەك دەگرنەوە، بەڕاستی (إِنَّكُمْ لَتَقُولُونَ قَوْلًا عَظِيمًا). بۆیە ئەوانەی فەتوای لەو جۆرە دەدەن بە هەر پاڵنەرو خۆخەڵەتاندن و پاساوێکەوە بێت، بە ڕۆژی ڕووناك لەو کارەیاندا لە (الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ) لایانداوە و پێویستە بە خۆیاندا بچنەوە و چیتر موسوڵمانی بێ ئاگا و جاهیل بە عەقیدە گومڕا نەکەن و لە ڕێگای ڕاستی قورئان و سوننەت ئەوەندەی تر دووریان نەخەنەوە.

با هەموو موسوڵمانانی لای خۆمان و کوردانی ئەوروپایش لەوە دڵنیابن کە دروست نییە و حەرامە لە نێوان خۆیشیاندا بە بۆنەی سەری ساڵەوە هیچ ئاهەنگ و خۆشی و حەفلەیەك بگێڕن، یان شیرینی و کێك و خواردنی تایبەت بە بۆنەی سەری ساڵ دروست بکەن و دابەشی بکەن، یان خەڵکی بۆ بانگهێشت بکەن، هەموو ئەوانە کێشە و کەلێنیکە لە عەقیدەو بیروباوەڕی خۆیاندا درووستی دەکەن، با بشڵێن نیەتمان ئەوە نییە!

چونکە نیەتی باش هیچ کاتێك کاری قەدەغەو حەرام حەڵاڵ ناکات، مادام لەو کات و تەوقیتەدا دەیکەن حوکمەکەی هەر دەیانگرێتەوە و تاوانی گەورەیە و سزای لەسەرە و داوا لە هەموو موسوڵمانێك دەکەم بەو کارە عەقیدەی خۆی لەکەدار نەکات و بە قسەو فەتوای بێ بنەمای شەرعی هیچ گومڕایەك لە خشتەنەچێت.

١- الله تعالى فەرموویەتی: (وَالَّذِينَ لا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَاماً)[١] مجاهد بە ڕەحمەت بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: (إنها أعياد المشركين، وكذلك قال مثله الربيع بن أنس، والقاضي أبو يعلى والضحاك. وقال ابن سيرين: الزور هو الشعانين ، والشعانين: عيد للنصارى يقيمونه يوم الأحد السابق لعيد الفصح ويحتفلون فيه بحمل السعف، ويزعمون أن ذلك ذكرى لدخول المسيح بيت المقدس)[٢]

٢- لە سونەتیشدا فەرموودەی أنس بن مالك رضي الله عنه هاتووە کە فەرموویەتی: (قدم رسول الله ﷺ المدينة ولهم يومان يلعبون فيهما، فقال: ما هذا اليومان؟ قالوا: كنا نلعب فيهما في الجاهلية، فقال رسول الله ﷺ: إن الله قد أبدلكم بهما خيراً منهما: يوم الأضحى ويوم الفطر)[٣].

---

[١] - الفرقان:٧٢.

[٢] - بڕوانە: اقتضاء الصراط المستقيم ٥٣٧/١، والمعجم الوسيط ٤٨٨/١،

[٣] - رواه أبو داود، وأحمد، والنسائي على شرط مسلم.

٣- حەرامی پیرۆزباییکردنی ئەو بۆنانە لە موشریکان و لە ئەهلی کیتاب ئەوەیە کە یەهود و نەسارا بەردەوام لەناو وڵاتی موسوڵماناندا بوونیان هەبووە و جەژناکانی خۆیشیان بەڕێوە بردووە و هیچ کاتێك کەسێك لە پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە پیرۆزباییان لەوان نەکردووە، هەروەها عومەریش الله لێی ڕازی بێت لە مەرجەکانیدا لەگەڵ أهل الذمةدا و بەڕازی بوونی هەموو هاوەڵان بە مەرج گرتی لەسەریان کە جەژنەکانیان لەناو وڵاتی موسوڵماناندا بە ئاشکرا ئەنجام نەدەن، جا ئەگەر بەو شێوە لەلایەن خەلیفەی موسوڵمانانەوە ڕێگریان لێ کرابێت کە بۆنەو جەژنەکانیان ئەنجام بدەن ئیتر چۆن درووستە کە بەشداریان بکرێت و پیرۆزباییان لێ بکرێت لە کاتێکدا بۆنەکانیان هەمووی شیرکە و لەگەڵ عەقیدەی موسوڵماناندا دژوارە و تێکدەگیرێت!؟

ابن القيم بەڕەحمەت بێت سەبارەت بە حەرام بوونی پیرۆزبایی کردنی جەژن و بۆنەکانی بێباوەڕان فەرموویەتی ئەو کارە بە کۆدەنگی زانایان حەرامە و درووست نییە بە بۆنە و عیبادەتەکانیان پیرۆباییان لێ بکرێت و بوترێت جەژنتان پیرۆز بێت، چونکە ئەو کەسەی ئەو کارە بکات ئەگەر لە کافر بوونیش ڕزگاری ببێت ئەوە حەڕام و قەدەغەیەکی گەورەی ئەنجام داوە، چونکە وەکو ئەوەیە ئەو سەجدە بۆ خاچ ببات و ئەو کەسەش پیرۆزبایی لەو کارەی بکات و فەرموویەتی: (وأما التهنئة بشعائر الكفر المختصة به فحرام

بالاتفاق، مثل أن يهنئهم بأعيادهم وصومهم، فيقول: عيد مبارك عليك، أو تهنأ بهذا العيد ونحوه، فهذا إن سلم قائله من الكفر فهو من المحرمات، وهو بمنزلة أن يهنئه بسجوده للصليب، بل ذلك أعظم إثماً عند الله، وأشد مقتاً من التهنئة بشرب الخمر وقتل النفس وارتكاب الفرج الحرام ونحوه. وكثير ممن لا قدر للدين عنده يقع في ذلك، ولا يدري قبح ما فعل، فمن هنأ عبداً بمعصية أو بدعة أو كفر فقد تعرض لمقت الله وسخطه... )[١] عمر رضي الله عنه دەيفەرموو: (إياكم ورطانة الأعاجم، وأن تدخلوا على المشركين يوم عيدهم في كنائسهم فإن السخطة تتنزل عليهم)[٢]. واتە عومەر الله لێی ڕازی بێت نەهی لە موسوڵمانان کردووە بچنە نێو کڵێسای موشریکانەوە لە ڕۆژی جەژنەکانیاندا چونکە خەشم و قینی الله بەسەریاندا دادەبەزێت.

بەڵام ئێستا کەسانێك پەیدا بوونە بەبەهانەی جۆراوجۆرەوە هەموو ئەو بەڵگە ڕوون و ئاشکرایانە بە دیواردا دەدەن و نەك هەر پیرۆزبایی لە موشریکان دەکەن بەڵکو بەبراو و بە دۆستی خۆیانیان دەزانن، دواجار ئەوەش بوو بە کەلێنێکی تری عەقیدە لەناو موسوڵماناندا کە ئەویش چووە سەر چەندین هەڵە و لادان و کەلێنی تر کە ئەمڕۆ موسوڵمانان پێوەی دەناڵێنن و بە خۆیشیان نازانن.

---

[١] - بڕوانە:أحكام أهل الذمة ١/١٦١.

[٢] - رواه أبو الشيخ الأصبهاني والبيهقي بإسناد صحيح.

37

# ئایا لە مەسەلەی عەقیدەدا سازش و ڕێکەوتن دەکرێت؟

وەڵامەکەشی بە دوو شێوە دەدەینەوە، بە کورتی و بە شیکراوەیی، وەڵامی ئەو پرسیارە بە کورتی ئەوەیە کە نەخێر ئەگەر مرۆڤ لە سەر عەقیدەی حەقی کیتاب و سوننەت بێت، ئەگەر لەسەر مەنهەجی پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە بێت، نەخێر بۆی نییە و نابێت لە ژێر هیچ پاساوێکدا سازش لەسەر وازهێنان لە بانگەواز کردن بۆ ئەو عەقیدەیە یان بەشێك لەو عەقیدەیە بکات، یان لەگەڵ سەرانی بیروباوەڕێکی تردا ناکۆك لە گەڵ ڕێبازی ئەهلی سوننەتدا ڕێك بکەوێت و بڵێت تۆ قسە بە عەقیدەکەی من مەڵێ منیش قسە بەعەقیدەکەی تۆ ناڵێم، ئەگەر تۆ بەردەوام بیت لە ڕەددانەوەی سەرانی کۆمەڵ و تاقمەکەی من، ئەوا منیش هەرچی لاپەڕەی سەرانی تۆ هەیە لە زانایان هەڵی دەدەمەوەو باسی دەکەم! بۆیە وازبهێنن با ئێمەش واز بهێنین، بێ دەنگ ببن با ئێمەش بێ دەنگ ببین! (بئس الاتفاق) ڕێکەوتنی لەو جۆرە.

لە وەڵامە شیکراوەکەشدا دەڵێم:

لە ڕاستیدا ڕازی بوونی کەسێك بە ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە، بەڵکو تەنها بیرکرنەوە لەو جۆرە اتفاق و سازشە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو بانگخوازە -ئەملا بێت یان ئەولا -لە بنچینەوە لەگەڵ ئەو پرسەدا ڕاستی نەکردووە لە بانگەوازکردنی بۆ عەقیدەکەی خۆی، بەڵکو دیارە ئیش و مەبەست و مەرامی تری هەبووە، ئەگینا خۆ ئەم ئیسلامەماڵی باوکی کەس نییە تەنازول لە هەندێکی بکات و دەستبەرداری بێت و دەست بە هەندێکی تری بگرێت و بەرگری لێ بکات! ئەی ئیتر کیتاب و سوننەت بۆ چییە بۆ یەکلاکردنەوەی لەسەر حەق بوون و نەبوونی دوو لایەنی ناکۆکی نەبێت، الله عزوجل فەرموویەتی: (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا)[١] بەتایبەتی کاتێك لەسەر ڕوونترین و سەرەکیترین باسەکانی ئیسلام بێت کە باسی تەوحید و بیروباوەڕە و لە قورئانی پیرۆز و لە سوننەتی پێغەمبەری نازداردا ﷺ دەقەکان دەربارەیان ڕوون و ئاشکران.

لەم میانەدا یەك مەسەلەی زۆر گرنگ هەیە ئەویش لە قورئاندا وەکو ڕۆژی ڕووناك دیارە و بەرجەستەیە، ئەویش ئەوەیە زۆرینە لە هیچ حاڵەتێکدا پێوەری حەق نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆرینە زۆر جار لەسەر ناحەقن و ئەهلی حەقیش بە درێژایی مێژوو کەمینەن و دژایەتی دەکرێن:

[١] - النساء:٥٩.

- الله تعالى لە قورئانی پیرۆز فەرموویەتی زۆربەی خەڵکی حەقیان ون کردووە: (بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ فَهُم مُّعْرِضُونَ)[1]
- لە قورئاندا زۆربەی خەڵکی شوێنکەوتووی گومانن: (وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلَّا ظَنًّا إِنَّ الظَّنَّ لا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ)[2]

- لە پێناسەی قورئاندا زۆربەی خەڵکی تێنەگەیشتوون و عەقڵیان بە شتدا ناشکێت: (وَلَكِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَأَكْثَرُهُمْ لا يَعْقِلُونَ)[3]

- لە قورئاندا زۆربەی خەڵکی بێ دین وکافرن: (يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ اللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكْثَرُهُمُ الْكَافِرُونَ)[4]

- لە قورئاندا زۆربەی خەڵکی شوێنکەوتووی شەیتانن و کۆمەڵ و دارودەستەی ئەون: (وَلَوْلا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا)[5]

---

[1] - الأنبياء: ٢٤.
[2] - يونس: ٣٦.
[3] - المائدة:١٠٣.
[4] - الحل:٨٣.
[5] - النساء: ٨٣.

- لە قورئاندا باسی ئەوە کراوە کە زۆرینەی خەڵك پشت لە قورئان هەڵدەکەن و ڕووی لێ وەردەگێڕن: (كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ * بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لا يَسْمَعُونَ)[١]

- لە قورئاندا نهێنی زۆربەی خەڵکی ئاشکرا کراوە بەوەی کە ڕقیان لە حەق دەبێتەوە و دۆستی باتڵن: (بلْ جَاءَهُم بِالْحَقِّ وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ)[٢] لەوانەیە بەرەی حەق ژمارەیەکەیان زۆر کەم بێت، بەرەی باتڵیش ژمارەیەکیان یەکجار زۆر بێت، ئەوە نابێت هیچ لێڵیی و ناڕوونییەك بۆ ڕوانگەی موسوڵمانان دروست بکات، بەڵکو بە پیچەوانەوە ئیرادەو ویستی الله لەسەر ئەوەیە زۆربەی جارەکان زۆرینە لەسەر حەق نین و ئەوەش ئایەتەکانی قورئانە لەو بارەوە گەلێك ڕوون و زۆرن. هەڵگرانی حەقیش نابێت هەست بە تەنهایی و بە دابەزینی ورە بکەن چونکە دەبێت بەوەی کە لەسەر مەنهەجی کیتاب و سوننەتن دڵخۆش بن و بەهێز بن و دڵنیا بن بە شێوەیەك لە شێوەکان سەرکەوتن هەر بۆ ئەوانە، ئەوە وەعدی الله یە بۆیان: (وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي

---

[١] - فصلت: ٣- ٤ .

[٢] - المؤمنون: ٧٠.

ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ)[١]

بەڵکو لە شەڕی دەستەویەخە و لە ڕووبەڕووبوونەوەشدا موسوڵمانەکان ئەگەرچی بە ژمارە کەمن بەڵام لەسەرکەوتنەوە نزیکترن: (قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَاقُو اللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ)[٢]

نابێت مەسەلەیەك، یان چەمكێك و دژەكەشی پێكەوە لە هەمان كاتدا هەر حەق و ڕاست بن، دەبێت یەكێكیان هەڵە بن، هەروەكو چۆن مەحاڵە ئیسلام و نەسرانیەت هەردوكیان هەر حەق بن و دەبێت یەكێكیان باتڵ بێت كە ئەویش دینی شێوێندراوی نەسرانییەتە، بە هەمان شێوە مەنهەجی ئەهلی سونەت و مەنهەجی ئەهلی بیدەع لە تەرازووی حەق و ڕاستیدا هەردووكیان كۆنابنەوە، كەسی شوێنكەوتووی ئەهلی سوننەت و جەماعەت یەقینی هەیە خەواریج و مورجیئە و موعتەزیلە و جەهمییە و ئەشاعیرە و ماتوردیدیە هەمووی لە بیروباوەڕی كیتاب و سوننەت لایانداوە و تەنها أهل الحدیث و أهل السنة و الجماعة بریتین لە (الفرقة الناجیة) و كۆمەڵی ڕزگار بوون، بۆیە بەو حەقەی كە پێیانە ناچن لەگەڵ ئەهلی بیدەع سازش بكەن و

---

[١] - النور: ٥٥.

[٢] - البقرة: ٢٤٩.

لە گەڵیاندا ڕێکبکەون بۆ نموونە بڵێن: ئێوە قسە بە ابن تیمیة و شێخ محمد بن عبدالوهاب و زانایانی ئەهلی سوننەت مەڵێن ئێمەش قسە بە سەرانتان ناڵێن و لادانەکانیان لە مەنهەجی کیتاب و سوننەت لە مەسەلەی ناو و سیفەتەکانی الله و لە مەسەلەی قەدەر و لە پێناسەی کەلامی الله و لە بینینی الله لە ڕۆژی قیامەتدا و باسەکانی تری عەقیدەدا ناخەینە ڕوو، ئەگەر وا بکەن کەواتە ڕاستیان نەکردووەو لەسەر حەق نین، ئەو کارە ئەگەر بیکەن لەگەڵ شەرع و لەگەڵ عەقڵدا ناکۆکە.

بۆ نموونە ئەهلی سوننەت و جەماعەت هەرچی ئایەتەکانی سیفات هەیە باوەڕیان پێیەتی و وەکو خۆی بەبێ تەئویل کردن و پەکخستن و لێکچواندن بە بێ تەشبیهو تەعتیل باوەڕیان پێیەتی و ئەوە بەحەقی موتڵەق دەزانن، چۆن دەبێت بوترێت ئەمە حەقە ئەوانەش کە پێچەوانەی ئەم عەقیدەن و نکۆڵی لە زاهیری هەموو ئەو ئایەتانەی سیفات یان زۆربەی زۆری دەکەن و چەندین جیاوازی جەوهەری تریشیان لە مەسەلەی قورئان و قەدەر و بەشەکانی تری عەقیدەدا هەیە بوترێت ئەوانیش هەر لەسەر حەقن و ڕاستییان پێکاوە! چۆن حەق و پێچەوانەکەشی لە یەك کاتدا هەر ڕاستن؟ بەڵکو تەنها یەکێکیان دەبێت لەسەر حەق بن و ڕاستییان پێکابێت و ئەوی تریشیان بەلاڕێدا ڕۆیشتبێت و حەقی لێ ون بووبێت.

ئەگەر بە ئەشعەرییەك بڵێیت تۆ و جەهمی وموعتەزیلییەك وەکو یەکن، بەتوندی ئەو بیرۆکە ڕەتدەکاتەوە و پێی ڕازی نابێت.

لە کاتێکدا لە پرسەکانی عەقیدەدا -وەکو مەعلومە- خاڵی هاوبەشیشیان هەیە، چجای بەرەی دووەمی بەراوردەکە کەسێك بێت لەسەر عەقیدەی ئەهلی سوننەت و فەرموودەناسان و پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە بێت لە سێ سەدە چاکە شایەتی بۆ دراوەکاندا، دوو مەسەلەی جیاوازە، زاهیری ئایەتەکانی قورئان و سەدان فەرموودەی صحیح و ئیجماعی سەلەف یش بۆ ئەم قسە شایەتی دەدەن و ئەو دوو تێگەیشتنە بۆ عەقیدەی ئیسلامی نابێت لەیەك کاتدا هەردوکیان هەر ڕاست بن.

بۆیە بە کورتی دەڵێم: سازش کردن لەمەسەلەی عەقیدەدا بە هیچ شێوەیەك درووست نییە و نابێت هەبێت، ئەگەر ئەوە ڕوویدا ئەوە دەبێتە سەلمێنەر و بەڵگە لەسەر خراپی نیەتی کەسەکان و هەبوونی ئامانج و مەرامی تر لە هاوکێشەکەدا بۆیە لەسەر حەقەکەیان ئامادەی سازشکردنن.

ئەم سەردەمەی خۆمان بە داخەوە سەردەمی گومان و جێگیر نەبوونە و نابێت بە ڕواڵەت و بە قسەی بریقەدار فریو بخۆیت، کاتێکی زۆری دەوێت تاکو بۆت بسەلمێت کەسێك خاوەن مەنهەجێکی ڕاستە و بەرژەوەندییەك لە

پشت کارەکانییەوە ناوەستێت، لە کوردستاندا لە ئەنجامی بازرگانی کردن بە دینەوە دەیان کەسایەتیمان بینی چۆن لە پشت پەردەی بانگەواز و پیشنوێژی و وتاربێژی و حەقبێژی و سیفەتی ترەوە بە مەرامە شاراوەکانی خۆیان گەیشتن و زۆری نەبرد حەقیقەتیان بۆ خەڵکی دەرکەوت.

بۆیە لە ئەم سەردەمەی خۆماندا دەبێت کەسی موسوڵمان و موەحید بە پلەی یەکەم خەریکی چاککردنی ئیمانی خۆی و ماڵ و مناڵ و کەسە نزیکەکانی بێت و دوای ئەوە بیر لەوە بکاتەوە خەڵکانێکی تر بۆ بازنەی هیدایەت ڕابکێشێت وکاریان لەسەر بکات: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ ۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ)[1] هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی نزیکە زەمانە و سەردەم بە جۆرێك تێکبچێت و خراپ ببێت چاکترین ماڵی موسوڵمان چەند سەرە مەڕێك بێت خاوەنەکەی بیلەوەڕێنیت و لە کۆمەڵانی خەڵکی دوور بکەوێتەوە و بەدینەکەیەوە هەڵبێت: (يُوشِكُ أنْ يَكونَ خَيْرَ مَالِ المُسْلِمِ غَنَمٌ يَتْبَعُ بهَا شَعَفَ الجِبَالِ ومَوَاقِعَ القَطْرِ، يَفِرُّ بدِينِهِ مِنَ الفِتَنِ)[2]

بەڵام ئەمە مەعنای ئەوە نییە هەرچی حەقێك کە دەیزانیت لە هەموو کات و شوێنێکدا بە بێ ڕەچاوکردنی هیچ بارودۆخێك ڕایبگەیەنیت، نەخێر،

---

[1] - المائدة:١٠٥.

[2] - البخاري١٩

دەکرێت ڕاگەیاندنی حەق ئەگەر بەرژەوەندییەکی شەرعی هەبوو هەندێ دوا بخرێت و باس نەکرێت، دەکرێت شێوازەکەی ڕاستەوخۆ و ڕەق و زەق نەبێت، دەشێت لە میکانیزم و شێوازەکاندا بەرنامەی گونجاوی بۆ گەیاندنی دابڕێژرێت، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەهلی حەق لەگەڵ باتڵدا - لەسەر ئەو حەقەی کە پێیانە - نە سازش دەکەن نەیەك دەگرن و نە چاوپۆشیش لەیەکتر دەکەن بەو مەعنایەی بڵێن با چاوپۆشی لە یەکتر بکەین و تەگەرە وگرفت بۆ یەکتر درووست نەکەین! یان تۆ بە من بڵێ لەسەر حەقی منیش لەبەرانبەردا بە تۆ دەڵێم لەسەر حەقی! ئەوە شێوازێکی نامۆیە لە کاری ئیسلامیدا و لەگەڵ بنەماکانی قورئان و سوننەتدا یەك ناگرنەوە.

هەر لەم بارەوە و وەکو هەنگاوێك بۆ داخستنی دەرگای فیتنەو ناکۆکی لە سنووری شەرعدا -نەك بە میزاج و عەقڵی خۆمان - داواو ئامۆژگاریم بۆ خۆم و بۆ هەموو مامۆستایەکی بەرێز کە لەسەر عەقیدەی ڕاست و درووستی ئەهلی سوننەتە و دەیەوێت بەرگری لێ بکات لە بەرانبەر فیرقەو تاقمەکانی تر، با ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی سەرانی ئەو تاقمانە نەبێتەوە، چونکە:

❖ ناونەبردن و بەگشتی قسە کردن سوننەتێکی پێغەمبەرمانە ﷺ کاتێك هەواڵێکی دەربارەی کەسێك پێ دەگەیشت، یان کەسێکی دیاری کراو هەڵەیەکی شەرعی دەکرد، یان شتێك لە کەسێکەوە ڕوویدەدا پێویستی بە

ڕەددانەوە دەبوو، پێغەمبەر ﷺ ڕەخنەی دەگرت و ئامۆژگاری دەکرد بە شێوەیەك لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ناوی ئەوانی نەدەبرد و بە گشتی قسەی دەکرد، بۆ نموونە دەیفەرموو: ئەوە چییە خەڵکانێك ئاوها و ئاوها دەڵێن، نەیدەفەرموو ئەوە بۆچی فلانە کەس ئاوها و ئاوهای وتووە: (كان النَّبيُّ ﷺ إذا بلَغَه عنِ الرَّجلِ الشيءُ لم يَقُلْ: ما بالُ فُلانٍ يَقولُ: كذا وكذا، ولكن يَقولُ: ما بالُ أقوامٍ يَقولونَ: كذا، وكذا..)[١]

❖ ڕووبەڕووبوونەی ئەو کەسانە لەسەر ئاستی شەخسی، بۆی هەیە مەسەلەکە لە پرسێکی پیرۆزی عەقیدە و بیروباوەڕەوە بگوێزێتەوە بۆ ململانێیەکی شەخسی تەسك لەسەر ئاستی کەسەکان، واتە فلان کە ڕەددی فلانی دایەوە ئەویش دەبێت حەقی خۆی بکاتەوە و چەکێکی لەوەی ئەو بەهێزتر بەکار بهێنێت بۆ ڕەددانەوە و کەسایەتی بەرانبەر لەکەدار بکات، مەحاڵە مرۆڤ لەو حاڵەتانەدا خۆی پێ ڕابگیرێت بێ ئەوەی سنوورەکانی شەرع نەبەزێنیت.

❖ مرۆڤەکان هەرچەند زانیاری و زانستیان زۆر بێت، هەر هەندێك بوار دەمێنیتەوە تێیدا نەشارەزان، یان جاری وا هەیە لە کاتی خۆیدا بەڵگەی پێویست و حوججەی گونجاوی ناکەوێتە بیر و نایەتە سەر زاری، یان لەو

---

[١] - صحيح أبي داود(٤٧٨٨).

کاتەدا ناتوانێت وەکو پێویست بەڵگەو حوججەکە بگەیەنێت، لەو کاتەشدا بە زیانی ئەو کێشەی کە تۆ دەتەوێت سەری بخەیت و بەرگری لێ بکەیت تەواو دەبێت.

ئەمە جگە لەوەی لایەنی بەرانبەر لەو جۆرە ڕووبەڕوونەوانەدا هەوڵ دەدات زۆرترین گومانت بۆ کۆبکاتەوە و خەڵکانێك بەهۆی تۆوە بەو گومانانە ئاشنا دەبن کە پێشتر لەوانەیە هەر نەیان بیستبێت، بەڵکو هەندێ جار خەڵکانێك هەن گومانەکەیان لە ڕەددی گومانەکە زیاتر لەلا دەچەسپێت و پێی قایل دەبن، بەوەش تۆ لە جیاتی ئەوەی کارێکی باش بکەیت کارێکی خراپت کرد.

❖ ڕەدانەوەی ئەفکار لەوە باشترە ڕەددی خودی کەسەکان بدرێتەوە، گرنگ ئەوەیە تۆ بەرپەرچی بیرۆکە و قسە ناکۆکەکان لەگەڵ عەقیدەکەتدا بدەیتەوە و خەڵکی بەو بەرپەرچدانەوانە ئاشنا بن، چ پێویست دەکات خاوەنەکەشی داشۆریتەوە و ئەویش هەرچی نەشێت بەتۆی بکات و دوژمنایەتییەکی شەخسی لە نێوانتاندا درووست ببێت. لەوەش گرنگتر خەڵکی و خوێنەران ئەوەندە ژیرییان تێدایە خۆیان بزانن مەبەستت کێیە و بەوەش ئەرکی ئەو شەڕە شەخسییەتە لە کۆڵ دەبیتەوە.

❖ لە ڕاستیدا ڕەددانەوەی سەرانی تاقم و فیرقە لادەرەکان زۆر جار دەبێتە جۆرێك لە چاکە کردن لەگەڵیان و سوودگەیاندن پێیان ئەگەر بەناو ڕەدیان بدەیتەوە یان بە شێوەیەکی شەخسی ڕووبەڕوویان ببیتەوە، ئەوان زۆریش سوپاست دەکەن لەسەر ئەو کارەت و خۆیان ئەوەیان دەوێت، چونکە تۆ بێ ئەوەی بەخۆت بزانیت ڕۆڵێکی باش دەگێڕێت لە تەسویق کردن و ڕەواج دان بە بیروباوەڕەکانی ئەوان.. بە کورتی تێککگیران لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا هیواو ئاواتێکی ئەوانە و تۆ بۆیان جێبەجێ مەکە.

❖ ئینجا زۆر جار ئەوەی لەسەر حەقی کیتاب و سوننەت بێت جگە لە الله پشت و پەنای تری نییە و لە ڕوانگەی دەسەڵاتی عەلمانییەوە کەسێکی زیانبەخشە بۆ کۆمەڵگا، بەپێچەوانەشەوە ئەوەی لەسەر عەقیدەی تاقم و گروپە گومڕاکان و نەیارەکانی ئەهلی سوننەت بێت لە هەر وڵاتێك بن پشتیان بە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە و بە حیزب و لایەنی بەهێز قایمە و لە بنچینەوە بەدوای بەهانەیەك و قسەیەك و ناوبردنێکی تۆدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ئاراستەی مەسەلەکە تەواو بگۆڕن و زیانت لێ بدەن، بەڵکو جاری وا هەیە خودی ئەو کەسە دەستڕۆیشتووە و پلەو پایەیەی فەرمی هەیە کە بەئاسانی دەتوانێت لەحاڵی ناوبردنیدا جۆرەها ڕێوشوێنت بەرانبەر بگرێتەبەر، جا تۆ ئەو بەهانە بەدەستەوە بۆ دەدەیت، ڕاستیش نییە بڵێی بۆچی بترسم با ڕووبەڕووی ببمەوە، چونکە مەسەلەکە ترس نییە و

دانایيه و پوچەڵ كردنەوەی پلانی بەرانبەرە و ڕێخۆشكردنە بۆ بەردەوام بوون لە بانگەواز و ئەوەشی بەبێ تێكگیران و شەڕ بەدەست بێت، عاقڵی نییە بڵێیت من هەر پێم خۆشە بەشەڕ و تێكگیران بەدەستی بهێنم !

ئەوەی بە هەڵە و بەناحەقی دەزانیت توكل بە پەروەردگارت ڕەددی بدەرەوە و حەقی كیتاب و سوننەت بەدەنگێكی زوڵاڵ و بە پێنووسێكی پاك ڕابگەیەنە و ناوی هیچ كەس و لایەنێكیش مەهێنە و الله بەرەكەت دەخاتە كارتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا كردار لەسەر تۆیە و دەرەنجام لەسەر رب العالمین ە.

نكۆڵیش لەوە ناكەم ئەمەی كە لەسەرەوە وتم یاسایەكی هەمیشە نەگۆڕ نییە و بەردەوام بەو شێوە مامەڵە بكەیت، نەخۆیشم بەو واتا وەرمگرتووە، بەڵكو هەندێ جار بەرژەوەندی ئیسلام و بیروباوەڕەكەت وا دەخوازێت و وا پێویست دەكات بەناو ناوی گومڕاكە یان ناوی لایەنەكەی بهێنیت و (علی رؤوس الأشهاد) باتڵەكەی داماڵیت و ڕووی ڕاستەقینەی بۆ خەڵكی دەربخەیت و هەرچیشت بەسەردا بێت لەو پێناوەدا بەشێكە لە باجی بانگەواز بۆ حەق و تەوحید كە دەبێت بدریت.

سەبارەت بەم بەشەی ئەم نووسینە، خۆم بەشداریم کردووە بە زنجیرە پۆستێك لە ژێر ناونیشانی (بیانناسە)کە دواتر وەکو کتێبێك چاپکراو بەردەستە و بەم زوانە چاپی تریشی دەکەمەوە إن شاء الله، کە تێیدا باسم لە زیاتر لە هەشتا کەسایەتی و لایەن و گروپ کردووە بەناو و بە وێنە، هەروەها لە زنجیرە نووسینێکی تردا ڕووی ڕاستی هەموو فیرقەو تاقمە گومڕاکان و پێناسە و عەقیدە و جیاوازییانم لەگەڵ عەقیدەی ئەهلی سوننەتدا خستووەتەڕوو و لە پاشکۆی دوو کتێبمدا کە لەم دواییەدا دەرچوون چاپ کراوە، کە قەناعەتم وایە ئەوانە لەسەر ئاستیکی باڵا و بەرفراوان خەڵکی گومڕا دەکەن و پێویستە بەو شێوە ڕەد بدرێنەوە واتا بەناو و بەدیاری کردن، چونکە ئەوان لەسەر ئاستی جیهاندا دەناسرێن و خەڵکانێکی زۆریش وابەستەی هەم ناوەکانیان و هەم بیرۆکە و فیکرەی ئەوان و ئەو گروپانەن.

من وەکو خۆم، سەرەڕای سنووردار بوونی زانست و ڕەنگە بازنەی بانگەواز و دەنگ گەیشتنیشم بەخەڵکی، بەو پێیەی کە وەکو هەندێك لەسەر ئاستی کوردستان یان دەرەوەی کوردستان بە زۆری ناناسرێم و ئەوەش مەتڵەب و داواکاری خۆمە و هیچ کات کار بۆ مەشهور بوون نادەم و حەزیشم لێ نییە، هەمیشە لە درێژایی زیاتر لە دە پانزە ساڵی ڕابردوودا، ئەوەی بەناحەق و دژوارم زانیبێت لەگەڵ ئیسلام بە گشتی و عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بەتایبەتی، بەبێ ناوبردنی خاوەنەکەی - چی تاکە کەس

بێت یان حیزب و لایەن - وەڵامم داوەتەوە، هەرکێ لە دژی ئیسلام، یان لە دژی عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت قسەیەکی کردبێت بە گوێرەی توانا وەڵامم داوەتەوە، بەڵام وەڵامی قسەکەم داوەتەوە نەك خاوەن قسەکە و خەڵکیش تێگەیشتوون مەبەستم چییە و کێیە و خودی ئەو کەسەش تێگەیشتووە !

لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەبێ ئەوەی بەدیاری کراوی مەبەستم کەس بێت و ناوی کەس بهێنم، حەقم بەیان کردووە و حوکمی ئەو کارەم لە ڕووی شەرعەوە خستووەتەڕوو، چەندیش دیموکراسی خوازەکان، یان سەرانی سەر بە تاقمە لادەرەکان و غەیری ئەوان داوای مونازەرەیان کردبێت نەمکردووە و ئەسڵەن هەر وەڵامی ئەوەشم نەداوەتەوە کە بڵێم مونازەرە ناکەم، بۆ ئەو هەموو پۆستەش کە لە دژم کراوە و دەکرێت هەمیشە وەڵامی من بێ دەنگی و وەڵام نەدانەوەیان بووە، ئەگەر پێویستی کردبێت بەبێ ناوهێنان وەڵامی ناوەڕۆکی پۆستەکانم بە ناڕاستەوخۆ داوەتەوە و زۆربەشیم ئیهمال کردووە و وەکو ئەوەی وشەیەکم لە دژ نەوترابێت و نەنووسرابێت.

پوختەی ئەم باسە ئەوەیە هەڵەیەکی مەنهەجی کوشندەیە و بەڵگەی ناڕاستی خاوەن پرسەکەیە ئەگەر هەر جۆرە سازشێك لە نێوان حەق و باتڵدا بکرێت، خۆ ئەگەر بکرێت و ئەنجام بدرێت بێگومان لە زیانی خاوەن حەقەکان تەواو دەبێت کە مەنهەجی ئەهلی سوننەتە و بەقازاجی ئەو تاقمە تەواو دەبێت، ڕەددانەوەش پێویستە لە بازنەی شەخسی و کەسێتی تەسك دوربخرێتەوە بۆ بازنەی ڕەددانەوەی فیکر و بەڵگە بە بەڵگە بەبێ ناوهێنان و ناشیرین کردن و بریندار کردنی خودی کەسەکان، جگە لەوەش بە هەموو شێوەیەك بانگخوازانی حەق پێویستە خۆیان بەدوور بگرن لە ڕووبەڕووبوونەوەو مونازەرە و چەلەحانێ و یەکتر ناشیرین کردن، چونکە ئەوە جگە لە دەرەنجامی خراپ هیچ دەرەنجامێکی باشی بۆ کێشەکەیان لێ ناکەوێتەوە. والله من وراء القصد، والله أعلم و أحکم.

# حوکمی بە کارهێنانی وشە ی عیشقی ئیلاهی!

بە کارهێنانی وشەی عیشق بە مەبەستی دەربڕین لە خۆشویستنی الله کارێکی ناشەرعی و نا درووستە، چونکە ئەوەی لە قورئان و لە سوننەتدا وارد بووە و بەکارهاتووە وشەی عیشق نییە، بەڵکو وشەی (حب) و (محبة) یە.

وەکو: (وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبّاً لِلَّه ) یان وەکو لە فەرموودەی صحیح دا هاتووە: (لا يُؤْمِنُ أحدُكم حتى أكونَ أحبَّ إليه من ولدِهِ ، ووالدِهِ ، والناسِ أجمعينَ)[1] وشەی (عشق) لە زمانی عەرەبیدا واتای خۆشەویستی زۆر و بە هێزە، بەڵام خۆشەویستیەك کە ئارەزووی لەگەڵدا بێت، وتوویانە: (العشقَ هو الميلُ مع الشهوةِ)، لە فەرهەنگی " الصِّحَاح) پێناسەکەی بریتییە لە: (هُوَفرط الْحبّ) واتە: خۆشەویستی لەڕادەبەدەر.

هەر بۆیە ئەو کەسەی کە عاشق بێت شتەکان وەکو خۆی نابینیت بەڵکو بە شێوەیەکی جیاواز و خەیاڵاوی دەیبینێت، نموونەی ئەوەش حاڵی ئەو عاشقانەیە کە بەبێ پاساوێکی قایلکەر کەسێکیان خۆش دەوێت و وەکو نیوە

[1] - أخرجه مسلم (٤٤) واللفظ له، وأخرجه البخاري (١٥).

شێتیکیان بەسەردا دێت و کەسەکە لە حەقیقەتی خۆیدا نابینن و لە جوانی و لە ژیری و لە کۆمەڵێك سیفاتی زۆر بەرزدا دەیانبینن کە لە واقعدا خۆیان بەو شێوە نین تەنها لە چاوی ئەو عاشق و مەعشوقانەوە وا وێنا دەکرێن!

وەکو دەگێڕنەوە کە قیس بن الملوح ی ناسراو بە مەجنون پێی وترا بۆچی ئەوەندە لەیلات خۆش دەوێت و زۆریش جوان نییە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی وەرن لە چاوی منەوە سەیری بکەن! واتا چاوی ئەو شتێکی جیاواز لە حەقیقەتی لەیلا دەبینێت.

لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوەش عیشق لە ڕووی دەروونییەوە بە ئاستێك لە ئاستەکاتی شێتی، یان بەلای کەمەوە بە نەخۆشییەکی دەروونی دادەنرێت، بەڵکو پزیشکە بەناو بانگە دێرینەکانی وەکو (ابن سینا) عیشقیان بە نەخۆشییەکی عەقڵی و أعصاب داناوە و باسی نیشانەکانیان کردووە وەکو تێکچوونی لێدانی دڵ وهەندێك نیشانەی تر لە چاو و چارەسەریشیان بۆی دیاری کردووە.[1]

[1] - بڕوانە: عيون الأنباء في طبقات الأطباء ٤٥٨-٤٥٩. هەروەها القانون في الطب:بەرگی ٢ لاپەڕەی ٧٢.

وشەی عیشق بە هیچ شێوەیەك نابینیت لەزاری هاوەڵان یان تابیعین و دوای ئەواندا یان لەلای زانا گەورەکان بەکارهاتبێت، سەرەڕای خۆشەویستی زۆریان بۆ پەروەردگار و بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ هەرگیز نەیانوتووە **(أعشق الله)** یان **(أعشق الرسول)**. واتە: ئێمە عاشق بە الله ین! یان عاشق بە پێغەمبەرین ﷺ.

ئەوانەی کە ئەم وشەیان بە کارهێناوە و تەفسیرێکی باشیان بۆی کرووە دوو کۆمەڵن:

- یەکەم: سۆفییەکان بگرە غولاتی سۆفیەکان.
- دووەم: هەندێ لە شیعەکان کە کێشەیەك لە بەکارهینانی وشەی عیشق بۆ خۆشەویستی الله و وپێغەمبەر ﷺ و پێشەوایانی خۆیاندا نابینن.

وەکو نموونە (ابن الفارض) کە بە گومڕایی و لادان لە شەریعەت ناسراوە، زۆر جار کە باسی خۆشەویستی خۆی بۆ پەروەردگاری دەکات، وەکو خۆشەویستی پیاوێك بەرانبەر ئافرەتێك باسی دەکات! بۆ نموونە لە قەسیدەیەکی بە ناوبانگیدا دەڵێت:

**شربنا على ذكر الحبيب مدامة ** سكرنا بها من قبل أن يخلق الكرم**

واتە: بەیادی خۆشەویستەکەمانەوە عارەقێکمان خواردەوە، سەرخۆشی کردین پێش ئەوەی ترێ درووست ببێت.

هەروەها السهروردي دەڵێت:

و أنتَ مرادُ العاشقين بأسْرِهِمْ *** فطُوبَى لقَلْبٍ ذابَ فيكَ من البَلْوَى

بەڵکو زانایان زۆر ورد و ڕاشکاو بوونە کاتێك فەرموویانە تەنانەت وشەی شەوق و بیرکردنیش هەر نابێت بۆ الله بەکاربێت، سەبارەت بەو قەولەش کە الديلمي لە مسند "الفردوس"دا لە أبي الدرداء رضي الله عنه گێڕاوێتییەوە: (يقول الله عز وجل: "طال شوق الأبرار إلى لقائي، و أنا إليهم أشد شوقا). ئەوە هیچ بنەمایەکی لە ڕاستی نییە و الحافظ العراقي دەربارەی فەرموویەتی: (لم أجد له أصلا، إلا أن صاحب الفردوس خرجه من حديث أبي الدرداء، ولم يذكر له إسنادا)[1]

ابن القيم لە کتێبی فەرموویەتی: (هل يجوز إطلاقه على الله ؟ فهذا مما لم يرد به القرآن ولا السُّنَّة ، بصريح لفظه. قال صاحب "منازل السائرين" وغيره: وسبب ذلك أن الشوق إنما يكون لغائب)[2]. واتە ابن القيم وشەی بیرکردنیشی بۆ الله بە شەرعی نەزانیوە، چونکە بیر کردن بۆ کەسێك بەکاردێت کە دیار نەبێت و مەوجود نەبێت، بۆیە ئەو کەسە بیری دەکات و ئەوەش نابێت لە حەقی الله بەکار بێت.

[1] - انتهى من تخريج الإحياء، ص٨٨٣.

[2] - طريق الهجرتين، ص ٣٢٨

سەبارەت بە وشەی عیشق زانایان ئەم مەسەلەیان باس کردووەو بە جائیزیان نەزانیوە کەسێك بڵێت عاشقی پەروەردگارم، یان عاشقی پێغەمبەرم ﷺ، زۆرێك لە زانایان باسی حەرامی بە کارهێنانی ئەو وشەیان لە حەقی ئەو زاتانەدا کردووە:

ابن تیمیة بە ڕەحمەت بێت فەرموویەتی: **(وَإِنَّ مِمَّا نَعْتَقِدُهُ تَرْكُ إطْلَاقِ تَسْمِيَةِ " الْعِشْقِ " عَلَى اللَّهِ تَعَالَى وَبَيَّنَ أَنَّ ذَلِكَ لَا يَجُوزُ لِاشْتِقَاقِهِ وَلِعَدَمِ وُرُودِ الشَّرْعِ بِهِ . وَقَالَ: أَدْنَى مَا فِيهِ إنَّهُ بِدْعَةٌ وَضَلَالَةٌ وَفِيمَا نَصَّ اللَّهُ مِنْ ذِكْرِ الْمَحَبَّةِ كِفَايَةٌ)**[١] واتە: ئەوەی باوەڕمان پێیەتی ئەوەیە ئەو وشەیە لە حەقی الله دا بەکارنایەت چونکە لەشەرعدا بەڵگەی لەسەر نییە و بەڵکو بیدعەو گومڕاییە.

زانای بەناوبانگ (العز بن عبد السلام) لەم بارەوە فەرموویەتی: **(لا يجوز أن يُنسب إلى الله تعالى أنه يعشق ويُعشق؛ لأن العشق فساد في الطبع محيل لما لا وجود له)**..پوختەی قسەکەی ئەوەیە: جائز نییە و ناپەسەندە الله نە بە عاشق و نە مەعشوق وەسف بکرێت.

[١] - مجموع الفتاوى (٥/٨٠)

پشتگیری کردنی هەندێ زانایش وەکو أبو حامد الغزالي لە "إحياء علوم الدين" (٢/ ٢٨٠) ئاوڕی لێ نادرێتەوەو هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە بەڵگەیەکی لەسەر قسەکەی نییە خودی کتێبی الإحياء یش بەرپەرچ دراوەتەوە لە لایەن زانایانەوە بە هۆی ئەو هەموو هەڵەو بیدعەو قسەی بێ بنەماو فەرموودەی لاواز و بێ بنچینە کە لەو کتێبەدا هاتووە بۆیە هیچ سەیر نییە بەکارهێنانی وشەی عیشقیش بەجائیز بزانێت، جگە لەوەش قسەی هیچ زانایایەك بۆخۆی بەڵگە نییە، بەڵکو بە مەبەستی وەرگرتنی پێویستە بەڵگەی بۆ بهێنینەوە.

بە کورتی: بە کارهێنانی وشەی عشق، وەکو ئەوەی بوترێت عیشقی ئیلاهی، یان غەزەلی ئیلاهی و تەنانەت شەوق وبیرکردنی الله و قسەی لەو شێوە ناجائیزە و بەڵگەی لەسەر نییە و لە گوفتاری ئەهلی بیدەعە و پێویستە لەو جۆرە پرسانەدا تەنها پشت بە دەقەکانی کتاب و سوننەت ببەسترێت.

# تێکەڵ بوون و دابڕان لە واقیعی ئێستادا کامیان باشترە؟

لە بنچینەدا تێکەڵ بوون بە خەڵکی و بانگەواز کردن بۆ دینی ئیسلام بەو شێوەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، بێ تێکدان و شێواندن و بێ ئەوەی ئیسلام بکرێتە ئامرازێك بۆ بە دەستهێنانی بەرژەوەندی و پلەو پایەو پارە، چاکترە لەوەی موسوڵمان لە کۆمەڵگە دابڕێت و بانگەواز بۆ دینی حەق نەکات، ئەمە لە ڕووی بنچینە و ئەسڵەوە وایە، بەڵام کۆمەڵێك بنەمای زانستی و پێوەر هەن حوکمی کۆتایی لەوبارەوە دیاری دەکەن، هەوڵ ئەدەم بەشێکیان لەم نووسینەمدا ڕوون بکەمەوە.

چونکە ئەم باسە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەم قۆناغەی کوردستان و منیش وەکو کەسێك کە ئاگاداری کاری ئیسلامیم و بۆ ماوەیەکیش و لە قۆناغێکی هەستیاریدا بەشدار بوومە، هەروەها لەبەر ئەوەی گۆڕەپانی ئیسلامی لە کوردستاندا دوورکەوتنەوەیەکی ئاشکرای لە قورئان و سوننەت پێوە دیارە و موسوڵمانانیش لە ڕووی فیکری و مەنهەجییەوە سەرگەردانییەکی زۆریان تووش بووە.

باسی تێکەڵ بوون و دابڕان باسێکی تازەی هاوچەرخ نییە، بەڵکو باسێکی کۆنە و زانایان سەدان ساڵ پێش ئێستا کتێبیان لەسەر داناوە و باسەکانیان شیکردووەتەوە، تەنها بۆ نموونە: (الخطابي) کە زانایەکی بەناوبانگە لە سەدەی چوارەمی کۆچی کتێبێکی بەناونیشانی (العزلة) نووسیوە، (ابن أبي الدنيا) یش کتێبێکی لەو بارەوە هەیە، هەروەها لە هاوچەرخەکانیش (سلمان العودة) لە نەوەدەکان کتێبێکی بەناونیشانی (العزلة والخلطة) نووسیوە پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر فشاری حکومەتی سعودیە و زیندان بکرێت و گۆڕانکاری بەسەر مەنهەجیدا بێت لەم ساڵانەی دواییدا.

ئەوەی من لێرە بە کورتی دەیخەمە ڕوو مەبەستم پێی دابڕان و دوور کەوتنەوەیە لە کۆڕ و کۆمەڵ و جەماعات بە شێوەیەکی گشتی و هەورەها مەبەستم پێی بانگەوازی گشتی خەڵکیشە کە ڕووی دەمت لە هەموو خەڵکی بکەیت و ئامۆژگارییان بکەیت و تەمەنت لەو ڕێگەدا سەرف بکەیت ئایا ئەوە هەوڵێکی باش و بە سوودە یان کات بەزایە بردنە؟

لە ڕاستیدا لەم بارەوە ئەگەر لە دەقەکانی سوننەت وردبینەوە دەبینین دوو ئاڕاستەی تێدایە بۆ موسوڵمانان، ئاراستەیەکیان هانی ئیمانداران دەدات تێکەڵی خەڵکی بکەن و بانگەواز بۆ دینی الله بکەن، وەکو:

(الْمُؤمِنُ الَّذي يُخالِطُ النَّاسَ ويصبِرُ على أذاهم أفضَلُ مِن المُؤمِنِ الَّذي لا يُخالِطُ النَّاسَ ولا يصبِرُ على أذاهم) شەیخی ئەلبانی تصحیح ی کردووەو ناکۆکی لەسەر ڕاست و درووستی سەنەدەکەی هەیە، یان فەرموودەی: (مَا مِن ثَلاثَةٍ فِي قَرْيَةٍ وَلاَ بَدْوٍ لا تُقَامُ فِيهِمُ الصَّلاةُ إلاَّ قدِ اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ، فَعَلَيكُمْ بِالجَمَاعَةِ، فَإِنَّمَا يأْكُلُ الذِّئبُ من الغنم القاصية)[١] فەرموودەکە باس لە گرنگی ئەنجامدانی نوێژ دەکات بە جەماعەت و هەروەها باس لە مەترسی دوورکەوتنەوە لە جەماعەت ئەکات و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە گورگ لەو مەڕانە ئەخوات کە لە ڕانەکە دوور ئەکەونەوە.

زانایان فەرموویانە ئیسلام خۆیشی هەر دینی کۆمەڵە و دروشم و عیبادەتەکانی بە شێوەی کۆمەڵ ئەنجام دەدرێن وەکو نوێژ و حەج و فەرمان بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە و جیهادی بێباوەڕان.

لە بەرانبەردا کۆمەڵێکی زۆر لە فەرمودەی صحیح هاتووە هانی موسوڵمانان دەدات بە دینی خۆیان هەڵبێن و لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێك و بگرە لە خەڵکیش دوور بکەونەوە و تەنها بایەخ بە خۆیان و ماڵ و منالّ و ئەوانە بدەن کە بەرپرسن لە سەرپەرشتی کردنیان و دینیان قایم بکەن، هەندێ لەو دەقانە بە ڕەهایی ستایشی دابران و خۆ دوورخستنەوە ئەکەن لە

[١] - أحمد وأبو داود و النسائی و کەسانی تر گێڕاویانەتەوە

کۆڕوکۆمەڵ و لە خەڵکی، مەرجیش نییە مەبەست لەوە بێت بەتەواوی لە ناویان دەربچێت، بەڵکو وەکو هەندێ لە زانایان فەرموویانە لە کاروباریان دوورکەوێتەوە و بەشداری ئیش و کاریان نەکات و لێپرسراوێتی وەرنەگرن و لە دەسەڵات دوور بکەونەوە.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: لەو فەرموودەی کە پێشەوا بوخاری دەیگێڕێتەوە: (يُوشِكُ أَنْ يَكُونَ خَيْرَ مَالِ الْمُسْلِمِ غَنَمٌ يَتْبَعُ بِهَا شَعَفَ الْجِبَالِ وَمَوَاقِعَ الْقَطْرِ يَفِرُّ بِدِينِهِ مِنْ الْفِتَنِ) هەروەها لە سەحیحی پێشەوا موسلیمدا هاتووە پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد: (أَيُّ النَّاسِ أَفْضَلُ ؟) واتە چی کەسێك باشترین کەسە؟ (فَقَالَ) ئەویش فەرمووی: (رَجُلٌ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِمَالِهِ وَنَفْسِهِ) واتە: کەسێك ماڵ و گیانی خۆی لە پێناو الله ببەخشێت. (قَالَ: ثُمَّ مَنْ ؟) واتە ئەی دوای ئەوە کێ چاکترین کەسە؟ (قَالَ) ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: (مُؤْمِنٌ فِي شِعْبٍ مِنْ الشِّعَابِ يَعْبُدُ اللَّهَ رَبَّهُ وَيَدَعُ النَّاسَ مِنْ شَرِّهِ) واتە: ئیمانداریك لە شوێن و ڕیگەیەکی دوور خەریکی عیبادەت کردنە و لە خەڵکی دوورکەوتووەتەوە.

ئەم فەرموودە و فەرموودەکانی تر بەڵگەن لەسەر ئەوەی دووركەوتنەوە و دابڕان چاكترە بۆ موسوڵمان هەركاتێك بەهۆی زۆربوونی فیتنە لە دینی خۆی ترسا، الحافظ ابن حجر فەرموویەتی: (وَالْخَبَر دَالّ عَلَى فَضِيلَة الْعُزْلَة لِمَنْ خَافَ عَلَى دِينه)[1] واتە: ئەم فەرموودە ئاماژە بۆ فەزڵ و چاكەی خۆ بەدوور گرتن و دابڕان دەكات ئەگەر ترسی لە دینی خۆی بوو.

هەروەها پێشەوا السندي لە پەراوێزەكەیدا لەسەر سونەنی نەسائی (١٢٤/٨) فەرموویەتی: (فِيهِ أَنَّهُ يَجُوز الْعُزْلَة بَلْ هِيَ أَفْضَلُ أَيَّام الْفِتَن) واتە: ئەو فەرموودە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە ڕۆژگاری فیتنەدا تەنهایی و دوورەپەرێزی چاكترە لە تێكەڵ بوونی و چوونە ناو كۆڕ و كۆمەڵی خەڵكییەوە.

(ابن حجر العسقلاني) ئەو فەرموودانەی كە بە ڕەهایی فەرمان بە تەنیایی و خۆ بە دوورگرتن ئەكەن لە خەڵكی بۆ سەردەمی فیتنەی گەڕاندووەتەوە، واتە موسوڵمان لەسەردەمی فیتنەدا وەكو ئەوەی ئێستا لە كوردستانی خۆمان دەگوزەرێت لە پیناو سەلامەتی دین و تێك نەچوونی عەقیدە و بیروباوەڕ و دووركەوتنەوە لە شوبهەو گومان و زیان گەیاندن بە دین باشترە لە هەموو ئەو كۆڕوكۆمەڵە لادەرانە دوور بكەوێتەوە چونكە بە ڕوونی و بە ئاشكرایی لە مەنهەج لایانداوە و ئیسلامیان لە دیدی موسوڵمانی

---

[1] - فتح الباري(٤٢/١٣)

نەشارەزای ئەم سەردەمەدا بە عەلمانیەت و لیبرالییەت تێکەڵ کردووە و هەلی جەهلی ئەوانیان بە دینەکەیان قۆستووەتەوەو تووشی سەرگەردانییان کردوون.

سەبارەت بەوەش کە ئەم ڕۆژگارەی ئێستا لە کوردستانی خۆمان ڕۆژگاری فیتنە و پشێوی و گومڕاییە هیچ گومانێك نییە و هەموو کەسێك کەمترین ڕێژەی تێگەیشتنی لە قورئان و سوننەتی ڕاست و درووست و حاڵی پێشینان و بیروباوەڕیان هەبێت بە دڵنیاییی بۆی دەردەکەوێت مەخابن موسوڵمانان لە دۆڵێکن و ئیسلام لە دۆڵێکی ترە.

کاتێك ئەو دەقانەی سوننەت دەخوێنینەوە کە داوا لە موسوڵمان دەکات بە دینەکەی هەڵبێت و گرنگی تەنها بە خۆی و خێزان و ئەوانە بدات کە سەرپەرشتیان لە ئەستۆیدایە بۆمان دەردەکەوێت ئەو دەقانە باس لەو کاتە دەکەن کە زانایان بە (فساد الزمان) واتە تێکچوونی زەمانە و شێوانی ڕۆژگار ناویان بردووە لە ڕوانگەی لادانی خەڵکی لە ئیسلام وەکو ئاکار و ڕەوشت، وەکو عەقیدەو بیروباوەڕ، وەکو عیبادەتەکان و سەرجەم حوکمەکانی تری ئیسلام، کە لە ڕاستیدا ئێستای کوردستان کە من مەبەستمە تیشك بخەمە سەری هەموو جۆرە فەسادێکی مەنهەجی و عەقیدی و شەرعی و ئاکاری تێیدا تەشەنەی کردەوە و لەتوانای کەسدا نەماوە چارەسەری بکات،

ئەوانەش کە بانگەشەی چاکسازی دەکەن بەناو ئیسلامەوە چەند ساڵە، جگە لە هەندێ دیاردەی پابەند بوونی ڕواڵەتی نەبێت بە ئیسلامەوە، وردە وردە خۆیشیان بوونە بەشێك لەو واقیعە دوور لە ئیسلامەو لە جیاتی ئەوەی پیلانی نەیارانی ئیسلام لە دژی دینەکەیان پووچەڵ بکەنەوە دەستیان لەگەڵیان تێکەڵ کرد و لەسەر ئاستی فەرمی و بە بەرچاوی هەموو موسوڵمانە بێ ئاگاکان لە سنوورەکانی دینەکەیان پەیمانی برایەتی و هاوپەیمانی و هاوکاریان لەگەڵ هەموو نەیارێکی ئیسلام گرێدا.

ئەو سەردەمەی چاککردنی خەڵکی کارێکی زۆر قورس و ئەستەم دەبێت، کاتێك لادان لە حوکمەکانی ئیسلام دەبێتە سیماو دیاردەی خەڵکی، ڕۆژگارێك کە غەریبی ئیسلام ئەبێتە حەقیقەتێك و ئەو غوربەتە بە کەسیش لا نابرێت، کاتێك ئەوانەی پارێزگاری کردنی ئیسلامیان پێ سپێردراوە و کەسان و لایەنگەلێك کە بانگەشەی بەرگری لە دینی ئیسلام دەکەن ئەوەندەی ناحەزەکان بەڵام بە شێوازی تر زیان بەدینەکەیان دەگەیەنن، کاتێك کە ناکۆکی و دوو بەرەکی و ڕق و کینە لە جیاتی ئەوەی بکەوێتە نێوان موسوڵمانان و دوژمنانی دینەکەیان ئەکەوێتە نێوان خۆیانەوە؛ لەو کاتەدا دوورەپەرێزی و دوور کەوتنەوە لە کۆڕ و کۆمەڵەکانیان زۆر باشترە لەوەی لە ژێر هیچ پاساوێکدا بچیتە نێو ڕیزەکانیانەوە و پاش ماوەیەك تۆیش ببیتە ژمارەیەکی

پووچەڵ لەناو ئەواندا و لە جیهانی وەهم و خەیاڵیشدا خۆت بە صلاح الدین ناگۆڕیتەوە و وادەزانی هیچ نەماوە بۆ ئیسلام نەیکەیت!

بەداخەوە لە کوردستاندا حاڵ بەوە گەیشتووە کە تێکەڵبوون بە خەڵکی و لایەن و تەوژم و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان بووەتە تیکەڵبوون بە واقیعێکی دوور لە ئیسلامی ڕاستەقینەی هەڵقوڵاو لە کیتاب و سوننەت و، بووەتە جۆرێك لە سەرکێشی و فوو لە خۆڵەمێش کردن.

ئەگەر بە زانست و شارەزایی باشەوە تیکەڵیان بیت بە مەبەستی بانگەواز کردن و چاککردنیان ئەوە زۆرێك لە تەمەنت بە زایە دەچێت و کەسانێکی زۆر کەم مەگەر گوێت لێ بگرن و دوا جار نەك لە لایەن عەلمانییەکانەوە بەڵکو لە لایەن ئەوانەی لافی کارکردن بۆ ئیسلام لێ دەدەن بە تەنێکی نامۆ و کەسێکی توندڕەو بێ سوود بۆ کۆمەڵگا دەژمێردرێیت، چونکە ئەوان سنورەکانی نێوان خۆیان و عەلمانییەکانیان تەواو کاڵ کردووەتەوە و نەتەوە پەرستی و بیری ناسیونالیزمی بە زمانی حاڵ پێش ئیسلام خراوە و هەر قسەیەك پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیە بکرێت وەکو مەلە کردنە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ڕووبارو و پێش عەلمانییەکان ئیسلامییەکان ڕووبەڕووت دەبنەوە و تۆمەتبارت دەکەن.

خۆ ئەگەر شارەزای دینەکەت نەبیت و عەقیدەیەکی دامەزراوت نەبێت و تیکەڵییان بکەیت ماوەیەکی زۆری پێ ناچێت تۆیش ئەبیتە بانگخوازێکی مۆدێرن بەزمانی حاڵ نەك بەزمانی گوفتار و گاڵتەت بە سەلەف و بەباس کردنی مەنهەج و عەقیدە دێت و بەزەییت بەحاڵی ئەوانەدا دێتەوە کە بەیانی و ئیوارە باسی دەست گرتن بە کیتاب و سوننەت دەکەن و ڕەنگە بڵێیت خۆ ئێمە بە تەورات و ئینجیل کارناکەین؟

ئینجا لە خراپییەکانی تێکەڵبوون ئەوەیە ئەوانەی تۆ دەتەوێت بە هۆی تێکەڵبوونیان دینت تۆکمە بکەیت و بانگەواز بۆ دینی ئیسلام بکەیت، کەسانێکن بە ڕوون و ئاشکرا لە مەنهەجی ئەهلی سوننەت لایانداوە و بەتەواوی لەگەڵ نەیارانی ئەو مەنهەجە تێکەڵ بوونە و تەماشای حاڵ و سیاسەت و ڕاگەیاندن و بۆچوون و خوێندنەوەو بیروبۆچوونەکانیان بکە گوزارشت لە دوورکەوتنەوەیان ئەدات لە قورئان و لەسوننەت، بەدەر لە بانگەشەشیان بە دەست گرتن بە کیتاب و سوننەت ئەگەر بێت و قورئان بخوێنین و تەماشای واقیعی ئەوان بکەین، ئەگەر بێت و سوننەت بخوینین و بەراوردی کردار و گوفتار و رەفتاری ئەوان و زۆرێك لەو خەڵکە بکەین لەگەڵیاندا، دەبینین ئەوان لە دۆڵێکن و قورئان و سوننەت لە دۆڵێکی ترو، بۆیە دوورکەوتنەوە سەلامەتییە بۆ دین و سەرفرازییە بۆ دونیاش.

یەکێکی تر لە تەڵەو داوەکانی خەڵك گرتن هێنانەوەی هەندێ دەقی قورئان و فەرموودەیە و بەکارهێنانیان لە جێگەی نەشیاودا، لە دیارترینی ئەو دەقانە ئەو فەرموودەی کە هەندێ لە فەرمودەناسان بە صحیح یان زانیوەو هەندێ لەڕێگەکانی لاواز و حسن کە دەفەرموویت: (المُؤمِنُ الَّذي يُخالِطُ النَّاسَ ويصبِرُ على أذاهم أفضَلُ مِن المُؤمِنِ الَّذي لا يُخالِطُ النَّاسَ ولا يصبِرُ على أذاهم) لەڕاستیدا ئەم فەرموودەیش هیچ کاتێك بە واتای ئەوە نەهاتووە بە بەهانەی تیکەڵ بوون بە خەڵکی بۆ بانگەواز هەرچی سەرپێچی ئیسلام هەیە لەڕووی عەقیدەت و شەریعەتەوە ئەنجامی بدەیت و ڕۆژ لە ڕۆژ خاڵە هاوبەشەکانی نێوان خۆت و ناحەزانی دینەکەت زیاتر بکەیت و لە کتاب و سوننەت دوورتر بکەویتەوە، بەڵکو زۆرێك لەوانەی ئەو دروشمە بەرز دەکەنەوە بوونەتە پاشکۆ و خزمەتکاری کەسانێك کە دوژمنی مەنهەجی ئەهلی سنوننەتن و بەڕۆژی ئاشکرا دژایەتی شوێنکەوتوانی دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی کاتێك زانایان شەرحی ئەو فەرموودەی سەرەوەیان کردووە فەرموویانە نە تیکەڵ بوون و نە دابڕان و ئیعتیزال بەڕەهایی لە هەموو کاتێکدا یەکیکیان بەسەر ئەوی تریاندا پەسەند نییە، بەڵام کەس خیلافی لەسەر ئەوە نییە ئەگەر کۆمەڵگە بەتەواوی لە ئیسلام دوورکەوتەوە و لە دەسەڵاتی تاکەکاندا نەما ئەو واقعە چاك بکەنەوە و ئەوەی کە بە (فساد الزمان) ناویان بردووە هاتەدی و لادان و لەخشتەچوون لە بنەماکانی دین و

بیروباوەڕ بووە دیاردە، ئیتر موسوڵمان پێویستە بە پلەی یەکەم وریای دینی خۆی و ماڵ و منداڵی بێت و واز لە بانگەوازی گشتی (دعوة العامة) بهێنێت ئەوەیان باشترە، چونکە تێکەڵ بوون بەو واقیعە دوور لە ئیسلامە هیچ سوودێکی نییە و لادەران ئەوەندە زۆر بوونە و سیفەتی فەرمییان هەیە، بۆیە کاتێك تۆ بە ئایەت و فەرموودە قسە دەکەیت زۆر نامۆ دەردەکەویت و کاتێك بانگیان بۆ دەست گرتن بە ڕێبازی سەلەف دەکەیت پێکەنینیان بەعەقڵت دێت.

ئەوەی کە باس دەکرێت لێردا سەبارەت بە پەسەندی دوورکەوتنەوە و دوورەپەرێزی لەسەر تێکەڵ بووندا بۆ حالەتی فیتنە و ترسی موسوڵمانە لە دینەکەی، بەڵام سەردەمی فیتنە نەبێت و موسوڵمان بە تیکەڵ بوونی تووشی مەترسی نەبێت لەسەر دینەکەی جمهوری زانایان لەگەڵ ئەوەدان تیکەڵ بەخەڵکی ببیت و فەرمان بە چاکە بکەیت و نەهی لە خراپە بکەیت، لەدابڕان دوور کەوتنەوە باشترە لێیان و ئەو دەقانەی وەکو: (المؤمن الذي يخالط الناس ويصبر على أذاهم...)و دەقەکانی تر بۆ ئەو جۆرە حالەتانەیە.

ئینجا پێویستە لە پێناو تێکەڵ نەبوونی چەمکەکاندا، دوو جۆر لە دابڕان لە یەکتر جیا بکەینەوە:

یەکەم: دابڕان لە بانگەواز کردنی خەڵکی و دوور کەوتنەوە لە کۆڕو کۆمەڵیان و تەنها خەریك بوون بە خۆت و کەسە نزیکەکانتەوە، ئەوەی کە لە زاراوەی شەرعیدا بە (دعوة العامة) دەربڕینی لێ دەکرێت.

سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەش پێویستە پێش هەموو شتێك ئەوە بخەینە روو کە ئیسلام لە کوردستاندا لە سایەی هەڵمەتێکی تەغریب و نامۆکردن و ناشیرین کردن کە بە ئامانجی جیاوازەوە لە لایەن عەلمانی و لایەنە ئیسلامییە مۆدێرنەکانەوە بەڕێوە دەچێت بە قۆناغێکی غەریبی زۆر سەختدا تێپەڕدەبێت و نیشاندانی ئیسلامی ڕاستەقینەی کیتاب و سوننەت - ئەوەندەی بکرێت و سوودی هەبێت - واجبە کە بە چینێکی ئەستور لە خۆڵ و تەپوتۆزی جەهالەت و دژایەتی پلان بۆ داڕێژراو شاردراوەتەوە و پێویستە خەڵکی پێ ئاشنا بکرێتەوە.

بەڵام هاوکات جێگای داخیشە ئەوانەی کە بەو ئەرکە هەڵدەستن واتە قورئان و سوننەت بە بێ گونجاندن و شێواندن وەکو خۆی باس دەکەن لە لایەکەوە وەکو ژمارە زۆر کەمن، لەلایەکیشەوە زۆر نا ئاشنا و نامۆن بۆ خەڵکی و قسەکانیان وەکو زەنگی مەترسی تەماشا دەکرێت بۆ پرۆسەی دیموکراسی هاوچەرخ و سەرجەم پرۆسە ڕۆژئاوایی و ناکۆکەکان لە گەڵ ئیسلامدا کە ئەمڕۆ زۆرێك لە لایەن و کەسایەتییە ئیسلامییەکان کار دەکەن

بۆ ئەوەی ئەو جۆرە ئیسلامە بێتە کایەوە بە پێوەر و تام و ڕەزامەندی عەلمانیەت، ئەمە وەکوئەسڵ و بنچینە!

بەڵام ڕاستییەکی تاڵیش هەیە ئەویش ئەوەیە: هەوڵەکان لە ئاراستەی چاکسازیدا زۆر بە خاوی ڕێدەکەن و پێشکەوتنێکی بەرچاو بە خۆیانەوە نابینن و ئەوانەی دێنە پیری بانگەوازی پەیڕەوی کردنی کیتاب و سوننەت بەراستەوە زۆر کەمن، بۆیە ئاراستە هەڵەکە کە ئاراستەی زۆرینەیە لە پەرەسەندن و بەرەو پێش چووندایە، هۆکاری بەردەوام بوونی ئەم نامۆییە ئیسلام و دوورکەوتنەوەی خەڵکیش لە بیروباوەر و مەنهەج و عەقیدەی ئیسلامی - جگە لە هەندێ شەعائیرو بواری ڕەوشتی نەبێت - بۆ چەند هۆکارك دەگەڕێتەوە:

* نەشارەزایی خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی لە سەرجەم حوکمەکانی ئیسلام و بەوەش بوونەتە پاروویەکی ئاسان بۆ هەموو ئەوانەی بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە تەماحیان پێیانە و ئەوان دەکەنە هۆکاری گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بۆیە دەبینی بە هۆی نزیکبوونەی بەردەوامی لایەنە عەلمانی و ئیسلامییەکان لە یەکترەوە بە هۆی خاڵی هاوبەش وەکو سۆزی نەتەوایەتی و ئەرکی کوردایەتی و هەبوونی بەرژەوەندی حیزبی وسیاسی و هاوپەیمانی لە کاتی هەڵبژاردن و دەنگدان و هۆکاری تر، بۆیە دەبینی موسوڵمانان دابەش بوونەتە

سەر ئەو دوو جۆرە ئاراستە ناکۆکەدا وەکو ئەوەی لە چڵەپۆپەی گونجان و نزیکبوونەی فیکری و بیروباوەڕدا بن.

* ڕاگەیاندنەکانیش بە هەر دوو جۆرەکەیانەوە - ئیسلامی و عەلمانی- لە کوردستان بۆ جیبەجێکردنی ئەو ئامانجە واتە نامۆکردنی ئیسلام و نمایش کردنی ئیسلامێکی هاوچەرخی جیاواز لە ئیسلامی کیتاب و سوننەت، واتە: ئەوەی کە پێی دەوترێت ئیسلامی ئەمریکی یان ئیسلامی کوردی، دەستێکی باڵایان هەیە و خەڵکیش بۆ ئەوان وەکو مردوویان پێ هاتووە لەبەر دەستی مردوو شۆردا ، یان وەکو ڕۆبۆتێکن کۆنترۆڵەکەیان بە دەستی ئەوانەوە بێت بۆ کوێ بیانەوێت ئاراستەیان بکەن بیکەن، هەڵوێستیشیان لە ئیسلام دیارە چۆنە.

* درووست بوونی کۆمەڵێك کەسایەتی کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چالاکیان بڵاو دەکرێتەوە ئەویش بەهەمان شێوە کاریگەری زۆر بووە لە دوورخستنەوەی خەڵکی لە ئیسلامی کتاب و سوننەت، ئەو کەسایەتییانەش:

- هەندێکیان لە ئاڕاستەیەکی بێ دینییەوە و وەکو مولحیدێك قسەدەکەن و هێرش دەکەنە سەر ئیسلام.

- هەندێکیان لە ئاراستەیەکی ناسیونالیزمییەوە قسە دەکەن وەکو جیگرەوەی ئیسلام و ئەمەش ئاڕاستەیەکی پەسەند کراوی خەڵکییە و سیاسەتمەدارانیش ئەو نهێنییەی خەڵکیان بۆ دەرکەوتووە و بەردەوام خەریکی وروژاندنی ئەو باسەن.

- هەروەها هەندێکیش لەم ساڵانەی دواییدا پەیدا بوونە بە ناو ئیسلامەوە هێرش دەکەنە سەر ئیسلام ئەوانیش چەندین جۆرن ئاتایستیان تیایە بەرگی ئیسلامی لەبەر کردووە چونکە کارەکانی بەوە باشتر دەڕوات و لە ڕاگەیاندنەکانەوە گومان بۆ خەڵکی درووست دەکەن لە دینەکەیاندا.

- هاوکات هەندێ ئیسلامی و کۆنە ئیسلامی گومرایشیان تێدایە کە خەریکی دژایەتی سوننەت و تازە خویندنەوەی دەقەکان و گەرم کردنی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی وەکو جێگرەوەی ئیسلام و باسی عیرفان و نوێکردنەوەی هەندێ لە بیروبۆچوونی تاقمە گومڕاکانی مێژوون بە تایبەتی کاریگەر بوون بە بیری موعتەزیلەکان.

ئەمانە و زۆر هۆکاری تر بوونەتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ نامۆکردنی ئیسلام و زاڵبوونی بەرەو عەلمانی بردنی دینی ئیسلام لە هزری خەڵکیدا.

بۆیە لە بنچینەدا مەسەلەی بانگەواز کردن بۆ دینی ئیسلامی ڕاستەقینەی هەڵقوڵاوی کیتاب و سوننەت واجبیکی شەرعییە، بەمەرجێك بەبێ هیچ پەیوەندییەك بێت لەگەڵ ئەوانەی خۆیان بوونەتە بەشێك لە ناشیرین کردنی ئیسلام و ئیسلامیان کردووەتە هۆکارێك بۆ کۆکردنەوەی دەستکەوتی سیاسی و حیزبی ودارایی لە چوارچێوەی هەندێ لایەن و ڕێکخرو و ناوی جۆراوجۆردا.

جێگای داخیشە ئەوانەی بانگەشەی بانگخوازی و فەرمان بە چاکەو و نەهی کردن لە خراپە ئەکەن و دەیانەوێت بەرگری لە ئیسلام بکەن لە ڕاگەیاندنەکانەوە زۆربەیان کەسانیکی بەزیون و چەند لایەنێکیان لە ئیسلام هەڵبژاردووە باسی ئەکەن و ناوێرن بەلای زیاتر لە سەدا حەفتای ئەو باسانەدا بڕۆن کە لەقورئان و سوننەتدا هاتووە، بۆیە چالاکی ئەو جۆرە مامۆستاو کەسایەتییە ئیسلامیانە ئەویش جۆرێکە لە خۆڵ لە چاوکردنی موسوڵمانان و هەنگاوێکی تەواوکراوە لە ڕاستیدا بۆ چالاکی عەلمانییەکان، چونکە بەیەك ئامانج کۆتاییان پێ دێت.

باوەڕیشم وایە ئەوانەی کە دەتوانن بانگەواز بکەن و چاکسازی بکەن و لە ڕیگەی تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆ و ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە خەلکی پێویستە:

١- خۆیان تۆکمە و دامەزراوبن لە ڕووی عەقیدە و تەوحید و ئیمان و بیرو باوەڕەوە بە گشتی بۆ ئەوەی بزانن خەڵکی بۆ چی بانگ دەکەن و لە چی وریایان دەکەنەوە، نەك خۆیان هێشتا زۆریان مابێت بۆ ئەوەی لە عەقیدەی ئیسلامی و بنەماکانی کیتاب و سوننەت تێبگەن و وەکو وتراوە (فاقد الشيء لا يعطيه) کەسێك خۆی شتێکی نەبێت و لە دەستی دابێت، ناتوانێت بە کەسی تری بدات.

٢- بە هچ شێوەیك لە هیچ جۆرە کارێکی سیاسی ئەم ڕۆژگارە بەشدار نەبن و تێوەنەگلابن، چونکە هەرچی دەکرێت لەم ڕۆژگارەدا لە کوردستان و بگرە لە زۆربەی جیهانیشدا لەوەی پێیان دەوترێت حیزب و لایەن و ڕێکخراوی ئیسلامی لە ڕووی فیکری و مەنهەجییەوە خۆیان بە دەستی دەسەڵاتی دژ بە ئیسلامەوە داوەو لە زۆرێك لە بنچینەکانی دینەکەیان تەنازولیان کردووە و بنەماکانی عەلمانییەت دزەی کردووەتە نێو سەرجەمیانەوە و هەموویان بەڕێژەی جیا جیا لە سنوورەکانی ئیسلام بە تایبەتی لە سنوورەکانی عەقیدە لایانداوە و لە بنەماکانی قورئان و سوننەت دوورکەوتوونەتەوە، تەنانەت موسوڵمانێکی سادە تەنها بە خوێندنەوەیەکی ئاسایی بۆ قورئان و بەراوردکردنی حاڵی ئەو حیزب و لایەنانە بۆی دەردەکەوێت ئەوان لە ئیسلام دوور کەوتوونەتەوە و پێچەوانەی قورئان و سوننەت ڕێ دەکەن.

٣- هەوڵ بدەن پەروەردەی خەڵکی لەسەر بیروباوەڕ و تەوحید و ئیمان لە سەر پێناسەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بکەن و ئاوڕ لە کەس نەدەنەوە و قسەی حەقی خۆیان بکەن و چاوەڕوانی دەرەنجامەکانی نەبن و نەچنە گفتوگۆی بێ ئەنجام و کات کوشتن لە گەڵ مولحید و ئەهلی بیدەع و خاوەن هەواو ئارەزوو بەرژەوەندییەکان و ئەوانەی ئیسلامییان کردووەتە هۆکاری بەرژەوەندی سیاسی و حیزبی مادی و لەسەری دەژین.

٤- هەر کاتێك بۆیان دەرکەوت لەخشتەچوونی خەڵکی بەو ئاقارە گەیشتووە چاککردنی مەحاڵە و کار لە کار ترازاوە و قسەکانیان هیچ سوودی نییە و لەسەر حیسابی پەروەردەی تایبەتی خۆیان و ماڵ و مناڵ و خزمە نزیکەکانیان دەبێت، باشترە واز لە خەڵکی بێنن و لێیان دوور بکەونەوە و دیارە بانگەوازی گشتی کارێکی بێ سوودە و با خەریکی خۆیان و خێزان و ئەو کەسانە بن کە ئەرك و بەرپرسیارێتییان لەسەریانە.

## دووەم: دابڕان لە کۆڕو کۆمەڵ و لایەن وحیزبی سیاسی:

لە بنچینەدا کارکردن لەهەر چوار چێوەیەکدا بەمەبەستی فەرمان کردن بە چاکەو نەهی کردن لە خراپە، یان بڵاو کردنەوەی زانستی شەرعی و هاندانی خەڵکی بۆ کارکردن بە قورئان و بە سوننەت و دوورکەوتنەوە لە بیدعەو پەروەردە کردنی خەڵکی لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە ڕووی

عەقیدەت و شەریعەتەوە کارێکی مەزن و پیرۆزە، بەڵام ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا لە کوردستان و لە شوێنانی تر دەگوزەرێت ئەوەندەی بەڕواڵەت وایە بە حەقیقەت وا نییە و بە کورتی دوو ڕواڵەتیان هەیە یەکیکیان ئەوەیە کە لە خەڵکەوە دیارە و ئەوەی تریان ئەوەیە کە لە خەڵکەوە دیار نییە، واتە ئەگەر زێدەرەوی تێدا نەبێت قسەکە ئەوەیە: (ظاهره الرحمة وباطنه من قبله العذاب).

کە باسی کتاب و سوننەت دەکەیت و داوای پابەند بوونیانی پیوە دەکەیت، ئەڵێن ئەی ئێمە بە چی حوکم دەکەین؟ بە ئینجیل و تەورات؟! کە تەماشای واقعیشیان دەکەیت ئەوان لە دۆڵێکن و ئیسلام لە دۆڵێکی ترە، سەلماندنی ئەم قسەیەش هیچی پێویست نییە جگە لە بەراورد کردنی حاڵی ئەو لایەنانە وەکو مەنهەج و پەیڕەو و پەیوەندی و هاوپەیمانی و مامەڵە کردن و ئاکار بە واتا گشتییەکەی، لەگەڵ ئەوەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە دەبینی مەودای نێوانیان مەودایەکی دوور و سەختە.

بۆیە بە کورتی مادام ئەوە حاڵ و واقیعی حیزبە ئیسلامییەکان بێت، تێکەڵ بوون و هاوکاریکردن لە گەڵ هیچ کۆڕو کۆمەڵێکی ئیسلامی لە کوردستان و لە شوێنی تریش ئەگەر حاڵیان وا بێت - نەخوازەڵا حیزبی عەلمانی- حەرامە و سەرپێچییە بۆ بنەما سەرەکی و سەرەتاییەکانی ئیسلام لە قورئان و سوننەتدا و تێپەڕاندنە بۆ هێڵە سوورەکانی مەنهەج و عەقیدە، چونکە بۆ

ئەوەی لە کارێکدا خێرو پاداشتت دەست بکەویت پێویستە ئەو کارە (الإخلاص والمتابعة) ی تێدا بێت واتە بەتەنها نیەت بۆ الله بێت و کارەکەیشت بەڵگەی قورئان و سوننەتی لەسەر بێت و کارێکی داهێنراو نەبێت لە ئیسلامدا.

شایانی باسە لایەن و حیزبە ئیسلامییەکان لە کوردستان و لە جیهاندا - بەڵام بەڕێژەی جیاواز- هەموویان لەو دوو مەرجە تێکەوتوون بەتایبەتی لە مەرجی دووەمدا - واتە مەرجی پێکان و شوێنکەوتنی شەرع – کار و چالاکییان ئەگەر بەراورد بکەیت لەگەڵ شەرعدا دەبینی صواب نییە و ئەستەمە بەڵگەی بۆ بهێنیتەوە، ئەوەش نەبێت مەبەستمان ئەوە بێت معصوم نین نەخێر، بەڵکو نصاب ی صوابية یان تێدا نییە کە موسوڵمان بتوانێت پشتگیرییان بکات و تاوانبار نەبێت.

وەکو بۆچوونی خۆیشم و ئەوەندەی کە لە ئیسلامدا وەکو مەنهەج و عەقیدە و شەریعەت شارەزام، جگە لە حیزبی نەهزەی تونسی بەسەرکردایەتی غنوشي هەرگیز لایەنێکی ئیسلامی لەسەر زەویدا شارەزا نیم ئەوەندەی لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان تەنازولیان لە دینی ئیسلام کردبێت و لە خەمی ڕازیکردنی عەلمانییەکان و شەقامی کوردیدا بن بیری ناسیونالیزمییان تێکەڵ بەدین کردبێت و بگرە هەندێکیان بیری نەتەوایەتی بە زمانی کردار پێش دینەکەیان دەخەن، ڕێزو حەزی نزیکبوونەوەو هاوپەیمانێتییان لەگەڵ لیبراڵی

و قەومی و عەلمانییەکاندا لە کاتێکدا جگە لەوەی بەو کارەیان سەرپێچی بابەتە جێگیرەکانی دینەکەیان کردووە، هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی ئەو لایەن و تەوژمانە بە بەڵگەی واقیع و مێژووی نوێی کوردستان نە ڕێز لە ئەمان و نە لە دینەکەیان ناگرن و سووکایەتی بە پیرۆزییەکانیانی ئەو حیزبە ئیسلامیانە دەکەن و مێژوویەکیشیان لە ئازاردان و پەراوێز خستنیاندا هەیە، بەڵام ئەوان لە جیاتی هەڵوێست وەرگرتن لە نەیارانی دینەکەیان بە هەموو جۆرەکانیانەوە بە خێراییەکی بەرچاو بەرەو ئەوان دەچن و ڕۆژ لە ڕۆژ لێیان نزیکتر دەبنەوەو لە سیاسەت و ڕاگەیاندن و زۆر بواری تر لاساییان دەکەنەوە تەنانەت بە مەبەستی رازی کردنیان دەڕۆن لە مزگەوتەکاندا پێشانگای شێوەکاری بۆ کەسانێکی دژ بە فیکری ئیسلامی دەکەنەوە و تابلۆی تێدا نمایش دەکەن کە پیاو ماچی ئافرەت دەکات، ئەو کارە و سەدان کاری تریشیان هێشتا نابێتە ئەوەی بەرانبەرەکانیان ڕازی راستەقینەیان لی بگرن و بەبەڵگەی واقیع هەر بە سووك تەماشایان دەکەن، ئەم نموونەش وەکو دڵۆپەیەك لە دەریای کاریگەر بوونیان بە عەلمانییەکان باس دەکەم ئەگینا ئاماری سەرپێچییەکان پێویستی بە کتێبێکە لە چەندین بەرگی گەورەدا بنووسرێت، لێرەشدا بە کورتی وەکو بەڵگەی حەرامێتی تێکەڵ بوون و کارکردن لە گەڵیان تەنها چەند بەڵگەیەك دەخەینە ڕوو، چونکە ئەم باسەش دیسان ئەگەر درێژەی پێ بدرێت و بەڵگەکان بخرێنە ڕوو نووسینی زۆری دەوێت:

١- ئەوان تووشی لە خشتەچوونی بیروباوەڕ بوونە لە جۆرەکانی تەوحید بەتایبەتی لە مەسەلەی حوکم کردن بە دستورە دەستکردەکان و قبوڵ کردنیان بە زمانی حاڵ بۆ گۆڕینی حوکمەکانی ئیسلام بە تایبەتی لە بواری سزای تاوانەکان و بوارەکانی تر، هەورەها تووشی سەرگەردانی بوونە و خەڵکێکی زۆریشیان گومڕا کردووە بەوەی مەسەلەی ولائو بەرائیان لە دیدیاندا تێکداوەو ناشیرین کردووە و ئەوەش وای کردووە سنوورەکانی نێوان موسوڵمان و ناموسوڵمان و مەسیحی و یەهودی و بوزی و ئایینەکانی تر لابدرێت و برایەتی مرۆیی و نەتەوەیی بکرێتە جێگرەوەی برایەتی ئیسلام و ئەم باسەش وردەکاری زۆری تێدایە و قسە زۆر هەڵدەگرێت و بەڵگەشی زۆر لەسەری بەڵام لێرەدا جێگەی شیکردنەوەیان نییە.

٢- تێکەڵبوونی تەواویان و کارکردنیان و ڕازی بوونیان بە هەموو سیستمە جاهیلییەکانی ئەم سەردەمەوە کە لە گەڵ قورئان و سوننەتدا بە سەختی تێکدەگیرێت و هەرگیز کۆنابنەوە، وەکو سستمی دیموکراسی و لیبرالی و ناسیونالیزم کە جیگرەوەی نەك تەنها ئیسلامە، بەڵکو جێگرەوەی هەموو دینێکە و ئیسلامییەکان هیچ کێشەیەکیان لە کارکردن بە سیستمی دیموکراسی نییە سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ ئیسلامدا تێك دەگیرێت، بەو پێیەش حاڵیان حاڵی عەلمانییەکانە بەشداری لە هەڵبژارنەکاندا دەکەن و لەگەڵ عەلمانی و مارکسی و قەومی هاوپەیمانێتی دەبەستن و لە هیچ

مەسەلەیەکی ئەو بابەتە هەستیارانەدا نە بۆ قورئان و نە بۆ سوننەت ناگەڕێنەوە و تەنها ئەوەی کە لە ڕێگەی سەرکردایەتییەکانیان و لە پەیڕەو و پرۆگرامە ناوخۆییەکانیاندا هاتووە نەبێت، گرنگی بە هیچی تر نادەن.

لەمەشدا گەورەترین یارمەتیدەری سەرکەوتنیان بریتییە لە جەهلی ئەندامان و شوێنکەوتووانیان بەو ئیسلامەی کە ئەڵێن کاری بۆ دەکەین و خزمەتی دەکەین، ئەگەر سەد ئایەت و فەرموودەیان بۆ حەرامی مەسەلەیەك بۆ بهێنیتەوە، یەك سەرکردەی زمان لووسیان بە دوو قسەی دەربارەی فیقهی واقع و فیقهی مقاصد کە ئەوە بووتە ئەو پەتەی هەموو کارە ناشەرعییەکانیانی پێوە هەڵدەواسن هەموویت بۆ هەڵوەشێنێتەوە و مەحاڵە بتوانیت بە قال الله و قال الرسول ﷺ کاریان تێبکەیت یان هەلویستیان بگۆڕێت و بگرە بە هۆی جەهلی خۆیان بە دینەکەیان بەزەییان بەعەقڵی ئەو کەسەشدا دێتەوە کە ئامۆژگاری شوێنکەوتنی کیتاب و سوننەتیان دەکات، یان تۆمەتی ئەوەی بۆ هەڵدەبەستن کە لە بەرژەوەندی عەلمانییەکان و دژ بە ئیسلامییەکان قسە دەکات یان بە توندرەوی و ناو و ناتوۆرەی تر وەسفی دەکەن.

٣- حیزب و لایەنە ئیسلامییەکان کەوتونەتە ژێر فشار و لێشاوێکی بە هێزی هزری عەلمانی لە هەموو ئاستەکانیاندا و لە هەموو شتێکدا و کێبڕکێ دەکەن بە کاروانی پێشکەوتنی ئەواندا بگەن، لەنەوەدەکان ئەو بابەتە جێگای شەرمەزاری بوو لەلای زۆربەیان بەڵام ئێستا جگای شانازییە لەلای زۆربەیان، نەوەیەك درووست بووە ئێستا - کە بریتین لە بڕبڕەی پشتی ئەو حیزبانە و هێڵی کاریگەری ناو ڕیزەکانی ئەوانن - بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت، جگە لە ناو و هەندێ درووشم و قسەی زل و بەتاڵ لە ناوەڕۆك نەبێت هەڵگری هەمان فیکرو حەزو خولیاو ئامانجەکانی ئەوانن.

٤- لە سەرکردایەتی ئەو حیزبانەو ئەوانەی بە ناویانەوە لێدوان دەدەن و نوینەرایەتیان دەکەن لە ڕاگەیاندنەکانەوە باسی ئەوە دەکەن کە ئەوان ئامانجیان جێبەجێکردنی شەریعەت نییە و نە کارکردن بە ئیسلام لەبەرنامەیاندایە ئەگەر گەیشتنە دەسەڵات، بەڵکو نیشتمان و هاونیشتمانیان و بەرژەوەندییەکانیان هەموو خەمێکی ئەوانە، کێشەیان لەگەڵ مەیخوارد ن و مەیخانەکاندا نییە دایبخەن ئەگەر سبەینی دەسەڵاتیان وەرگرت، یان لە مەسەلەی پۆشاکی ئیسلامیدا کاریان بەسەر کەسەوە نییە و هەرکێ ئازادە چی ئەکات وچی حەرام و قەدەغەکراویك ئەنجام ئەدات و بەڵکو چی دینێك هەڵدەبژێرێت و لە چی بوارێکدا کار دەکات لە هونەر

و سینەما و تەنانەت لەشفرۆشەکانیش کەس ناتوانێت ڕێگرییان لێ بکات و ئەوان بەیاسا ئیشەکانیان ڕێك دەخرێت.

٥- یەکێکی تر لە هۆکارەکانی حەرامێتی کارکردن و هاوکاری کردنی ئەو حیزبە ئیسلامیانە ئەوەیە مەرجەعیەتی ئەوان کتاب و سوننەت نییە، ناشتوانن نکۆڵی بکەن لەو ڕاستییە و ئەگەر بیکەن بە واقیعی حاڵ و ڕەفتارە سیاسییەکانیان بەرپەرچ دەدرێنەوە، هەرگیز ناتوانیت بە ئایەتیکی قورئان یان فەرموودەیەکی صحیح کارێکی ناشەرعی ئەوان ڕابگریت و هەنگاوێکیی ناکۆکیان لەگەڵ ئیسلامدا بوەستێنی، ئەگەر وایش بیر بکەیتەوە هەرچی بەڵگەی شەرعی لەسەر نەبێت ڕەتی بکەیتەوە هەرگیز لە ناویاندا جێگەت نابێتەوە، چونکە پێویستە متمانەی تەواوت بەسەرەوەی خۆت هەبێت کە هەرچی کارێك ئەنجامی ئەدەن، ئەگەر چی بەڕواڵەت سەرپێچییە بۆ عەقیدە یان بۆ شەرع، بەڵام پێویستە متمانەت هەبێت حیکمەتێك لە پشتییەوە هەیە و سەرکردایەتی حیزب بێگومان ئەوەی لێ شاراوە نییە و دەزانێت چی دەکات و تۆ لەسەرتە گوێڕایەڵی تەواو نیشان بدەیت، ئەگینا ئەندامێکی گوێرایەڵ و باش نیت.

ئەمەش پێویستە وا بکات هەموو موسوڵمانێکی مولتەزیم بە دینەکەی و پەرۆش بۆ جێبەجێکردنی قورئان و سوننەت لییان دوور بکەوێتەوە و بە درشمی زل و قسەی سەرنج ڕاکێش فریو نەخوات و لەوە دڵنیا بێت کە کارنەکردن و تیوەنەگلان بە کارێکی ناوابەستە بە کتاب و سوننەت خۆی لە خۆیدا گەورەترین کارە وسەربەرزییە بۆت کاتی گەڕانەوەت بۆ لای پەروەردگارت، بە کورتی: ئیسلامییەکان ئەمڕۆ بە زمانی حاڵ شەرم دەکەن لەوەی قورئان و سوننەت هەمووی و بە تێکڕایی وەکو مەرجەعییەتێکی سەرەکی باس بکەن و بانگەوازی بۆ بکەن، بەتایبەتی لە بواری سزاکاندا کە عەلمانییەکان دەست بڕین و ڕەجم کردن بە هەمەجییەت و دواکەوتن دادەنێن ئیسلامییەکان جورئەتیان نییە بانگەواز بۆ مەشروعیەتی چجای جێبەجێکردنی هیچ سزایەکی شەرعی بکەن بۆ تاوانەکانی داوێن پیسی و مەی خواردن و بوختان کردن و دزی و.. بەو سزایانە ڕازی بوونە کە لە یاسا دەستکردەکاندا هاتووە و ئەوەش ڕازیبوونە بە (الحكم بغير ما انزل الله) و بە ناڕاستەوخۆ ڕەتکردنەوەیە بۆ حوکمی قورئان و سوننەت و شەرم کردنە لە باسکردنی نەخوازەڵا باسی جێبەجێکردنی.

٦- ئەوان بوونەتە هۆکاری دابەش بوونی موسوڵمانان و درووست بوونی دەمارگیری و دامەزراندنی خۆشویستن و پشتگیری و ڕق لێبوون و دژایەتی لەسەر بنەمای پەیوەندی بە حیزبەوە، ئەندامی ئەوان بیت کەسێکی باش و بە توانا و دڵسۆزیت بۆ ئیسلام و شاییستەی هەموو هاوکاری و ڕێزگرتن و بەرگرییەکی لە لایەن ئەوانەوە، بە پێچەوانەشەوە، نەخێر کەسێکی دوا کەوتوو و تینەگەیشتوو و سنوور بەزێن و بێ ویژدان و تەنها خۆت بە زانا و ئەهلی بەهەشت دەزانیت، بە کورتی لەگەڵیان بیت کەسێکی باشی بەدەر لە دووریت لە فیکر و عەقیدەی ئیسلامی، لە گەڵیانیش نەبیت بەتایبەتی ئەگەر ڕەخنەیان لێ بگرێت و لادانەکانیان ئاشکرا بکەیت خراپیت و خزمەتکاری عەلمانییەکانی و ئەگەر مانگ لە نێو چەوانتەوە هەڵبێت تۆ هەر کەسێکی پیلان گێر و زیان بەخشیت و لە فیقهی واقع تێناگەیت و مەسڵەحەت و مەفسەدەت بۆ لەیەك جیاناکرێتەوە! هەزار موسوڵمان بیت و خەمخۆری ئیسلام بیت و زانستی شەرعیت پێ بێت دادت نادات و لە ڕیزەکانیاندا نەبیت دونیات بەسەردا بڕوخێت حەقیان بەسەرتەوە نییە، مەگەر بە تەماحی ئەوەی بۆ لای خۆیانت ڕابکێشن.

٧- لە هۆکارەکانی حەرام بوونی تێکەڵ بوون و کارکردن لە گەل ئەواندا ئەوەیە؛ ئەوان بە تەواوی لە گەڵ نەیارانی دینی ئیسلامدا تیکەڵ بوونە و هیچ شەرمێکان نەماوە لە تێکەڵ بوون و کارکردن و خۆشویستن و هاوپەمانێتی لەگەڵ ئەوانەی کە چاویان بە ئیسلام هەڵنایەت و ئیسلام بە پاشماوەی سەدە تاریکەکان دەزانن و بگرە لە پێناسەی خودی خۆیانیشدا تاکو چەند ساڵێك لەمەوبەر ئەو بەرنامەی ئەوان بریتی بوو لە کوفرو شیرك و ئەو قسانەشیان تاکو ئیستا بە نووسراوی و بە بینراوی هەر ماوەتەوە و شوینکەوتوانیشیان کێشەیەك نابینن لەوەی قسەی دوێنێی سەرکردەکانیان لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆیاندا سەد و هەشتا پلە جیاوازە! چونکە وەکو وتمان گوێڕایەڵی وا دەبێت!

٨- زێدەڕەوی سەرکردایەتی و ئەندامانی حیزبە ئیسلامییەکان لە مەسەلەی بیری نەتەوایەتی و هزری ناسیۆنالیزمی و پێشخستنی بەسەر سەروەری حوکمەکانی ئیسلام و برایەتی ئیسلامدا، بە شێوەیەك کە ئەوان توانیویانە نەوەیەك پەروەردە بکەن کە بە زمانی حاڵ و گوفتاریش بڵێن: ئێمە کوردین پێش ئەوەی موسوڵمان بین، پێویستە ئیسلامیش بە ڕەنگی کوردایەتی ڕەنگ بکەین و چەندین گومڕا لەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بانگەواز بۆ ئیسلامێکی کوردی ئەکەن بە پێناسەی خۆیان لە ڕوانگەیەکی کورد پەروەری و نەتەوە پەرستییەوە پیناسەی چەمکەکان دەکەنەوە و حیزبە ئسلامییەکانیش

نەك بەرانبەر ئەوانە ناوەستنەوە، بەڵکو لە ناو ڕێزەکانی حیزبەکانیاندا لەو جۆرە کەسانەیان زۆر تێدایە.

٩- بەرژەوەندی مادی و مەعنەوی بووەتە بنەمایەکی سەرەکی و بووە بە ئامانجێك لە ناو زۆرێك لەو حیزبانەدا، بۆ نموونە زۆربەی سەرکردایەتییەکان خەون بەو ڕۆژەوە دەبینن و کار بۆ ئەوە دەکەن لە ڕێگەی حیزبەکانیانەوە لێپرسراوێتی گەورە بە دەست بهێنن بەتایبەتی ئەندام پەرلەمانی کە مووچەو ئیمتیازاتی خەیاڵییان دەست دەکەوێت و بە دەستهێنانی پلەو پایەو مەنسەبەکانی تر لە کاتی بەشداری کردن لە حکومەتدا، هەروەها زۆرینەی ئەندامان لەسەرەوە تا خوارەوە و بە پێی کار و پلەی حیزبی خۆیان بەهرەمەند دەبن لە ئیمتیازی دارایی گونجاو لە ڕێگەی دەزگاکانی حیزب لە بواری کاری ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندن خێرخوازی و دامەزراوەکانی تر، هەروەها لەڕێگەی وەرگرتنی پشك و مووچە لەو بڕە پارانەی کە حکومەت و حیزبە عەلمانییەکان لە سەرەوەو لە ژێرەوە بە ئاشکراو بە نهێنی وبە ئامانجی جۆراوجۆر پێیانی دەدەن، ئەمەش وا دەکات زۆر بێ کار و هەژار و گەنجی خاوەن شەهادەو دانەمەزراو بەو تەماحەوە بچنە نێو ڕیزەکانیان و نەتوانن هیچ ناڕەزاییەك لەسەر کارە ناشەرعییەکانیان نیشان بدەن، چونکە ئەگەر ناڕەزایی دەربڕن بێ بەش دەبن لەو ئیمتیازاتە داراییانە.

١٠- خاوەنی هەموو جۆرە فیکرێکی لادەر و گومڕا لە ناویاندا جێگەی دەبیتەوە و مادام ئەندام و لایەنگر بێت هیچ کێشە و گرفتێکی نابێت، بۆ نموونە:

- دژایەتی سوننەت دیاردەیەکە لە ناویاندا نەك هەر ئاساییە، بەلکو لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە سووکایەتی بە ئەبو بەکر و عومەر و بوخاری و موسلیم و کتێبەکانی فەرمووده دەکرێت و لەسەر هەواوە گومان دەربارەی سوننەت بۆ موسوڵمانان پەخش دەکەن و بەڕێزەوە میوانداری لە دژە سوننەتەکانی کوردستان دەکەن لە کەناڵە ئاسمانییەکانیان و سەردانیان بۆ ڕێك دەخەن بۆ بارەگاکانیان بۆ ئەوەی گومان لەسەر کتێب و سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی سوونەت لەلای ئەندامانیان درووست بکەن.

- جنێودان بەهاوەڵان و سوکایەتی پێکردنیان بە ناو ڕەخنەگرتنی زانستی زۆر دیاردەیەکی ئاساییە و کەس لە ئەندامان - ئەگەر گریمان بەوەش ڕازی نەبێت

- ناوێرێت ڕووبەڕووی بێتەوە بۆ ئەوەی تۆمەت بار نەکرێت لە دڵسۆزیدا بۆ حیزبەکەی، جاری وا هەیە سەری یەکەمی حیزب بە خۆی سووکایەتی بە هەندێ لە هاوەڵان دەکات و بە ستەمکار وەسفی دەکات.

- بیری موعتەزیلەکان لە ناویاندا زۆر بەربڵاوە و ڕووی سەرانی ئەوانیان سپی کردووە و بنەماکانی فیکری موعتەزیلە بە ناڕاستەوخۆ بە گوێی موسوڵمانی کورددا دەدەن لەسەر حیسابی دەستگرتنی ئەوان بە مەنهەجی پێشینانی چاکەوە و زۆربەی گومانەکانی موعتەزیلە لەڕێگەی هەندێ گومڕاو زمان لووسەوە لەو کەناڵانەوە باس کراوە.

- بیری عەلمانی و ناسیونالیزمی و عیرفان وتصوفی توندڕە و بە مەزن دەرخستنی حەلاج و مەولانا و ابن عەرەبی و بانگەواز کردن بۆ فیکری شیعە و ئەشعەرییەت و ڕێبازو گروپی تر زۆر ئاسایی و بەربڵاوە لە ناویاندا، چەندین دیاردەی ناشەرعی تر لە لادان زۆر بەڕوونی لەناو ئەواندا بە دی دەکرێ و ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی موسوڵمانی وابەستە بە قورئان و سوننەت چەند بتوانێت دووریان لێ بگرێت.

١١- بانگەوازێك هەیە لە ناو سەرکردایەتی حیزبەکاندا، ساڵ بە ساڵ جومهوری و پشتیوانانی زۆرتر دەبێت، بەڵام تاکو ئێستا نەگەشتووەتە ئەوەی بخرێتە بازنەی جێبەجێکردنەوە ئەویش بریتییە لە لادان و خۆ ڕزگار کردن لە پاشگری ئیسلامی، لە زۆربەی کۆنگرەکانیاندا باسی ئەو مەسەلە دەکەن واتە بەسە بوترێت فڵانە حیزبی کوردستانی ئیتر ئەو پاشگری ئیسلامییە هیچ پێویستییەك نییە بۆ مانەوەی.

لە ڕاستیدا ئەوان بە پلەی یەکەم - ناڵێم هەموویان - بەڵکو زۆربەیان پێناسی نەتەویان بەلاوە گرنگە و هەست بە ئینتیمای حەقیقی - نەك زارەکی - ناکەن بۆ ئیسلام بەدەر لە پەیوەندی بەو پێناسەو وابەستە بوون بە خاك و نیشتمان و ئاوو شاخ و دۆڵ و نشێوەکانی...هۆکاری یەکگرتنەوەشیان لە گەڵ عەلمانییەکان و هەبوونی زۆر حاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا و لەبیرکردنیان بۆ زۆرێك لە بابەتە جێگیرەکانی بیروباوەڕی خۆیان، پێم وایە هەمووی هەڵقوڵاوی خاڵە نەتەوەییە هاوبەشەکانیانە لەگەل ئەوان. لە ئێستادا لە ناو حیزبە ئیسلامییەکاندا ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە پێناسی نەتەوایەتی تەنگی بە پێناسی ئیسلامی هەڵچنیوە و وابڕوات لە ساڵانی داهاتوو گۆڕانکاری سەرسوڕهینەرتر ڕوو دەدات.

١٢- یەکیکی تر لە خراپییەکانی ئەو حیزبانە کە وا دەکات موسوڵمانی مولتەزیم و موەحید نەتوانێ بمێنێتەوە لە ناویاندا، هەبوونی کاری ناشەرعی و ناکۆکە لە گەڵ شەرعی ئیسلامدا، ئەگەرچی بەراورد بە هەڵەی بیروباوەڕ ئەمەیان ئاسانترە بەڵام نەشیاوە بۆ کەسانێك کە بانگەشەی گێڕانەوەی حوکمی ئیسلامی دەکەن، لە دیارترینیان:

- خۆ دەرخستنی ئافرەت و خۆ جوان کردنەوەیان وەکو بێژەر و پێشکەشکار لە کەناڵەکانیان و بەشداری کردنیان بە جل و بەرگی و رۆژێنەردا لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و هەندێ جار تەوقە کردن لەگەڵ پیاوان و باسکردنی بابەتی سێکس و هەندێ باس لە لایەن بێژەرە ئافرەتەکان لە گەڵ میوانی پیاودا لە دیمەنگەلێکی ڕوون لە کەوتنە ژێر فشاری عەلمانییەکان و تێکەڵبوونی ژنان و پیاوان لەسەر هەموو ئاستەکانی حیزب و زیدەڕەوی کردن لە لێدانی مۆسیقاو گۆرانی و هەڵپەڕکێ زنجیرەی دۆبلاژکراوی دوور لە مەبەستەکانی ئیسلام و هەڵکردنی ئاگری نەورۆز لەبەردەم بارەگای هەندێ لەو حیزبانە و داواکردنی بەشداری ئافرەتە موسوڵمانەکان لە مەلەوانگەو زۆر دیاردەی ناشەرعی تر و بانگەشە کردن بۆ زۆر شت لەوانەی کە عەلمانییەکان کوتوموت بانگەشەی بۆ دەکەن.

١٣- زۆربەی حیزبە ئیسلامیەکان لە کوردستان و لە وڵاتانی دونیا پەیڕەوی لە تێگەیشتنیك دەکەن لە حوکمەکانی ئیسلامدا کە لە ئەوپەڕی شلی و دابەزین و بەزیندایە، بێ ئاوڕدانەوە لە قورئان و سوننەتی راست و درووست، بۆ نموونە لەگەڵ هاتنی سەری ساڵدا لە بەرزترین ئاستی حیزبیدا پیرۆزبایی لە دایکبوونی عیسا سەلامی خوای لێبێت لە گاورەکان دەکەن لە کاتێکدا ئەوان عیسا بە خوا دەزانن، ئینجا بە ئەو پەڕی متمانەوە ئەڵێن گاورو جولەکە برامانن و کافریش نین و ئەوانیش وەکو ئێمە ئەهلی کتابن، ئێمە قورئانمان هەیە و

ئەوان ئینجیل و تەوراتیان هەیە، لە کاتێکدا مەسیحییەکان ئەوە ناشارنەوە کە موسوڵمان بە کافر دەزانن، وەکو ئەوەی یەك ئایەت لە قورئاندا نەهاتبێت ئەوانی بە کوفر وەسف کردبێ، تەنانەت گومڕایەکیان هەیە لە میسر کە زۆرێك لە بانگخوازەکانی کوردستان ئەو بە پێشەنگی خۆیان دەزانن و لاسایی دەکەنەوە دەیووت شەیتانیش کافر نییە و تاکو ماوەیەك هەر لەسەر ئەو باوەڕە بووا! دواجار مامۆستایەکی کۆنی خۆی هەرچۆنێك بوو قەناعەتی پێکرد کە شەیتان کافرە. ئەوانەشیان تا دوێنێ غیرەت و توندییەکان لە دینداریدا هەبوو، ئەمڕۆ بە چەند قۆناغێك شلەکانی دوێنیان بە جێهێشتووە و پێشیان کەوتوون لە ڕووی سیاسەت و ڕاگەیان و پاشکۆیی لایەنی دەرەکی دژ بە دینەکەیان، وەکو کورد دەڵێ: ڕەحمەت لە کفن دز، یان وەکو عەرەب دەڵێن: (ملكيون أكثر من الملك).

١٤- گەورەترین کێشە مەنهەجی و بیروباوەڕییەکانی ئەو حیزبانە ئەوەیە تاك لەسەر عەقیدەی ڕاست و درووستی ئەهلی سوننە دانامەزرێنن و لە بنچینەوە بایەخ بەو پرسە گەورەیە نادەن، لەوانەشە هەڵەیەکی بچووك و لەبیرچوونێکی سادە نەبێت، بەڵکو کارێکی بەرنامە بۆ دارێژراو بێت، چونکە ئەگەر ئەندامانی ناو ئەو حیزبانە لەسەر ئەو عەقیدەی لە قورئان و سوننەتدا هاتووە و ئەوەی زانایانی پێشینی ئەم ئومەتە باسیان کردووە پەروەردە بکرێن ئیتر ناتوانن لە

کارکردن لە ناو ئەو حیزبانە بەردەوام بن و ڕیزەکانیان بەجێ دەهێڵن. لە ناوحیزبە ئیسلامییەکاندا دەگمەنە و ئەستەمە خولێك بکرێتەوە بۆ:

- باسەکانی تەوحید بەتایبەتی تەوحیدی ئولوهییەت و ئەسمائو سیفات و چەمکی ئیمان و پێناسەی لە لای ئەهلی سوننەت و شارەزا بوون و ڕەتدانەوەی بیری تاقمە گومڕاکان.

- یان خولێك بکرێتەوە بۆ باسەکانی الولاء و البراء لە ڕۆشنایی ئایەتەکانی قورئان و سەحیحی سوننەتدا.

- یان باسی جیهاد و تێکۆشان لە پێناو الله هەروەکو باسێکی نەزەری پەتی کە لە قورئاندا باس کراوە و هیچ نەبێت ببەسترێتەوە بە بەرگری کردن لە وڵات و نیشتمان و دینی خەڵکی کورد.

- یان پێویستی حوکم کردن بە قورئان و سوننەت و خراپی گۆڕینەوەی حوکمی ئیسلام بە حوکمی دیموکراسی و ئەو جۆرە باسانە.

- یان قەڵاچۆکردنی بیدعە و گرنگی ڕێزگرتن لە سوننەت.

- یان شەرح كردنی هەندێ كتێبی فەرمووده و لێكدانەوەی متون و سەرچاوەی عەقیده وەكو (اصول السنة) ی ئیمام ئەحمەد و (العقيدة الطحاوية) و كتێبەكانی (ابن تيمية و محمد بن عبدالوهاب).

بەڵام زۆر ئاساییه خول بكرێتەوه وسیمینار بگیرێت و ڕاگەیاندن تەرخان بكەن بۆ:

- باسی گرنگی دیموكراسی و ئازادی تاكەكەسی و گرنگی كاری سیاسی لەم سەردەمه بۆ موسوڵمان.

- یان باسی بەڵگەی شەرعییەتی بەشداری كردن له هەڵبژاردنەكاندا( لەم باسەیاندا هەر زانایەك كه ئەوان هەر باوەڕیان پێی نییه و بگره گاڵتەشی پی ئەكەن زەلەیەكی كردبێت و وتبێتی هەڵبژاردن درووسته و شایەتییه و ...ئەوان به قسەی دەكەن و له ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەكاندا سەرزمان و بن زمانیان هەر ابن باز و ابن عثيمين ـه بەڵام له بوارەكانی تردا كاتێك بەڵگەی شەرعی كارەكانی ئەوان هەڵدەوەشێننەوەو له بنچینەوه حیزبەكانیان به بیدعه و به خراپه دەزانن، لەو مەسەلانەدا ئەوان زانای حەیزو نیفاسن و سەریان لەسیایەت و زۆر شتی تر تەقەی دێت.

- یان خول کردنەوە لە دوای خول کردنەوە لەسەر گەشەپێدانی مرۆیی کە تا باسێکی لەگەڵ شەرعی ئیسلامدا گونجاوە دە باسی ناکۆکە.

- یان خولێك بکەنەوە بۆ باسکردنی مەزنی و گەورەیی مەولانا ( کە مەولانا یەکێکە لە بێ دینترین و گومڕاترینە لەوانەی لە مێژوودا ناویان هاتووە).

بۆیە دابڕان و دوورکەوتنەوە لەو کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و حیزبییانەی لە کوردستان و ولە وڵاتانی تر هەیە واجبێکی شەرعییە و هەنگاوێکە لەسەر ڕێگای ڕاست لە بیروباوەڕدا بە هۆی ئەو هەموو لادان و تێکدانەیان بۆ بنەماکانی ئایین.

## چەند تێبینییەك:

١- ئەگەرچی من شارەزا نیم جەماعەتێك هەبێت بە تەواوی لەسەر کیتاب و سوننەت بێت و شایستەی ئەوە بێت لەگەڵیان بیت لەم سەردەمە، بەڵام ئەگەر بێت کۆمەڵێك هەبێت کار بە کتاب و سوننەت بکات و خەریکی بانگەواز و پەروەردەکرن و فێرکردنی ئیمان و تەوحید و بیروباوەڕبێت بە گشتی و بەشداری سستم و دیاردە جاهیلییەکانی ئەم سەردەمە نەکات وەکو دیموکراسییەت و دەنگدان و بەشداری کردن لە پەرلەمان و نزیك

نەکەوێتەوە لە هیچ دەسەڵات و حوکمەتێك لە مانەی ئەم ڕۆژگارە کە ناکۆکییان لەگەل ئیسلامدا وەکو ڕۆژی ڕووناك دیارە و بەکرێگرتەی هیچ دەوڵەت و لایەنیك نەبێت و ئەجیندای کەس جێبەجێ نەکات و تەنها مەبەستی سەرخستنی دینەکەی بێت، هیچ کێشەیەك نییە و بگرە واجبیشە خزمەتی ئاوها کۆڕو کۆمەڵێك بکەیت، بەڵام ئایا کۆمەڵی وا بوونی هەیە!

٢- سەبارەت بە حیزبەکان پێویستە جیاوازی لە نێوان مەنهەج و سەرکردایەتی و شوێنکەوتواندا بکرێت، ئەوانە سێ شتی جیاوازن و یەك حوکمیان نییە.

٣- من وەکو خۆم سەرەڕای ئەو لادان و هەڵانەی باسم کرد دەربارەی ئەوان، بە ئاسایی دەزانم مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت - بەڵام بەبێ ئینتیما و چوونە ناو کاروباری حیزبایەتییانەوە - و بە برایان دەزانم و لەگەڵ ئەوە نیم هەجر بکرێن بە شێوەیەکی گشتی بەتایبەتی ئەندامانی خوارەوەیان، مەگەر کەسێك بیروباوەڕو هەڵوێستی زۆر ناموسوڵمانانە بێت و دەمارگیری سەری لێ تێکدابێت، یان عەلمانییەکی تەواو بێت و تەنها ناوەکەی ئیسلامی بێت، یان یەکێکی لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام تێدا بێت، لەو حاڵەتەدا هەجرو لێ دوورکردنەوەی باشترە و وریاکردنەوەی موسوڵمانان لە شەڕو خراپەی لە

پێشترە و شایستەی حوکمی شیاوی خۆیشی ئەبێت بە پێی دوورکەوتنەوەکەی لە بنەماکانی ئیسلام و ئیمان.

## لە کۆتایشدا دەڵێم:

پوختەی باسەکەم سەبارەت بە تیکەڵی و دابڕان ئەوەیە:

سەبارەت بە تێکەڵبوون بە خەڵکی: ئەگەر بزانیت کارەکەت بە سوودە و بێ دەرەنجام نییە وفووکردن لە خۆڵەمێش نییە ، تا بتوانیت لێیان دانەبڕێت و بانگیان بکەیت بۆ ئیسلامی ڕاستەقینەو حەق کە ئیسلامی قورئان و سوننەتە بە تێگەیشتنی هاوەڵان و زانا و پێشەوایانی سێ سەدە چاکەکەی دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ کە بە (القرون الخيرية) دەناسرێن.

بەڵام بە بۆچوون و تێگەیشتنی خۆم بە تێپەڕبوونی ساڵان و کارکردنی زۆر لەسەر عەقڵی تاکی کورد بۆ وەرگرتنی ئیسلامێکی تا ڕادەیەك نامۆ یان هیچ نەبێت جیاواز لە ئیسلامە ڕەسەنەکە، من خۆم بەڕێژەیەکی زۆر لە ڕازی بوونی خەڵکی خۆمان بە هەموو ئەوەی لە قورئان و سوننەتدا هاتووە بێ هیوام و بە ئەستەم دەیبینم بانگەوازکردن بۆ قورئان و سوننەت دەرەنجامی باشی هەبێت مەگەر لە بازنەیەکی تەسکدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەبەرئەوەی ئێمە لە بانگەوازدا نوح و ابراهیم و أیوب و محمد و پێغەمبەرانی تر پێشەنگ

و پێشەوامانن علیهم الصلاة والسلام تا بتوانین و ڕێگە والّا بێت و بانگەواز کردن نەبێتە کارێکی سەد لەسەد بێ سوود هەر بەردەوام بین باشترە سەرەڕای ئەو نائومێدی و بێ هیوایی و فیتنەیەی تێی کەوتووین.

سەبارەت بە تێکەڵ کردن و هاوکاری کردن لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵ و حیزبە ئیسلامییەکان بە هۆی لادانی زۆریان لە ڕێبازی قورئان و سوننەت و بەزاندنیان بۆ زۆرێك لە سنوورەکانی عەقیدەی ئیسلامی و کاریگەر بوونیان بە عەلمانییەت و دزە کردنی بیری عەلمانی و نەتەوایەتی و ناسیونالیزمی بۆ ناویان بە شێوەیەکی بەربڵاو و تێکەڵکردنی فیکری و هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە گومڕایان و شوینکەوتووی تاقمە گومراکانی مێژووی ئیسلامی، بۆیە دوور کەوتنەوەو دابڕان لێیان بە واجبکی شەرعی ئەزانم و دوورەپەرێزی لێیان خۆی لە خۆیدا بێگومان کارێکی ئیسلامییە و هەڵقوڵاوی پێویستی مەنهەج و بیروباوەڕە و دانیشتن و خۆ پەروەردەکردن و بڵاو کردنەوەی زانست زۆر لە تێکەڵکردنی ئەوان باشترە کە بە ئاڕاستەیەکی جیاواز لە ئاراستەکانی قورئان و سوننەت دەتبەن و بێ ئەوەی بە خۆت بزانیت کاتێك دەزانی کەسێکێکت لێ دەردەچێت: سەلبی ،بیروهزر تیکەڵ، هەستیار بەرانبەر زۆرێك لە بنەماکانی بیروباوەری ئیسلامی، هەستیار بەرانبەر وشەی سەلەفی و هەڵگری بیروباوەری سەلەفی، خاوەن خوێندنەوەی نامۆ بۆ زۆرێك لە دەقەکانی کیتاب و سوننەت

و هەمیشە پێویستت بە تأویل کردن و لادانی ئایەت و فەرموودەکانە لە واتاکانی خۆیان.

بەردەوام پاساو دەهێنیتەوە بۆ هەموو هەڵە و لادانێکی فیکری و مەنهەجی گومڕاکان و، سەرسام دەبیت بە سەرانی بێباوەڕان و لادەران و گومڕایانی جیهان و ڕەهەندی عەقیدە لە بیروڕاکانتدا تەواو کاڵ دەبێتەوە، هاوکات زۆرێکیش لە زانا گەورەکانی ئیسلام لە کۆن و نوێدا بە بیر تەسك و تێنەگەیشتوو تێدەگەیت و بە ناچاریش بە حوکمی کارکردنت لە نێو ئەو حیزبانە ئەبێت باوەڕت بە سیستمە ناکۆکەکان هەبێت لە گەڵ ئیسلامدا وەکو عەلمانیەت و لیبرالیەت و دیموکراسی و ناسیونالزم و عەولەمە و هەڵبژاردن و بەشداری کردنی پەرلەمان و دەرکەوتن وەکو موسوڵمانێکی مۆدێرنەی سەردەمیانە کە پێت عەیب ئەبێت زۆرێك لە بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام لە بیروباوەڕو مەنهەج و سزای تاوانەکان لە ئیسلامدا باس بکەیت، ڕۆژ لە ڕۆژ لە زانستی شەرعیدا بەرەو دوا دەچیت و کەسانی نەشیاو دەبنە پێشەنگ و مامۆستات و تاقەتی گوێگرتن و وەرگرتنی زانستە شەرعییەکان و بەتایبەتی زانستی عەقیدەت نامێنیت.

لەوانەشە کەسێك ڕەخنەم لێ بگرێت و بڵێت: بۆچی چاکەی حیزبە ئیسلامییەکان نابینیت و تەنها باسی خراپەکانیان دەکەیت؟

لە راستیدا من چاکەی ئەوان ئەبینم و ئەزانم سەرەڕای هەموو شتێك ئەگەر بێت و کەناڵێکی راگەیاندنی حیزبێکی ئیسلامی لەگەڵ کەناڵێکی راگەیاندنی حیزبێکی عەلمانی بەراورد بکەین جیاوازییان زۆرە، هەروەها زۆر چاکەی تریان هەیە لەوەی خەڵکی بە تێگەیشتنی خۆیان بۆ ئیسلام بانگهێشت دەکەن و ڕەوشتی جوان و کاری چاکە و خێرخوازی و ئاکاری پەسەند لە ناو خەڵکیدا بڵاو دەکەنەوە و زۆر شتی تری باشیان هەیە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە بۆ ئەوەی باشی ئەوانت بۆ دەربکەوێت ئەبێت بەوشێوە بەراوردیان لەگەڵ عەلمانییە پەتییەکاندا بکەیت کە ئیسلام بە لایانەوە یەکسانە بە کۆنە پەرستی، بەڵام ئەگەر حاڵی حیزبە ئیسلامییەکان لە گەڵ ئەوەی پێویستە لەسەریان و لە قورئان و سوننەتدا هاتووە بەراورد بکەین دەبیین ئەوان لەو بەراوردە بەسەلامەتی دەرناچن؛ چونکە ئەوان:

- هەڵساون بە تێکەڵ کردنی چاکەو خراپە و خەیروشەڕ و خۆشەویستی ئیسلام و هاوپەیمانێتی لە گەل نەیارانی ئیسلام، لە ئیسلامیشدا کاری وا تێکەڵ و پێکەڵ قبوڵ ناکرێت.

- بانگی خەڵکی بۆ مزگەوت دەکەن و لەو لاشەوە بۆ دەنگدان و پەرلەمان بانگیان دەکەن کە هەرچی فەرمانەکانی الله تعالى و پێغەمبەرەکەی هەیە ﷺ هەمووی لەوێ هەڵدەوەشێتەوە و جارێکی تر دەخرێتە دەنگدانەوە و دەریشناچێت لە دەنگدان.

- بانگی خەڵکی دەکەن بۆ قورئان و بۆ دیموکراسیش لە هەمان کاتدا، کە لە ڕاستیدا دیموکراسی بۆ خۆی ئاینێکی سەردەمیانەی سەربەخۆیە و چارەسەری پێچەوانەی چارەسەرەکانی ئیسلامی بۆ کێشەو گرفتەکانی خەڵکی پێیە.

- بانگی خەڵکی دەکەن و باسی گەورەیی و زانستی - بۆ نموونە - پێشەوایەکی وەکو شافیعی یان بۆ دەکەن، هەر بەدوایدا یان لە باسی داهاتوودا باسی مەزنی غاندی یان جلال الدين الرومي یان نیلسون ماندێلایان بۆ دەکەن و ئەوەندە بە گەورەیی باسیان دەکەن شافیعی و ئەوانی تریان لە پێشەوایانی ئیسلام لەبەر چاو بچووك دەبێتەوە بەراورد بە غاندی و ماندیلا و مەولانا.

بۆیە مەسەلەکە ئەوە نییە من چاکەکانیان نەبینم بەڵێ بە چاکی چاکەکانیان دەبینم بەڵام دینداری بەو شێوە ناکرێت کە حەق و باتڵ تێکەڵ بکرێت و نەوەیەك درووست بکرێت بەو تێگەیشتنە هەڵەو شل و شێواوە بۆ ئیسلام، ئەوە مەنهەجێکی زۆر نامۆیە و هەرگیز لەگەڵ مەنهەجی ئەهلی سوننەتدا ڕێك ناکەوێت کە کتاب و سوننەت بنچینە و بڕبڕەی پشتی ئەو مەنهەجەیە، هەر بۆیە بەبێ هیچ گومان و دوو دڵییەك و سەرەڕای ئەو چاکانەیان کە هەیانە، دابڕان و دوورکەوتنەوە لێیان نەك هەر باشترە؛ بەڵکو واجبێکی شەرعییە و پیویستییەکی بیروباوەڕو ڕێبازی دینداری ڕاستەقینەیە، ئەگەر بەو تیگەیشتنەش بێت سەیری چاکە بکرێت و لە هەڵەی بیروباوەڕو مەنهەج چاوپۆشی بکرێت لەبەر ئەو چاکانە، ئەوا هەر کام لە گومڕاکانی مێژووی ئیسلامی و لە تاقمە لادەر وگومڕاکان بهێنیت هەرچەند لادەر و گومڕا بووبێت، چاکەو عیبادەت و قسە و ئاکاری جوان و کردەوەی پەسەندی هەر بووە و بگرە خودی شەیتانیش چەندین قسەی حەق و بە جێی هەیە لە قورئاندا باسکراوە.

لە کۆتاییشدا دەپاڕێمەوە لە الله تعالى ئەم نووسینەم بە نیاز و نیەتی دڵم لێ وەرگرێت کە ئەو لە هەموو کەسێك بە ئاگادارترە من نیەتم تەنها و تەنها لەبەر خۆی بووە.

هەروەها داواکارم ئەم نووسینەم لە لایەن ئەوانەی بە دڵیان نییە بە سینەیەکی فراوانەوە وەریبگرن، ئەمە ڕاو بۆچوونی بیست ساڵ لەمەوبەری تەنها خۆمە و لەگەڵ ڕۆژگاردا و بەبەڵگەی واقیعی ئەوان ئەو باوەڕەم تۆکمەتر بووە، سەرەڕای ئەوەش پەیوەندیم نەبڕییوەتەوە لەگەڵ ئەو کەسانە و بەبراشم زانیون و مامەڵەم لەگەڵ کردوون و ئێستاش هەر وام، چونکە ئەگەر چی گومانم لەوە نییە لەڕێگای راستی ئەهلی سوننەت و مەنهەجەکەیان لایان داوە بەڵام هەر بە موسوڵمانیان دەزانم و ئومیدەوارم و لە الله تعالی داواکارم بگەڕێنەوە سەر ڕاستە شەقامی کیتاب و سوننەت و بەو حاڵەوە نەچنەوە لای پەروەردگاریان، ئەگەریش بە قسەی من بکەن کە الله تعالی دەکەمە شایەت و سوێندی پی دەخۆم هیچ مەبەستێکم نییە و لە هیچ ڕوانگە و لایەن و تەوژمێکەوە جگە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی دینەکەم نەبێت قسە ناکەم، بەرژەوەندی دین و دونیایان لەوەدایە وازیان لێ بهێنن و خەریکی خۆ فێرکردنی زانست و بڵاو کردنەوەی و بانگەواز بۆکردنی دەبن و پەروەردەی خۆیان و ماڵ و مناڵ و دەوروبەریان لەسەر ڕێبازی ئەو دوو سەرچاوە دەکەن و بەرائەت دەربڕین لە هەموو شتێك پێچەوانەی ئەوە دەکەنە مەشخەڵی ڕێگای خۆیان و بەو شیوەش ان شاء الله سەرفرازی دونیا و دوا ڕۆژ دەبن.

# دەنگدان و پەرلەمان هێڵێکی سووری بیروباوەڕە

یەکێك لەو مەسەلانەی لەم سەردەمەدا سەری هەڵداوە بیدعەیەکە پەیوەندی بە کرۆك و جەوهەری تەوحید و عەقیدەوە هەیە، مەسەلەی دەنگدان و هەڵبژاردن و پەرلەمانە، جا لەبەر ئەوەی پێشتر زنجیرە باسێکی درێژم لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە و هەندێ بە شیکراوەیی باسەکانم خستووەتەروو، بۆیە لیرەدا بە کورتی و بەبێ شیکردنەوە و ڕۆچوون لە هێنانەوەی بەڵگەکاندا ئاماژە بۆ ئەو پرسە دەکەم و پێناسەو حوکم و تێکگیرانی ئەو مەسەلە لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا لە چەند خاڵێکدا دەخەمەڕوو:

١- پەرلەمانەکان جێگای تەشریع دانان و هەڵوەشاندنەوەی شەریعەتی ئیسلام و ئەنجامدانی شیرك و حوکم کردنن بە غەیری قورئان و سوننەت، بۆیە موسوڵمان دەبێت بە هەموو شێوەیەك لە شێوەکانی بەشداریکردن لەو پرۆسەیەدا خۆی بەدوور بگرێت، چونکە ئەگەر بەشداری بکات دین و ئیمان و عەقیدە و بیروباەڕی هەمووی خستووەتە ژێر پرسیار و مەترسییەوە.

٢- بنەمای هەرە بەهێزو تۆکمەی پەرلەمان و دیموکراسی کە بنەمایەکی پیرۆزە و قابیلی هیچ چەندوچون و مشتومڕێك نییە ئەوەیە سەرچاوەی حوکم و دەسەڵات بریتییە لە گەل (الشعب) لە ڕێگەی نوێنەرانی گەلەوە وەردەگیرێت و حوکم حوکمی گەلە نەك حوکمی شەریعەت و تەنانەت دەست پێکردنیش لەجیاتی ناوی الله بەناوی گەل و خەڵکەوە دەست پێدەکرێت، لە جیاتی بسم الله دەوترێت باسم الشعب! بەوەش کۆڵەکەی هەر مەزنی تەوحید کە حوکم کردنە بە شەریعەت هەڵدەوەشێتەوە و وەلا دەخرێت، هەرکێیش لەو پرۆسەدا بەشدار بێت لە لابردن و ڕەفزکردنی حوکمی قورئان بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت بەشدارە و هەر پاساوێك بهێنیتەوە خۆی دەخەڵەتێنێت و هیچی تر !

٣- دەیان ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا (بێگومان سوننەتیش بەهەمان شێوە) جەخت لەسەر بەستنەوەی ئیمانی موسوڵمان بە حوکم کردن بە قورئان و سوننەت دەبەستنەوە، بەڵام لەوێ بەلای زۆرەوە ئایەت و فەرموودە ئەگەر پێی ڕەوا ببینرێت بخرێتە دەنگدانەوە هاوتا لەگەڵ قسە و حوکمی مرۆڤەکانی تردا بە شێوەیەکی یەکسان و بێ جیاوازی، زۆریش دەگمەنە هیچ بابەتێکی شەرعی قورئان و سوننەت دەنگی پێویست بهێنێت، خۆ دەنگیش بهێنێت سەد ڕێگەی تر هەیە بۆ پوچەڵکردنەوەی دەرەنجامەکە و بۆ کارنەکردن بەو دەنگ بەدەست هێنانە و دواجار پشتگوێ دەخرێت. الله فەرموویەتی:

- (إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ)[1].

- (أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ)[2]

- ( وَلا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا)[3]

- (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ) (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ)[4]

-(فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا)[5]

-(أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ)[6]

٤- ئەو کەسەی دەچێتە پەرلەمان دەبێت پێش هەموو شتێك سوێند بخوات و دەست بخاتە سەر قورئان کە پێچەوانەی قورئان و شەریعەتی ئیسلام کار بکات و ڕێز لە دیموکراسی و هەموو ئەو یاسا و ڕێسا پێچەوانانە لەگەڵ ئیسلامدا بگرێت و بەرگرییان لێ بکات و گەل بکاتە سەرچاوەی حوکم و واتایەکی مقدس و پیرۆز کە دەبێت گوێڕایەڵی بکات لە هەموو بڕیار و حەزو ئاڕاستەیەکیدا.

[1] - یوسف ٤٠

[2] - المائدة:٥٠.

[3] - الكهف:٢٦.

[4] - المائدة:٤٤-٤٧.

[5] - النساء:٦٥.

[6] - الشورى:٢١.

٥- لە پەرلەمان کار بە ڕاو بۆچوون و پەسەند کردنی زۆرینە دەکرێت، ئیتر با ئەو زۆرینەی سەد لەسەد پێچەوانەی شەریعەتیش بێت، ئەوە هیچ بایەخێکی نییە، قسەی الله و پیغەمبەرەکەی ﷺ هەر زۆر بەئاسانی ڕەتدەکرێتەوە و پیچەوانەکەی پەیڕەو دەکرێت. زۆرینەش لە قورئاندا زەمکراوە و لە دەیان ئایەتدا دەردەکەویت زۆرینە خەڵکی گومرا و نەزان و شوێنکەوتووی هەواو ئارەزووی خۆیانن.

٦- هەرکێ بڵێت من بۆ بەرژەوەندی ئیسلام و موسوڵمانان دەڕۆمە پەرلەمان ئەوە قسەو بانگەشەیەکە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە چونکە ئەو قسەیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بنەماکانی تەوحید و ئیماندا تێکدەگیرێت و وەکو ئەوەیە بڵێت من لەڕێگەی شیرکەوە بانگەواز بۆ تەوحید دەکەم، لە کاتێکدا دەبوو بە ئەوپەڕی دڵنیایی بیوتبا من لەو شیرکە بەریم: (وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ)[١]

٧- قورەیش عوتبەی کوڕی ڕەبیعەیان بە نوێنەرایەتی خۆیان ناردە لای پێغەمبەر ﷺ و ئەویش پێی وت: ئەگەر لەم بانگەوازەتدا مەبەستت وەرگرتنی دەسەڵات و سەرۆکایەتییە، دەتکەین بەسەرۆکی خۆمان بە زمانی ئەم سەردەمەی خۆمان دەتکەین بەسەرۆك وەزیران یان سەرۆکی حکومەت، هەروەها پێی وت ئەگەر حەزت بەسەرگەورەیی و دەم سپێتییە دەتکەین بەدەم

[١] - یوسف:١٠٨.

سپی و سەرگەورەی خۆمان بە دەربڕینی ئەم سەردەمەی خۆمان دەتکەین بە سەرۆکی پەرلەمان. ئەگەریش بە دوای پاشایەتیدا دەگەڕێیت دەتکەین بەپاشای خۆمان واتە دەتکەین بە سەرۆك کۆماری خۆمان، بەڵام پێغەمبەر ﷺ هەموو ئەو بژاردانەی ڕەت کردەوەو لە وەڵامدا سەرەتای سورەتی (فصلت) ی بۆ خوێندنەوە، (حمٓ (١) تَنزِيل مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ (٢) كِتَٰب فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ قُرۡءَانًا عَرَبِيّا لِّقَوۡم يَعۡلَمُونَ (٣) بَشِيرا وَنَذِيرا فَأَعۡرَضَ أَكۡثَرُهُمۡ فَهُمۡ لَا يَسۡمَعُونَ (٤) وَقَالُواْ قُلُوبُنَا فِيٓ أَكِنَّة مِّمَّا تَدۡعُونَآ إِلَيۡهِ وَفِيٓ ءَاذَانِنَا وَقۡر وَمِنۢ بَيۡنِنَا وَبَيۡنِكَ حِجَاب فَٱعۡمَلۡ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ (٥) قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَر مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰه وَٰحِد فَٱسۡتَقِيمُوٓاْ إِلَيۡهِ وَٱسۡتَغۡفِرُوهُۗ وَوَيۡل لِّلۡمُشۡرِكِينَ (٦) واتە من بەردەوام دەبم لە ڕاگەیاندنی تەوحید و ڕەتکردنەوەی حوکمی هەموو تاغوتەکان و خۆی لە هەموو سیستمە شیرکییەکان بەری کرد، ڕێك بە پیچەاونەی ئەوانەی ئەم سەردەمە کە ئەگەر شتێکی لەو جۆرە و زۆر کەمتریش لەو پێشنیارانە یەکسەر پێی ڕازی دەبن و بنەماکانی دینەکەشیانی بۆ دەشێوێنن و هەرزانفرۆشی دەکەن.

٨- کۆچکردنی موسوڵمانان بۆ حەبەشە هیچ هۆکارێکی نەبوو جگە لە هەڵاتنی ئەوان بەدینەکەیان و پاراستنی تەوحید و ئیمانەکەیان نەبێت، خۆ ئەگەر کەمترین بوار بۆ تنازل و دابەزین لە عەقیدەدا هەبوایە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵە بەڕێزەکانی خۆی دووچاری ئەو ناڕەحەتییە نەدەکرد و لەگەڵ قورەیشدا

جۆرێك لە سازش و نەرمی نیشان دەدا، یان بە مەنتیقی ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمە بەشداری لە دار الندوة دەکرد و چەند نوێنەرێکی بۆ ئەو شوێنە دەنارد بۆ ئەوەی کوفر و شیرکی قورەیش ڕەتبکەنەوەو دەست لە دژی بەرز بکەنەوە، بەڵام ئەوان جیاواز لە ئێمە کە سورەتی النساء و الأنعام و الأحزاب و الممتحنة و الكافرون و الإخلاص و هەموو قورئانی پیرۆزیان دەخوێندەوە هەرچی واتا و ماف و حوکمەکانی هەیە لە خۆیاندا بەرجەستەیان دەکرد و خوێندنەوەیەکی بێ گیانی ساردوسڕ نەبوو.

لە ئیسلامدا بانگەواز و خزمەتکردنی ئیسلام تەنها بەڕێگەی شەرعی و دوور لە شیرك و بیدعە ئەنجام دەدرێت، پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکی صحیح دا فەرموویەتی: **(إن الله طيب لا يقبل إلا طيبا)**[1]

٩- بەشداریکردن لەو شوێنانەدا بەناو ئیسلامەوە سەرلێ تێکدانی موسوڵمانانە و شێواندنە بۆ چەمکەکانی عەقیدە و شەرعیەتدانە بە جێگایەك کە حوکمی الله تێیدا هیچ ڕێزێکی لێ ناگیرێت و نە کاریشی پی ناکرێت.

[1] - صحيح مسلم(١٠١٥).

١٠- الله تعالی فەرموویەتی: (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالاً مُّبِيناً)[١] واتە ئەگەر الله عزوجل حوکم و بڕیارێکی دا ئیتر هیچ ئیماندارێکی پیاو یان ژن هەڵبژاردنێکی جگە لە گوێڕایەڵی ڕەها لەبەردەمدا نامێنیت...بەڵام ئەوەی الله عزوجل لە قورئاندا فەرموویەتی و پێغەمبەرەکەی ﷺ لە سوننەتدا فەرموویەتی لەو شوێنانەدا هیچ بایەخ و ڕێزێك نییە و دەدرێت بە دیواردا و دەخرێتە دەنگدانەوە.

١١- الله عزوجل فەرموویەتی: (وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِناً عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ عَمَّا جَاءكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجاً وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُم فَاسْتَبِقُوا الخَيْرَاتِ إِلَى الله مَرْجِعُكُمْ جَمِيعاً فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ * وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَن بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللّهُ إِلَيْكَ فَإِن تَوَلَّوْا فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ وَإِنَّ كَثِيراً مِّنَ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ * أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ حُكْماً لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ)[٢]. واتە. خەڵکی یان ئەوەیە ملکەچی حوکم و فەرمانەکانی الله بن یان شوێنکەوتووی هەواو ئارەزووی جاهیلی خۆیان بن، بێگومان موسوڵمانیش

---

[١] - الأحزاب: ٣٦.

[٢] - المائدة: ٥٠

بەهیچ شێوەیەك شوێنكەوتەی غەیری حوكمی شەرع نابێت و بەبەهانەی لاوازتر لە ماڵی جاڵجاڵۆكە خۆی فریو نادات.

١٢- الله عزوجل توندترین حوكم و سزای ئاڕاستەی ئەوانە كردووە كە حوكم بەشەرعەكەی ناكەن و شوێنی هەواو ئارەزوو بەرنامەی مرۆڤەكان دەكەون و فەرموویەتی: ( أَلَمْ تَرَإِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيداً * وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنزَلَ اللّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُوداً)[١] تحاكم كردن بۆ غەیری شەریعەت لەلای الله كارێكە زۆر ڕقی لێیەتی و ئەنجامدەرانی لە ڕەحمەتی خۆی دەردەكات.

١٣- الله عزوجل ڕەتكردنەوەی طاغوت ی لەسەر ئیمان هێنان بە خۆی پێشخستووە، چونكە ئیمان دانامەزرێت ئەگەر خاوەنەكەی حوكمی غەیری الله بە تەواوی ڕەتنەكاتەوە و بەڕەهایی خۆی ڕادەستی شەریعەت و دینەكەی نەكات و فەرموویەتی: (فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)[٢]..

---

[١] - النساء: ٦١.

[٢] - البقرة: ٢٥٦

١٤- عەلمانیەت و دیموکراسی و ناو و ناونیشانەکانی تر هەمووی جەوهەر و بنەمای پەرلەمان و دەنگدان و هەڵبژاردنە، هەموو ئەوانەش ڕاستەوخۆ و بە ئەوپەڕی ڕاشکاوی شەریعەت و بەرنامەی الله تعالی ڕەتدەکەنەوە و بەبەشێك لە کۆنە پەرستی و پاشماوە خراپەکانی سەدە تاریکەکان دایدەنێن.

١٥- موسوڵمان وابەستەیە و ناچارە و هیچ بژاردەیەکی لەبەردەستدا نییە جگە لە حوکم کردن بە شەریعەت و گەڕانەوە تەنها بۆ کیتاب و سوننەت، هەر جۆرە ئاوڕدانەوەیەك لە بەرنامە و یاسا دەستکردەکاندا، دەبێتە ڕەتکردنەوە بۆ حوکمی شەریعەت وەکو الله فەرموویەتی: (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالاً مُّبِيناً)[١]

لە پەرلەماندا بوارێك نییە بۆ ڕێزگرتن چجای حوکم کردن بە شەریعەتی ئیسلام، لەباشترین حاڵەتدا ئایەتەکانی قورئان دەخرێتە دەنگدانەوە و دەنگی لەسەر دەدرێت، دەنگی هینا هینای نەشهێنا وەکو قسەی هەر مرۆڤێکی ئاسایی ڕەت دەکرێتەوە و حیسابی بۆ ناکرێت، ئیتر دەبێت کەسێك خۆی بە موسوڵمان بزانێت چۆن لە وەها جێگەیەکدا خۆی ببینێتەوە وبڵێت خزمەتی ئیسلامیش دەکەم. ئایا درووستە کەسێك بە مەبەستی نوێژکردن بە میز

[١] - الأحزاب: ٣٦ .

دەستنوێژ بگرێت؟! خزمەت كردنی ئیسلام لەڕێگەی پەرلەمانەوە وەكو ئەو نموونەیە !

لەم مەسەلەیەشدا هەركێ سەرپێچی بكات گومڕا دەبێت: (وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالا مُبِينًا)[1]. بەڵكو موسوڵمان دەبێت گەلێك لەوە بترسێت و وریا بێت نەوەك بەو هۆیەوە لەڕێگەی ئیسلام دەربچێت: (فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)[2]

١٦- دەبێت موسوڵمان یەقینی هەبێت هەموو حوكمێك غەیری حوكمی شەریعەتی ئیسلام پێی دەوترێت حوكمی جاهیلییەت، واتە حوكمەكان یان حوكمی ئیسلامن یان جاهیلییەت، خەڵكیش ئازادن كامیان هەڵدەبژێرن: (أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللهِ حُكْماً لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ)[3] الله عزوجل بەو شەریعەتە موسوڵمانانی لە كەوتنە نێو داوی شیرك و كوفر پاراستووە و فەرموویەتی: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَاناً وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ)[4]

---

[1] - الأحزاب:٣٦

[2] - النور:٦٣.

[3] - المائدة: ٥٠

[4] - آل عمران: ١٠٣.

١٧- الله عزوجل لە دەیان ئایەت بە ڕوونی و بەڕاشکاوی ئەوانەی کە بۆ غەیری بەرنامەکەی دەگەڕێنەوە بە کوفر و زوڵم و فیسق وەسف کردووە و کارەکەشیانی بە کاری ئەهلی جاهیلییەت داناوە وەکو لە ئایەتەکانی سوڕەتی المائدة و ئایەتەکانی تری سەرەوەدا ئاماژەی پێکرا.

١٨- شوێنکەوتنی غەیری حوکمی الله و ڕێزگرتن لەبەرنامە و یاسا و ڕێسای پێچەوانەی حوکمی کیتاب و سوننەت ناوێکی تری نییە جگە لە شوێنکەوتنی هەواو حەز و ئارەزووی خاوەنەکەی وەکو فەرموویەتی: (وَ أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِناً عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ عَمَّا جَاءكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجاً وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُم فَاسْتَبِقُوا الخَيْرَاتِ إِلَى الله مَرْجِعُكُمْ جَمِيعاً فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ)[١]

١٩- لە بیانو و بەڵگە سەیرو سەمەرەکانی دیموکراسی خوازەکان ئەوەیە سەرگەورەمان یوسف علیه السلام دەکەنە بەڵگە بۆ بەشداریکردنیان لە پەرلەمانە شیرکییەکانی ئەم ڕۆژگارە و وەکو ئەوەی نەزانن کە پێغەمبەران علیهم السلام پێشەنگ و پێشەوای مرۆڤایەتین و هەموویان بۆ چەسپاندنی بنەماکانی تەوحید ڕەوانە کراون نەك بۆ ڕوخاندنی، الله فەرموویەتی: (وَلَقَدْ

---

[١] - المائدة: ٤٤.

بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلاَلَةُ فَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ)[1]

یوسف علیه السلام له زیندانەكەیدا هەموو هەلێكی دەقۆستەوە بۆ بانگەوازكردن بۆ تەوحید و بۆ ئەوەی حوكم تەنها و تەنها بۆ الله عزوجل ـەو دەیفەرموو: (يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ * مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِ إِلاَّ أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَ آبَآؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُوا إِلاَّ إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ)[2].

یوسف علیه السلام لەو دەسەڵاتەی میسردا ئەندامێكی لاواز و بێ سەلاحیات نەبوو تەنها دەست بەرزكردنەوەیەكی پێ بكرێت و تەواو! بەڵكو هەموو جۆرە دەسەڵاتێكی بەدەستەوە بوو و حوكمی الله و شەریعەتەكەی لە میسردا لەسەر بنەمای تەوحید نەك شیرك دەچەسپاند: (قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ)[3] (وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ)[4]

٢٠- یەكێكی تر لە بیانووە لاوازەكانیان ئەوەیە دەڵێن ئێمە لەوێ هەڵە و خراپە و مەفسەدە چاك دەكەین، لە كاتێدا لە چەندین وڵاتدا بێ شەرمی ئەو جۆرە كەسانە دەگاتە ئەو ڕادەی دەڵێن ئێمە مەبەست و ئامانجمان ئەوە نییە شەریعەت جێبەجێ بكرێت و داوای ئەوە ناكەین، بەڵكو بەردەوام باسی

---

[1] - النحل: ٣٦.
[2] - يوسف: ٤٠
[3] - يوسف:٥٤.
[4] - يوسف: ٥٦.

برایەتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئازادی بیروڕاو و سەرقاڵی داهێنان لە هونەری دابەزین و تنازل و شیواندنی دینەکەیاندان!

ئەم بیانووەش سەربارى ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی واقیعی لەسەر نییە و ئەوان جگە لە هەندێ بەرژەوەندی مادی نەبێت بۆ خۆیان و خێزان و حیزبەکانیان، کە ئەویش لەبری تێکدانی چەمکەکانی دینەکەیاندا پێیان دەدرێت، هیچ سوودێك نییە لە بەشداری کردنیان.

ئینجا چ مەفسەدە و خراپەیەك هەیە گەورەتر لە خراپەی شیرك و لابردنی حوکمی شەریعەت، چەند کەسانێکی لاواز و تا بیناقاقا خەریکی بەرژەوەندی کەسێتی خۆیان و تاقم و دەستەکانیانن دەبێت چ خێرێکیان بۆ ئیسلام هەبێت، (فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلَّا الضَّلَالُ)[1]

٢١- لە درێژایی ئەزموونی هەموو ئەوانەی کە بەشداری پەرلەمانیان کردووە، هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان لەو ڕێگەوە نەگەیشتوون بە دەرەنجامێکی باش یان حوکمیان وەرگرتبێت و شەریعەتی ئیسلامیان جێبەجێ کردبێت، بەڵکو هەموو ئەوانەی کە سەردەکەون بۆ ئەو شوێنە کەسانی دینفرۆش و سەرلێشێواو و خاوەن فەزیحەی جۆراوجۆرن.

[1] - یونس:٣٢.

ئەمڕۆ لەسەر زەویدا حیزبێکی ئیسلامی نییە گەورەتر و کاریگەرتر لە ئیخوان، حەفتا ساڵ هەوڵیاندا بگەن بەدەسەڵات و گوایە شەریعەت جێبەجێ بکەن، کاتێکیش لەو ساڵەی کە پێی گەیشتن نەیانتوانی تەنانەت مۆڵەتی ئافرەتە لەشفرۆشەکانیش نوێ نەکەنەوە، نەیانتوانی تەنانەت عارەق لە لیستی خواردنەوە داواکراوەکانی هێڵە ئاسمانیەکان لابدەن، لابردنیشیان و قەتڵ و عام کردنیان بە لاوازترین بەهانە بۆ نەیارەکانیان لە ئاوخواردن ئاسانتر بوو، نەك نەیانتوانی هیچ بەرگرییەك لە خۆیان بکەن، بەڵکو بەشانازییەوە خۆیان خستەبەر دەستی چەقۆکێشەکانی سیسی و ئەوەی کوژرا کوژرا و ئەوەشی نەکوژرا زیندانەکانیان لێ پڕ کردن، ئەو زەلیلیەشیان دایەپاڵ ئیسلام گوایە ئیسلام داوای لێیان کردووە ئاوها بێ هەڵوێست بن و تەنانەت نەیانتوانی بەرگری لە کچ و ژنەکانیشیان بکەن و بەناحەق کارەساتێکیان بەسەردا هێنان لە مێژوودا ستەمی وا لە کەس نەکراوە، ئەوەش لە درێژایی مێژووی ئیسلامییەکاندا بە گەورەترین بەروبوومی هەڵبژاردن دیتە ئەژمار کە ئەوە دەرەنجامەکەی بوو. جەزائیر و تونس و شوێنەکانی تریش حاڵیان لە میسر باشتر نەبوو.

یان ئەوانەی دەیانەوێت لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بە حوکم بگەن، دەبێت وەکو تورکیا بن و دونیایەك گۆڕانکاری لە دینەکەیاندا بکەن تاکو لەلای ڕۆئاوا و ڕۆژهەڵات پەسەند بێت ، ئەوەشی کە دەبینرێت لە پێناو ڕازیکردنی خەڵکی لە خۆیان کارێکیان بەسەر ئەو ئیسلامەدا هێناوە هەر نازانی ئەوە دینی ئیسلامە کە ئەوان مومارەسەی دەکەن و بەو حاڵەشەوە هێشتا ڕۆژئاوا لێییان ڕازی نین و بەتوندڕەویان دەزانن.

٢٢- لە ڕاستیدا عەلمانیەت و دیموکراسی ئایینێکی نوێی هاوچەرخە و بۆ خەڵکانێکی زۆر بەدیلی ئیسلامیشە، گەل تێیدا ڕۆڵی پەروەردگار دەبینێت و دەسەڵاتەکانی وەردەگرێت، (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ)[١] لە سیستمی دیموکراسیدا بەندەکان خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن و دەسەڵاتی ڕەهای الله ڕەت دەکەنەوە، لە جیاتی قورئانیش دەستوور هەیە و ئەگەر پەرستگایەکیشی هەبێت ئەوە پەرلەمانە، ئەوەش واقعێکە ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهاندا چەسپاوەو کاری پی دەکرێت و کەسیش ناتوانێت ئەو واقیعە ڕەفز بکات هەر بۆیە دواجار ئیسلامییەکان لەسەر ئەو پەندەی دەڵێت ئەو دەستەی ناتوانیت بیبڕیت ماچی بکە ئەوانیش بوونە بەشێك لەو سیستمە و بەشداری کردنیان کرد بە بەشێك لە دین و دینداری !

[١] - الشورى:٢١.

٢٣- الله لە قورئاندا فەرموویەتی: (إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ)[١]. بەڵام لە پەرلەمانەکانی سەر زەویدا ئەمڕۆ لە جیاتی ئەوە بە زمانی حاڵ دەوترێت (إن الحكم إلا للشعب)، واتە حوکم تەنها بۆ شەعب و گەلە. هیچ کەسێکیش کە دەچێتە ئەو جێگا بۆی نییە ڕەخنە لەو بنەمایە بگرێت، بەڵکو دەبێت سوێند لەسەر پاراستن و ڕێز لێگرتن و کارکردن بەو بنەمایە بخوا بەدەر لەوەی لە گەڵ بیروباوەری ئیسلامدا بەجارێك تێکدەگیرێت.

٢٤- هەرچی زانایەکیش فەتوای بۆ بەشداری کردن لە دەنگدان و پەرلەماندا دابێت هەڵەیە و نەیپێکاوە و خراپ لە واقیعی ئەو مەسەلە تێگەیەندراوە، بۆ نموونە شێخ ابن باز، هەموو بەڵگەکان لەسەر ئەوەن ئەو ئەسڵەن لە حەقیقەت و شێوەی پەرلەمان و دەنگدان هەر تێنەگەیشتووە بۆیە فەتواکەی وەکو ئەوەیە باسی شتێکی تر بکات، ئەو هەر ئاگادار نەکراوەتەوە کە ئەو جۆرە سویندخواردنەی تێدایە ولە دەستور و سوێندخواردن لەسەر جێبەجێکردنی و ئەوشتانە وادیارە بێ ئاگابووە، وەکو شێخ علی الخضیر ئاماژەی پێ دەکات، نە زانیشێتی کە هەڵبژاردن بەشێکە لە دیموکراسی، چونکە ئەو لە شتی زۆر لەوانە بچووکتر توند بووە و فەتوای زۆر حەدی و توندی هەبووە، ئەو پەرلەمانەی کە ابن باز و ابن عثیمین فەتوای بەشداری کردنیان تێدا دەرکردووە، هیچ کات نەیازانیوە ئەو سوێندەی تێدا دەخورێت

[١] - یوسف:٤٠

کە ڕێز لە دەستور بگیرێت و پارێزگاری لە یاسا و ڕێساگەلێك بکرێت کە پڕە لە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام و عەقیدەکەی، ئەوان ئەسڵەن درووست کردنی حیزبی ئیسلامییان پێ حەڕامە و فەتوایان دەربارەی عەلمانیەت و دیموکراسی و حوکم نەکردن بە قورئان و...هتد هەر زۆر توندە چۆن ئەچن پەرلەمان بەو هەموو لادان و کارەساتانەوە بشەرعێنن؟! فەتواکانی تریان شایەتە لەسەر ئەوەی ناوەڕۆکی دەستور بەلایانەوە خراپترین وەسفەکانی شیرکی بەسەردا جێبەجی دەبێت ئیتر چۆن ڕێگە ئەدەن بەشداری شیرك بکرێت، بە کورتی پێکهاتەی پەرلەمان لە دیموکراسی و لە دەستور و دەسەڵاتی ئافرەت و دەرکردنی بڕیاری پێچەوانەی شەرع و دەیان مەسەلەی تر بە فەتوای ئەو دوو زانایە هەموو شیرك و لادانە لە ئیسلام.

ئینجا ئەوان مرۆڤ بوونە و هەڵەیان بەسەردا تێدەپەڕێت و فشاریان لەسەر بووە و زۆر مەسەلەی تری ئاشکرا و نهێنی هەیە لەوانەیە کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و فەتوانیان هەبێت، چۆن ئەگەر لەمەسەلەیەکی وا گەورەدا هەڵە بکەن دەگونجێت ئێمەش شوینکەوتووی هەڵەکانیان بین، خۆ ئەگەر ئەو دوو زانا دوو لە هاوەڵانیش بوایەن و حاشا لە هاوەڵان فەتوای وا بدەن یان دوو لە تابیعی و کەڵە پیاوەکانی ئیسلامیش بوایەن دەبوو هەر زۆر بە ئاسانی قسەکەیان ڕەت بکەینەوە و بڵێن ئەوانە بەشەرن و نەیانپێکاوە!

نەك بچین لە ئاوی لێڵدا ڕاوە ماسی بکەین و بڵێین ئەوە زانای گەروەیە دەڵێت دەنگدان و پەرلەمان درووستە!

ئینجا زۆربەی ئەوانەی کە فەتوای ئەو دوو زانایە بۆ بەشداری کردن لە دەنگداندا دەهێننەوە، خۆیان گاڵتەیان بەو دوو زانایە دێت و بە زانای حەیز و نیفاس و بێ ئاگا لە واقیع ناویان دەبەن، بەڵام ئەم فتوایەیان چونکە بۆ گومڕایی خۆیان سوودی لێ دەبینن و دەیقۆزنەوە و کاری پی دەکەن و بەرگری لێ دەکەن! بچن بەرپەرچدانەوەکانی شێخ مقبل بن هادي الوادعي بۆ ابن باز و ئەوانەی تر بخوینننەوە بۆ ئەوەی لە حەقیقەتی مەسەلەکە تێبگەن..ئینجا بۆیە ناوی ئەو دوو زانایەم هێنا چونکە لە هەموو ئەوانی تر مەشهورتر و زاناترن.

قسەی زانا هیچ کات بۆ خۆی نابێتە بەڵگە، بەڵکو دەبێت بەڵگەی بۆ بهێنینەوە بۆ ئەوەی وەریگرین ئەگەر بەڵگەی لەسەر نەبوو دەدرێتەوە بەسەر خاوەنەکەیدا کائنا من کان بێت.

٢٥- لە ڕاستیدا ڕازی بوون بە دیموکراسی وعەلمانیەت و بە حوکمی مرۆڤەکان و دانانی لە جێگەی بەرنامە و حوکمی شەریعەت و وبە ئاسایی تەماشاکردنی بەرنامە و یاسا و ڕێسا نەیارەکان لەگەڵ ئیسلامدا و شەرعاندنیان و زۆر کار و کارەسات کە لەگەڵ عەقیدە و بیروباوەڕدا و سوێند خواردن لە سەر جێبەجێکردنی بابەتی دژوار لەگەڵ تەوحید و شەریعەتدا کەمێکە لەو دەرهاوێشتانەی کە لەگەڵ دینی ئیسلامدا ناگونجێت و تێکدەگیرێت وهەر هەمووی لە پرۆسەی دەنگداندا جێبەجێ دەبێت و دەنگدەر لە هەموو ئەو سەرپێچییانەی بیروباوەڕدا بەشدارێکی سەرەکی و کارایە.

بۆیە پێویستە موسوڵمان بەمەبەستی پاراستنی دین و ئیمانی لە سەرلەبەری ئەو پرۆسەیە بەری بێت و توخنی نەکەوێت و لە ماڵی خۆیدا دابنیشێت، ئەوانەش کە خۆڵی لەچاو دەکەن بەوەی پێی دەڵێن ئەوە شایەتییە و پێویستە موسوڵمان لە شایەتیدان دوا نەکەوێت و ئەم ئایەتەی بۆ دەهێننەوە: ﴿وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ وَمَنْ يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ﴾[١] لە ڕاستیدا ئەوە پێی دەوترێت تدلیس و تەڵەیەکی شەیتانە با وریای خۆیان بن و تێی نەکەون، چونکە ئەگەر بکەونە ئەو داوەوە ئەم فەرموودەیان لەسەر جێبەجێ دەبێت: (خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم ثم يجيء أقوام تسبق شهادة

---

[١] - البقرة:٢٨٣

**أحدهم يمينه ويمينه شهادته)**[1] واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی چاکترینی خەڵکی ئەوانەن کە لەسەردەمی منن و ئەوانەی بەدوای ئەواندا دێن و ئەوانەش کە بەدوای ئەواندا دێن، بەلام لە دوای ئەوانەوە کەسانێك پەیدا دەبن شایەتیدانیان دەکەوێتە پێش سوێند خواردنیان و سوێند خواردنیان دەکەوێتە پێش شایەتیدانیان! بەڵکو لەبەر ئەوەی پەرلەمان جێگای شیرك دانانە بۆ پەروەردگار و سەرچاوەی حوکم نەکردن و ڕەتکردنەوەی شەریعەتی ئیسلامە شایەتییەکە دەبێتە شایەتی زور و درۆ، الله لە قورئاندا فەرموویەتی: **(وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ)**[2]. زور واتە جوان کردنەوەی شتێکی ناشیرین، چی بێت لە شیرك و حوکم نەکردن بە شەریعەت ناشیرینتر بێت، چونکە لە ڕاستیدا دەنگدان بەشداری کردنە لە لابردن و هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیسلام و جگە لەمەش هەرکێ قسەیەکی تر بکات خۆی چاك دەزانێت کە ڕاست ناکات و خۆڵ لەچاوی خەڵکی دەکات.

---

[1] - أخرجه البخاري ومسلم.

[2] - الفرقان:٧٢

٢٦- الله چۆن خالیق و بەدیهێنەر و پەروەردگارە، بەو شێوەیش حاکم و شەریعەت دانەرە، هیچ خالیق و بەدیهێنەرێك نییە جگە لە ئەو، هیچ موشەڕریع و یاسادانەرێکی حەقیش نییە جگە لە ئەو: (أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ)[١] چۆن داوامان لێکراوە لە عیبادەتدا شەریك بۆ الله بڕیار نەدەین: ( وَلا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا )[٢] بە هەمان شێوە داوامان لێکراوە لە حوکم کردن و تەشریعیدا شەریکی بۆ بڕیار نەدەین: (وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا)[٣]. محمد الأمين الشنقيطي رحمه الله دەڵێت: (فالإشراك بالله في حكمه، كالإشراك به في عبادته)[٤]. واتە شەریکدانان بۆ الله لە حوکم کردنیدا وەکو شەریکدانانە بۆی لە پەرستنیدا.

---

١ - الأعراف:٥٤.

٢ - الكهف:١١٠.

٣ - الكهف:٢٦

٤ - أضواء البيان ٤/ ٤١٩.

٢٧- ئەو کەسەی یاسا و شەریعەت دادەنێت خۆی بردووەتە ئاستی پەروەردگار و بە کاری ئەو هەڵدەستێت، ئەو کەسەش کە دەنگی بۆ دەدات و پێی ڕازییە بەشدارە لەو شیرکەدا. ڕاستە ئەو کارە شایەتیە بەڵام شایەتییەکی زورە و شایەتیدانە لەسەر شیرك و ڕازیبوونە پێی و لە ڕۆژی قیامەتدا عاقیبەتەکەی دەبیننەوە: (سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ وَيُسْأَلُونَ)[1] شایەتییەکەیان دەنووسرێت و لەسەریشی پرسیاریان لێ دەکرێت.

٢٨- عەدی بن حاتم رضي الله عنه پێش موسوڵمان بوونی چووە لای پێغەمبەر ﷺ وخاچێکی لە ملدا بوو، پێغەمبەر ﷺ کە ئەوی بینی بەو شێوە وتی ئەو بتە فڕێبدە و ئەم ئایەتەی بۆ خوێندنەوە: (اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّه)[2]. عدي وتی بەڵام ئێمە ئەوانمان نەدەپەرست، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: ئایا ئەوان حەڵاڵیان حەرام نەدەکرد و حەرامیان حەڵاڵ دەکرد و ئێوەش گوێڕایەڵیان بوون؟ وتی بەڵێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئەوەیە عیبادەت کردنیان، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر موشەڕڕیعەکانی ئەم سەردەمە جێبەجێ دەبێت.

[1] - الزخرف:١٩.
[2] - التوبة:٣١

٢٩- هەرچی حوکمێك کە الله تعالی لە قورئاندا داوێتی، یان پێغەمبەرەکەی ﷺ لە سوننەتدا داوێتی، ئەوە حوکمێکی بڕاوەو کۆتاییە و موافەقەو ڕازیبوونی مرۆڤەکانی ناوێت، ئایەت و فەرموودە بخرێتە دەنگدانەوە ئەوە شیرکە با موافەقەشی لەسەر بکرێت، بەڵکو ئەگەر بڕیاری بەندەکان و مرۆڤە نوقسان و داماوەکان دەنگی لە بڕیاری الله و پێغەمبەرەکەی زیاتر هێنا قسەی مرۆڤەکان حوکمی پی دەکرێت و ئایەت و فەرموودە وەلا دەخرێن و دەڵێن دەنگی نەهێنا و تەواو! دەشبێتە یاسایەکی بەرکار با سەد جار لەگەڵ شەریعەتدا ناکۆك و ناجۆر بێت.

٣٠- لە زۆربەی یاساکان و لە یاسای عێراقیشدا بنەمایەك هەیە پێویستە هەموو نوێنەرێکی گەل ڕێزی لی بگرێت و کاری پێ بکات و پێشێلی نەکات ئەوەیە کە: **(لا يجوز سن أي قانون يتعارض مع الديمقراطية)** واتە: قەدغەیە هیچ یاسایەکی ناکۆك لەگەڵ دیموکراسیدا دابنرێت، بەمەش ئەندامەکە کە بە خۆی دەڵێت ئیسلامی وابەستە و مولزەم دەبێت پێچەاونەی بەشێکی زۆر لە دینەکەی کار بکات و توانای باس کردنی چجای بەرپاکردنی زۆرێکیشی لە دینەکەی لە بنچینەوە نابێت.

٣١- بەشداری کردنی کەسێك کە خۆی بە موسوڵمان بزانێت لەو شوێنانە ڕازیبوونە بە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانی ئەو شوێنە و لە ڕاستیدا ناشتوانێت پێ بخاتە ناو تەلاری پەرلەمانەوە تاکو ئیمزا لەسەر زۆر شت نەکات کە لەگەڵ جەوهەری دین و ئیمان و عەقیدەکەیدا تێکدەگیرێت، ئیتر خۆی بەچی دەخەڵەتێنیت و خەڵکی داماو بەچی دەخەڵەتینێت ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە.

٣٢- ئینجا جیاوازی نێوان دیموکراسی و شورا وەکو جیاوازی نێوان خۆڵ و زێڕە یان جیاوازی نێوان ئاسمان و ڕێسمان! دیموکراسی لە بنچینەدا بنەمایەکی فەلسەفی دژ بە تەوحیدی هەیە، ئەوەی بایەخ و قورسایی بێت بۆ شەریعەتی ئیسلام داینانێت و سەرچاوەی حوکم و فەرمان تێیدا بۆ گەلە، ئەسڵەن لە دیموکراسیدا شتێك نییە بەناوی داننان بە وەحی و بەرنامەی ئاسمانی لە لای الله دابەزیبێت، بەڵکو موشەڕریع لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و چی بەباش بزانن بۆ بەڕێوەبردن ژیانی خەڵکی بەدەر لە کیتاب و سوننەت و عەقیدە و شەریعەتی ئیسلام ئەوە تەشریع دەکەن، ئەوەش هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ پەرستنی بت و پەرستراوەکانی تر و گوێڕایەڵی کردنیان. ئەوەش لە کاتێکدایە کە شورا لە ئیسلامدا بۆ چەسپاندنی حوکمی قورئان و سوننەتە و هیچ بوارێکیان نییە تەشریعێکی ناکۆك لەگەڵ شەریعەتدا دابنێن. بەکورتی:

* ئەسڵ و سەرچاوەی دیموکراسی حوکمی گەلە و سەرچاوەی شورا قورئان و سوننەتە.

* ئەندامانی پەرلەمان و بازنە دیموکراسییەکان باوەڕیان بەشەریعەتی ئیسلام نییە یان هەشیانبێت ناتوانن حیسابی بۆ بکەن و لە کاتی تەشریعداناندا ڕێزی لێ بگرن چونکە ئەوە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیدا تیکدەگیرێت، بەڵام ئەندامانی شورا لە ئیسلامدا دەبێت لەکەسانی زانا و دانا و خاوەن زانستی شەرعی پێکبێن.

* دیموکراسیخوازان هیچ سنورێکی حەڵاڵ و حەرامیان نییە سڵی لێ بکەنەوە، بۆی هەیە هەر تەشریعێك بکەن کە سەدا سەد لەگەڵ شەریعەتدا ناکۆك بێت، بەڵام ئەندامانی شورا لە ئیسلامدا بۆیان نییە بەهیچ شێوەیەك سنووری حەڵاڵ و حەرام ببەزێنن و دەبێت تەواو وابەستەی قورئان و سوننەت بن.

* شورا لە ئیسلامدا تەنها لە کاتی پێویستدا بۆ مەسەلەیەك کە پەیوەندی بە باسێکی گرنگی موسوڵمانانەوە هەبێت دادەنیشن و قسەی لەسەر دەکەن، بەڵام پەرلەمان و ئەو شوێنانەی بە دیموکراسی کار دەکەن و بۆ هەموو گەروە و گچکەیەك هەر قسە دەکەن و تەشریع دادەنێن.

* شورا ئەركی ئەوەیە بیسەلمێنیت كە شەریعەتی ئیسلام تەنها بەرنامەی شیاوە بۆ بەڕیوەبردنی ژیان، بەڵام دیموكراسی زۆر جار هەوڵ بۆ پێچەوانەكەی دەدات.

* دیموكراسی واتە ئەوەی خەڵك بەباشی دەزانن ئەوە كاری پێ بكرێت و بكرێت بە یاسا. بەڵام شوری كاری ئەوەیە فەرمانەكانی الله و پێغەمبەرەكەی ﷺ بچەسپێنێت و بیكات بە پەیڕەوی ژیانی خەڵكی.

٣٣- مەسەلەی دەنگدان و پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك ناچێتە بابەتی خیلافی و بڵێیت ئەوە مەسەلەیەكی خیلافییە، چونكە ئەو كارە لە كرۆكی عەقیدە و تەوحیدی ربوبیة ی الله دادەنرێت، دەقەكانی قورئان و سوننەت كە لە دژی ئەو پرۆسە دەوەستن و هەندێكیمان خستەڕوو ئەوەندە زۆرن بوارێك ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی كەسێك وا گومان ببات ڕێگەیەك هەیە بۆ شەرعاندنی.

٣٤- لە نووسینی ترمدا هەندێ پرسیارم لەسەر ئەم پرسە كردووە. لێرەشدا بە كورتی هەندێكی دووبارە دەكەمەوە و وەڵامەكەشی بەبێ شیكردنەوە دەخەمەڕوو:

أ- ئایا ئیسلامییەکان لە هیچ وڵاتێکدا لەڕێگەی پەرلەمانەوە توانیویانە خزمەت بە دینەکەیان بکەن و هەرگیز زۆرینە بوونە، وەڵامیش ئەوەیە بەڵێ زۆرینە بوونە و نەشیانتوانیوە هیچ سودێك بەدینەکەیان بگەیەنن و جەزائیر و میسر یش بەڵگەیەکی بەرجەستەن.

ب- ئایا عەلمانیەکان بەبەشداری کردنی ئیسلامییەکان خۆشحاڵن یان بێزارن، وەڵامەکەش بەکورتی ئەوەیە ئەوان هەر زۆر بەو کارەیان خۆشحاڵن لەبەر ئەوەی جۆرێکە لەشەرعیەتدان بە پرۆسەکە و هاندانە بۆ خەڵکانێکی زۆر بەشداری بکەن و هاوکات ئەوانیش سنوورەکانی دینکەیان دەبەزێنن و ئیسلامیش لەبەر چاوی خەڵکی دەشێوێنن و ناشیرین دەکەن، لەوانەش گرنگتر ئیسلامییەکان خاوەن هیچ کاریگەرییەکی سەربازی یان سیاسی و هیچ حیسابێکیان بۆ نەکرێت لەلای عەلمانییەکان، بیانەویت بە ڕۆژێك لەناویان دەبەن، بەڵام لەبەر ئەوەی وجودیان سوودی لە زیانی گەلێك زیاترە بۆیان ئەیانهێڵنەوەو یارمەتیشیان دەدەن بۆ مانەوە.

ج- ئایا ئەو ئیسلامیيانەی کە بەشداری لە پەرلەمان دەکەن بەشداری کردنەکەیان لەسەر بنەمای زانستی و وردبوونەوەو وریابوونە لە نەبەزاندنی سنوورەکانی دین و ئیمان واتە خەڵکانی زانا و شارەزایان تێدایە؟ وەڵامیش زۆر بە کورتی نەخێرە چونکە زۆربەی ئەوانە هەر نازانن عەقیدە مەعنا و

پێناسەکەی چییە هەندێکیان لەگەڵ گەیشتنیان بە پەرلەمان هەوڵی سەفەر کردنی دەرەوە و وەرگرتنی ناسنامەی ئەوڕپاو بەدەستهێنانی شوققە و سەیارە و ژنهێنان و سولفە وەرگرتن و بگرە فەزیحەی زۆر ناشیریشیان لێ دەردەکەویت، ئەوەشیان وانەبن کە فیعلەن هەیانە بەو شیوە نین، بەڵام بەداخەوە ئەوانەیان یان گێل و نەزانن و وەکو ڕۆبۆتێکن لەوێ، یان خاوەن بەرژەوەندی و بەکارهێنراون وچییان لێ داوا بکرێت ئەوە دەکەن، ئەگینا کەسێك ئەلف و بێی عەقیدە بزانێت ناچێتە ئەو شوێنە!

د- ئایا ئەم شێوە لە کارکردن و خزمەت کردنی ئیسلام لە مێژووی ئیسلامدا هاوشێوەی هەیە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر هەیە یان سەرکێشییەکە و لە پێناو بەرژەوەندی مادی و سیاسی و ناشیرینکردنی ئیسلامدا ئەنجام ئەدرێت؟ بێگومان وەڵامەکەش بریتییە لە ئەم چەند وشەی کۆتاییە کە خستمەڕوو و کارەکەیان تەواو تەواو پێچەوانەی دینەکەیانە.

ه- ئایا کەسی ئاسایی و هاوڵاتی بێ لایەن و دوور لە سیاسەت وهەر کەسێك لەهەر حیزب و پێگەیەکدا بێت و بیەوێت دینی سەلامەت بێت لە هەڵبژاردندا چی بکات باشە، بێگومان چەند ئەگەر شێرێکی برسی ببینێت دەبێت لێی هەڵبێت دەبێت بەو شێوە لەو پرۆسەیە هەڵبێت و توخنی نەکەویت ئەگینا

دینی سەلامەت نابێت، خۆ ئەوە بۆ دونیایش بووەتە مەسەلەیەکی بەڵگە نەویست و وەکو ڕۆژی ڕوناك دیارە کە هیچ سوود و بەروبوومێکی بۆکەس نییە.

٣٥- با ئەو بەناو زانا و بانگخواز و نووسەر و مامۆستای ئایینیانەی باوەڕیان بەم پرۆسە هەیە لە الله بترسن و بزانن ئەو هاندانەی ئەوان بۆ خەڵکی بەمەبەستی بەشداریکردن لەو پرۆسەیە کارێکە پێچەوانەی عەقیدەیە و کارەکەیان هاندانی خەڵکییە بۆ ڕۆیشتن بۆ پێچەوانەی ڕەزامەندی الله و بەرپرسیارێتی هەڵە و لادانی ئەوان هەڵدەگرن بێ ئەوەی لە تاوان و لادانی ئەنجامدەرانیش کەم ببێتەوە!

فەتوای لەو شێوە وەکو ئیمزا کردنە بەناوی پەروەرگارەوە، پەروەردگاریش هیچ کات فەرمان بە شیرك و بە مونکەر و فەحشا ناکات: (قُلْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ ۖ أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ)[١]

---

١ - الأعراف:٢٨.

٣٦- تەنها بە فیترەتی پاك موسوڵمان دەزانێت ئەو شوێنە بۆ موسوڵمان شیاو نییە بڕواتە ناوی، چونکە لەوێ دەبێت لەگەڵ مولحید و نەسرانی و یەهودی و هەموو جۆرە خاوەن دین و ڕەوشتێکی جیاوازدا دابنیشێت و ڕێزیش لە بیروڕای هەموویان بگرێت، ئایا ئەمە لەگەڵ عەقیدەی قورئان و سوننەتدا دێتەوە؟

لەوێ دەبێت سوێند بخورێت لەسەر جێبەجێکردنی دەستورێك کە دەیان و سەدان یاسا و ڕێنمایی و حوکمی پێچەاونەی شەرع و عەقیدەی ئیسلامی تێدایە، ئایا سوێند خواردنی لەو شێوە لە کوێی دین و ئیماندا جێگای دەبێتەوە؟ تۆ لەسەر بنەمای ویست و مەشیئەتی گەل دەچیتە ئەوێ و لەوێیش دەبێت هەمیشە لە جیاتی حوکم و شەریعەتی الله وابەستە بیت بە حوکم و شەریعەتی گەلەوە ئەگەر هەرچی بڕیارێك بدات، ئایا دەکرێت بچیتە ناو ئەو زەلکاوەو دوایی بەدەست بەرزنەکردنەوەیەك لەو هەموو قوڕو لیتەی شیرکە لە قیامەتدا بۆی دەربچیت وڕزگارت ببێت...(مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ)[1]

---

[1] - القلم:٣٦.

٣٧- کاتێك کە یاسا یان بەشێك لە یاسا لەگەڵ شەریعەتدا دژوار بێت چۆن دەبێت موسوڵمان ئامانجی سەرەوەری یاسا بێت و کار بۆ ئەو ئامانجە بکات؟ کاتێك گەل یان بەشێك لەگەل لە بنچینەوە بە ئیسلام و شەریعەتەکەی ڕازی نەبێت چۆن ئەبێت موسوڵمان کار بۆ سەروەری گەل و بەدیهێنانی ئامانجەکانی بکات؟ کاتێك ئازادییەکان فراوان دەبن تاکو دەگاتە شەرعیەتدان بە هاوڕەگەزبازی و گۆڕینی سزاکان و لابردنی زۆر لە حوکمەکانی ئیسلام و زۆرێك لە ئەوەی کە الله پێی ڕازی نابێت، چۆن دەبێت موسوڵمان باس لە ئازادی بیروڕا و بەرگریکردن بکات لە بۆچوونی جیاواز؟

٣٨- لێردا پرسیارێك باو دێتە ئارا، باشە ئەگەر دەنگ نەدەم چی بکەم و بەدیل چییە؟

پرسیارێکی سادەو ساکارە و پرسیاری موسوڵمانێك نییە لە عەقیدە و لە دینەکەی باش تێگەیشتبێت، بەڵکو پرسیاری کەسێکە کە دوای حەشامات کەوتبێت و خۆیشی نەزانێت بەرە و کوی دەچێت! چونکە ئەو پرسیارکەرە مەبەستی ئەوەیە بڵێت هەر ئەبێت لە شتێدا بەشدار بێت و مەسەلەی دابڕان و دوورکەوتنەوەی لە بیری خۆی دوور خستووەتەوە، لە کاتێدا ئەرکی ئەوەیە لە نێوان دوو لادان و دوو گومراییدا هەردوکیان ڕەتبکاتەوە، لە نێوان دوور جۆر شیرك و بیدعەی گەورە و گەورەتردا دەبێت هەردووکیان ڕەتبکاتەوە نەك بە ئەهوەنەکەیان ڕازی بێت.

بەدیل ئەوەیە لە هەمووی بەری بیت و خەریکی دینداری خۆت بیت و سەرکێشی بەدینەکەتەوە نەکەیت و لە هەموو کۆمەڵ و حیزب و گروپێك دوور بکەویتەوە، دەنگدان و پرۆسەی هەڵبژاردن ژیلەمۆیەکە بۆ دونیا و دۆزەخێکە بۆ قیامەت یەعنی چی بەدیل چییە بۆ دەنگدان؟ بەدیل حاشا کردن و دوورکەوتنەوەیە و توخن نەکەوتنی هیچ پرۆسەیەکی تریشە کە لەگەڵ دینەکەتدا نەگونجێت و نامۆ بێت، هەر هەمووی بایکۆت بکە و ئەگەر قەپت بەرەگی درەختێکدا کردووە بۆ ئەوەی تووشی فیتنە نەکرێیت لە دینەکەتدا وا بکە، نەك بڕیارت دابێت هەر دەبێت لە جۆرێك لە جۆرەکانی فیتنەی ئەم سەردەمە بەشدار بیت. شوێنکەوتووی باوکی پێغەمبەران بە علیه السلام و شوێنپێی ئەو هەڵگرە و بڵێ: (وَأَعۡتَزِلُكُمۡ وَمَا تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَأَدۡعُواْ رَبِّي عَسَىٰٓ أَلَّآ أَكُونَ بِدُعَآءِ رَبِّي شَقِيّٗا)[1] باشترین بەدیلیش ئەوەیە کە إبراهیم علیه السلام ئەنجامیدا و الله عزوجل داوامان لێ ئەکات ئەو بکەین بە پێشەنگ و پێشەواو ڕابەری خۆمان و حاشا لە هەموو شتێك بکەین کە لەگەڵ الله و شەرعەکەیدا شیرکی پێ دەکرێت: (قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ)[2]

---

١ - مريم:٤٨.

٢ - الممتحنة:٤.

٣٩- ئەمڕۆ کە شەریعەتی ئیسلام تعطیل کراوە و کاری پێناکرێت معنای ئەوە نییە موسوڵمان خۆی بخاتە نێو زەلکاوی جاهیلییەت و بە درووشمی بریقەدار بخەڵەتێت و عەقیدەو بیروباوەڕی خۆی لەکەدار بکات، تۆ وەکو موسوڵمان داوات لێ کراوە لە هەر ناکۆکی و نیزاع و دووبەرەکییەکدا بۆ چارەسەرەکەی بگەڕێیتەوە بۆ قورئان و سوننەت، نەك بۆ هیچ سەرچاوەیەکی تر: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا)[1] موسوڵمان لە هیچ کاروبارێکی دونیا و دوارۆژیدا ڕێگەی پێنەدراوە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەك پێچەوانەی کیتاب و بِاللَّهِ سوننەت بێت: (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا)[2]

٤٠- ئەی موسوڵمانی بەڕێز من لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار و لەبەر قەبر و قیامەتی خۆم ئامۆژگاریت دەکەم و یەقینت هەبێت ئەم قسانەی من هەمووی دەبێت بەبەڵگە بەسەرتەوەو پێچەوانەکەی بکەیت تووشی لێپرسینەوەی لای اللە دەبیت: یەقینت هەبێت و بۆ ساتێکیش گومانت نەبێت: دەنگدان کارێکی ناشەرعییە و لەگەڵ عەقیدەو بنەما جێگیرەکانی بیروباوەڕدا تێکدەگیرێت، بەشداریکردنت لەو پرۆسەیەدا لەکەدارکردنە بۆ دینەکەت، بۆ دونیاشت

---

[1] - النساء:٦٠.

[2] - النساء:٥٩.

نەك هیچ سوودی نییە بەڵکو زیانێکی گەورەیە بۆ ئەویش، لێی بەری بە و لێی دووربکەرەوە و خۆت بە هیچ بیانوویەك، یان گومانی هیچ گومڕایەك مەخەڵەتێنە، بەو شێوە پاداشتی گەورەت دەبێت وسەرفراز دەبیت، ئەگەرنا ڕەنج بەخەسار و زەلیلی دونیا و دوارۆژ دەبێت: اللهم هل بلغت، اللهم فاشهد.

تێبینی: بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە قسەی زانایان و سەرچاوەی پەیوەندیدار بینیوە.

# کۆتایی

لە کۆتاییدا سوپاسی اللە عزوجل ئەکەم کە یارمەتیدەرم بوو بۆ تەواو کردنی ئەم کتێبە، کە تێکڕای باسەکانی بریتی بوون لە باسی بیروباوەڕ وتەوحید و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە دین و ئیمانی هەموو تاکێکی موسوڵمانەوە هەیە. لەم کتێبەدا بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر ئەو پرسانە کراوەتەوە کە موسڵمانان دەکەونە هەڵەوە تێیدا وواجبە لەسەریان لە ڕۆشنایی بەڵگەکانی کیتاب و سوننەتدا عەقیدەی خۆیان ڕاست بکەنەوە.

# ناوەڕۆك


| سەرە بابەت | ژمارەی لاپەڕ |
|---|---|
| پێشەکی نووسەر | ٤ |
| پێکەنین پەیوەندی بە خێر و شەڕەوە نییە! | ٨ |
| دڵتەنگی فرۆشیار بە سفتاح نەکردن کارێکی نادرووستە | ١٠ |
| لە ئیسلامدا تەنها دوو جەژن هەیە | ١٢ |
| سوێند خواردن بە غەیری الله سەرپێچییەکە لە بیروباوەڕدا | ١٤ |
| لە سەرەخۆشی کردندا وریابە خۆت تاوانبار نەکەی | ١٧ |
| نکۆڵی کردن لە سوننەت نکۆڵی کردنە لە قورئان | ٢١ |
| بۆچی بازاڕی بیدعە ڕەواجی هەیە؟ | ٣٣ |
| نەکەی جنێو بە ڕۆژگار و زەمانە بدەیت! | ٤٦ |
| داوای لێخۆش بوون بۆ کەسانی بێ باوەڕ مەکە | ٤٩ |
| خۆزگە مەخوازە ودەرگای شەیتان دابخە | ٥٤ |
| لە واتای (لا إله إلا الله) ڕاست و درووست تێبگە | ٥٧ |
| لە میانڕەوی ئیسلام هەڵە تێمەگە! | ٦٢ |
| دوعا کردن بە شێوەی گاڵتە ئامێز بێ ئەدەبییە بەرانبەر الله | ٦٧ |
| وریای پەند و شیعر و ئەدەبی کوردی بە لادانی بیروباوەڕی تێدایە | ٧٣ |
| ڕوپامایی وەکو ئاگرە بۆ کردەوەی چاکە | ٨٥ |
| پێناسەی (مادة) لە فیزیادا | ٩٣ |
| باوەڕ کردن بە بورجەکان پێچەوانەی عەقیدەی تەوحیدە | ٩٨ |
| هەڵەیەکی بیروباوەڕە وابزانی (الخضر) نەمردووە | ١٠٢ |

| | |
|---|---|
| چەند کردارێکی شیرکی پەیوەست بە گۆڕی پیاوچاکان | ١٠٦ |
| ترس لە چاوفڕین و گوێ زرنگانەوە و هەندێ بیروباوەڕی تر | ١١٢ |
| چەمینەوە بۆ مامۆستا و ڕاهێنەر و بۆ هەرکەسێك نادرووستە | ١١٥ |
| ڕەشبینی لە بینینی کوندەپەپوو و قەلەڕەش و چەند مەسەلەی تر | ١٢٠ |
| پەیوەست بوونی دڵی نەخۆش بە دەرمان و بێ ئاگابوون لە الله پێچەوانەی عەقیدەیە | ١٢٣ |
| دۆستایەتی موسوڵمان بۆ مونافیق و بێباوەڕان ڕێگە پێنەدراوە لە ئیسلامدا | ١٢٧ |
| ئەوەی لە قورئان و سوننەتدا بەبێ باوەڕ ناسێندرا دەبێت تۆیش بەبێ باوەڕی بزانیت! | ١٣٣ |
| بە نەشیاو تەماشا کردنی هەر حوکمێکی قورئان و سوننەت لادانە لە عەقیدە | ١٣٩ |
| دژوارە لەگەڵ عەقیدەدا بوترێت نە ئیسلامم خۆش دەوێت و نە ڕقیشم لێیەتی | ١٤٤ |
| دەبێ باوەڕت وابێ ئیسلام ڕاسترین و باشترین بەرنامەیە بۆ ژیان | ١٤٨ |
| دینی ئیبراهیمی نوێ هەوڵێك بۆ ڕوخاندنی عەقیدەی تەوحید | ١٥٨ |
| ئەوەی بە دڵ و خەیاڵتدا دێت لەسەرت حیساب نیە تاکو نەبێتە گوفتار و کردار | ١٦٦ |
| حوکم نەکردن بە قورئان هەڵە و لادانێکی گەورەیە لە بیروباوەڕدا | ١٧٠ |
| وتەیەك دەربارەی (کفر دون کفر) | ١٧٦ |
| خوێندن لەو قوتابخانەو زانکۆیانەی کە مەنهەجەکانیان پێچەوانەی بیروباوەڕی ئیسلامە | ١٩٢ |
| بەرپەرچدانەوەی گومانەکان با نەبێتە تەشەنە پێکردنیان! | ٢٠٦ |
| دینداری بە بەراوردکاری ناکرێت! | ٢١٦ |
| با کردەوەت پێچەوانەی {قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ} نەبێت! | ٢٢٧ |
| ئایا لە مەسەلەی عەقیدەدا سازش و ڕێکەوتن دەکرێت؟ | ٢٣٣ |
| حوکمی بە کار هێنانی وشە ی عیشقی ئیلاهی! | ٢٤٩ |
| تێکەڵبوون و دابڕان لە واقیعی ئێستادا کامیان باشترە؟ | ٢٥٥ |
| دەنگدان و پەرلەمان هێڵێکی سووری بیروباوەڕە | ٣٠٠ |
| کۆتایی | ٣٣٤ |
| ناوەڕۆك | ٣٣٥ |